# زمانەوانی

پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح

هەولێر ٢٠١١

# زمانەوانی

پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح

* ناوی کتێب: زمانەوانی .
* ناوی نووسەر: پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح.
* نەخشەسازی بەرگ: عوسمان پیرداود .
* دیزاین: عیسام موحسن.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(١٢٤).
* چاپخانەی حاجی هاشم — هەولێر.
* چاپی سێیەم .
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(      )ی ساڵی ٢٠١١ی پێدراوە.
* مافی لە چاپدانەوەی پارێزراوە بۆ بنەماڵەی نووسەر.

## ناوەرۆك

**بەشی یەكەم**
زمان و تایبەتییەكانی ٩

**بەشی دووەم**
ڕۆنان و پێڕەو لە زماندا ٥٣

**بەشی سێیەم**
گەشەو گۆڕان ١٠٧

**بەشی چوارەم**
خزمایەتی لەزماندا ١٤٩

**بەشی پێنجەم**
واتاسازی ١٥٩

**بەشی شەشەم**
پراگماتیك ١٨٢

**بەشی حەوتەم**
نووسین ٢٢١

# پێشەکی چاپی سێیەم

کتێبی( زمانەوانی ) دەکرێ وەکو دەستپێکی قۆناغێکی نوێی زانستیی زمان سەیر بکرێ لەوەی کە هەم وەکو کلیلەی زمانەوانی نوێ و هەم وەکو کۆکردنەوەی کۆمەڵە ئاست و بوارێك لە دووتوێی کتێبێکی سەدو چەند لاپەڕەییدا کۆمەڵە زانستێکی زمان لە خۆ بگرێ . مامۆستای گەورەمان لە کاتی ژیانی خۆیدا بەڵێن وابوو هاوکاری بکەم لە بە چاپ گەیاندنەوە و زیاد کردنی بەشێك بەناوی پڕاگماتیك ، چاپەکانی پێشتر پڕن لە هەڵەی ڕێنووس و بگرە هەڵەی زانستیش وەکو خۆی دەیفەرموو ، ئێمە ویستمان هەڵەکان چاك بکەینەوەو بە پێی هەندێ بۆچوونی بەڕێزیان هێزێکی زانستی نوێ بە کتێبەکە ببەخشین ، بە بۆچوونی ئێمە هەرچۆن کتێبەکەی بلومفیلد کەبەناوی (زمان – language) کە ساڵی ١٩٣٣ز لە ئەمریکا بڵاوکرایەوە چ کاریگەرییەکی هەبوو لە سەر زمانەوانی ئەو سەردەمە بەهەمان شێوە ئەم کتێبەش لە هەشتاکانەوە وەکو بازنەیەکی پڕ لە زانست کە وەکو بەهاری زانستێکە ساڵانە چرۆ دەکاتەوە و بواری جیاجیا هەمان کاریگەری هەبووە تا ئێستاش بەها و نرخی زانستی خۆی لە دەست نەداوە، لەو کتێبانەیە کە خوێندکاری ماستەر و دکتۆرا لە بواری زمان دەستبەرداری نابن، لە پاڵ ئەوەشدا پیاو دڵی بەوە ژان دەکات کە زۆرجار بەشێك لە نموونەکانی ئەو مامۆستا بەڕێزەمان لە ناوەڕۆکی هەندێ کتێب دەبینرێ بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بکرێ ، خۆڕاستە توێژەر دەچێتەوە سەر سەرچاوە بنجییەکە ، بەڵام خۆ بەکەناڵی ئەو مامۆستا بەرزەوە نەبوایە لەوانەیە نەدەگەیشت بەو سەرچاوەیە . ئێمە دوای چاککردنەوەی هەموو جۆرە هەڵەکانی کتێبەکە بەشی پڕاگماتیکمان بۆ زیادکردووە کە لە بنچینە دا بەشێکە لە وانەکانی دکتۆرای بەڕێزیان دوای پوخت کردنەوە و ڕێکخستنەوەو بەستنەوەی بە سەرچاوەکانیانەوە، چونکە وانەکان بێ سەرچاوە بوونە . هیوام وایە کتێبی زمانەوانی بەهاو نرخەکەی خۆی پاراستبێ داوای لێبوردنیش دەکەین ئەگەر هەڵەیەك لە دەستمان ترازابێت و لە تەڵەی شکاری چاککردنەوەکەدا پەڕیبێتەوە و نەمان پێکا بێت، ئەوەی جێگای ئاماژەیە دەبێ سوپاسێکی زۆری هەردوو بەڕێزان ( د. ئازاد ئەحمەد، و مامۆستا سەلام

ناوخۆش ) بکەین، کە پێداچوونەوەیەکی وردییان بۆ ئەم کتێبە کرد و گەلێك هەڵەیان دەستنیشان کرد، کە بە سەرماندا تێپەڕیبوو هەستمان پێ نەکردبوو .

دوای ئەم پێشەکییە کورتە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە بەم شێوەی خوارەوە دابەش کراوە :

بەشی یەکەم : کە ناونیشانی (زمان و تایبەتییەکانی ) هەڵدەگرێ زیاتر بریتییە لە ناساندنی زمان و ئەو گریمانانەی سەبارەت بە پەیدابوونی زمان خراونەتەڕوو، کە هەر یەکەیان لە ڕوانگەیەکەوە بۆ کێشەکە ڕۆیشتوون، هەر یەکەشیان بەڵگەی دروستی خۆی دەخاتە روو، هیچیشیان لە ڕەخنە و کەم و کوڕی بەدەرنین . هەر لەم بەشەدا باس لەو سیما و ناوەڕۆکانە دەکرێت کە زمانی مرۆڤ و ئاژەڵ لێك جیادەکاتەوە . زمانەوانی هێماکاری بابەتێکی گرنگی ئەم بەشەیە . بەشی دووەم (ڕۆنان و پەیڕەو لە زماندا ) باس لە ئاستەکانی زمان و کەرەسە و یەکە گرنگەکانی ئەو ئاستانە دەکات، دواتر باس لە دیاردە هەڵکەوتووەکانی ئەو ئاستانە دەکات . لە بەشی سێیەمدا باس لە گەشەوگۆڕان لە زماندا دەکرێ بە پێی ئاستەکانی زمان دەکرێ، بەشی چوارەم بە ناوی ( خزمایەتی لە زماندا )یە، تیایدا گرنگترین ئەو بنەمایانە دەخرێنە ڕوو کە زمانەکان لێك نزیك دەکەنەوە، یان لێکیان دەترازێنێ، بۆ ئەم مەبەستەش ژمارەیەك لە دابڕینە سەرەتاییەکانی جیهان لە ڕێگەی درەختەکانەوە دەخرێنە ڕوو . بەشی پێنجەم ( واتاسازی ) لە بنەماکانی واتا و جۆرەکانی واتا و واتا لە ئاستەکانی زمان و دیاردە واتاییەکان دەخاتە ڕوو .بەشی شەشەم ئەو بەشە زیادکراوەیە بە ناوی ( پراگماتیك ) تیایدا چەمکی پراگماتیك شی دەکرێتەوە ( بە هەردوو ناوەڕۆکی تەسك و فراوان )، سەرهەڵدانی پراگماتیك وەکو زاراوە و زانستێکی نوێ لایەنێکی گرنگی تری ئەم بەشەیە، جیاکردنەوەی سیمانتیك لە پراگماتیك، ئامرازە پراگماتیکییەکان و کردە قسەییەکان، و بۆچوونی هەندێ لە پراگماتیکناسەکان لەم بەشەدا شیکردنەوەی بۆ کراوە . دوا بەش ( بەشی حەوتەم ) سەبارەت بە سەرهەڵدانی نووسین و جۆرەکانی نووسین هەندێ لایەنی دی پەیوەست بە نووسینە .

**د. سەباح ڕەشید قادر**

**١٢/ ٣/ ٢٠١١ هەولێر**

# بەشی یەکەم
## زمان و تایبەتییەکانی

**سەرەتا:-**

ئاشکرایە کە زمان دەورێکی یەکجار باڵا لەژیانی مرۆڤدا دەبینێ بۆ هەر لایەک دەچین و بە هەرلایەکدا دەڕوانین دەبینین زمان لەبەردەست و دەمایە و بۆتە بەشێکی وا لە مرۆڤ، کە هەرگیز لێی جیا نابێتەوە، زمان چۆتە بیرەوە لەگەڵ خەوی مرۆڤدا تێکەڵ بووەو تەنانەت پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ خەڵکی تر و دەوروبەریدا دیاری دەکات. بێ بوونی زمان کۆمەڵی مرۆڤ نایەتە کایە، چونکە بێ زمان بەکارهێنان هاریکاری و هەرەوەزی کە بەردی بناغەی کۆمەڵە پێك نایەت، دیسان بێ بوونی زمان شارستانییەت بەردەوام نابێت، چونکە زمان تاکە رێگەیە بۆ پاراستن و گەیاندنی کەلتوورو زانیاری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر.

گرنگی لێکدانەوەو تێگەیشتنی ڕاستی زمان لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ(Langacker1968: 4).

١- زۆر لە گیروگرفتە گرنگەکانی جیهانی ئەمرۆمان پەیوەندییەکی پتەویان بەزمانەوە هەیە و بێ لێکدانەوەی زمان ئەم کێشانە چارەیەکی دروستییان نابێ لێکۆڵینەوەیەکی وردی زمان پێویستە بۆ چارەکردنی دەیان کێشەی وەك:-

أ- دانانی زمانی جیهانی، (وەك ئیسبرانتو) چاکە و کەم کورتی ئەم جۆرە زمانە دەستکردانە.

ب- زمانی بێگانە فێربوون و پەیوەندی بەتەمەن و ئاستی خوێندەواری خوێندکارەوە.

ت- پەیوەندی نێوان فەرهەنگ نووسین و رای خەڵکی دەربارەی وشە بەکارهێنان.

پ- زمان و لەیەکترگەیشتن یان نەگەیشتن.

ج- پەیوەندی نێوان زمان و پێشكەوتنی ئابووری و كۆمەلایەتی خەلكی، بۆ نموونە پەیوەندی زمان بە قۆناغی نوێكردنەوەی پیشەسازیەوە.
ح- نەخشەدانانی زمانی و سەپاندنی زمانی نەتەوایەتی(زمانی ستاندەر) و قەدەغەكردن و هان نەدانی زارو زمانی ناوچەیی.

٢- لێكدانەوەی زمان پەیوەندی بەكێشەی زانستەكانی ترەوە هەیە، بۆنموونە:- لەبەر ئەوەی زمان دیاردەیەكی هۆشەكییە لێكدانەوەی رێگایەكە بۆ تێگەیشتن لەمێشكی مرۆڤ و چۆنییەتی دروست بوونی بیر، دیسان لێكدانەوەی زمان هەندێ كێشەی مەنتیق و فەلسفەو كۆمەلناسی روون دەكاتەوە.

لەبەرئەوەی زمان ئەم دوو دەورە گرنگە دەبینێ لە ژیاندا شتێكی سەیر نییە كە لەچەند روانگەیەكی جیاجیاوە سەیر بكرێ و لێی بكۆلرێتەوە، لەزۆر دەمێكەوە زمان سەرنجی فەیلەسوف و شارەزایانی مێژوو و ئەنترۆپۆلۆجی و دەروونناسی راكێشاوە، بەلام ئەم شارەزایانە لەروانگەیەكی فراوانەوە لەزمان دەكۆلنەوەو پەیوەندی لەگەل بوون و راستی و زانیاری و بیرو فێربوون شی دەكەنەوە، بۆچوونی ئەمانە بۆ زمان بۆچوونێكی سوود لێ وەرگرتنە، بەهۆی زمانەوە دەیانەوێ لەو دیاردەیە بگەن و لەدیاردەی تر بكۆلنەوە، دەیانەوێ لەمێژوو مەنتیق و هونەرو مێشكی مرۆڤ بگەن. بەپێچەوانەی شارەزایانی بەشەكانی تری زانستەوە، زمانەوان جگە لە لێكۆلینەوەی زمان بە مەبەستی زمان خۆی هیچ مەبەستێكی تری نییەو بەهۆی لێكدانەوەی زمانەوە نایەوێ لەدیاردەی تر بگات و كێشەی تر روون بكاتەوە.

ئەو راستییە زمانییانەی زمانەوان دەیانگاتێ لە ئەنجامی لێكۆلینەوەدا، لەوانەیە لەبەشەكانی تری زانستا كەلكیان لێ وەربگیرێ، بەلام زمانەوان خۆی بەگیروگرفتی بەشەكانی تری زانستەوە خەریك ناكات، لەراستیشدا ئەو پێشكەوتنەی كە لەنیوەی یەكەمی سەدەی رابردوو ( سەدەی بیستەم ) لەزمانەوانیدا زۆری لەئەنجامی ئەوەوە بوو كە زمانەوانەكان (بەزۆری تەركییەكان) خۆیان دایە زمان خۆی و لەدەوروبەریان داپچڕاند و وەك پێڕەوێكی داخراو سەیریان كرد، بەدوای ئەم بۆچوونەدا زمانەوانەكان توانیان خۆیان بە پێڕەو و رێكخستنێكی ناوەوەی زمان خەریك بكەن و چەند ئاستێكی زمانی دیاری

بکەن و لەپەیوەندی نێوان ئەم ئاستانە بکۆڵنەوە، ئەم داپچڕاندنە نەبووایە لەوانە بوو زمانەوانی وەك زانستێك نەهاتایە کایەوە .

## زمان چییە؟

پێناسەی دیاردەیەکی وەکو زمان کارێکی ئاسان نییە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی دیاردەکە لەزۆر روانگەی جۆربەجۆرەوە سەیر دەکرێ هەر شارەزایەك لەچوارچێوەی بابەتەکانی خۆیەوە لێ دەکۆڵێتەوە، بێگومان پێناسەی زانایانی دەروون و زانایانی کۆ– زمانەوانی و زمانەوان و ئەندازیاری دەنگ و فەیلەسوفەکانیش ناشێ وەك یەك بن لەبەرئەوە زمان دەیان پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە و وا لە خوارەوە چەند پێناسەیەکی لەروانگەی زمانەوانییەوە دەخەینەروو:–

١– زمان هۆیەکە بۆ لەیەکتر گەیشتن، دەکرێت بەچەند دانەیەکی وردەوە (مۆرفیم)، کە هەریەکەیان خاوەنی واتاو فۆرمن(مارتنیت: ٢١٧)
٢– زمان پێڕەوێکی دەنگییە بۆ لەیەکترگەیشتن بەکاردێت و بەهۆی رشتەی وتن بیستنەوە لەکۆمەڵێکی دیاری کراودا کاردەکات، دەنگەکان رەمزن و واتا لەخۆوە وەردەگرن.
٣– کۆمەڵە رستەیەکە کە رێزمان دەریان دەکات،(چۆمسکی ١٩٦٤ :٢٦).
٤– زمان هۆیەکی ناغەریزییە تایبەتە بە مرۆڤەوە بۆ دەربڕینی هەست و ئارەزوو بەکاردێت، و بەهۆی ڕەمزەوە لەسەر یاسا ڕۆیشتووە، و کار دەکات و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە(ساپیر).(Pei: 14).
٥– زمان بریتییە لە چەند رەمزێکی لەخۆوە کە بەهۆیەوە کۆمەڵ دەتوانێ هەرەوەزی بکات . (بارك وتراکەر).(Pei :141).
٦– زمان کۆمەڵە رەمزێکی دەنگیی لەخۆوەیە، کە دەتوانرێ بەکاربێت بۆ لەیەکتر گەیشتن و پۆلکردنی شت و رووداوەکانی دەوروبەر(کارول).
٧– زمان کۆمەڵە شێوازێکی جیایە کە هەر یەکەیان بۆ بارێکی تایبەتی دەست دەدات(کۆ– زمانەوانەکان).

هەموو ئەم پێناسانە لەوە دەردەکەوێ کە زمان چەند تایبەتیەکی هەیە:–
–(Bolinger : 22-25).

## تایبەتمەندییەکانی زمان:-

١- **زمان پێڕەوە:**

ئەگەر زمان خاوەنی پێڕەوێکی تایبەتی نەبێت، ئەوا کەس ناتوانی فێری بێت، زمان لەراستیدا لەدوو پێڕەوی سەرەکی پێکدێت : پێڕەوی دەنگ و پێڕەوی واتا، پێڕەوی دەنگی زمان لەوەدا دەردەکەوێ کە لەو هەموو دەنگە جۆر بەجۆرانەی مرۆڤ دەتوانێ دەریان بهێنێ، هاوزمانان تەنیا کەڵك لەژمارەیەکی زۆر کەم لەمانەوە وەردەگرن بەواتای بەکاری دێنن، لەناو ئەمانەشدا تەنانەت ژمارەیەکی کەمتریان لەیەك دەدرێن بۆ ئەوەی واتا دەست بخەن. بۆ نموونە:- لەنێو ئەو هەموو دەنگانەی کە لەسروشتا هەن کوردی نزیکەی چل دەنگێکیان لێ هەڵدەبژێری و هەموو لێکدانێکی ئەو دەنگانەش، بۆنموونە (راد/ری/ لاك) واتا نابەخشن، پێڕەوی دەنگی زمان رێگەی ئەوەمان دەدات کە ژمارەیەکی کەمی دەنگ دووبارە و سێ بارە بکەینەوە لەرۆنانی جیاجیادا تاوەکو دانەی واتایی دروست بێت، پێڕەوی واتایی زمانیش رێگەی ئەم دانە واتاییانە (واتە ئەم مۆرفیمانە) دەدات، کە لەژمارەیەکی زۆر وشەدا دووبارە ببنەوە تاوەکو مرۆڤ بتوانێ بەئاسانی لەچوارچێوەی زمانەکەیدا چەمکی سادە و ئاڵۆز دەربڕێ.

٢- **زمان رەمزە:**

کە دەڵێن دەنگەکانی زمان (رەمزن) مەبەستمان ئەوەیە، کە ئەم دەنگانە شتێك دەنوێنن کە خۆیان نین و پەیوەندی نێوان شتەکەو ئەو دەنگە کە دەینوێنێ پەیوەندییەکی لەخۆوەیە، بەشێوەیەکی گشتی سێ جۆر ڕەمز لەئارادا هەیە(١) ڕەمزی وێنەیی، کە تێیدا پەیوەندی لێکچوون هەیە لەنێوان دەنگ و واتادا وەك: (دەست بردن بۆ دەم) بۆ گەیاندنی ((برسێتی)) یان (دەست راوەشاندن) بۆ گەیاندنی ((هەڕەشە))، (٢) رەمزی هۆیی(سەبەبی) وەك: (زەرد هەڵگەڕان) لە ((نەخۆشی)) یان ((ترس)) دا، سووربوونەوە لە ((توڕەیی))، یان ((هەور)) وەك نیشانەیەکی ((باران))، یان پەیوەندی ((سەهۆڵ بەندان)) و ((نزمبوونەوەی پلەی

گەرما))، (٣) ڕەمزی لەخۆوە، کە تێیدا هیچ پەیوەندییەك لەنێوان ((دەنگ)) و ((واتا)) دا نییە وەك ((بلێسە)) یان((مەشخەڵ)) بەواتای ((خوێندەواری)) ((خۆر)) بەواتای((ئازادی)) و ((ڕووناکی)) و ((سەربەستی)).

ڕەمزی لەخۆوە پێویستی بەلێکدانەوە هەیە و تا تێت نەگەیەنن، واتاکەی نازانیت، زمانی مرۆڤ بەزۆری ئەم جۆرە ڕەمزە بەکاردێنێ و هەر ئەم ڕەمزە بەکارهێنانەشە، کەزمانی مرۆڤی کردووە بەچەکێکی کاریگەر، ڕەمزی وێنەیی وای (لەزمانی گیاندارانی تر کردووە کە هەر باسی ئێستەیان بکرێ بە پێچەوانەی زمانی مرۆڤەوە، کە دەتوانێ نەك هەر باسی ئێستە، بەڵکو پاشە ڕۆژ و ڕابردوو تەنانەت لەباری وا بدوێت کە هەر نابێت، وەك لە ڕستەی مەرجی و خۆزگەیی دەبینین، ((خۆزگە دەهات)) (لەوانەیە هەر نەیەت) ئەگەر دوێنێ لێرە دەبویت، (باسی دنیایە کە هەرگیز نابێت چونکە بەسەرچووە و نەبووە و ناگەڕێتەوە.

٣- **زمان دەنگە:-**

لێرەدا مەبەستمان لەوەیە کە زمان پێویستی بە قەناتی دەم و گوێ هەیە و بەلای کەمەوە دەبێت قسەکەرێك و گوێگرێکمان هەبێت( هەرچەندە هەردوو دەورەکە تاکە کەسێك دەتوانێ پێکەوە ببینێ وەك کاتێك کەسێك لەبەرخۆیەوە قسە بکات) و دوو کەسەکەش دەتوانن دەورەکانیان ئاڵوگۆڕبکەن بەواتای ئەوەی گوێگر ببێتە قسەکەرو بەپێچەوانەوە.

لەسەرێکی تریشەوە زمان دەنگە، چونکە لەنووسین لە پێشترە هەروەك بەڵگەی مێژوویی و ئەو بەڵگانەی لە فێربوونی زماندا دەستمان کەوتووە دەریدەخەن، کە ((نووسین)) زمان نییە بەڵکو بریتیە لەو هەوڵەی مرۆڤ داوێتی بۆ پاراستنی ((قسە)).

٤- **زمان تایبەتە بە مرۆڤ:-**

لەدێرترین ڕۆژگارەوە باوەڕ وابووە کە زمان مرۆڤ لە هەموو گیاندارەکانی تر جیادەکاتەوە، چونکە تەنیا مرۆڤ بەهرەو توانای قسەکردنی تێدایە، بێگومان ئاژەڵ و پەلەوەرو گیانلەبەرانی تر بەگشتی پێڕەوێکیان هەیە، هەرچەندە زۆر

سادەش بێت بۆ لەیەکتر گەیشتن، بەڵام ئەم (زمانانە) لەچالاکیدا زۆر لە زمان کەمترن و ڕێگەی گیانداران نادەن لە ڕابردوو یان پاشەڕۆژیان بکۆڵنەوە، و درۆ بکەن یان شت لەزمانی تر وەربگرن، لەبەرئەم هۆیانە پێڕەوەکانیان ناچێتە ڕیزی زمان و ئەو بەهایەی نادرێتێ، هەرچەندە ناوکۆو لێکچوونیان زۆریش بێت.

## پەیدابوونی زمان :

**سەرەتا:-**

لەگەڵ ئەوەشدا کە کێشەی چۆنیەتی پەیدابوونی زمان هەر لەدەمێکەوە زۆر سەرنجی ڕووناکبیر و زمانەوانانی ڕاکێشاوە، زانیاریمان تا ئێستەکەش دەربارەی دیاردەکە بەشێوەیەکی گشتی زۆر کەمەو ئەو تیۆرانەی لەم بارەیەوە خراونەتە ڕوو تەنیا بەناو تیۆرن و زۆربەیان بریتین لە بیری سادەی نەسەلماو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند کۆسپ و تەگەرەیەکی گەورە کە زۆر جار دێتە ڕێی لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەشێوەیەکی گشتی.

**ئەم کۆسپانە:-**

١– لەپاش پەیدابوونی زمانەکانی ئەم سەردەمە مەڵبەندی زمان لەناوچووە بێ ئەوەی پاشماوەیەکی ئەوتۆ بەجێ بهێڵێ بەهۆی دانەهاتنی نووسینەوە.

٢– تەنانەت پاشماوەی ناراستەوخۆش لەئارادا نەبووە، کە بیرێکمان بداتێ دەربارەی پەیدابوونی وتن، ئەمە بۆمان ڕوون دەکاتەوە بۆچی ئەو هەوڵانەی ڕابردوو زیاتر بیکردنەوەن نەك تیۆر، گوێدان بەکێشەکە نەبوونی کەرەسەی پێویست بۆ لێکۆڵینەوە، ڕووناکبیرانی ناچارکرد کە تیۆری جیاجیاو سادە بخەنە ڕوو.(West.1976:3).

٣– لەبەرنەبوونی پاشماوە ئەو گریمانانەی دەربارەی پەیدابوونی زمان خراونەتە ڕوو ناچاربوون پشت بە بەڵگەی ناڕاستەوخۆ ببەستن، ئەو بەڵگانەی کە لەلێکۆڵینەوەی تر وە چەنگ دەکەون وەك لێکۆڵینەوە لەزمانی ساواو لەنەخۆشیەکانی وتن و لەزمانە سادەکانی مرۆڤ و لەرەوشتی گیانلەبەرە پێشکەوتووەکان...هتد.

## چەند گریمانەیەك دەربارەی زمان پەیدابوون:-

ژمارەیـەکی زۆر گریمانــە دەربــارەی پەیـدابوونی زمــان لــەئاراداں، گرنگترینیــان ئەمانەن:— (Barber: 27,41).

١- گریمانەی دەنگە سروشتییەکان:-

ئەم گریمانەیە بۆیەکەمجار لەسەدەی چوار یان پێنجی پـێش زایـن دا لەلایـەن دیمرکریتەس و ئیفلاتوونـەوە خراوەتـە بـەر چـاو، لەسـەدەی حەڤـدەو هەژدەشـدا لەلایەن(لاینبز)ەوە پشتگیری لێکرا.

لەسـەدەی نۆزدەشـدا (داروین) (ویـتنی) پەسـەندیان دەکـرد، بـەپێی ئـەم گریمانەیە زمان لە لاسایی دەنگە سروشتیەکانەوە پەیدابووە، گریمانە کـە بـاوەڕی وایە، کە دانە دەنگیەکان(لاسایی ئەو دەنگانەن کـە گیانلەبـەری تـر یـان سروشـت دەریان دەهێنێ) بوونەتە ناو بۆ کەلوپـەلو گیـان لەبـەرانی دەوروبـەری مـرۆڤ، بـۆ سەلماندنی گریمانەکە خاوەنەکانی پـەنا دەبەنـە بـەر ئـەو وشـانەی کـە گوایـە لـە لاسایی دەنگە سروشتییەکانەوە هاتونەتە کایەوە وەك وشـەی((حەپـە))(قاسـپە)) ((بۆڵەوگرمە))..هتد لەکوردیدا.

کەموکورتی گریمانەکە لەوەدا دەردەکەوێ کە:—

أ— تێمان ناگەیـەنێ بۆچـی ئـەم وشـانە لـە هـەموو زمانـەکانی جیهانـدا یـەك فۆرمیان نییە، حەپەی سەگی کـورد بۆچـی ((بـاوی) سـەگی یابـانی بێـت لەکاتێکدا کە هەردووکیان لاسایی یەك دەنگی سورشتی بن.

ب— بۆمان روون ناکاتەوە زمان لەکوێوە بووە بەخاوەنی رۆنانیکی وا ئالۆز.

٢- گریمانەی بانگ و ڤیژەی هەست دەربڕ(The Pooh-Pooh Theory):-

بەپێی ئەم گریمانەیە کە بۆ یەکەمجار زانای ئەڵمانی (شتاینتال) و دەسـتەیەك لــەرووناکبیران لەسـەدەی نـۆزدە دا خـستیانە بەردەسـت، زمــان لــەو دەنگــە غەریزانەوە پـەیدابووە، کە مرۆڤ بۆ دەربڕینی خۆشی و ناخۆشی و ئـازار و پەسـتی بـەکاری هێنـاوە، بـەباوەڕی ئـەم گریمانەیـە یەکـەم گـوتن لەزمانـدا لەشـێوەی سەرسوڕماندا بووە.

هەرچـەندە ئـەم گریمانەیـە سەرچـاوەی هەنـدێك لـەو کەرەسـانەمان بـۆ دەردەخات کەزمان بەکاری هێناوە، کەموکورتی گریمانەکـەی پێشوومان بۆچـارە ناکات، بە واتایـەکی تـر تێمـان ناگەیـەنێت ئـەو رۆنانـە ئاڵۆزانـەی زمـان لـەکوێوە هاتوون؟، جگە لەمەش گریمانەکە ڕوونی ناکاتەوە چۆن زمان لەم بـانگ و قیـژەوە گەیشتۆتە قۆناغی ڕەمز بەکارهێنان.

٣- گریمانەی بزاوتن(Gesture Theory):-

ئاشکرایە کـە لەقانـدنی سـەرو جوڵانـدنی دەسـت زۆر بـەر لـە قـسە هاتونەتـە کایەوە بەڵگەش بۆ ئەمە بڵاوی سەر لەقانـدن و چـاو تروکانـدن و لێـو قوچانـدنە و لەیەکترگەیـشتن لـەناو مرۆڤـە سـادەکاندا، هـەر لەبەرئەمەشـە کـە هەنـدێ زمانەوان(ڤۆنت) لەئـەڵمانیاوەو ( مـاڕ) لـە(یـەکێتی سـۆڤیەت) باوەڕیـان وابـوو کـە لەیەکترگەیشتن لەناو مرۆڤدا لە بنەڕەتدا لەم جۆرە بزاوتنەوە بـووە کـە لەدواییـدا گۆڕاوە بەزمانی ئاسایی.

هەندێك لەم زمانەوانانە زۆر توندو تیژن لەباوەرەکەیانـدا پێیـان وایـە کـە وتـن تاڕادەیـەك گەشـەیەکی نوێیـەو دەگەڕێتـەوە بـۆ (٣٥٠٠) سـاڵ پـێش زایـنی و لـە نووسینی وێنەیی یە وە دروست بـوەو ئـەمیش هـەوڵێکی مـرۆڤ بـووە بـۆ نوانـدنی بزاوتن، ئەم رایە زۆر رێی تێ ناچێت، چـونکە ئێمـە لـەو بـاوەرە دانـین، کـە مـرۆڤ توانی بێتی ئەو شارستانییە پێشکەوتووەی سەردەمی بەردی نـوێ بـەدی بهێنێـت پێش دروست بوونی وتـن، بـە تایبـەتی لەکاتێکـدا کـە زۆر ئاشـکرایە بـزاوتن کـەم وکورتی زۆرەو کارتێکدەرە، لەبەر ئەوەی دەسـتی مـرۆڤ دەگرێـت لـەتاریکی و لـە کاتی بوونی کۆسپدا کەڵکی لێوەرناگیرێ.

شێوەیەکی تر لە گریمانەی بزاوتن کە زیاتر رێی تـێ دەچـێت، گریمانـەی دەم بزاوتنە کە لەم دواییەدا زانای فەرەنسی(پیاجیە) خـستویەتییە بەردەسـت بـەپێی ئەم گریمانەیە مرۆڤی سادە لـە بنەڕەتـدا بـەهۆی بزاوتنـەوە لەیـەکتر گەیـشتوون، کاتێك مرۆڤ زیرەکی وتەکنیکی بەرەو پێشەوە هـاتووە پێویـستی بـە بـزاوتنی ورد تربووە، جا لە بەرئەوەی کـە دەستیـشی بـەکارەوە خـەریك بـووە ناچـاربووە بـێ ئەوەی ئاگاداربێت ئەو بزاوتنانـە بگۆڕێتـەوە وە بـەبزاوتنی ماسـولکەکانی زمـان و

لێوو دەم و قورگ، پاش ماوەیەك مرۆڤ بەتاقی کردنەوە بۆی دەرکەوتووە ئەگەر پالێك بەو هەوایەوە بنێت کە بەناو دەم و لوتدا تێپەر دەبێت، بزاوتنەکە دەنگ وەردەگرێ وەك بەچپەدوان، خۆ ئەگەر لە هەمان کاتیشدا بقیژێنێ یان ببۆلێنێ ئەوا دەتوانێت وتنی ئاوازدار دەرکات، لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم تیۆرە زیاتر لەوانەی پێشوو بۆمان دەردەخات، کە زمان چۆن پەیدا بووە و چاری پەیوەندی نێوان دەنگ تارادەیەك دەکات، رەخنەیەکی زۆری لەو رێگایە دەگیرێت کە پیاجیە لە لێکۆڵینەوەکەیدا گرتوویەتییە بەر، پیاجیە ساوایەکی کەروڵاڵی زگماکی دەخاتە ریزی مرۆڤی سادە و گەشەی نائاسایی ساوایەکی وا لەگەڵ گەشەی ئاسایی مرۆڤ دا بەیەك چاو سەیر دەکرێت زۆر جیاوازە لەو بارەی کە مرۆڤی ئاسایی تێیدا گەشە دەکا، بەپێچەوانەی ساوایەکی کەروڵاڵەوە، مرۆڤ چەند سادەش بێت خاوەن رستەیەکی وردی بیستنە، چینی دەرەوەی خانەکانی مێشکی مرۆڤی سادە گەشەیەکی ناتەواو دەکات لەکاتێکدا کە ئەم خانانە لە مرۆڤێکی کە روڵاڵدا تەواو گەشەی کردووە، جگە لەمەش مرۆڤێکی کەروڵاڵ لەبارێکی کۆمەلایەتی پێش کەوتوودا دەژی، لەبەرئەم جیاوازیانە ئەم دوانە مەرج نییە وەك یەکتر فێری زمان بن.

یەکێك لە کەموکورتییە سەرەکییەکانی ئەم گریمانەیە لەوەدایە، کە گەشەو پەیدابوونی وتن لەباری کۆمەلایەتی و ژیان جیادەکاتەوە، هەر وەك ئەم دوانە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتریدا نەبێت، هەروەها پەیدابوونی زمان دوور لەکار و دوور لەدەوروبەری مرۆڤ لێك دەداتەوە، بەواتایەکی تر کورتی تیۆرەکە لەوەدایە کە پەیدابوونی زمان لەمێژووی گەشەکردنی مرۆڤ دووردەخاتەوە.

٤- گریمانەی مۆسیقا(The Musical Theory):-

بەپێی ئەم گریمانەیە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن یسپرسنەوە خراوەتە روو، زمان لەگۆرانیەوە هاتووە، یان هەردووکیان لەیەك بنچینەوە دروست بوونە، بەباوەری "یسپرسن" زمان لەگەشەکردنیدا بەچەند قۆناغێك تێپەربووە، لە قۆناغێکدا زمان بریتی بووە لەوشەی درێژی پر لەدەنگی قورس و چەناگە شکێن لەم قۆناغەیدا زمانی مرۆڤ بە ئاوازتر بووە لەزمانەکانی مرۆڤی ئەمرۆ.

پێش ئەم قۆناغەش زمانی مرۆڤ بریتی بووە لەگۆرانیەکی بێ وشە(هەر ئاواز) کە تەنیا بەمەبەستی هەست دەربڕین بەکار هاتووەو بۆ تێگەیشتنی خەڵکی نەبووە، کەڵکی ئەم گریمانەیە لەوەدایە کە کەرەسەی زمانمان بۆ دیاری دەکات بەڵام هەموو کەم و کوڕی گریمانەکانی تری تێدا بەدی دەکرێ.

٥- گریمانەی پەیوەندی (The contact Theory):-

بەپێی ئەم گریمانەیە کە لەم ساڵانەی دواییەدا، لەلایەن (رێڤیزەوە) خراوەتە ڕوو زمان لە ئەنجامی ئەو غەریزە بەتینەوە دروست دەبێ، کە لەمرۆڤدا هەیە بۆ پەیوەندی کردن، بەباوەڕی رێڤیز زمان بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕبووە و پێش ئەوەی بگاتە ئەو گەشەیەی ئێستەی، لە قۆناغی یەکەمی دا(قۆناغی قیژە)، زمان ئاراستەی دەوروبەری کراوە بۆ تێگەیاندن نەبووە، لە قۆناغی دووەمدا(قۆناغی بانگ)، زمان ئاراستەی کەسانی دەوروبەر کراوەو بەهیوای هێنانەدی ئاوات و ویستی قسەکەران بووە، لە قۆناغی سێیەمدا(قۆناغی وشە)، دەنگەکان وەك رەمز بەکاردێن و ئەمەش هەر لە توانای مرۆڤدا بەدی دەکرێ، یەکەم گوتن، بەباوەڕی رێڤیز لەشێوەی داوا، یان فرماندان بووە و لەدوایدا شێوەکانی تریش ((هەواڵدان)) و ((پرسیارکردن)) هاتوونەتە کایەوە.

چاکەی ئەم گریمانەیە لەوەدایە کە قۆناغەکانی دروست بوونی زمان شی دەکاتەوە و بەشێویەکی ڕوون و ماقوول دەیان خاتە روو، کەم و کورتیشی لەوەدایە کە (١) بۆمان روون ناکاتەوە زمانی مرۆڤ چۆن گەیشتۆتە قۆناغی دەربڕین، (٢) تائکیدێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو غەریزەیەی کە لەمرۆڤدا هەیە بۆ قسەکردن و تێگەیشتن، و پەیدابوونی زمان دەداتە پاڵ ئەم غەریزەیە، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە دەوری کاری هەروەزی لەدروستکردنی کۆمەڵ و زماندا.( Barber : 38).

**ئه نجام:-**

زانیاری ئێستەمان دەربارەی پەیدابوونی زمان و گەشەکردنی ئەوەندە نییە، وامان لیَ بکات یەکێك لەم گریمانانە پەسەند بکەین و ئەوانی تر بخەینەلاوە، بەواتایەکی تر هەریەکێك لەم گریمانە وەرگرین دەبینین کەمێك لەراستی بەدەست هێناوە، نەك هەموو راستییەکە، بێگومان بەلای ئێمەوە ئەو گریمانانەنە پەسەندترن کە پەیدابوونی زمان دەبەستنەوە بە پەیدابوونی کۆمەڵ و کاری گەلیەوە، چونکە لەم قۆناغەدا مرۆڤ پێویستی تەواوی بە زمان بووە و هەستی بەم پێویستییە کردووە، بەلای ئێمەوە، بۆ لێکدانەوەی چۆنییەتی پەیدابوونی زمان پێویستمان بە چوار شت هەیە:-

١- ئەو بارو هۆیانەی کە پاڵییان بە مرۆڤەوە ناوە لەخەڵکی تر بگات.

٢- ئەو کەرەسە مادییانەی کە لەگوتندا بەکاریان دێنیَ(دەنگ، بزاوتن...هتد).

٣- چۆن ئەو کەرەسە مادییانە (دەنگەکان) دەبنە وێنەی ئەو شتانەی کە لەدەوروبەری مرۆڤدا هەن.

٤- ئەو قۆناغانە کامانەن کە گوتنیان پێدا تێپەڕیوە تا گەیشتۆتە ئەو بارە ئاڵۆزەی ئێستەی.

## زمانی مرۆڤ و ((زمانی)) زیندەوەری تر :

زمانی مرۆڤ لەزۆر سەرەوە لە قیژە و بانگی زیندەوەری تر دەچێت وەك بەم خاڵانەی خوارەوە دا بۆمان دەردەکەوێت: (Strang 1962 :10).

١- وەك دەرکەوتووە هەردوو جۆرەکە کەڵك لە فۆنیم وەردەگرن، ژمارەی ئەم فۆنیمانە لەزمانی مرۆڤدا لەنێوان (١١) و (٦٧) دایە، ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی گیان لەبەری تر لەنێوان(٧-٣٧) دایە، بەڵام کەم و زۆری فۆنیم کار ناکاتە سەر پێشکەوتوویی یان دواکەوتوویی زمان، چونکە کەم و کورتی وا دەتوانرێت لەئاستی تردا پربکرێتەوە.

٢- لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە تەواو ڕوونییان کردۆتەوە کە ڕەمز تەنیا لەزمانی مرۆڤدا بەکارنایەت، بەڵکو گیان لەبەرانی تریش کەڵکی لیَ

وەردەگرن، تەنها جیاوازی لەوەدایە کە زمانی مرۆڤ کەڵك زیاتر لەرەمزی لەخۆوە وەردەگرێت، بەڵام زمانی گیانلەبەری تر پشت بە ڕەمزی وێنەیی دەبەستێت، ئەمەش تاڕادەیەك لەچالاکی ئەو زمانانە کەم دەکاتەوە.

٣- مەبەست لەبەکارهێنانی هەردوو جۆرە زمانەکە گەیاندنی مەبەستە، گەیاندنی هەست و پۆلکردنی دەوروبەر، بەواتایەکی تر هەردوو جۆرەکە لەکۆمەڵدا بەکاردێن و بەلای کەمەوە بۆ تێگەیشتن لێیان پێویستمان بەدوو رۆڵە، قسەکەور گوێگر، زۆربەی کات بەلای کەمەوە دوانمان پێویستە بۆ ئەوەی لەیەکتر گەیشتن بێتەدی، بەڵام هەندێ جار هەردوو رۆڵەکە بەیەکێك دەبینرێن.

٤- لەهەردووکیاندا نیشانە دەنگییەکان بەرێك و پێکی خۆیان دووپات دەکەنەوە لەرێچکەی وتندا.

٥- لەهەردووکیاندا رۆڵ گۆڕینەوەمان هەیە، ئەو زیندەوەرەی کە دەنگەکان دەردەکات توانای ئەوەشی هەیە دەنگەکان وەربگرێت و شیان بکاتەوەو لێیان بگات، بەم جۆرە قسەکەر دەتوانێت ببێتە گوێگر یان بیسەر و بەپێچەوانەشەوە.

٦- لەهەردووکیاندا بەکارهێنانی ڕەمزەکان (گوتن) دەبێتە هۆی دەرکەوتنی ڕەوشتێکی دیاری کراو لەگوێگردا، ئەم رەوشتەش دەبێت لەگەڵ مەبەستی وێنەکەدا بگونجێت هەر ئەم رەوشتەشە کە بۆمان دەردەخات تێگەیشتن لەئارادا هەیە یان نا.

٧- هەردوو جۆرە زمانەکە کاریگەری دەم و گوێ بەکاردێنن بۆ لەیەکترگەیشتن، بەکارهێنانی ئەم رێگەیە لەدوو سەرەوە کەڵکی هەیە بۆ زیندەوەر، یەکەم: زیندەوەر پێویستی بە وزەیەکی زۆر کەمە تا قەناتەکە بخاتە گەڕ، دووەم: گوتن، یان قسەکردن رێگە لەچالاکی تر ناگرێت، بەم جۆرە زیندەوەر دەتوانێت بەدەم قسەوە نان بخوات، رابکات...هتد.

٨- هەردوو جۆرە زمانەکە خاوەنی یاسای ڕستەی بێ واتای تایبەتی خۆیانن، بەواتای ئەوەی ئەو ریزکردن و خستنە پاڵ یەکتری و لێکدانی ڕەمزەکان بە ئارەزوو، و بێ یاسا نابن، بەڵکو ڕێ و شوێنێکی تایبەتی خۆیان هەیە.

٩- لەهەردووکیاندا ڕەمزەکانی گوتن پاش ماوەیەك لەدەم دەرچوون لەناو دەچن و جارێکی تر گوێگر، بیسەر بۆی ناگەڕێتەوە دواوە، بەم جۆرە مێشکی قسەکەر، گوێگر، ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش کۆکردنەوەیە(هەڵگرتن)، هەر ئەم ئەرکە گرانەیە کە وای کردووە مرۆڤ بیر لەنووسین بکاتەوە.

١٠- لە هەردوو زمانەکەدا بڵاوبوونەوەی دەنگەکان بە هەموو لایەکدایە(ئاراستە نەکراوە)، بەپێچەوانەوە وەرگرتنی دەنگ پێویستی بە ئاراستەکردنی گوێیە.

١١- لە هەردووکیاندا ئەو زانیارییەی کە ڕەمزەکان دەیگەیەنن هەمووی بەیەکجار بەسەریەکەوە ناگەنە گوێ، بەڵکو بەرە بەرە دەگاتە گوێ و مێشك، دیارە ڕێچکەی گوتن و ئاوازەکەی جیا نابێتەوە لە یەکتری، بەڵام ئەم پێکەوە گەیشتنەیان ئەرکێکی وا گران ناخاتە سەر مێشك کە بەراورد بکرێت لەگەڵ ئەو ئەرکەی کە چاو بۆ مێشکی دروست دەکات، بەوەی وێنەی دەیان شت لەیەك کاتدا دەنێرێت بۆ لێکدانەوە، لەم بەراوردەی سەرەوە دا بۆمان دەردەکەوێت کە زمانی زیندەوەری تریش هەر دەبێت بەزمان دابنرێت، ئەگەرچی لەپلەی پێش کەوتووی و چالاکیدا ناگاتە زمانی مرۆڤ، چونکە لە بنەڕەتدا وەك یەکن، یەك کەرەسەیە بکاردێنن، یەك ڕێگە دەگرن و بۆیەك مەبەستن، تەنیا لەوەدا جیاوازن کە چەند تایبەتییەکیان کەمە بۆ ئەوەی بگەنە زمانی مرۆڤ لە پلەدا لەم تایبەتییانە:-

١- پەیوەندی نیشانە و واتا لەزمانی مرۆڤدا، پەیوەندییەکی لەخۆوەیە (ڕەمزەکانی لەخۆوەن).

٢- لەزمانی ئادەمیزادا گۆڕینی فۆرم دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا( پەل/ پەڵ)، (شار/شارەکە/شارێك/شارەکان)...هتد.

٣- لەزمانی مرۆڤدا ئەو ڕێچکە دەنگە کە لەدەم دەردەچێت دەتوانرێت کەرت بکرێت، بەواتای ئەوەی ڕێچکە دەنگەکە بریتیە لەدانەی زمان لەناو دانەی تردا بەم جۆرە ڕستەی ئاڵۆز بریتیە لە چەند ڕستەیەکی سادە، ڕستەی سادە لە فرێزی ناوی و فرێزی کاری و ئەمانەش لە وشە و وشەش لەمۆرفیم، مۆرفیمیش خۆی بەهۆی فۆنیمەوە دەنوێنرێت، ئەم دانانەش

هــەر یەکــەیان لــە ئاســتێکی زمانــدا کــار دەکــەن : مــۆرفیم لــە ئاســتی وشەســازی و فــۆنیم لــە ئاســتی دەنــگ ڕســتە لەئاســتی ڕســتە ســازیدا، هەریەکەش لەم دانانە پلەیەکی تایبەتییان هەیە و ئەوانەی پلەیان بەرزە( بۆنموونــە، ڕســتە) نابنــە بەشــێك یــان ناچــنە نــاو پلــە نزمەکانــەوە تــا پلەکانییان نزم نەکەنەوە.

٤- زمــانی ئــادەمیزاد بــە پێــچەوانەی زمــانی زینــدەوەری تــرەوە بــەهۆی فێربوونەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەڕوات.

هیچ بەڵگەیەکی زانیاری لەئارادا نییە، پێیمان بسەلمێنێ کە منداڵ زمـانی دایـك و باوکی ئاسانتر فێردەبێت، منداڵ کە لـەدایك دەبێـت ئـەو توانایـەی لەگەڵدایـە کـە فێری زمانێك یان چەند زمانێك بێت، بێ دیاریکردن، جگە لەم تایبەتیانەش زمـانی مرۆڤ چەند توانایەکی تری تێدایە وەك توانای شێواندن، توانای دەربڕینی راستی و توانای وەرگێڕان.

ئەم لێکۆڵینەوەیە بۆمان دەردەخات، کە ئـەو جیاوازییانـەی لـە نێـوان زمـانی زیندەوەری تر و زمانی مرۆڤدا هەیە، جیاوازییە لە پلەدا و ناگاتە ئەو ڕادەیەی کـە هەردوو جۆرە زمانەکە تـەواو لەیـەك بگـات، یـان وامـان لـێ بکـات دوای بۆچـوونە هەڵەکەی زمانەوانییە سلوکییەکان(ڕەوشـتکارەکان) بکـەوین و گـوێ نـەدەین بـەو هەموو ناوکۆییانەی کە لەنێوان هەردوو جۆرە زمانەکەدا دەبینرێت.

بۆ ئەوەی چاکتر لەو پەیوەندییە بگـەین کـە لـەنێوان ئـەم دوو جـۆرە زمانـەدا هەیە پێویستمان بەوە هەیە کە زمـان بەگشتی وەك پەیژەیـەکی چـەندەها پلـەیی سەیر بکەین، بـەرزترین پلـەی پەیـژە کـە دابنـێین بـۆ زمـانی مـرۆڤ لـە بەرئـەوەی باشترین و چالاکترین جۆری زمانە، پلەی دوای ئەم دابنـێین بـۆ زمـانی دۆلفـین کـە نزیك دەبێتەوە لەزمانی مرۆڤ، بەدوای زمانی دۆلفیندا، نـزیکترین بـانگ و قیـژە بـۆ زمانی مرۆڤ سەمای هەنگە، چونکە چەند تایبەتییەکی زمانی مرۆڤی تیا دەبینرێـت وەك بەکارهێنانی ڕەمزی لەخۆوە و توانای لەیەکدان و بـوونی دەنـگ و یاسـایەکی واتــایی و توانــای گوێزانــەوەی کــات و شــوێنی قــسە(یــان دووان لــەرابردوو و

رانەبردوو)*، بەم جۆرە دەتوانین پلەکانی تری پەیژەکەش تەرخان بکەین بۆ زمانی زیندەوەرەکانی تر تادەگەینە نزمترین زمان.

## چەند ڕێگەیەکی تری پەیوەندی کردن

**سەرەتا:-**

مەبەستی سەرەکی لەداهێنان و بەکارهێنانی زمانی ، تێگەیشتنی دەوروبەری مرۆڤ و پەیوەندی کردنە بەخەڵکی هاوزمانەوە، بەواتایەکی سادەتر، زمان بۆ پەیوەندی کردنە لەگەڵ دەوروبەردا، بێگومان جگە لەزمان، مرۆڤ ڕێگەی تریشی دۆزیوەتەوە بۆ دابین کردنی ئەم پەیوەندییە، هەندێ لەم ڕێگانە لەگەڵ زمانی خۆیدا بەکاردێن(وەك بزاوتنی دەست و دەم و برۆ...هتد).

هەندێکی تریان بەتەنیان خۆیان بەبێ زمان بەکاردێن بۆ پەیوەندی کردن(وەك گلۆپی هات و چۆی ناو شارەکان گرنگی دان بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم ڕێگایانەی تری پەیوەندی کردن لەزمانەوانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی:—

١— ئەم هۆیانە لە زۆر سەرەوە لەزمان دەچن و وەك زمان کاردەکەن و لەسەریەك بنەما دەڕۆن، بۆنموونە زۆربەی ئەم هۆیانەی تری پەیوەندی کردن وەك زمانی مرۆڤ خاوەنی پێڕەو و ڕۆنانن، بەواتای ئەوەی لەسەر دەستورێکی دیاری کراو دەڕۆن بەڕێوە، کە دەتوانرێت پێش بینی بکرێن، هەر لەبەرئەمەشە کە خەڵکی دەتوانێ وەك زمانێکی بێگانە فێریان بێت و بەکاریان بێنێ لەزمانەوانیدا، شکیردنەوەی ئەم هۆیانەو لێکدانەوەیان یان بەو هیوایە کە لەبەر ئەوەی لەگەڵ

* بەڕای چارلز ئۆزگود(ل٦، ١٩٨٠) هەنگ دەتوانی سێ زانیاری گرنگ بگەیەنێ(١) ناسنامەی کەسی (٢) شوێنی شیلە(بەهۆی سەماوە) (٣) دۆزینەوەی هەواری نوێ، لەبەرئەوەی شێوەی سەماکە کوێرانە نییە و هەنگە کارکەرەکان دەتوانن ببن بە قسەکەرو بیسەریش و ڕەفتارەکەشیان بەندە بەو نامەیەوە کە دەیانەوێ بیگەیەنن و نامەکەش هەر لەبارەی ئێستەوە نییە(هەر باسی شیلەی بەردەست و شوێنی لەبەرچاودا ناکات) دەتوانین بیسەلمێنن کە هەموو مەرجە سەرەکییەکانی زمانی مرۆڤ لەزمانی هەنگدا هەیە بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە بەشی یەکەمی :
Lecture on Language pe: Formanee , charles, Osgiid, 1980,pp.1-22.

زماندا لەیەکتر دەچن"، هەندێ لە لایەنە شارەوەکانی زمانی مرۆڤمان بۆ روون کاتەوە، بەتایبەتی پەیوەندی نێوان زمان و مێشك کە تا ئێستا زۆر کەم لەبارەیەوە دەزانرێ، لەبەرئەوەی لەتواناادا نییە راستەوخۆ لەمێشك بکۆڵرێتەوە.

٢- ئەم هۆیانەی تری پەیوەندی کردن نموونەیەکی سادە و ساکاری زمانی مرۆڤن و لەوانەشە زمان لە قۆناغێکی مێژوویدا هەر لەشێوەی ئەمانەدا بووبێت، یان هەروەك هەندێ زمانەوان باوەڕیان وایە زمان بریتی بێت لەگەشەی یەکێك لەمانە(بروانە ئەو گریمانە و تێۆرانەی دەربارەی زمان خراونەتە ڕوو بەتایبەتی گریمانەی بزاوتن، کەواتە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ئەم هۆیانە بەو هیوایەشە کە راستی نوێمان دەربارەی چۆنییەتی پەیدابوون و گەشەکردنی زمانی مرۆڤ دەست کەوێ تا بە هۆیانەوە بگەینە تیۆرێکی پەسەند دەربارەی ئەم کێشەیە کە هەزاران ساڵە مرۆڤ بیری لێ دەکاەوە.

وا لەخوارەوە هەندێ لەم هۆیانەی پەیوەندی کردن بەوردی شی دەکەینەوە.(Laver 1967 : 341).

## بەشەکانی پەیوەندی ناو زمانی:-

بەهەموو ئەو تایبەتیە رەوشتییانەی کە پەیوەندی ناو زمانی پێکدێنن دەوترێ پەرە زمانی یان زمان ئاسا لەبەرئەم هۆیانەی خوارەوە:-

١- لە زۆر ڕووەوە ئەو تایبەتییە رەوشتییانە لەزمان دەچن، بۆ نموونە وەك زمان بریتین لەڕەمزی لەخۆوە.

٢- ئەم تایبەتییانە هەندێ جار دەبنە مشەخۆرو بەسەر زمانەوە دەژین و ئەو گرنگییەی هەیانە لەزمانەوە وەری دەگرن .

هەموو زمانەوانەکان لەسەر پێناسەی تایبەتی پەرە زمانی ڕێك ناکەون، هەندێکیان لەمانە کریستال، تراگەر، تەنیا بۆ ئەو تایبەتییە دەنگییانە بەکاری دێنن کە لەگەڵ قسەکردندا دێن، هەندێکی تریان(وەك ئەبەرکرومبی) بۆ تایبەتی بەکاری دێنن و بەهەموویان دەڵێن تایبەتی پەرەزمانی:

## أ- تايبەتی دەنگی پەرەزمانی:-

ئەمانە دەبن بەدووبەشەوە (١) ئەوانەی بێ زمان بەکاردێن(سەربەخۆ). (٢) ئەوانەی لەگەڵ زماندا بەکاردێن(ناسەربەخۆ).

یەکێك لە تایبەتییە سەربەخۆکانی ئەوانەن کە ئازارو سەرسوڕمان دەردەبڕن وەك( ئاخ، ئۆف، ئای،..هتد) تایبەتیی ناسەربەخۆ زۆر هەمەچەشنن و هەموو ئەوانە دەگرێتەوە کەپێیان دەوترێ(تۆن) کە پەیوەندییەکی راستەوخۆی بە بەرزی و نزمی دەنگەوە هەیە، پێڕەوی تۆن لەچەند پلەیەك پێکدێت، گوتنی ئاسایی ناوەڕاستی ئەم پلانەدەگرێ بۆ پەیوەندی تایبەتی بۆ دەربڕینی توڕەیی یان رێز...هتد.

قسەکەر یان بەرەو پلەکانی سەرەوە دەڕوا(دەنگی بەرز دەکاتەوە) یان خوارەوە دێ(دەنگەکە نزم دەکاتەوە)، کە قسەکەر دەم دەکاتەوە، ئەو پلە دەنگییەی هەڵی دەبژێرێ هەندێ لەمەبەستی قسەکەر دەردەخات، ئەگەر شێوەی گوتنەکەی لەپلەی ناوەڕاستەوە نزيك بوو، ئەوا گوێگر واتایەکی ئاسایی دەدات بەمەبەستەکە، لێکدانەوەی مەبەستی گوتن بەپێی دووری و نزیکی لەپلەی ناوەڕاستەوە دەگۆڕێ، کە گوتنەکە لەپلەی ئاساییەوە دوور بوو ئەوا گوێگر واتای نائاسایی دەدات بەمەبەستەکە و تەنانەت، لەوانەشە بەپێچەوانەوەی ئاساییەوە مەبەستەکە لێك بداتەوە، بۆنموونە: گوتنێك کە زۆر درێژکرێتەوە یان زۆر کورتکرێتەوە(بەپلە بگوترێ) بەلای گوێگرەوە ئاسایی نییە واتای ئاسایی نادات بەڵکو لەوانەیە بەپێچەوانەی مەبەستەکەشەوە لێکی بداتەوە، بۆ ئەوەی گوێگر بەتەواوی لەمەبەستی قسەکەر بگات دەبێ نەك هەر ناوەڕۆکی نامەکە بزانێ بەڵکو جۆری گوتنەکەش لەگەڵ هۆکانی تردا لەیەکتر بدات( وەك تەمەن و جینسی قسەکەرو باری قسەکەر).(Laver: 348).

جگە لە (بەرزو نزمی پلەی دەنگ)، گۆڕینی پلەی دەنگ و خێرایی قسەکردن و بەردەوامی و دەستگرتن بەسەر چۆنییەتی دەنگدا(دروست کردنی نووزە و هاڕە و هووشەو منگە...هتد) ئەمانە هەموویان بریتین لە تایبەتیی دەنگی پەرەزمانی.

## ب- تایبەتی پەرە زمانی:-

### أ- دوورو نزیکی:-

گرنگی ئەم پێڕەوە بەتایبەتی لەکاتی ئاخاوتندا دەردەکەوێ و پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە لەگەڵ(١) پەیوەندی نێوان گوێگرو قسەکەرو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، بۆنموونە دووری نێوان دوو هاوڕێ لەکاتی قسەکردندا کەمترە وەك لەدووری نێوان دوو کەسی نەناسیاو یان کەسێکی خاوەن پایەو کەسێکی بێ پایە. (٢) قۆناغی کارەکە، بۆنموونە لەسەرەتای ئاخاوتندا گوێگر و قسەکەر زیاتر لەیەکتر نزیك دەبنەوە وەك لەناوەڕاست و کۆتایی کارێکدا. (٣) شوێنی دانیشتنەکە، دوورو نزیکی لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگۆڕێ، ئەو دوورییەی کە بەلای ئەمریکییەوە (نزیکە) بەلای زۆر گەلانی ترەوە(دوورە).

جگە لەمەش لەو دیدارانەدا کە بەشدارەکانی لەزۆر شوێنی جیهانەوە دێن وا تێبینی کراوە کە لەسەرەتای دانیشتنەکەدا خەڵکەکە بەردەوام دەجوڵێن تا هەریەکەیان بەپێوانەی گەلەکەیان دووریەك لەگەڵ دەورو پشتەکەیاندا دیاری دەکەن.

رادەی دوورو نزیکی و بەکارهێنانی لەکاتی ئاخاوتندا بەهۆی فێربوونەوە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەچێت، بەڵام وەنەبێ رادەی دوورونزیکی بە ئارەزوو بۆ مەبەستی تایبەتی بەکار نەیەت، بۆنموونە، هەندێ گەورە لەکاتی قسەکردندا بەئارەزوو لە (بچووك) نزیك دەکەونەوە بۆ رێزلێنان یان خۆ نزیك کردنەوە.

### ب- بزاوتن:

مەبەست لەبزاوتن جوڵاندنەوەی دەست و دەم و چاو، لێو و برۆیە، بەمەبەستی پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵکی دەوروبەردا، پێڕەوی بزاوتن هەروەك پێڕەوی دەنگی پەرە زمانی (دەنگ بەرزکردنەوە و دەنگ گۆڕین) زۆربەی کات لەگەڵ زماندا بەکاردێ، هەندێ جاریش بزاوتن بەتەنیا خۆی جێگەی زمان دەگرێتەوە، بەواتای ئەوەی بۆ پەیوەندی کردن دەست دەدات.

بزاوتن بە فێربوون لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەچێت واتای بزاوتنیش لەگەلێکەوە بۆ گەلێکی تر دەگۆڕێ، بۆ نموونە، لەم ناوچەیە دا سەر جوڵاندن بۆ

خـوارەوە بـۆ رازی بوونـە، بـۆ سـەرەوە بـۆ رەتکردنەوەیـە، بـەم لاو ئـەولادا بـۆ سەرسورمان و ناڕازی بوونە، ئاشکرایە کە لەناوچەی تردا مەرج نییە ئەم بزاوتنانە هەمان واتایان هـەبێت، یـان بـە هـەمان مەبەسـت بـەکاربێن، دیسانەوە هـەر لـەم هەرێمانـەدا لـەکاتی بەیـەکتر گەیـشتن دا یـان بەسـەر سـڵاو دەکـەن یـان بەزەردەخەنەیـەکی سـەر لێـوان (گـەر ماوەیـەکی دووربـێ بەیـەکتر نەگەیـشتبن) بەماچ و گرتنە باوەش، بەپێچەوانەی ئەمەوە، لەناو ئەسـکیموکاندا بـۆ سـڵاوکردن دەبـێ سـێ جـار بمـاڵن بەتـەوقی سـەری بەرامبەرەکەیانـدا، لـەناو دانیـشتوانی ئەمەریکای لاتیندا دەبێ بەپـشتی یەکتریدا بمـاڵن و لەناوچـەی پولینزیـاش دەبـێ پشتی یەکتری بخورێنن.(Laver 351).

هەر کۆمەڵەو شێوەو پەیڕەوێکی بزاوتنی تایبەتی هەیـە کـە لەگـەڵ زمانـدا لـە منداڵییـەوە ئەنـدامانی کۆمـەڵ فێـری دەبـن، لـەدەوری، کۆمەڵەکـە، لەوانەیـە ئـەم پێڕەوە نامۆو سەیر بێتە بەرچـاو خـەڵکی تـری تێـی نـەگات، بۆنموونـە، ئەوانـەی خەڵکی ئەمریکای سەروو نین لەوانەیە لەوە نەگەن کـە لـووت خورانـدن لـەناو ئـەم گەلانـەدا نیـشانەی بـاوەر نەکردنـە، بـزاوتنی دەم و چـاو و بـرۆ و لێـو بـە پێـی جنسیش دەگۆڕێ، ئاشکرایە کـە لەکۆمـەڵی ئێمـەدا ژن زیـاتر لـەپیاو لەئاخاوتنـدا کەڵك لەبزاوتن وەردەگرێ.

هەرچەندە ئەم ڕەوشتانە بە فێربوونە، بـەڵام پـاش ماوەیـەك دەبنـە خـوو لـە مـرۆڤ و نەهەسـت بـەکردنییان دەکـرێ و نـە دەناسـرێنەوە، بـۆ لێکدانـەوەو شیکردنەوەی زمانی مرۆڤ پێویستمان بـەوە دەبـێ لـەم پێڕەوە ناسـەرەکییانەش بکۆڵینـەوە چـونکە ئەمانـەش(پێـڕەوی دەنگـی پـەرە زمـانی و بـزاوتن و دوور و نزیکی، هەروەك زمان بە فێربوون لـە نەوەیەکـەوە بـۆ یـەکێکی تـر دەچـن و شـان بەشانی زمان بەکاردێن.

## پەیوەندی زمانی مرۆڤ بە گلۆپی هات و چۆی شارەکانەوە:-

هەموو زمانەوانەکان سەر بە هەر رێبازێکی زمانەوانی بن لەسەر ئەو بـیرە رێـك دەکـەون کـە زمـان کـۆدە(شـیفرەیە)، کـۆد بریتییـە لـە ژمارەیـەك کەرەسـتە کـە دەتوانرێ لەیـەك بـدرێن بـۆ بەرهـەم هێنـانی کەرەسـتەی نـوێی ئـاڵۆزتر، لەزمانـدا

کۆدەکان ئەو کەرەستانەن(یان ئەو فۆرم یان دەنگ یان پیتانەن) کە توانای ئەوەیان تێدایە لەیەکتر بدرێن و لەپاڵ یەکتریدا ڕیزبن، بۆ ئەوەی فرەیز و ڕستە و وشە و دانەی تریان لێ بێتە بەرهەم، کاتێ بەم کۆمەڵە فۆرمە دەوترێ کۆد، کە واتادارین یان واتایان هەبێ، جگە لەمەش مەرجە کۆد بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ خەڵکی تردا بەکاربێت.

دیسان زۆربەی زمانەوانەکان ئاسایی زمان بەپێڕەوێکی داخراو دادەنێن ئەگەر تەنیا بۆ مەبەستی لێکدانەوە و شیکردنەوەبێت، پێڕەوەکە وەك پێڕەوی بیرکاری، لەناوەوە ڕێکە و وردە و ئاڵۆزوە و لە دەوروبەر داپچراوە بە واتای ئەوەی نە کار دەکاتە سەر دەوروبەر و نە لەدەوروبەرەوە کاری تێدەکرێ.

ئەگەر ئەم دوو بیرەمان دەربارەی هەڵکەوتی زمان بەلاوە پەسەند بێ، بە واتای ئەوەی زمان بەکۆد دابنێین و وەك پێڕەوێکی داخراو سەیری بکەین، ئەوسا تێدەگەین کە لەزۆر ڕووەوە زمان لە گلۆپی هاتوچۆی ناوشار جیانابێتەوە و ئەو بەشانەی زمان پێکدێنن هەر ئەوانەن کە لەگلۆپی هاتوچۆی ناوشاردا هەن و کەڵکییان لێ وردەگیرێ، وا لە خوارەوە بە وردی لەم بەشانەی هەردوو پێڕەوەکە دەدوێین و جیاوازی و لێکچوونی نێوانییان پیشان دەدەین(Strang 962:9).

(١) پێڕەوی زمانی مرۆڤ بەلای بەشی زۆری زمانەوانەکانەوە لە چەند بەشێکی وەك ئەمانەی خوارەوە پێکدێت:—

أ— سینتاکس (دەستوری ڕێزکردن و دانەپاڵ یەکتری کەرەسەکان و دیاریکردنی ئەو لێکدانانەی کە پەسەندن لەزمانێکدا).

ب— سیمانتکس(واتا دانان بۆ لێکدانە پەسەندەکان).

ت— پراکماتیکس(ئەو دەستوورانەی کە لێکدانە پەسەندەکان لەگەڵ ڕەوشتی کۆمەڵایەتیدا گرێ دەدات.

(٢) پێڕەوی گلۆپی هاتوچۆش دیسانەوە هەر ئەم بەشانەی تێدا بەدی دەکرێ:—

أ— سینتاکس( یاسای دەستووری لێکدان و ڕێزکردنی سێ ڕەنگە سەرەکییەکەی (سور، زەرد، سەوز) کە لەسێ یاسادا کۆدەبنەوە(١) ڕەنگەکان هەریەکە بە تەنیا بەکاردێن و بەپێچەوانەی ئیشارەتی هاتوچۆی هەندێ شوێنی تر، نابێ تێکەڵ

بکرێن.(٢) ڕێـڕەوی گـۆڕان تـەنیا ڕێگەیـەکی هەیـە(سـەوز، زەرد، سـور) (٣) ئـەم ڕێزبوونە بەم پێیە هەردووپات دەبێتەوە.

ب- سیمانتیکس :دانانی واتا بۆ لێکدانە پەسەندەکان واتە بۆ دەنگەکان، لێرەدا بەسێ یاسا ئەم ئەرکە جێبەجێ دەکرێ:-

(١) سوور = وەستان

(٢) زەرد= پەلەکە دەبێ بە سوور

(٣) سەوز= دەرچوون(بۆ شوفێر).

پ- براگمـاتیکس(گرێـدانی لێکدانـە پەسـەندەکانە، لێـرەدا سـوور و سـەوزو زەرد، بەو ڕەوشتە کۆمەڵایەتییانەی کە شوفێرێك دەبێ بیکات، دیسانەوە ئەمەش لە چەند یاسایەکدا کۆدەبێتـەوە(١) ئەگـەر گلۆپەکـە سـوور بـوو، شـوفێر قـاچ لـە بەنزین هەڵدەگرێ لەئاوێنەکەوە سەیری دەکات تا دڵنیا بێت سەیارەکەی دوایـەوە لێ نادات، بەدەست ئیشارەتی هێواش کردنەوە دەدا، پێ لە سەر برێك دادەنێ بە کلاجدا، گێر دەگۆڕێ بۆ قورسـتر...هتـد(٢) ئەگـەر گلۆپەکـە سـەوز بـوو، شـوفێر کەمێ لە خێرایی خۆی کەم دەکاتەوە و ئاسایی تێ دەپەڕێ، (٣) ئەگەر گلۆپـەکـە زەرد بوو دەبێ(أ) یان پەلـە بکـات دەرچـێ یـان (ب) خێرایـی کـەم دەکاتـەوە تـا گلۆپەکە دەبێتە سوور و ئەوسا ڕەوشتەکانی (أ) ی سەرەوە جێبەجێ دەکات.

لەم بەراوردکردنەدا ئەم خاڵانەی خوارەوە شایەنی لێکۆڵینەوەو گرنگی پێدانن:-

١- بوونی کەرەسـتەکان لـە هـەردوو پێڕەوەکـەدا پەیوەنـدی بـە ئـارەزوو، و خواسـتی ئـەو خەڵکـەوە هەیـە کـە پێڕەوەکـەیان داهێنـاوە و بـەکاری دێـنن، بەواتایەکی تر زمـان خـەڵك کـردەو هـەروەك چـۆن دەتـوانین لـەبڕی ڕەنگـی زەرد ڕەنگێکـی تـر لـە گلۆپەکـەدا بـەکاربێنین، هـەروەها دەشـتوانین ئەگـەر خەڵکەکـە ڕێکەوێ لەکوردیدا هەموو دەنگێکی /ر/ بگۆڕێن بـە/غ/ لـە هـەر شـوێنێکی وشـەدا هـات بـەبێ ئـەوەی زمانەکـە بـشێوێ، دیـسانەوە هـەروەك گـۆڕینی ڕەنگـەکان تاماوەیـەك ئاسـایی نایەتـە بەرچـاوی خـەڵکی، گـۆڕینی دەنگێکـیش لەزمانەکـەدا ماوەیەکی دەوێ تـا خەڵکەکە لەگەڵیـدا ڕادێـن و هـەر لـەو ماوەیەشـدا گۆڕینەکـە

دەدرێتە بەرپلارو ڕەخنە، چاکترین بەڵگە بۆ ئەم راستییە زاراوەی نوێیـە، کـە بـۆ ماوەیەکی دوورو درێژ بارێکی ناهەمواری هەیە لەزمانەکەدا و هەموو کاتێ لەوانەیە فرێ بدرێتە دەرەوە.

٢- لێکدانی ڕەنگـەکان و لێکدانی دەنگـەکانی زمـان دیسانەوە بـە ویـست و خواست و بڕیاری خەڵکەکەیە، دەتوانێت بۆنموونە، لەگلۆپـی هـات و چـۆدا لـەبڕی زەرد، ســەوزو ســوور تێکەڵکــەین وەك لــە هەنــدێ ولاّتــدا دەکــرێ، هــەروەها لەزمانیشدا، دەتوانین دەنگی(/ك/و/ا/ و/ت/) لەیـەکتر بـدەین، کـات و تاکیـان لـێ بەرهـەم بێـنین وەك لەکوردیـدا کـراوە، لەهـەمان کاتیـشدا نەیـەڵێن(ئاتـك) بێتـە بەرهـەم، هـەروەها، دەتـوانین رێگـە بـە هەنـدێ لێکـدان بـدەین و هەنـدێکی تـر قەدەغەکەین وەك(٢) و (٤)ی خوارەوە:-

(١) زۆرجار بە عەرەبی قسەدەکات.
(٢) قسە دەکات بە عەرەبی زۆر جار.
(٣) بەعەرەبی قسە دەکات زۆرجار.
(٤) قسە بەعەرەبی زۆرجار دەکات.

٣- دانــان و هەڵبــژاردنی واتــاش بــۆ کەرەســـە پەســـەندەکان دیــسانەوە لەخۆوەیەو بەئارەزووی کۆمەڵە، (سوور) دەبێ بۆچی بۆ وەستان ببێتـە نیـشانە؟ ئایا لەبەرئەوەیەکـە (مەترسـی پیـشان دەدات.؟(سـوور) بۆچـی دەبـێ(مەترسـی) پیشان بدات؟ ئایا لەبەرئەوەیە (خوێن) و (ئاگر) سوورن؟ بەلاّم بۆ دەبێ(خـوێن و ئاگر) پڕ مەترسی بن؟ خۆ بەبێ خـوێن کـەس نـاژی و بـێ ئـاگریش مـرۆڤ هـەرگیز گەشەی نەدەکرد...

لەمەش سەیر تر هەڵبژاردنی (سەوزە) بـە نیـشانەی(دەرچـوون) و (زەرد) بـۆ خۆئامادەکردن.

تەنیا جیاوازی لەنێوان زمانی مرۆڤ و گلۆپی هاتوچـۆی ناوشـاردا لەوەدایـە(١) زمـانی مـرۆڤ ئـاڵۆزتر و چـالاکتر و وردتـرە و بـۆ هـەموو ئـەرکێك دەسـت دەدات، لەبەرئـــەوەی کەرەســـتەکانی زۆر دەوڵەمەنـــدترن و (دەنگـــەکانی)، لێکـــدانی کەرەسەکانی ئاڵۆزتر و تێرترە و پێویستی بەسەدان و هەزاران یاسـاو دەسـتووری

زیاتر هەیە.(٢) پێڕەوی گلۆپی هاتو چۆ دەتوانرێ وەك پەیڕەوێكی داخراو سەیر بكرێ، چونكە پەیوەندی نییە بەسەیارەوە لەژێركاری ئەمانەدا نییە، بەڵام زمان ئەگەر بۆ لێكدانەوە و شیكردنەوەش بە پێڕەوێكی داخراو دابنرێ، لەڕاستیدا خۆی بە پەیڕەوێكی كراوە و لەژێر كاری خەڵكیدایە و كاریش دەكاتە سەر بیری ئەوانەی قسەی پێ دەكەن.(Strang : 9).

**ئەركەكانی زمان** (Functions of language):-

مەبەست لە ئەركەكانی زمان ئەو كارانەن كە مرۆڤ بە هۆی زمانەوە لە كۆمەڵدا جێبەجێیان دەكات، ئاشكرایە ئەم كارانە هێندە زۆرو ئاڵۆز و وردن هەروا بەئاسانی پۆلێن ناكرێن و هەرچەندێكیش هەوڵ بدەین، هەر ئارەزوو دەكەوێتە دابەشكردنیانەوە، لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانین بڵێین بەگشتی زۆربەی زمانەوانەكان ئەم ئەركانە دەكەن بە حەوت جۆرەوە (Pyles\Algeo, 223-236)، زانیاری و هەواڵ گەیاندن، پرسیاركردن، هەست دەربڕین، وروژاندن و فەرماندان، راپەراندن و جێ خۆشكردن.

زانیاری یان هەواڵ گەیاندن بەئەركێكی هەرە سەرەكی زمان دەژمێردرێ و ئەو بەكارهێنانەی زمان دەگرێتەوە كە بەهۆیەوە مرۆڤ لەدەوروبەری خۆی و دیاردەكانی دەوروپشتی دەدوێ، هەواڵ گەیاندن پەیوەندی بە(زانین) و هۆشی مرۆڤەوە هەیە لە بەرئەمە لەهەموو بەشەكانی زانستی دا ئەم بەكارهێنانە زۆرە و، لەزانیاری یان هەواڵ گەیاندنیدا قسەكەر دەیەوێ بوون و نەبوونی یان ڕاستی و ناڕاستی دیاردەكان پیشان بدات، هەر لە بەرئەمەیە، كە ئەو ڕستەیەی هەواڵ گەیەنە دەبێت لە هەڵكەوتدا یان ڕاست یان هەڵە بێت، بەواتایەكی تر دەبێ لەو جۆرانە بێت كە بتوانن یان ڕاستییەكەی بسەلمێنین یان بەدرۆی بخەینەوە وەك:-

١- ئاو لە پلەی سفردا دەیبەستێ و لە پلەی سەدا دەكوڵێ.

٢- مەم و زین بەیەك ناگەن.

٣- بەشی زۆری دانیشتوانی ئەم شارە بێ ئاگان.

بێگومان ئەو گوتنانەی هەواڵ گەیەنن، مەرج نییە هەموویان ڕاستبن(بڕوانە ڕستەی سێیەم کە زۆر بەگران ڕاستییەکەی دەسەلمێ) بەڵکو لەوانەیە درۆبن یان بۆچەواشەکردن بێت، لەمە دا ڕستەی هەواڵ یان هەواڵ گەیەن لە ڕستەی پرسیار، وەك(تۆ کێ؟) فەرماندان و (وەك : ئەوپارەیەم بدەرێ) سەرسوڕمان(بەخوا جوانە) جیا دەبێتەوە، ئەم جۆرە ڕستانە (فەرمان و پرسیار و سەرسوڕمان) نەڕاستن و نەدرۆ، ڕاستی و ناڕاستی تەنیا لەڕستەی هەواڵ گەیەندا سەرهەڵدەدات.

مەبەست لەپرسیارکردن دەست خستنی زانیارییە بە واتای ئەوەی بە هۆی پرسیار کردنەوە قسەکەر کەلێنێ یان چەند کەلێنێك لەزانیاری خۆی دا بەرامبەر دیاردەیەك پڕبکاتەوە، لەمەدا پرسیارکردن پێچەوانەی هەواڵ گەیاندن دەوەستێ، چونکە ڕستەی هەواڵ گەیاندن زانیاری دەگەیەنێ یان بڵاوی دەکاتەوە و سەرچاوەی زانیارییەکەش قسەکەرە، لەڕستەی پرسیاردا پرسیارکەرەکە و گوێگر یان خوێنەر بەسەرچاوەی ئەو زانیارییە دادەنێ، کە لای ئەم دەست ناکەوێ، بۆنموونە، پرسیارکەر ئەم پرسیارانە لەگوێگر/ خوێنەر دەکات کە خۆی وە رامیان نەزانێ.

کەی سینەما بەتاڵ دەبێ؟ (سەعات حەوت).

چۆن چێوەی چوارگۆشە دەدۆزینەوە؟(درێژی لایەکی X ٤).

ئەوە کێیە لەو بەرەوە وەستاوە؟ (کوڕەکەی مام هۆمەرە).

لە سەرێکی ترەوە، ڕستەی هەواڵ گەیەن و پرسیارکردن لەیەك دەچن، چونکە هەردووکییان لەبارەی (زانین) هۆشەوەن، هەرچەندە ڕستەی هەواڵ گەیەن، هەروەك لە سەروترەوە پیشانمان دا، دەربارەی ئەو زانیارییەیە کە قسەکەر لایەتی و ڕستەی پرسیاریش بەپێچەوانەوە، لەو زانیارییە دەدوێ کە لای گوێگر(خوێنەر دەست دەکەوێ، ڕستەی هەواڵ گەیەن و پرسیار، لەبەرئەوەی هەردووکیان دەربارەی زانینن، بەشێوەیەکی گشتی بەتەواوکەری یەکتری دادەنرێت، چونکە بەهەردووکیان جوتێك پێکدێنن. ڕستە یان گوتن کاتی بۆ هەست دەربڕین بەکاردێ کە هەست و ئارەزوو باوەڕی قسەکەر بەرامبەر دیاردەکانی دەوروبەر دەرخات . سادەترین جۆری هەست دەربڕین لەو گوتنانەدا دەردەکەوێ کە سەرسوڕمانی تێدایە وەك:

خالّق، چەند جوانە !
ئاخ، دەستم ناگاتە قورتمی !
نەفرەتی خوای لیٚ بی !
ئۆف، چەند جاری پیٚ دەلیٚم وامەکە !

زۆربەی کات ئەم وشە هەست دەربڕانە لەگەلٚ گوتنی تردا کۆدەبنـەوە و وا لـە گوتنەکە دەکەن زیاتر لە ئەرکێکی هەبیٚ، بۆنموونە جیاوازی نێـوان رسـتەی (١) و رستەی (٢)ی خوارەوە لەوەدایە کە ڕسـتەی یەکـەم هـەوالٚ گەیەنـە، بـەلاٚم دووەم نـەك هـەر هـەوالٚ گەیەنـە بـەلٚکو هەسـت دەربڕیـشە، چـونکە بەتـەواوی هەسـتی قسەکەی بەرامبەرەکە دەردەبڕی:—

١— ئەم کەرە بە هەزار نەقیزە ناجوولٚیٚ.
٢— ئەم کەرە بیٚ خێرە بە هەزار نەقیزە ناجوولٚیٚ.
ئـەو ڕسـتانەی بـۆ جنێـودان بـەکاردێن لەگـەلٚ ئـەو وشـانەی بـۆ پێداهەلٚدان بـەکاردێن وەك(نامـەرد، کـەرە، بـەرز، بـاش،...هتـد) هـەردووکیان بـۆ دەربـڕینی هەسـت و ئـارەزوو لەکایـەدان، هـەر لەبەرئەوەشـە کـە دەربـڕین لـەدوو شـێوەدا دەبیٚ:— شێوەی سەلبی و شێوەی ئیجابی:—

خوایە چۆن دایکێکە.
خوابتبباتەوە بۆچ منالێکی.

گوتنی هەوالٚ گەیەن لەوەدا لە گوتنی هەست دەربڕ جیـا دەبێتـەوە کـە تێیـدا قسەکەر لـەبارەی دەوروبـەرەوە دەدویٚ، ڕاسـت بێـت یـان درۆ، لەئـەرکی هەسـت دەربڕین دا گوتن دەربارەی هەستی قسەکەرەوە دەربارەی خۆی یان دیاردەکـانی دەوری خۆی دادەنیٚ بەشێوەیەکی سەلبی یان ئیجابی.
کاتیٚ زمان بەئەرکی و ورژاندن بـەکاردیٚ کـە هەسـت و ئارەزوویـەکی تایبـەتی لەگوێگر/ خوێنـەر دا دروسـت بکـات، بـەواتای ئـەوەی گـوێگر بـۆ بـوروژێنیٚ، دلٚـی

خۆش كات یان رایپەڕێنێ و هەڵی بدات و ملی بشكێنێ، ئەم بەكارهێنانەی زمان لە نوكتە گێڕانەوە و پڕوپاگەندە و تراجیدیادا زۆرتـر دەردەكـەوێ، ئـەو گوتنـەی كـە دایك ساواكەی پێ ژێر دەكاتەوە و ئەو گوتنەی كە قسەكەرێكی رامیاری یان دیـنی خەڵكی پێ دەوروژێـنێ، ئـەو گوتنـە كـە لاوێـك یارەكـەی پـێ دڵ خـۆش دەكـات، ئەمانە هەموویان نموونەن دەربارەی زمان بەكارهێنان بەمەبەسـتی وروژانـدن یـان خۆش كردنی هەست لەگوێگر یان خوێنەردا.

ئاشـكرایە كـە بـەكارهێنانی زمـان بـۆ هەسـت دەربـڕین و هەسـت وروژانـدن دەتوانرێ بەیەك ئـەرك دابنـرێ، چـونكە هەسـت دەربـڕین و هەسـت وروژانـدن زۆر لەیـەكترەوە نـزیكن، بـەڵام زۆربـەی زمانەوانـەكان وای بـە باشـتر دادەنـێن كـە لەیـەكتری جیابكرێنـەوە، چـونكە لـەدوو روانگـەی جیـاوازەوە دێـن، لـە هەسـت دەربڕیندا، بەپێچەوانەی وروژاندنەوە، قسەكەر دەربارەی هەسـتی خـۆی دەدوێ و دەیكات بەباس، بەڵكو بەدوای ئـەوەدا بگـەڕێ كـە هەسـتێك لـە گـوێگر، دروسـت بكـات یـان وای لێبكـات هەڵوێـستێكی تێـدا دروسـت بـێ، هەرچـەندە ئـەم جـۆرە بەكارهێنانەی زمان بەتایبەتی لەپرۆپاگەندەدا دەردەكەوێ(پڕوپاگەندەی رامیاری و بازرگانی) بەڵام وەنەبێ لەكاری ئەدەبیشدا سەرهەڵنەدات.

كاتێـك زمـان بـۆ فەرمانـدان بـەكاردێ كـە قـسەكەر بیـەوێ كارێـك بـەگوێگر راپـەڕێنێ ئـەكرێ فەرمانـدان لـەوەدا لەوروژانـدن جیابێتـەوە كـە تێیـدا قـسەكەر دەیـەوێ گـوێگر بـەكارێك هەسـتێ نـەك هەسـتێكی تێیـدا دروسـت بێـت یـان هەڵوێستێكی دیاری كراوی تێدا سەرهەڵدا، سادەترین فەرمان لەشـێوەی داخـوازی دەبێ وەك:-

فەرموو دانیشە
باچایەكت بۆ بانگ كەم.
پیاڵەیەك چام بۆ لێنێ.

هەرچەندە فەرماندان بەزۆر رێگـا دەبـێ، بڵاوتـرین شـێوەی ئـەو جۆرەیـە كـە بەهۆی رستەی فەرمانییەوە دەربڕێت وەك:

وەرە دەرەوە.

مەیە ژووری.

ئاشکرایە کە زۆر گوتنی تریش هەر بە مەبەستی فەرمانـدان دێـن هەرچـەند لـە ڕۆاڵەتدا( لەرووی فۆرمەوە) لەگوتنی فەرمانی ناچن وەك:

دەبێ منالٚ لەگەلٚ خۆتان نەهێنن.

نەکەی ئازاری خەلٚکی بدەیت.

پێویستە خەلٚکیت خۆش بوێ.

با تا زووە دەرچین.

ئەرکی ڕاپەڕاندن لەو گوتنانەدا دەردەکەوێ کە خۆیـان بـریتین لـە ڕاپەڕانـدنی کارێك، بەواتای ئەوەی لەجیاتی ئەوەی قسەکەر کارێك بە گـوێگر ڕاپــەڕێنێ خـۆی کارەکە رادەپەڕێنێ و گوتنەکەشی ڕاپەڕاندنی کارەکەیـە، بۆنموونـە: کـە مەلایـەك لەکاتی ناونانی منداڵێکدا دەڵێ ئەوا ئەم منداڵەمان ناونا هەژار ئەوا گوتنەکە خـۆی ڕاپەڕاندنی کارەکەیە، کـە بریتییـە لـە ناونـانی منداڵەکـە، نموونـە دەربـارەی ئـەم ئەرکەی زمان زۆرە وەك:

سوێند دەخۆم ڕاست بڵێم.

بەڵێن دەدەم ئەو کارەت بۆ بکەم.

گرەو دەکەم دەرناچیت.

وا لەم کۆبوونەوەیە دوایی پێ دێنم.

ئەو گوتنانەی ئەرکی ڕاپەڕاندن دەنوێنن، چـەند تایبەتییـەکییان تێدایـە وەك: (١) بکەری کارەکە ئاسایی کەسی یەکەمی تاك و کۆیە، وەك من/ ئێمە... (٢) ئـەو کارانـەی لـەم جـۆرە گوتنانـەدا دەبینـرێن کۆمـەڵێکی دیـاریکراوی داخـراون وەك: ناونان و بەڵێن دان...

وەك ئـــەرکی هـــەواڵ گەیانـــدن و دەربـــڕین، ئـــەرکی ڕاپەڕانـــدن لەڕوانگـــەی قسەکەرەوە دیاری دەکـرێ، بـە واتـای ئـەوەی کـە قـسەکەر تێـدا دەبـێ بـەکارێك

هەستێ، بە پێچەوانەشەوە، لە ئەرکی فەرماندان و پرسیار و ورووژاندندا، گوێگر دێتە بەر ڕۆشنایی و چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکرێ یان بەکارێك هەلسێ (فەرمان) یان هەستێکی تێدا دروست بێت (ورووژاندن) یان زانیارییەك بدات بە قسەکەر(پرسیار) بەم جۆرە لەم شەش جۆرە بکارهێنانەی زمان کۆمەڵەیەکی هاوسەنگ دروست دەکەن و بەوەش لەیەکتری جیادەبنەوە کە هەر کۆمەڵە دەربارەی شتێکی جیاوازن و (کار، هەست، هۆش) لە تێڕوانینی دووکەسی جیاوازەوە سەیر دەکرێن(قسەکەر/گوێگر) وەك لەم نەخشەیەدا دەردەکەوێ(Fyles,Algeo,236).

تێڕوانین

| بابەت | قسەکەر | گوێگر/خوێنەر |
|---|---|---|
| ١- هۆش (زانین) | هەوڵدان | پرسیارکردن |
| ٢- هەست دەربڕین | دەربڕین | ورووژاندن |
| ٣- کار | ڕاپەڕاندن | فەرماندان |

نموونە:

١- سبەینێ دێم بۆ لاتان(هەوڵدانە، قسەکەر هەواڵەکە دەگەیەنێ لە بارەی زانینەوەیە).

٢- کەی دێت بۆ لامان؟(پرسیارە، گوێگر دەبێ کەلێنێکمان بۆ پڕبکاتەوە، دەربارەی زانینی گوێگرە).

٣- بەخوا منالێکی چۆختی و سەرسەختی، (هەست دەربڕە، قسەکەر هەستی خۆی دەردەبڕێ، لەبارەی هەستەوەیە).

٤- ئێوەی قوتابی(ورووژاندن، مەبەست دروستکردنی هەست لەگوێگردا(قوتابییەکان)، دەربارەی هەستە).

٥- ئەوا بەناوی خوای گەورەوە ئەم کۆبوونەوەیەمان کۆتایی پێ دێنین...(ڕاپەڕاندن، قسەکەر بەکارەکە هەڵدەستێ، کارەکە گوتنەکەیە، لەبارەی کارەوەیە).

٦- ئەو دەرگایە بکەرەوە (فەرماندان، گوێگربە کارەکە دەبێ هەستی، لە بارەی کارەوەیە).

دوا ئەرکی زمان، ئـەرکی جـیٚ خۆشـکردن، لـەو ئەرکانەیـە کـە زۆر بـڵاوەو لـە هەموو زمانێکی سروشتیدا هەست بە بوونی دەکـریٚ، ئـەم ئەرکـە(کـە دەشـتوانین پێی بڵێین ئەرکی کۆمەڵایەتی زمان) زیاتر لەو گوتنانـە دا دەردەکـەویٚ کـە ڕۆژانـە بەکاردیٚ و بەسەر زاری هەموو کەسێکەوەیە بۆ مەبەستی خۆبردنە پێـشەوەو بـارو شوێن خۆشکردن و خۆچەسپاندن لەناو کۆمەڵگای مرۆڤدا وەك ئەو گوتنانـەی بـۆ سڵاوکردن(خوا حافیزی و چاك و چۆنی بەکاردێن.

بۆنموونە: ئەم گوتنانە هەرچەند زۆربەیان لەشێوەی پرسیاردان، لەراستیدا بۆ پرسیارکردن نایەن، بەڵکو قسەکەر بۆ ئـەوە بـە کاریـان دێـنیٚ کـە خـۆی لـەگوێگر نزیك بکاتەوە و شوێنی خۆی لـەرووی کۆمەڵایەتییـەوە بـچەسپێنیٚ، بەڵگـەمان بـۆ ڕاستی ئەم باوەرە ئەوەیە کە لەیەکێك دەپرسین چـۆنی؟ چـاکی؟ بەتـەمای ئـەوە نین گوێگر لەوەڵامدا باسی نەخۆشی و ناخۆشی خۆیمان بۆ بکات، گوتنەکـە تـەنیا بۆ ئەمەیە پیشانی بدەین کە گوێگر دەناسین و پەیوەندیمان لەگەڵیدا هەیە و هـیچ ناکۆکیەك لەنێوانماندا نییە، زۆربـەی ئـەم گوتنـە کۆمەڵایەتییانـە لەوانـە ڕاسـتیش نەبن، بەڵام ئێمە ڕەخنەیان لیٚ ناگرین، چـونکە لـە بنەڕەتـدا بـۆ هـەواڵ گەیانـدن بەکار نایەن، بەڵکو بۆ بارخۆشکردنە و بەهۆیانەوە دەتوانین ساغی بکەینـەوە کـیٚ لەگەڵماندایە و کیٚ نەیارە، هەندیٚ سروود و گۆرانی ئایینی ڕامیاری دەچنە ناو ئەم جـۆرە بەکارهێنانـەی زمانـەوە، چـونکە مەبەسـتی سـەرەکی لـە بـەکارهێنانیان، جیاکردنەوەی یار و نەیارو چەسپاندنی بیروباوەڕی کۆمەڵێکە لەناو کۆمەڵانی تـری مرۆڤدا.(Pyles, Algeo : 235).

لەگەڵ ئەوەشدا کە هەندیٚ ئەرك لەگەڵ هەندیٚ شێوەی ڕستەدا ڕێك دەکەون و شان بەشانی یەکتر دەڕۆن( پرسیارکردن لەگەڵ ڕسـتەی پرسـیار دابـیٚ فەرمانـدان لەگەڵ رستەی فەرماندان، بۆ نموونە شێوەی رستە بەگشتی نیـشانەیەکی بەکـەڵك نییە بۆ جیاکردنەوە و پـۆلێن کردنـی جـۆری بـەکارهێنان، بۆنموونـە: هـەموو ئـەو ڕستانەی خوارەوە لە ڕواڵەتدا پرسیارن، بـەڵام تـەنیا ئـەوەی یەکـەمیان بەڕاسـتی پرسیارە، دوانەکەی تر فەرمانن، بەڵام بەشێوەی پرسیار دەربڕاون:

١- ئایا ئاو لەپلەی سفردا دەبەستیٚ؟

٢- ئەو شەکرەمان نادەییٚ؟

٣- تۆزی ناچیت بەولاوە؟

بۆ ئەوەی چاك لەبەكارهێنانی زمان بگەین دەبێ نەك هەر گوێ بدەینە فۆرم یان رواڵەتی ڕستەیەك، بەڵكو دەبێ بارودۆخی قسەكە و قسەكەر و گوێگر لێك بدەینەوە و دەبێ بەتەمای ئەوەش بین بەتایبەتی لەئاخاوتندا، كە مەبەست بە پێچەوانە دەربڕی، هەندێ جاریش شتێك دەڵێن و مەبەستمان شتێكی جیاوازە، بۆنموونە، لەكاتی نان خواردندا كە رووده‌كەینە میوانەكەمان و دەڵێین قابەكەت هیچی تێدا نییە، ئەوە مەبەستمان ئەوە نییە كە هەواڵێكی بدەینێ یان ڕاستییەكی پێ ڕاگەیەنن، بەڵكو ڕستەكەمان تەنیا لە رواڵەتدا هەواڵ گەیەنە، لەڕاستیدا دەمانەوێ بزانین میوانەكە ڕێگامان دەدات قابەكەی بۆ پڕ لەخواردن كەین، كەواتە ڕستەكەمان لەڕاستیدا پرسیارە نەك هەواڵ گەیەن و تەنیا بۆ ڕێزلێنان خستومانەتە قاڵبی ڕستەیەكی هەواڵ گەیەنەوە. لە پۆلینكردنی گوتندا دەبێ وریابین و چاك گوێ بدەینە بارودۆخی قسە، تا لە مەبەستی بەرامبەرەكەمان بگەین و نەكەوینە هەڵەوە.

شایەنی تێبینییە كە لە هەرپارچە گوتنێك یان نووسینێك وردبینەوە دەبینین زیاتر لەئەركێك پیشان دەدات، بۆ نموونە ئەگەر بمانەوێ وتارێكی ئایینی شی بكەینەوە دەبینین لە هەموو جۆرە ڕستەیەك یان گوتنێكی تێ دەكەوێ.

هەندێ لەم گوتنانە هەواڵ گەیەنن(وەك ئەوانەی كە ڕاستی رووداوە ئایینیەكان دەگەیەنن)، هەندێكی تریان پرسیارو فەرمانن، یان هەندێ گوتنی لەوانەیە هەستی قسەكەر دەربڕێ، یان گوێگر بوروژێنی، تەنانەت لە وتاری وادا جێگەی گوتنی كۆمەڵایەتیش دەبێتەوە، وەك لەو كاتانەدا كە خاوەن وتار بەگوێگرەكانیدا هەڵ دەدا و ستایشی ڕەوشتیان دەكات (Pyles,Alyeo 237).

## زمانەوانی هێماکاری :

١- **سەرەتا:-**

زمانەوانی بریتیە لە لێکدانەوەیەکی زانیارییانەی زمانی مرۆڤ و لەو بابەتە مرۆییانە دەکۆڵێتەوە، کە لە لایەکەوە دەکەوێتە سەر سنووری چەند زانستێکی وەك کۆمەڵناسی و زانستی دەروون، مێژوو و ئەدەب، و لە لایەکی تریشەوە، کەڵك لە زانیاری بایۆلۆجی نێرۆلۆجی و فیزیاو بیرکاری و لۆجیك و زانستی هێما(هێمالۆجی) وەردەگرێ.

ئەم بابەتەی دوایی "هێمالۆجی" پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ زمانەوانی دا هەیە، چونکە هەردوو زانیارییەکە پشت بەهێما دەبستن و بریتین لە لێکدانەوەی پەیوەندی فۆرم و واتای هێما، تاکە جیاوازییان لەم ڕووەوە لەوەدایە کە هێمالۆجی وەك زانستێك خەریکی لێکدانەوەی هەموو جۆرە پەیڕەوێکی هێماییە و دەیەوێ پەیوەندی نێوان فۆرم و واتای هەموو هێمایەك ئاشکرا بکات و بزانێ ئەم پەیوەندییە ڕێکە یان نارێکە، ڕاستەوخۆیە یان ناڕاستەوخۆ، هەرچی زمانەوانییە، تەنیا خەریکی لێکدانەوەی جۆرێکی تایبەتی هێمایە، ئەو جۆرەی لەزماندا کاردەکات(هێما زمانییەکان) و دەیەوێ سروشتی ئەم پەیوەندی فۆرم و واتایە لە مانەدا دیاری بکات.

٢- **هێماکاری لەژیانماندا بەگشتی:-**

گیانەوەر لەناوخۆیاندا زۆر جار لەسەر ئاوخواردنەوەو شوێن و سەرکردایەتی شەڕدەکەن، مرۆڤ بەپێچەوانەوە، نەك تەنیا لەسەر ئەم شتانە خۆیان بەڵکو لەسەر ئەو هێمایانەش کە خۆی بۆ ئەم شتانەی دادەنێ، هەمیشە لەشان یەکی دان، ئەوەتە مرۆڤ نەك هەر لەسەر خواردن ، بەڵکو لەسەرپارە (کە هێمایەکی خواردنە) نەك هەر لەسەر دەسەڵات و سەرکردایەتی بەڵکو لەسەر ئەستێرەی سەر شان و خەت و تەخت( کە هێمایەکی دەسەڵاتن)یەکتری دەبرێننەوە، لە کاتێکدا کە هێمادانان بەشێکی زۆر گرنگی لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ و هەموولایەنێکی گرتۆتەوە، دیاردەی هێمادانان زۆرکەم کاری کردۆتە بوون و ژیانی گیانەوەری تر و بەدەگمەن

لەناوياندا هەست بەبوونى دەكرىّ، هەر لەبەر ئەمەشە كە زۆرلە شارەزايان لەو باوەڕەدان كە هێما بەكارهێنان، زياتر لەهۆش و زمان و هەستى كۆمەلآيەتى مرۆڤى لە گيانەوەر جياكردۆتەوە.

هێمادانان بريتييە لەو كارەى كەتێيدا مرۆڤ بە ئارەزوو و خواست و ويستى خۆيان دەتوانن لەناوخۆياندا پێكبێن، شتێك دانێن بەهێما بۆ شتێكى تر، ئەم هەلّو مەرجى پێكهاتنەش لەو كاتەدا دێتە كايەوە، كە دوو مرۆڤ يان زياتر بەيەكتر دەگەن و دەيانەوىّ ژيانى خۆيان رێك بخەن(Hayakawa,1974 : 24).

هەروەك لەپێشترەوە ڕوونمان كردەوە هێمادانان و بەكارهێنانى هەموو لايەكى ژيانى مرۆڤى گرتۆتەوە، بۆ هەر لايەك دەچين دەبينين ئەم هێماكارييە لەكارداييەو كەلّكى لىّ وەردەگيرىّ، تاج و ئەستێرەى سەرشان و خەتى سەر باسك و ملوان هێمان بۆ پايەى سەربازى، ئەموستيلەو بازن و گوارە و پشتێن و گۆبەرۆكى زێر هێماى دەولّەمەندين و جلى تايبەتى هێمايە بۆ ئەندامێتى كۆمەلّێكى ديارى كراو هەروەك چۆن سەربازو پزيشك و پۆليس و برين پێچ و پاشا و پياوى ئاييني بەهۆى جلەكانيانەوە دەناسرێنەوە، چونكە بەرگەكانيان هێمايە بۆ ئيش و كارەكەيان، نەك هەر لەبەرگ هەلّبژاردندا، بەلّكو لەخواردن و تەنانەت ناومالّيشدا هێماكارى هەيەو كەلّكێكى زۆرى لىّ دەبينرىّ، بۆ نموونە، لاى مسولّمانان برنج و گۆشت لێنان لە ئێوارانى هەينى و شەوى مەولوددا هێمايە بۆ موسلّمانێتى ڕاست، هەروەك هێنانەوەى ميوان لە شەوى وادا هێمايە بۆ يەكسانى و نەبوونى جياوازى چينايەتى، ديسانەوە هەلّبژاردنى ناومالّيش هێمايە بۆ پايەو چينى كۆمەلآيەتى خاوەن مالّ، لەهەندىّ چيندا بۆ نموونە، گۆڕينى سەيارە لەبەرباشى و خراپى يان كۆن و نوێى مۆديلەكە نييە، بەلّكو هێمايە بۆ چين و پايەى كۆمەلآيەتى خاوەنەكەى.

لەهێماكارى دا پێويستمان بەوە دەبێت كە سىّ خالّى سەرەكى لەياد نەكەين:-

١- مرۆڤ هەموو كاتىّ تواناى ئەوەى هەيە بەها(نرخ) يان هێما بۆ شتەكانى دەوروبەرى دابنىّ و بيان داتە پالّ هەرشتێك كە خۆى بيەوىّ، بۆنموونە، ئێمەى

مـرۆڤ دەتـوانین لەناوخۆمانـدا رێـك بكـەوین و هێمـای (س) و (ج) لـەجیاتی(كێـو) یـــان(س) بـــۆ (هـــەردی) شـــاعیرو (ج ) بـــۆ (زێـــوەر) بـــەكاربهێنین، ئـــەم هێماكارییـە(هەرچـەندە لـە خۆیـدا ئاشـكراو دیـارە) چـەند ڕاسـتیەكمان بـۆ ڕوون دەكاتەوە، كە هێندە ئاشكرا نین و زۆرجار لەیادمانا نین و هەستیان پیێ ناكەین:

أ– هێما لە بنەڕەتدا خاوەنی هیچ تایبەتییەكی خۆی نییە، لەبەرئەوە نەجوانە و نە ناشیرین، نەخراپە و نەچاك، نە لەبارە و نـە نالـەبار، بـەڵكو ئـەم تایبەتییانـە زۆرجار بە هەڵە دەدرێتە پاڵی و پاش ماوەیەك لەخۆشمان دەبێتە ڕاست.

ب– داهێنان و بەكارهێنانی هێمـا بەنـدە بـەپێكهاتنی و ڕێككـەوتنی كۆمەڵـەی خەڵكەوە، بەواتایەكی تر هێماكاری بە بڕیاری كۆمـەڵ دێتـە كایـەوە و مانەوەشـی بەندە بە مانەوەی ئەو بڕیارەوە و هیچ هێزێكی تر نـاتوانێ لـە نـاوی بـەرێ ئەگـەر لەڕیزی كۆمەڵەكە خۆی نەبێ.

ج – پەیوەندی نییە لەنێوان شێوەی هێماكە و ئەو شتەی بەرامبەری دادەنرێ بۆ نموونە، رێكەوتە كە پایەی سەربازی لەناو كۆمەڵی ئێمەدا بە خـەت و ئەسـتێرە و تـاج نیـشان دەدرێ و لـە هـەدێ كۆمەڵـدا هـەمان واتـا بـەهۆی پـەڕی ڕەنگـا و ڕەنگەوە دەگەیەنرێ.

د– لەسەرەتای دانانی هێمایەكەدا هەندێ جار هەست بەوە دەكرێ ، كە نامۆو نالەبارە، بەڵام بە تێپەڕبوونی كات ئەم نامۆییە و نالەبارییە لە ناودەچێ و تا زیاتر بڵاوبێتـەوە بـە ناوخڵەكەكـەدا و فـراوانتر بـەكاربێت، كـەمتر نـامۆیی و نالـەباری پێوەدیار دەبێت و زیاتر دەچەسپێ.

٢– مرۆڤ نەك هەر دەتوانێ هێما بداتە پاڵ شتێك، بەڵكو توانای ئەوەشی هەیە كە هێما بۆ هێمـای تـردابنێ، بۆنموونـە، هـەر لـەو نموونـەی(١)دا، ئێمـە دەتـوانین هێمای(م) لەجیاتی هـەموو سینەكانی سـەرەوە،(ن) لـەجیاتی هـەموو جیمـەكانی سـەرەوە بـەكاربێنین، بـەم جـۆرە،(م) یەكـسان دەبێـت لەگـەڵ (شـەروال، چـیاو هەردی) و (ن) لەگەڵ (كراس و كێو و زێوەر)، ئەم توانستە، توانای هێمادانـان بـۆ هێمامی تر هـەر لەمرۆڤـدا بـەم جـۆرە فراوانـە هەسـتی پـێ دەكـرێ و ئەگـەر ئـەم توانـستەی نەبوایـە مـرۆڤ نەیـدەتوانی یـەكێك لـە هـەرە دەسـتكەوتە گرنگـەكانی بهێنێتـــەدی، ئـــەویش داهێنـــانی نووســـینی فونەتیكییـــە، نووســـینی فونـــەتیكی

(بەهەردوو جۆرەکەیەوە، نووسینی برگەیی و فۆنیمی) کە تێدا پیت دەگۆڕینەوە بەدەنگ و بەواتا دووجار دوورکەوتنەوەیە لە (واقع)، چونکە هێما(پیت) دادەنیێن بۆ هێمای تر(فۆنیم)، هەرچی جۆرەکانی تری نووسینە(نووسینی واتایی– بیری بێت یان وێنەیی) تەنیا پێویستی بەوەیە کە هێما(پیت) بۆ شت(واتا) دابنێن، لەبەرئەوە هەنگاوێك کورترەو یەك جار دوورکەوتنەوەیە لە (واقیع).

٣– شایەنی باسە کە واتا یان ئەو بەهایەی دەدرێتە پاڵ هێمایەك لەکۆمەڵێکەوە بۆ کۆمەڵێکی تر یان لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ، بۆنموونە، لەلای چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵ بەرگی ئاڵو واڵا و پێڵاوی پاژنە بەرزو نینوکی درێژ و تیژ هێمایەکی کار نەکردن و ڕەنج بردنی خەڵکی ترە، هەمان دیاردە لای چینی ناوەندی (بەشی سەرەوەی) واتایەکی تری هەیە، ئەویش ئەوەیە کە ئەمانیش هیچیان لەوان کەمتر نییە هەرچەندە ئیش دەکەن و خۆیان بەخێو دەکەن و بەڕەنجی شانی خۆیان دەژین.

کەم شت هەیە کە مرۆڤ دەی کات یان دەیەوێ بیکات یان هەیەتی یان دەیەوێ ببیێت، کە جگە لە بەها بایلۆجییە یان میکانیکیەکەی بەهایەکی هێمایشی نەبێت، هێماکاری لە هەموو جۆرە کۆمەڵێکی مرۆڤانەدا هەیە و هەموو لایەنێکی ژیانی ئادامیزادی گرتۆتەوە لە کۆمەڵە هەرە پێش کەوتوو و هەرە دواکەوتووەکانیش دا هەستی پێدەکرێ(Hayakawa: 22).

ئاشکرایە کە هێماکاری تاڕادەیەك ژیانی مرۆڤی ئاڵۆزاندووە و هەندێ ڕەوشتی ناپێویستی تیایاندا دروست کردووە، هەر ئەمەشە وای لەهەندێ لە فەیلەسووفەکان کردووە وا بیرکەنەوە، کە ژیانی ئاژەڵی تر لەبەر کەم هێماکاری سادە ترو ئاسانتر و سروشتی ترە، زۆرجاریش ئاڵۆزی ئەم ژیانەمان وامان لێ دەکات ئاوات بە ئاژەڵی تر بخوازین، بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە ئەم هێماکارییە کە چەندین ڕەوشتی ناپێویست و ناژیرانە لە مرۆڤدا دێنێتە کایەوە، هەر ئەمەشە کە بۆتە هۆی دروست بوونی زمان و هەموو ئەو دەستکەوتە گرنگانەی کە مرۆڤ بەهۆی زمانەوە چنگی دەکەوێ بێ گومان هەر وەك چۆن کێشەی دەست نەکەوتنی بەنزین و دەست نەکەوتنی پارچەی سەیارە، نابێت وامان لێ بکات ئاوات بەو سەردەمانە بخوازین کە سەیارە دانە هاتبوو، هەروەها ئەم ڕەوشتە

ئالۆزە و ناژیرو بێ مانایەی کە هێماکاری هێناویەتە ژیانی مرۆڤـەوە نایێـت وامـان لێ بکات ئاوات بە ژیـانی ئـاژەڵ و گیانـەوەر بخـوازین هـەر لەبەرئـەوەی سـادەیەو ئاسـانە، چـارە لەوەدایـە کـە هـەوڵ بـدەین لـەهێماکاری بگـەین وەك یـەکێك لـەو هـەزاران دیاردەیـەی لـە دەوروبەرمانـدا هەیـە. هـەرکاتێ بـە تـەواوی لـەهێماکاری گەیـشتین، ئـیتر لەمەترسـی ئـەوەدا نـابین کـە بـە هەڵـە دابـچین و ببینـە کوێلـەی هێماکاری و لەسەر پەنجەی ئەو بسوڕێینەوە و بمانخەڵـەتێنێ هـەروەك ئـەو پـیرە ژنـەی کـە نەیـدەزانی شـانۆگەری هێماکارییـە و سـەری لـەوە سـوڕمابوو چـۆن پاڵـەوانێك کـە (لـە چـیرۆکێك دا) کـوژرا جـارێکی تـر (لەچـیرۆکێکی تـردا) زینـدوو دەبێتەوە، وە نەبێ هـەر مرۆڤـی سـاویلکە و نەخوێنـدەوار بکەوێتـە هەڵـەی واوە، بەڵکو زۆرجار تەنانەت خوێندەواری بەرزیش دەکەوێتە تەڵەی هێماکارییەوە.

٣- هێماکاری لەزماندا:-

لەپێشترەوە لەوە دواین کـە مـرۆڤ بـە پێکهـاتن دەتـوانن هێمـا بـۆ هەرشـتێك دابنـێن کـە بیانـەوێ بـەکاربهێنن، هـەر لەسـەرەتای پەیدابوونیانـەوە لەسـەر ئـەم زەوییە مرۆڤ لەسەر ئەوە پێکهاتوون کە دەنگ و قیژە(ئەوانەی کـە بـەهۆی سـی و قـورگ و دەم و لـووت و ئەنـدامانی تـری ئاخاوتنـەوە پێکدێن) بکـەن بـەهێما بـۆ ڕووداوی تـر کـە لـە دەوروبەریانـدا ڕوودەدات و مێـشکیان تۆمـاری دەکـات. زمـان لەبنەڕەتدا بریتییە لەو ڕێکەوتنە کۆمەڵایەتییە، بۆنموونە، ئەو کەسانەی بـەکوردی دەدوێن بێ ئاگایی خۆیان پێکهـاتوون لەسـەرئەوەی دەنگـی /بـەر/ وەك هێمایـەك لەجیاتی (میوەی درەخت و گیاو گـوڵ) بـەکاربێن، (ئەوانـەی گوێیـان لـەم وشـەیە دەبێ و لەکوردی تێدەگەن واچاوەڕوان دەکرێ هەمان دیاردە لەمێـشکیاندا تۆمـار بکەن(Hayakawa: 24).

بێگومان هەروەك چۆن لەهەنـدێ کۆمەڵـدا (بـەر) دادەنـرێ بـەهێما بـۆ پایـەی کۆمەڵایەتی و لەهەندێ کۆمەڵی تردا (زێڕ) بەم ئەرکـە هەڵدەسـتێ، هـەروەها هـەر کۆمەڵە دەنگێکی جیاواز(هێمایەکی جیاواز) بۆ هەمان دیاردە بەکاردێنێ و ئـەوەی لەکوردیدا(بەری) پێ دەوترێ لەعەرەبی و ئینگلیزی و زمانی تردا هێمـای تـری بـۆ دانراوە، ئەگەر دوو کۆمەڵ هەمان هێمایان بۆ یەك دیاردە بەکارهێنا، ئەوا یان ئـەو

دوو کۆمەڵە خـزمن یـان یـەکێکیان هێماکـەی لـە ویـترەوە خواسـتووە، یـان تـەنیا ڕێکەوتە کە ئەو دوو هێمایە لەیەکتر دەچن.

شایەنی باسە کە مەرج نییە هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان هێمـاو شـتەکەی بەرامبەریدا هەبێت، هەروەك چۆن کەسێك دەتوانێ جلی مەلە لەبەرکات بێ ئەوەی نیازی مەلەکردنی هەبێت یان بەدرۆ بڵێـت(برسـیمە) هەرچـەندە ئـەم ڕاسـتییە زۆر ئاشکرایە، بەڵام زۆرجار هەستی پێ ناکەیت تا هەوڵی تەواو نەدەین و بـەوردی بـیر لەکێشەکە نەکەینەوە وەك بەڕەوشت و شێوەی بیرکردنەوەماندا دەردەکـەوێ بـێ ئـەوەی هـیچ بـەڵگەیـەکمان بەدەسـتەوە بێـت زۆرجـار لـەو بـاوەڕەداین کـە پەیوەندییەك هەیە لە نێوان هێما و بەرامبەرەکەیدا، ئەگینا بۆ وا بەبیرمانا دێ کـە زمانی بێگانە(سەیرە) و پڕە لەوشەی (عەنتیکە) و هیچ ناوێکییان لەجێگەی خۆیدا نییە، یان بۆ وا بە بیرمانا دێ کە وشـەی(گـا ) لـە کوردیـدا وەك ئـەو ئاژەڵـەی کـە بەرامبەری دەوەستێ دەبێ ناشیرین و دەبەنگ بێ یان بۆ وشـەی (هەسـتیار) مـان بەدڵ نەبێ هەر لەبەرئەوەی (کەمتیار)مان بیردەکەوێتەوە لەکاتێکا کە هێماکـە نـە جوانە نە ناشیرین و نە پەیوەندی بەئاژەڵەکەوە هەیە.

٤- تایبەتی و دیوەکانی هێمای زمانی:-

زمانی مرۆڤ بریتییە لەو پەیڕەوەی کە مرۆڤ بۆ لەیەکتر گەیشتن بەکاری دێـنێ، بەکارهێنانی پەیڕەوەکەش بەنـدە بـەتوانای داهێنـان و لێکدانـەوە و بـەکارهێنانی هێماکە، مرۆڤ لەهەموو گیانلەبەرێکی تر جیا دەکاتەوە.

هێمای زمانی بریتییە لـە ڕۆنانێـك کـە دوو دیـو یـان دوو ڕووی هەیـە، دیـوێکی پێکهاتووە لە ریزە دەنگێك کە بەرگوێ دەکـەوێ(دەبیـسترێ) و دیوەکـەی تـریش بریتیە لەبیرێك کە بەرامبەر ریـزە دەنگەکـە دێـت و لەمێـشکی مرۆڤـدا هـەڵگیراوە، هـەر دوو دیـوی هێماکـە، دەنـگ و بـیر بـەهۆی کـاری تێکەڵکردنـەوە بەیـەکترەوە لکاون، بەم پێیە لەکوردیدا، هێشوە دەنگی (دوژمـن) (کـە هەنـدێ جـار ڕێنووسـی کوردی وەك((دوشمن)) دەینوێنێ) و ئەو واتایەی کـە هەیـەتی لەگـەڵ (کەسـێکی ناحەزیان نادۆسـت) یـەك دەگـرن و بەرهـەدوویکان هێمایـەك پێـك دێـنن، ئـەم دوو دیوەی هێما بە زۆر شێوەی جیـاواز لەزمانەوانیـدا ناویـان بـراوە هەنـدێ زمانـەوان بەهیشوە دەنگەکە دەڵێن (فۆرم)، ((روخسار)) یان((ناو)) و بـەدیوە واتایەکـەیش

دەڵـێن((بـیر))، ((نـاوەڕۆك)) یـان((چـەمك))، بـەم جـۆرە دەتـوانین بڵـێین فـۆرمی((دوژمـن)) لەگـەڵ واتاكـەی دا یـەك دەگـرن لـەكوردیا و هێمایـەك دروسـت دەكەن وەك لەم نەخشەیەی خوارەوە دا دەبینین(Malmberg,1963 :1).

دوژمن ← دوشمن

↕

كەسێكی ناحەز نادۆست

لەو زمانانەدا كە خاوەنی رێنوسـن، هێمـا زمانێكـە دەتـوانرێ بـەهۆی پیتـەوە بنوێنرێ و رووخسارێكی وای بدرێتێ كە لەبەر چاوا بێت(بخوێنرێتەوە) بـەم جـۆرە ئەو هێمایەی سەرەوە دەتوانرێ وەك هێشوە پیتێك پیشان بدرێ(دوشمن).

لەم دۆخەشدا هـیچ لـە كێـشەی هێماكـە نـەگۆڕاوە، چـونكە خوێنـەر هێـشووە پیتەكە وەك هیشووە دەنگێ لێك دەداتـەوە و دەیلكێنێ بەواتاكـەوە، هـەر لەبـەر ئەمەیە كە دەڵێن لەنووسیندا دوو هەنگاو لەڕاستی دوور دەكەوینەوە.

دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، كە ئەم دوو دیوەی هێمای زمانی (فۆرم و واتـا) لـە یەكتری جیانابنەوە، هەرچـەندە بـۆ مەبەسـتی لێكۆڵینـەوە نـاو بـەناو لەیـەكتریان دەتـرازێنین، هێمـای زمـانی خـاوەنی ئـەم تایبەتییانـەی خوارەوەیـە ( Malmberg 1963: 2).

(١) پـەیوەندی نێوان رووخـسارو نـاوەڕۆك لەزۆربـەی زۆری هێمـا زمانییەكانـدا پـەیوندییەكی لەخۆوەیە، بەواتایـەكی تـر هێـشووە دەنگـی/دوژمـن/ خـاوەنی هـیچ تایبەتییەكی خۆی نییە كە وای لێكردبێن بڵێین لەبارە یان دەگونجێ بۆ دەربـڕینی بیرێكی وەك كەسێكی ناحەز، هەروەها هیچ شتێكیش نییە وامـان لـێ بكـات بڵـێین ئەم بیرە پڕ بە پڕی فۆرمەكەیە، هەر لەبەرنەبوونی ئەم پەیوەندیەیە، كە نـاتوانین وەڵامی پرسیاری وەك بۆ كورد بە پشیلە دەڵێ پشیلە و پێی نـاڵێ ورچ بدەینـەوە لەوە بەولاوە كە بڵێن هەر لەمێژەوە باوك و باپیرانمان لەسەر ئەمە ڕێك كەوتوون و ئێمەش بەدوای ئەواندا لەسەر ئەم ڕێكەوتنە دەڕۆین.

(٢) سنوور دانانرێ بۆ درێژی هێمای زمانی، وشەیەکی کورتی وەك (باڵ) دەتوانین بە هێمایەك دابنێین، هەروەك دەتوانین ڕستەیەکی درێژ یان تەنانەت پارچەیەك ئاخاوتنیش هەمووی بەتاکە هێمایەك دابنێین.

هەروەها دەشتوانین بڵێین ڕستە یان پارچەیەك ئاخاوتن بریتییە لەلێکدانی دەیان و سەدان هێمای زمانی جیاجیا، بۆنموونە ڕستەیەکی کوردی وەك کەرەکە کەپرەکەی ڕووخاند، دەتوانرێ بە تاکە هێمایەك دابنرێت، لەهەمان کاتیشدا دەتوانین بڵێین ڕستەکە لە چەند هێمایەك پێکهاتووە وەك (کەرەکە)، (کەپرەکە) و (ڕووخاند).

بێگومان ئەم هێمایانە لە هەر زمانێکدا بەشێوەیەکی تایبەتی بەرەو دوادێن(بۆ نموونە لەکوردیدا (کەر+ەکە)) دەبێت بەڵام بەپێچەوانەوە (ەکە+کەر) ڕێگای نادرێ، شایەنی تێبینی کردنە کە هەریەکێك لەم هێمایانە ئەندامی کۆمەڵی هێمای تـرن لەزمانەکەدا و تەنیا ئەندامانی کۆمەڵەکە دەتوانن جێگەی بگرنەوە لەرستەکەدا، بۆنموونە دەتوانین لەجێگەی هێمای (کەرەکە) منداڵەکە، شوانەکە، پیاوەکە،... هتد بەکاربێین، بەڵام ناتوانین ئەندامی کۆمەڵێکی تر وەك(گەورە، زل، بچووك، یان...هتد) لەجێگەیان بەکاربێنین.(Malmberg,1963 :3).

(٣)هێمای زمانی بەپێی کات ڕیز دەبن، بەواتای ئەوەی کە هێماکان بەرەو دوای یەکتر دێن لەرێچکەی گوتن داو بەشێك لەو بەهایەی کە هێماکە هەیەتی لەوەدایە کە لەگەڵ هێمای تردا بەرەو دوا دێت(پەیوەندی شاقوولی).

(٤) هەموو ئەو هێمایانەی کە لەزمانێکدا بەکاردێن بەیەکەوە پەیڕەوێك دروست دەکەن و بەهای هەرهێمایەك وەرگرین دەبینین کە لەپەیوەندی نێوان هێماکانی پەیڕەوەکەوە هاتووەو لەئەنجامی وەستانیانە بەرامبەر یەکتری (پەیوەندی ئاسۆیی).

(٣) هێما لەڕووی تاریك و ڕوونییەوە:-

وەك لەپێشتر بۆمان دەرکەوت ئەو هێمایانەی کە پەیڕەوی زمان پێکدێنن، هەموویان لەو بابەتەن کە پێویستیان بە پەسەندکردنی کۆمەڵە، یەکێك لە بیرە

هەرە گرنگەکانی سوسیر ئەوەیە، کە زمانی مرۆڤ پەیڕەوێکی هێمایی تاریك و لەخۆوەیە.

کێشەی لەخۆوەیی هەر زۆر لەمێژەوە (هەرلەکاتی ئەرستۆوە) بۆتە مشت و مڕێکی زۆرو ئەوانەی باوەڕیان بەوە هەیە کە پەیوەندییەك لەنێوان هێماو شتدا هەیە، وشە سروشتییەکان دەهێننەوە بە بەڵگە، بە باوەڕی ئەمانە هەموو هێماکانی زمان لەبنەڕەتدا وەکو پشە و ختە و بۆڵە و قرە...هتد. لەلاسایی کردنەوەی دەنگە سروشتیەکانەوە هاتوون، بێگومان پەسەندکەرانی ئەم بیرە لەوەدەچێ بیریان لەوە نەکردبێتەوە کە تەنانەت ئەم وشە سروشتیانەش (کە ژمارەیان زۆر کەمە لەزماندا) پێویستیان بە بڕیاری کۆمەڵە و تەنانەت فۆرمەکانیشیان لەزمانێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە(سەگی کوردی دەحەپێنێ بەلام سەگی ئینگلیزی باو– واوێتی)، جگە لەمەش ئەم وشانە لەزمانی تردا بەئاسانی ناناسرێنەوە، ئەگەر پەیوەندی هەبووایە لەنێوان فۆرم و واتای ئەم وشانەدا، دەبوایە لەهەموو زمانەکانی جیهاندا یەك فۆرمیان هەبووایە و بەئاسانی لەوشەکانی تری زمانێك جیا بکرانایەوە و بناسرانایەوە.

تاریك و ڕوونی هێما پەیوەندی نییە بە بوونی یان نەبوونی پەیوەندی لەنێوان فۆرم و واتا یان ڕووخسارو ناوەرۆکی هێماکەدا، بەڵکو بەندە بە پەیوەندی هێماکانی زمانێك لەناوخۆیاندا، ڕوونی هێما بە چەند ڕێگایەك دێتە کایەوە:–

١– بەهۆی دارشتنەوە بە زیادکردنی گیرەك(پاشگر، پێشگر یان ناوگر) بۆنموونە وشەی نەرم لەبنەڕەتدا تاریکە، بەلام لەنەرمایی دا واتاکەی ڕوونترە بەهۆی پاشگر(ئایی) وە کە لەدەیان وشەی تردا دەبینرێ.

٢– بەهۆی لێکدانەوە (بەخستنە پاڵ یەکتری دوو وشەی یان زیاتر)، بۆ نموونە وشەی (دەست) و (کێشان) واتاکایان تاریکە بەلام لەوشەی لێکدراوی(دەست کێش)دا واتاکە ڕوونترە.

٣– بەهۆی تێکە ڵکردنەوە : بۆ نموونە، واتای (( زانین )) و (( کۆکردنەوە )) تاریکن بەلام لە (( زانکۆ )) دا کە بریتییە لە تیکە ڵکردن و کرتاندنی چەند دەنگێك، واتاکە بە (( ڕوون )) دادەنرێ .تاریك و ڕوونی لە هێمای هەموو زمانێکدا هەیە، بەلام گرنگی دیاردە کە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر

دەگـۆڕی و تەنانـەت لـە چوارچـێوەی یـەك زمانیـشدا لـە وشـەیەکەوە بـۆ وشەیەکی تر دەگۆڕێ . بۆ نموونە، وشـەی ((دڵ خـۆش )) و (( دڵپـاك )) و ((ڕووخۆش)) ڕوونن، هەروەها (( بخۆ )) و ((برۆ ))ش بە هۆی ((خواردن )) و ((ڕویشتن)) ەوە واتاکانیان ڕوونـە، بـەڵام هـیچ کەرەسـەیەك نییـە واتـای ((وەرە )) ڕوون کاتەوە .

بە پێی گرنگیدان بە تاریك و ڕوونـی هێمـا، زمانـەکانی جیهـان دەبـن بـە دوو بەشەوە :

(١) ئـەو زمانانـەی کـە هێماکانیـان بـە زۆری تـاریکن وەك فەرەنـسی (٢) ئـەو زمانانەی کە زۆربەی هێماکانیان ڕوونن وەك ئـەڵمانی . کـوردی لـە نێـوان هـەردوو کۆمەڵەکەدا دەوەستێ چونکە وشەی تاریکی زۆرە، هەرچەندە لە داتاشینی وشەی نوێدا، وشەی ڕوون پەسەند دەکات .

لە زماندا دەبێ دیاردەی تاریکی و ڕوونـیش بکەوێتـە ژێـر دەسـەڵاتی بڕیـاری کۆمەڵەوە، چونکە بوونی پەیڕەوێکی هێمایی تەواو ڕوون زمانەکە بێ پێز دەکات و توانای گۆڕانکاری و گونجاندنی لێ دەبڕێ . ڕوونی هێما دەبێ هـەر ڕۆڵـی ڕابـەرێك ببینێ و تەنیا یاریدەی خوێندکاران بـدات لـە لەبـەرکردنی واتـای هێماکاریـدا . بـێ گومان ڕوونی هێما هەرگیز پشتی تەواوی پێ نابەسترێ و دەبێ زۆر بـە وریاییـەوە لە گەڵیـدا بجوڵێنـەوە، تـاوەکو بـە هەڵـەی گـەورە دا نـە مـان بـات . بـۆ نموونـە، زیادکردنی پاشگری (ەکە) بۆ هەموو ناوێك لە کوردیدا وەك ئامرازێکی ناسین، نابێ بە هەڵەی وامانا ببات کە وابزانین لە وشەیەکی وەك (( کۆڵەکە )) (( کوولەکـە )) و (( جوولەکە )) دا دووپات بوونەوە .

## نیشانە و هێما :

نیشانە و هێما لە و زاراوانەن کە هەر زمانەوانە بە جۆرێکی جیاواز بە کاریان دێـنێ . نیشانە ئاسایی واتایەکی فراوانتری هەیە و هەموو ئەو شتانە دەگرێتـەوە کـە لـە بڕی شتی تر دادەنرێن و سەرنج بۆ شتێك رادەکێشن کە خۆیان نین . لە بەر ئەمە، وشە بە نیشانە دەژمێرێ و زمانیش بە پەیرەوێکی نیشانەیی . ئەگەر نیـشانە بـەم

واتا فراوانه به كارهات، ئەوا دەكرێت به چەند جۆرێكەوە وەك ((هێما)) و بەڵگـه و ....هتد (Spence،1976،510 ).

هێما له لای زۆربەی زمانەوانەكان بریتییه له و نیشانانه كه مرۆڤ بۆ لـه یـەكتری گەیشتن یـان وەك چـەكێكی بیركردنـەوە بـه كاریـان دێـنێ . بـه لای هـەموو ئـه و زمانەوانانەی كه نیشانه و هێما جیادەكەنەوە له یەكتری، هەموو هێمایـەك نیـشانه یه، بەڵام هەموو نیشانه یەك هێما نییه و تەنیا ئەو نیشانانه هێمان كه بۆ له یەكتر گەیـشتن یـان تێگەیانـدن بـه كـاردێن و ڕەوشـت و داب و نـەریتی كۆمەڵایـەتی چەسپاندوونی، یان بڕیاری كۆمەڵیان له سەرە . به واتەیەكی تر هێما بەو نیشانانه دەوترێ كه مۆری كۆمـەڵیان لـێ دراوە و كۆمـەڵ پەسـەندی كـردوون و ئەنـدامانی كۆمەڵێك بۆ له یەكتر گەیـشتن بـه كاریـان دێـنن، بـۆ نموونـه، لـه وانەیـه بـه پێـی شارەزایی و زانینی پێشوترمان ((سووربونەوە)) به ((شەرم)) و ((دووكـەڵ)) ((بـه ئـاگرو)) ((تـا)) بـه نەخۆشـیەوە ببەسـتێنەوە و بڵـێین ((سـوربوونەوە))نیـشانەی ((شەرمە)) و ((دووكەڵ)) نیشانەی ((ئـاگر)) و ((تـا)) نیـشانەی ((نەخۆشـییە ))، بەڵام نـاتوانین بڵـێین ((دووكـەڵ)) هێمـای ((ئـاگرە)) یـان ((سـوربونەوە)) هێمـای ((شەرم))ە یان((تا)) هێمای ((نەخۆشیە))، چونكە ئەم نیشانانه مـۆری كۆمـەڵیان پێـوە نـەنراوە و بـوون و نـه بوونیـان پەیوەنـدی بـه بڕیـارو پەسـەندكردنی كۆمەلەوەنییـە، بـەڵكو پەیوەندییـەكی ((سروشـتی)) ((دوكـەڵ)) و ((ئـاگر)) یـان ((سوربونەوە)) و ((شەرم)) یـان ((تـا)) و ((نەخۆشـی)) بـه یەكتردەگەیـەنێ . بـه پێچەوانەی ئەمەیشەوە، پەیوەندی نێوان كۆمەڵـه دەنگێكـی وەك /ئـاگر/ لـه گـەڵ ئەو دیاردەیەی له كوردیدا بۆی دەگەڕێتەوە پەیوەندییەكه كـه لـه داب و نـەریت و خوورەوشتی كـوردەوە هـەڵقوڵاوە و مـۆری كـوردی پێوەیـه و كۆمـەڵگای كـوردی پەسەندی كردووە، له بەر ئەوە دەتوانین بڵـێین فـۆرمی (ئـاگر) هێمایـه بـۆ ((ئـەو گروگەرمییەی كه دەتوانێ شت بسووتێنی)) .

هـەر چـەندە زمـان گـرنگترین و ئـاڵۆزترین و وردتـرین پـەیڕە وە، كـه كـەڵك لـه هێماكاری وەردەگرێ، دەیان پەیڕەوی نازمـانی تـریش هـەن كـه كـەڵك لـه هـەمان بنەما وەردەگرن و له سـەری دەڕۆن بـەرێوە، بـه واتـای ئـەوەی شـتێك لـه بـریتی

شتێکی تر بەکاردێنن بە پێی بڕیاری کۆمەڵ . بڵاوترین چەشنی ئەم پەیڕەوانە گڵۆپی پەڕینەوە و نیشانەکانی سەر ڕێگا و بزاوتنی دەست ودەم و لێو و برۆیە .
هەندێ شتی تریش وەك ((وێنە) و (لەوحە)) و ((نەخشە)) و ((دەنگ)) ((تۆمارکردن)) زۆر جار وەك نیشانە سەیر دەکرێن چونکە شتی تر دەنوێنن نەك خۆیان، ئاشکرایە کە ئەم نیشانانە نەدەچنەوە سەر ئەو نیشانانەی کە پێیان دەوترێ ، سروشتی و وەك ((هەور)) و((باران)) نە ئەو نیشانانەش کە بۆ لەیەکتر گەیشتن یان (تێگەیاندن)) بەکاردێن ، لە بەر ئەوەی جۆرێك لە لێکچوون لە نێوان ((وێنە)) و ((شتەکەی)) بەرامبەریدا هەیە، بەم جۆرە نیشانانە دەوترێ ((نیشانەی وێنەیی)) ئاشکرایە کە هەموو نیشانەیەکی وێنەیی ئەرك نابینن . بۆ نموونە ((وێنە)) یان ((لەوحە)) ئەگەر جگە لە ((واتا)) بنەرەتییەکە واتا و بیری تریش دەربڕێ، واتا و بیرە کە پەیوەندی بە بڕیاری کۆمەڵگاوە یە، بەڵکو واتاو بیرەکە لە ئەنجامی ڕێکەوتنی چەند هونەرمەندێکەوە دێ و ئەوان دەتوانن لێکی بدەنەوە، بە پێچەوانەی ئەمەشەوە، نیشانەیەکی سەر ڕێگا ئەگەر لە ڕواڵە تیشدا وێنەیی بێت، (پەیوەندی لێکچوون لە نێوان نیشانە و واتاکانیاندا هەبێت) بەکارهێنان و کەڵك لێ وەرگرتن بەندە بە بڕیاری خەڵکەوە بە گشتی و بە مە بەستی تێ گەیاندن و لە یە کتر کەیشتن دانراوە . بە پێی پۆلێنەکەی سەرەوە، نیشانەکانی سەر ڕێگا، لە بەر ئەمە، دەبێ بە هێمایەکی وێنەیی دابنێین، نەك نیشانەیەکی وێنەیی.

بەمە((لەوحە)) و ((وێنە) و ((نەخشە)) (کەنیشانەی وێنەیین لە((گڵۆپی پەڕینەوە)) و نیشانەکانی ڕێگا(کە هێمای وێنەیین) جیادەکرێنەوە بەپێی ئەوەی ئایا لێکدانەوە و بەکارهێنانیان پێویستی بە بڕیاری کۆمەڵە یان لێکچوونە کە خۆی لەخۆیدا بەسە بۆ لێکدانەوەیان.

هەرچەندە جیاکردنەوەی هێماو نیشانە مشتومڕێکی زۆری لەدوایە، لەزمانەوانیدا جیاکردنەوە هێندە گرنگ نییە، بەڵکو پێویستیش نییە، چونکە زمانەوانی خەریکی لێکدانەوەی لەیەکتر گەیشتنە، لەبەرئەمە زاراوەی نیشانە بەکاربێنێت یان هێما، ئاشکرایە کە مەبەستەکە هەر هێمایە، یان ئەو نیشانانەی کە مۆرکی کۆمەڵی پێوەیە.

هەنـدێ زمانــەوان بەجیاکردنــەوەی نیــشانە و هێماشــەوە ناوەســتن بــەڵکو دەیانەوێ نیشانە و هێما لەبەڵگە(ئیشارەSignal) جیا بکەنـەوە، بـەلای ئەمانـەوە بەڵگە بریتییە لەو نیشانەیەی کە هەستی پـێ دەربرێـت وەك بـانگ و هـاوار(ئـاخ و ئۆف و ئەیەرۆ...هتد) بزاوتنی دەم و لێوو چاو برۆ، درێژی دەنگ و هێزو ئـاواز.... ئەمانە لەوەدا لە نیشانە و هێما جیادەبنەوە کە (١) شتەکەی بەرامبەری دەوسـتن (مەدلولەکانیان) دیاریکراو نییەو (٢) هەموویان بـۆ هەسـت دەربـڕین نـەك زانیـاری گەیاندن بەکاردێن.(Spence :511).

ئاشکرایە کە نیشانە لە پەیڕەوێکدا کاردەکەن، بەڵام پەیڕەوەوکان لە ئاڵۆزیـدا وەك یەك ناوەستن بۆنموونە، پەیڕەوی بزاوتن (لێو هەڵقورتان) دەم خوارکردنەوە، برۆ هەڵتەکاندن...هتد) تەسکەو نیشانەکان لەیەکتر دەچـن و لەناوخۆیانـدا ڕێکـن، پەیڕەوی گلۆپی پەڕینەوە بەپێچەوانەی پەیڕەوی بزاوتنەوە، پەیڕەوێکی تەسکترو (ژمارەی نیشانەکانی کەمترە) داخراوتـرە، (نیـشانەی بـۆ زیادنـاکرێ)، لەبەرئەمـە درشت و سادەیە زمان، بەپێچەوانەی هەردوویکانـە وە پـەیڕەوێکی تـەواو ئـاڵۆزەو وردە، چونکە ژمارەی نیشانەکانی(هێماکانی) زۆرن و هەمیشە کراوەشـن(دەتـوانن زیاد بکرێن).


لـە بەرئەمەیـە کـە لەهــەموو ئاسـتێکی زمانـدا (دەنگـسازی و وشەسـازی و ڕستەسازی) هەست بەوە دەکرێ کە دانەکان تەواو چوون بـەناو یەکتریـدا و تـەواو تێکچۆڕاون و شلی و شێواوی نییە.

نیشانە لەناو خۆیاندا دیسانەوە بەپێی ڕادەی بڕیاری کۆمـەڵ جیادەکرێنـەوە، بۆنموونــە، ئــەو هێمایانــەی لەبیرکاریــدا بــەکاردێن وەك (+، −) ٢، د....هتــد) پێویـستی تـەواوییان بـە پەسـەندکردن هەیـە لەلایـەن کۆمەڵـەوە، بەپێـچەوانەی ئەمانەشەوە، نیـشانەکانی سـەر ڕێگـە تێکـەڵن، هەنـدێکیان پێویـستی بـە کۆمـەڵ هەیەو هەندێکی تریان بڕیاریان ناوێ چوکە وێنەیین.

دیسانەوە گلۆپی پەڕینەوەش هەنـدێ ڕەنگـی هەیـە(سـەوزو زەرد) کـە دەبـێ کۆمەڵ لەسەریان پێك بێ، هەرچی ڕەنگە سوورەکەیە دەتـوانین بڵـێین تاڕادەیـەك پێویستی بەو پێکهاتنەی خەڵکی نابێ، چـونکە وێنەییـە(لـەخوێن دەچـێ و خـوێن بەربوونمان بیردەخاتەوە) لە هەڵکەوتدا دێتە کایەوە.

هێماکاری و زمانەوانی:—

زۆربەی زمانەوانەکان زمان بە پەیڕەوێکی تایبەتی هێمایی زمانی دادەنێن بەواتای ئەوەی کە زمان بریتییە لە کۆمەڵە هێمایەکی زمانی تێکچڕاو کە لە چوارچێوەی پەیڕەوێکی وردا کاردەکەن، ئاستە سەرەکییەکانی زمان ئاستی وشەو ڕستە و دەنگ، هەریەکەیان خەریکی لێکدانەوەی ڕوویەکی هێمای زمانییە، دەنگسازی خەریکی لێکدانەوەی فۆرم یان ڕوخسارە، واتاسازی خۆی بۆ لێکدانەوەی دیوی واتایی هێماکان تەرخان دەکات و ڕێزمانیش بۆ هێما بەگشتی، وەك ئەم وێنەیە بۆمان ڕوون دەکاتەوە.



# بەشی دووەم

## ڕۆنان و پێڕەو لەزماندا

هەندێ جار لەزانستی زماندا ڕۆنان و پێڕەو بەهەمان واتا بەکاردێن، هەندێ جاریش هەریەکەیان واتایەکی جیاوازی دەدرێتێ، ڕۆنان بۆ لێکۆڵینەوەی هەڵکەوتی کەرەسەی ئالۆز(وەك وشە یان ڕستە) و پیشاندانی پەیوەندی دروٚاوسێتی پارچەکانی و بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی ئەو پارچانەی کە لەچوارچێوەیەکدا لەبری یەکتری بەکاردێن(Hudson 197 : 279).

هەموو زمانەوانەکان ڕێکن لەسەر ئەوەی کە زمان پێڕەوە، بەواتای ئەوەی کە زمان کۆمەڵە کەرەسەیەکی ڕیزکراو نییە، ئەگەر وابوایە لێکۆڵینەوە لەزمان بریتی دەبوو لە ڕیزکردنی هەموو ئەو وتانەی (وشەو رستەو فەقەرانەی) کە پێی دەردەبڕێت و فێربوونی زمانیش بریتی دەبوو لە فێربوونی هەموو ئەو وتانە، هەروەك قوتابییەك لیستەی وشەی زمانی بێگانە لەبەردەکات، زۆر بەئاسانی بۆمان دەسەلمێت کە زمان لە هەڵکەوتدا بەم جۆرە نییە، ئەگەر وابوایە، چۆن هەمووومان دەمانتوانی ڕستەی وا دەرکەین و لە ڕستەی وابگەین کە هەرگیز لەمەوبەر دەرمان نەکردبێت و نەمان بیستبێت؟ سنووریش نییە بۆ ژمارەی ئەو ڕستانەی کە دەری دەکەین، چونکە هەرگیز ناتوانین درێژترین ڕستەی زمانێك دیاری بکەین.

کە لەژمارەیەکی زۆر ڕستە دەکۆڵینەوە دەبینین نهێنی کارەکە لەوەدایە کە لەنێوان رستەیەك و رستەیەکی تردا جۆرە((لێکچوونێکی ناتەواو هەیە)) ئەگەر دوو رستە جیاوازیش بن لەیەکتری، هێشتا تەواو جیاواز نین لە هەموو ڕوویەکەوەو لەوانەیە لە هەندێ ڕوودا ناکۆکیان هەبێت ئەم ناکۆکییانەش لەڕستەی تریشدا دووپات دەبنەوە، ئەم ناکۆکیانە دەبنە هۆی ئەو (وێکچوونە ناتەواوە)ی کە لەسەرەوە باسمان کرد، بێگومان ژمارەی ئەو ناکۆکییانە دیاری کراون، بەڵام ژمارەی ئەو ڕستانەی کە تێیدا دەبینرێنەوە بێ سنوورە.

ئەركی زمانەوان ئەوەیە، كە ئەم ناكۆكییانـە بدۆزێتـەوەو پەیوەنـدی نێوانیـان دەربخات، هەر ئەم ناكۆكییانـەو پەیوەندییـەكانی نێوانیانـە كـە ڕۆنـان یـان نیـزام دەدەن بەزمان.

جیاوازی نێوان رۆنان یان پێڕەوی ژێرەوە لەگەڵ دەركـەوتنی لەگوتنـدا بـەزۆر شێوە پەنجـەی بـۆ راكێـشراوە، بـەلای (سوسـیر)ەوە رۆنـانی ژێـرەوە((زمانـە)) و دەرەوەی ((تێكستە))، هەرچی جۆمسكییە((ڕۆنـانی نـاوەوە)) بـە ((چـالاكی)) و دیوی دەرەوەی بە((بەجێهێنان)) دادەنێ.(Hudson 1976 :279).

بەم جۆرە لێكۆڵینەوە لەزمان دیاری كردنـی رۆنـانی ژێـرەوەی، وتـەكانی ئـەو زمانەیە.

## ئاستەكانی زمان:-

زمان، كە لەخۆیدا ئیشارەت دانە، پێكهاتووە لەچەند ئاستێكی تێكچڕژاو و كە هەنـدێكییان سـەرەكین و ئـەوانیتر لاوەكـی، سـێ ئاسـتە سـەرەكیەكان ئەمانـەن: (Hal;\31).

١- ئاستی ڕستەسازی .
٢- ئاستی وشەسازی.
٣- ئاستی دەنگ سازی(فۆنۆلۆجی).

بەم سێ ئاستە دەوترێـت سـەرەكی، چـونكە راسـتەوخۆ پەیوەنـدییان لەگـەڵ ((مەبەست)) دا هەیـە، نـەك لەگـەڵ چوارچـێوەی قـسەكردن(سـیاق) . دوو ئاسـتە لاوەكیەكەش ئەمانەن:-

١- ئاستی دەنگسازی(فۆنەتیك): ئەركی ئەم نیزامە گۆڕینەوەی مـۆرفیم و وشەكانە بۆ دەنگ بەهۆی جوڵانەوەی ئەندامانی ئاخاوتنەوە*[٢].
٢- ئاستی واتاسازی .

*[٢] ئاستی واتاسازی: ئەركی ئەم پێڕەوەش بەندكردنی وشەو مۆرفیمە بەدەوروبەری مرۆڤەوە.

ئەم ئاستە لاوەکییانە بەوە لەسەرەکییەکان جیا دەکرێتەوە کە کار لە دووشت دەکەن:

١- چوارچێوەی قسە (بارودۆخی دەوروبەر).

٢- ئاستە ناسەرەکییەکان ئاستی واتا سازی، بۆنموونە، لەلایەکەوە راستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو جیهانە کۆمەڵایەتی و فیزیکییەی کە تێیدا دەژین و لەلایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەر ئاستی ڕستەسازی زمانەکە.

هەروەها ئاستی فۆنەتیکی لەلایەکەوە راستەوخۆ کاردەکاتە سەر ئەو شەپۆڵە دەنگانە کە قسەی تێدا پێچڕاوەتەوەو لەلایەکی تریشەوە کاردەکاتە سەر ئاستی فۆنمێکی زمانەکە.

بەگشتی زمانەوان زیاتر گوێ دەداتە سێ ئاستە سەرەکییەکە، بایەخێکی ئەوتۆ بە وانیتر نادات، هەندێ زمانەوان پێناسەی زمان ئەوەندە تەسک دەکەنەوە کە تەنیا ئەم سێ ئاستە سەرەکییە بگرێتەوە، بەم جۆرە کێشەی فۆنەتیک و واتا بۆ زانستە نزیکەکان (نەك زمانەانی) جێ دەهێڵن، ئاشکرایە کە ئاستە لاوەکییەکان گرنگییان لەسەرەکییەکان کەمتر نییە و شایەنی لێکۆڵینەوەن، هەرچەندە زۆر گرانتر خۆ دەدەن بەدەستەوە.

هەموو زمانەوانەکان لەسەر ئاستەکانی زمان و ژمارەیان رێك ناکەون هەندێك زمانەوان ئاستی سەرەکی و ناسەرەکی جیا ناکەنەوە و ڕایان وایە کە زمان لەسێ ئاست پێك دێت، ئاستی دەنگ، (لەرووی ئەرکەوە، فۆنۆلۆجی) ئاستی ڕستە و ئاستی واتا، دیسانەوە زمانەوانەکان لەڕوویەکی تریشەوە رێك ناکەون، لە لێکۆڵینەوەکانیاندا(Hall:33). هەندێکیان لەسەرەوە (ئاستی ڕستەسازی بۆ خوارەوە( فۆنۆلۆجی) دەڕۆن، هەندێکی تریان بەپێچەوانەوە لەخوارەوە بۆ سەرەوە، لەبەرئەوەی ئاستەکان تەواو چوون بە ناو یەکتریدا و تێکچڕژاون و تەنیا کاتێك تێیان دەگەین کە بەیەکەوە بن گرنگ نییە لەلێکۆڵینەوەدا لەکوێوە دەست پێدەکەین و بەرەو کوێ دەڕۆین.

هەر ئاستێك لەم سێیانەی سەرەوە بەسێ شێوە دەنوێنرێت:-

یەکەم: بە بۆنەی (دانەیەك) یان زیاتر لەکەرەسەی ئاستەکە.

دووەم: بەو تێکەڵی و لێکچوونەی دانەکان پیشانی دەدەن، کاتێك قسەکەر لە یەکیان دەدات، یان کە کۆدەبنەوە و زنجیرەیەك دروست دەکەن(لەکاتی وادا بێگومان جاری وا هەیە ئەو مەرجە دێتە کایەوە کامیان پێش کەون،و کامیان لە دواوە بن، کام دانە لەگەڵ ئەوەی تردا ناڕوات...هتد.

سێیەم:- بەو پەیوەندییەی دانەیەك لەنێو خۆیاندا دەیهێننە کایەوە، بەوەی چۆن دانەکە خۆی دەکات بەناو ڕۆنانە ڕێزمانیەکەی خۆیدا ( Bolinge1972:54).

لەئاستی دەنگدا، بۆنموونە، یەکەم جار دانە دەنگییەکان/ ق، د، ت، ...هتد/ دێنە بەرچاو بەدوای ئەمانەدا، زنیجرە دەنگ دێت(بڕگە یان لەتە بڕگە) کە تێیاندا دانە دەنگییەکان دەچنە سەریەك لەیاسایەکی تایبەتی بۆنموونە، یەکێك لەتایبەتییەکانی دەنگی/ ر / لەکوردیدا ئەوەیە کە نالکێت بەدەنگی ترەوە لە سەرەتای بڕگەدا، لەدوایشدا ئەو پەیوەندییانە دێن کە دانەکان لەناوخۆیاندا لە یەکتر جیادەکەنەوە.


لەئاستی وشەدا، یەکەمجار مۆرفیم دێ لە پاشدا وشەو پەیوەندی گونجان کە ڕێگەمان دەدات بڵێین، مارەکە بە مناڵەکەوەی دا(نەك مناڵەکە بەمارەکەیەوەدا، بەدوای ئەمانەشدا (کێڵگەی واتایی) دێت تێدا وشەکان بەپێی واتا پۆل پۆل، دەکرێن وەك (ڕۆژەکانی هەفتە) ناوی شوێن زاراوەی زانیاری...هتد.

لەئاستی ڕستەشدا، دیسانەوە وشە دێتەوە بەرچاو بەڵام لێرەدا نوێنەری بەشەکانی ئاخاوتنە(ناو، جێناو، ئاوەڵناو...هتد) و پەیوەندییان کەم و زۆر بە واتاوە نامێنێت، بەدوای ئەمانەدا، زنجیرەی ڕستەیی دێتەکایەوە کە تێیاندا ئەم بەشانەی ئاخاوتن (شوێنی) تایبەتی وەردەگرن( ناو لە شوێنی بکەر) لەگەڵ (ناو لە شوێنی بەرکار)ڕستەیکی هەواڵدەرمان دەداتێ وەك (مەیمونەکە مۆزەکەی خوارد) بەدوای زنجیرەی ڕستەییدا، کۆی ڕستەیی دێن کە تێیدا کەرەسەی ڕستەیی بەپێی ئەرك پۆل دەکرێت، بۆنموونە (خێرا) لە گەڵ، بەخێرایی دەچنە یەك پۆل (ئاوەڵکاری سادە و ئاوەڵکاری لێکدراو).(Bolinge :55).

## پلەی ئاستەکان:

زۆربــەی زمانەوانــەکان لەســەر ئــەوە ڕێــك دەکــەون کــە ئاســتەکانی زمــان و دانەکانی دەبێت بەپێی پلەیان ریز بکرێن، چــەمکی ریزکردنــی دانــە ڕێزمانییــەکان بەپێی پلەیان زۆر کۆنە و لەکارەکەی( بلوومفیلد) دا پەنجەی بۆ راکێشراوە، وەك بەشــیکردنەوەی کەرەســە راســتەوخۆکانی ڕســتەدا دەردەکــەوێ، ئاســایی وەك لەزۆربەی کارەکاندا دەردەکەوێت لەم جۆرە شیکردنەوەیەدا، یەکەم جار دانە گەورەکان جیا دەکرێتەوە ئینجا بەرە بەرە ئەمانەش شی دەکرێتەوە بۆ کەرتی بچوکتر تا زمانەوانەکە دەگاتە ئەو کەرتانەی کە لەمە زیاتر لەت ناکرێن، لێرەدا بلوومفیلد ئەو چەمکەمان دەداتێ کە دانەی گەورە لە دانەی بچوکتر پێك دێت.

زۆر زمانەوان باوەڕیان وایە کە ڕێزمان و فۆنولوجی لە ئاستی فۆنەتیکەوە وەرگیراون:-




دەتوانین بەم جۆرە بڵێین، کە ئاستی ڕێزمانی یان فۆنولوجی بەشێوەیەکی فۆنــەتیکی دەنوێنرێــت، لــە هەرئاســتێکدا چــەند انەیــەك دەناســرێتەوە پلــەیان دەدرێتێ لە ریزکردندا، هەردانەیەك (جگە لە نزمترین دانە) لەدانەیەك یان زیاتر لەو دانانە پێك دێت کە راستەوخۆ لەپایەدا لەخۆی نزمترە، ژمارەی دانەکان لەوانەیە لەزمانێکی تر بگۆڕێت، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی ٥-٦ دانەی ڕێزمانی لەزۆر لێکۆڵینەوەدا دانیان پێدانراوە، کە لەبچوکەوە بۆ گەورە بەم پێیە ڕێز دەکرێن:-

مۆرفیم- وشە - فرێز- لا رستە- رستە.

بەهەمان شێوە لە ئاستی فۆنۆلۆجیشدا چەند دانەیەك دەناسرێتەوە کە بە پێی پلە لە فۆنیمەوە (نزمترین پلە) سەردەکەوێت بۆ ڕستەی ئاواز(بەرزترین پلە).

فۆنیم– بڕگە– ڕستەی ئاواز.

لەبەرئەوەی ڕێزمان و فۆنولوجی دوو جۆری تەجریدی جیاوازن، ناتوانین بڵێین مۆرفیم لە فۆنیم (پێك هاتووە) زارەوەی پێك هاتن تەنیا کاتێك بەکاردێت کە لە پەیوەندی ناو دانەکانی یەکێك لە ئاستەکانی بدوێین، کاتێك لەپەیوەندی نێوان دانەی ئاستێك لەگەڵ دانەی ئاستێکی تردا دوایین، بۆنموونە، لەپەیوەندی نێوان فۆنیم و (ئاستی فۆنولوجی) مۆرفیم(ئاستی مرۆفولوجی)، ئەوسا زاراوەی (نواندن) بەکاردێنین، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین مۆرفیم بەهۆی چەند فۆنیمێکەوە دەنوێنرێت یان چەند فۆنیمێك دەتوانن پێکەوە مورفیمێك بنوێنرێن، نەك پێك بهێنین، بەپێچەوانەوە کە دەربارەی پەیوەندی وشە و مۆرفیم بدوێین دەبینین زاراوەی (پێکهاتن) بەکاربهێنن چونکە لەبارەی دانەکانی یەك ئاستەوە دەدوێن، بەم جۆرە دەتوانین بڵێین وشە لەیەك مۆرفیم یان زیاتر پێك دێت(Hudson:279).

ئەو دانانەی دەکەونە ناوەڕاستەوە (وەکو وشە یان بڕگە) بەو دوو جۆرە دەتوانین لێیان بدوێین(١) بەهۆی ئەو دانە نزمانەی کە دروستیان دەکەن(٢) بەهۆی ئەو دانانەی کە لەخۆیان بەرزترن و ئەمانە پێکی دەهێنن، بەم پێیە دەتوانین بڵێین وشە یان لەمورفمیێك یان زیاتر پێك دێت ئەو دانانەن کە فرێزیك پێك دێنن، هەروەها دەتوانین بڵێین فریز ئەو دانانەن لەوشەپێك هاتوون یان ڕستە پێك دێنن.

لا ڕستەش ئەو دانانەن کە یان لە فریز پێکهاتوون یان ڕستە پێك دێنن، ئاشکرایە کە نزمترین دانە تەنیا بەیەك جۆر دەتوانین لەبارەیەوە بدوێن، چونکە دانە نییە لەخۆی نزمتر پێکی بهێنێت، مۆرفیم، بۆنموونە لەبەرئەوەی نزمترین دانەی ڕێزمانە، بەتەنیا بەو دانانە دادەنرێت کە وتە پێك دەهێنێت، هەروەها فۆنیم کە نزمترین دانەی فۆنۆلۆجیە، تەنیا بەو دانەیە دادەنرێت کە بڕگە دروست

دەكات، بەرزترین دانەش (ڕستە و ڕستەی ئاوان) بۆنمونە دیسان هەر بەیەك ڕێگە لێیان دەكۆڵرێتەوە(Bolinger: 54).

هەردانەیەك زۆربەی كات لە ئاستی خۆیدا ئەركی خۆی بەجێ دێنێت، بەڵام هەندێ جار هەندێ دانە لە ئاستی خۆیان دا دەردەچن و پایەی خۆیان نزمتر دەكەنەوە، بۆ نموونە:—

من هێنام

پایەی ڕستەی هەیە، بەڵام لە ڕستەی :

ئەمە ئەو كتێبانەیە من هێنام.

بۆتە پارچەیەك لە (كتێبەكان) و پایەی نزمتری وەرگرتووە.

ئایا كێشەی دانە و ئاستەكانی زمان پەیوەندییەكی پتەوی بە وەرگێڕانەوە هەیە، وەرگێڕان گەڕانە بەئاستێكی دیاری كراودا، لەو زمانەدا كە بابەتەكەی وەردەگێڕینە سەر كە بەرامبەر ئاستێكی دراو بووەستێت لەزمانە سەرچاوەكەدا.

بۆنموونە وشەی لێكدراوی (گورگەزی)ی كوردی بەرامبەری نییە لەزۆر زمانی تردا لەهەمان ئاستدا(لەئاستی وشە سازیدا) لەبەرئەوە دەبێت لەئاستی ڕستە دا بەرامبەری بۆ پەیدابكەین لە وەرگێڕاندا، وەرگێڕانی ڕاست و باوەڕپێكراو) (نموونەیی) هەوڵی ئەوە دەدات كە ئەو دوو ئاستەیان تەواو بەرامبەر یەكترین (وشە بە وشە فریز بە فریز وەربگێڕێت) یان نزیك بێ لە یەكتری(وشە بە فریز...بۆ نموونە) ئینجا لەبەرئەوەی زۆرجار ئەمە لەتواناد نابێت، ناچار دەبین كە دان بنێین بەو ڕاستیەدا كە وەرگێڕانی نموونەیی وەك ژنی نموونەیی كەم جار جوان دەردەچێت.

### هەندێ دانەی زمانەوانی

**١- فۆنیم:**

هەرچەندە بیری فۆنیم لەسەرەتای سەدەی نۆزدەوە لەكارە زمانەوانییەكانی ئەورووپاو ئەمەریكادا بەكارهاتووە، بەڵام لەسەرەتای داهێنانیدا زیاتر دیاردەیەكی فۆنەتیكی دەگرتەوە و بەواتای (فۆن)ی ئێستا دەهات نەك بیرێكی ڕووت كە لە

ئەنجامی بەرامبەری جیاوازی کردنەوە هاتبێتە کایەوە (کریستەل ۱۹۷۱: ۱۷۸) بۆ یەکەم جار زاراوەی فۆنیمی ئێستە لەکارێکی زمانەوانی پۆلەندی (بودوین دی کورتنێ) دا لەسەدەی هەژدەدا دەبینرێ، بەڵام بەدوای ئەو داهێنانەشدا بیرەکە تاچەند ساڵێك هەروەك خۆی مایەوەو کەس هەوڵی دیاری کردن و پێناسەکردنی دیاردەکەی نەدا . بیری فۆنیم دیسانەوە لەکارە مێژوویەکەی سوسیریشدا هەستی پێ دەکرێ، هەرچەندە زاراوە کە ناوی نەهاتووە، هەروەها لەکارە زمانەوانییەکانی ئەمەریکای بیستەکانیشدا(۱۹۲۰) هەوڵی ئەوە دراوە دەنگی گرنگ و نا گرنگ لەیەکتری جیا بکرێنەوە (ئەمەش بنەمای رۆنانی فۆنۆلۆجیە) بەڵام نەبوونی پێناسەیەکی وردی فۆنیم، بۆتە هۆی نانەوەی گێژاوێکی گەورە لەم کارانەدا (کریستەل ۱۹۷۱ : ۱۷۹) لەکۆتاییەکاندا بۆ یەکەم جار پێناسەیەکی وردی فۆنیم لەلایەن دامەزرێنەرانی قوتابخانەی پراگەوە خرایە روو، بەتایبەتی پێناسەکەی زمانەوانی رووسی(تروپتسکۆی) و ئەو یاسایانەی بۆ دیاری کردن و ناسینەوەی فۆنیم داینان کارێکی تەواوی کردە سەر هەموو کارەکانی دوای خۆی لەهەمان کاتیشدا زمانەوانانی بەریتانیا (دانیال جۆنز) بێ ئەوەی تەواو ئاگاداری کارە زمانەوانییەکان بێت پێناسەیەکی جیاوازی بۆ دیاردەکە دانا، کە سەرەتای تێڕوانینێکی نوێبوو . هەستکردن بەبیری فۆنیم کارێکی گران نییە و زمانەوانی ناوێ.

هەمووکەسێك بە سەلیقە دەتوانی هەست بکات کام دەنگ لەو دەنگانەی کە لەزمانەکەیدا هەیە گرنگە و کامیان گرنگ نییە، یان کام لەو دەنگانە لەیەکتر دەچن و کامیان جیاوازن، بۆنموونە، هەموو کوردێك بەسەلیقە هەست بەوە دەکات کە دەنگی / ب / لەدەنگی / پ / نزیکەو لە دەنگی / د / ەوە دورترە، یان دەنگی / ج / لە / چ/ەوە نزیکە بەڵام لە دەنگی /ب / ەوە دوورترە، بەڵگەمان بۆ ئەم هەست پێکردنە ئەوەیە کە رێنووس دانەرەکانی کوردی لەپیتی (ب) و (ج) وە نیشانە یان بۆ نواندنی دەنگی / ب/ و /ج / داتاشیوە، هەروەها لەپیتی / ز / و / ف/ نیشانەیان بۆ دەنگی / ژ / و / ڤ/ دروست کردووە، ئەمەش لەخۆیدا بەڵگەیە کە ئەم رێنوس تاشانە دوورو نزیکی ئەم دەگانە یان لەیەکترییەوە هەست پێکردووە و ناسیوەتەوە.

دیسانەوە هەموو کوردێ هەست بەوە دەکات کە وشـەیەکی وەك(بـا) و (بـێ) لەدوو دەنـگ پێکهـاتوون و دەگـی دووەمیـان لەیـەکتریان جیـا دەکاتـەوە( واتـای جیاوازیان دەداتێ) ئاشکرایە کـە وەسـتاندنی ئـەم دوو دەنگـە(أ) و (ی) بەرامبـەر بەیەکتری لەم شوێنەدا بۆتـە هـۆی دروسـت کردنـی جیـاوازی واتـایی لـەنێوان دوو وشەکەدا بەشێوەیەکی گشتی بەم جۆرە دەنگانـە دەوتـرێ، فـۆنیم، بـەواتای ئـەو دەنگانەی کە جیاوازی واتای پێك دێنن، یان دوو وشـە لـە رووی واتـاوە لەیـەکتری جیادەکەنەوە، بەراوردێکی ئەو دوو وشەیەی سەرەوە لەگەڵ چەند وشەیەکی تـردا وەك(بـوو، بـە، بـۆ) ئـەو راسـتیەمان بـۆ دەردەخـات کـە دەنگـی(أ، ی، و، ە، ۆ) فۆنیمن لەکوریدا، بەواتای ئەوەی جیاوازی واتـایی دەهێـنن کوردییـەوە، هـەروەها بـەراوورکردنی کۆمەڵـە وشـەیەکی وەك : شـەنگ، زەنـگ، سـەنگ، ژەنـگ، لـەنگ، فەنگ، هەنگ دەنگ، پەنگ، رەنگ...هتد، وامان پیشان دەدات کە دەنگـی/ ش، ز س، ژ، ل، ت، د، ب، پ، ر/، ...هتد، دیسانەوە لەکوردیا فۆنیمن چونکە جیـاوازی دەخەنە نێوان وشەی کوردییەوە، بێگومـان ئـەو دەنگانـەی لەزمانێکدا بـە فـۆنیم دادەنرێت مەرج نییە لەزمانی تریـشدا هـەمان پایـەیان هـەبێ بـە براوردکردنـی دوو ووشەی(پەڵە) و(پەلە) یان (برین و بڕین) تێمان دەگەیەنێ کـە دەنگـی(ڵ) و (ل) و (ر) و (ڕ) لەکوریـدا فـۆنمیس، بـەڵام ئـەم دەنگانـە لـەزمانێکی وەك عەرەبیـدا هەرچـەندە هـەن و بوونیـان هەسـتی پـێ دەکـرێ، پلـەی فۆنیمیـان نییـە و بەهـەردووکیان، (بـەواتای دوو/ر/ ەکـە، و دوو /ل/ ەکـە یـەك فـۆنیم پێـك دێـنن، چونکە دوو وشە نییە لەعەرەبیدا کـە ئـەم دوو دەنگـە بەتـەنیا لەیـەکتری جیایـان بکاتەوە.

ئەم ڕاستییانەی سەرەوە ئەوەمان بـۆ دەردەخـەن کـە بـیری فـۆنیم وە نـەبێ شتێکی نوێ بێ لەسەرەتای سـەدەی نـۆزدەدا هـەڵی دابـێ، بـەڵکو بەپێـچەوانەوە بیرەکە هەر هەموو قسەکەران هەستیان پێ کردووە و زمانەوانەکانیش بـێ ئـەوەی ناوی لێ بنێن وەك بنەمایەك لەکارەکانیاندا بەکاریان هێناوەو پەیڕەویان کـردووە، بـەڵام هەسـت کـردن بـە بـوونی فـۆنیم و ناسـینەوەی شـتێکە و جیاکردنـەوە و پێناسەکردن و دیاری کردنی شتێکی ترە، تـا ئـەو کاتـەی زمانەوانـەکان دیـاردەی فۆنیمیان نەناساندوو دیارییان نەکرد، بیرەکـە کـەڵکێکی ئـەوتۆی نـەبووە و نـەش

بوو بە بە سەرچاوەی گریمانە، بەدوای داهێنانی دانەکەدا زمانەوانەکان هەوڵی ئەوەیان دا پەیڕەوی بنەماکە بکەن نەك هەر لەئاستی فۆنۆلۆجیدا، بەڵکو لە ئاستەکانی تری زمانیشدا و دەستیان کرد بە گەڕان بەدوای دانەی فۆنیم ئاسادا لەم ئاستەداو ئەوەش بوو بەهۆی دروست بوون و هاتنە ناوەوەی دەیان زاراوەی وەك سێمیم تاگمیم و گلۆسیم و لێکسیم و مۆرفیم و فۆنیم و... پەیدابوونی بۆچوونی (ئێمێکی) جیاکردنەوەی دانە لەسەر بنەمای ئەرك– لەزمانەوانیدا. (کریستەل١٩٨٣ : ١٢١).

دەبێ بزانین کە بیری فۆنیم خەیاڵێکی زانیارییە و لە ڕاستیدا فۆنیم بوونێکی ماددی نییە، کە گوێ بۆ کەسێك شل دەکەین، ئەوەی دێتە گوێمان ڕێچکە یان شریتە دەنگێکی بەردەوامی و بەدوای یەکدایە ناو بە ناو پشوویەکی تێ دەکەوێ.

لە شریتە دەنگەکە بەردەوام هەست بەوە دەکەین دەنگێك یان چەند دەنگێك چەندجارێك دووپات دەبنەوە، زاراوەی فۆنیم بۆ ئەم دەنگە لێکچووانە بەکاردێ و واش بە بیرماندا دێ کە ئەم دەنگە لێکچووە (دوو) پات بووانە هەموویان هەریەك فۆنیمن، بەم پێیە کە گوێمان دەبێ لە ڕستەیەکی وەك پێرێ پەری پێنجار پەردەی پەنجەرەکەی پەرواند، وا بە بیرماندا دێ کە ئەو دەنگەی پیتی(پ) لە نووسینی ئەم ڕستەیەدا دەنوێنرێ شەش جار پات بۆتەوە و هەموو جارێکیش هەرهەمان دەنگەو نەگۆڕاوە،بەڵام ئەگەر باوەڕمان وابێت، ئەوا هەڵەیەکی زۆر گەورە دەکەین، چونکە هەموو وتنەوەیەکی دەنگەکە لە دەنگە بنچینەکە جیاوازە وتنەوەکانیش– دیسانەوە لە یەکتری ناچن، بەم جۆرە هەموو جارێ کە دەم هەڵدەنێینەوە دەنگێ دەردەکەین، ئەم دەنگە بێ هاوتایە، چونکە جارێکی تر هەمان دەنگ دەرناکەینەوە، چەندیش هەوڵ بدەین هەر دەتوانین دەنگێك وەك ئەم دەرکەین نەك کت و مت ئەم دەنگە، ئەم هەمە چەشنیەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك کە گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەیە:–

١– لەژێرکاری دەنگی دەوروبەردا ئەندامانی ئاخاوتن لەگەڵ هەموو وتنەوەی دەنگێکدا لەیەك شوێندا نابن بەڵکو هەرجارە لەشوێنێکەوە بەرەو شوێنی دەنگەکە دەردەچن و ئەمەش دەبێتە هۆی دروست بوونی دەنگی جیاجیا بۆنموونە، دەنگی(ب)ی وشەی(باران) جیاوازە لەدەنگی (ب) لە ڕستەیەکی وەك

چی بکەم؟دا چونکە لەیەکەمدا دەنگەکە لەسەرەتادایە، بەڵام لەدووەمدا کەوتۆتە نێوان بزوێنێك و نەبزوێنێکەوە، لەبەرئەمە دەوروبەرەکە (ك) و(چ) تایبەتییەکی خۆی هەیە کە (کپی)یە بەسەردا سەپاندووە و وای لێکردووە جۆرێك(ب) بێ کەلە (پ) ەوە نزیك بێ.

٢- هەناسەی قسەکەر و چەندێتی ئەو هەوایەی کە لەسیەوە دەری دەکات و چەندێتی ئەو وزەیەی کە لەدەرهێنانی دەنگێکدا بەکاری دێنێ لەبارو بۆنەوی قسەیەکەوە بۆ قسەیەکی تر دەگۆڕێ و ئەمەش دیسانەوە دەبێتە هۆی هەمەچەشنی لەدەرهێنانی دەنگێك، بۆنموونە ئەو دەنگانەی کە لەتوڕەیدا دەردەبڕێن جیاوازن لەو دەنگانەی کە لەبارێکی ئارامدا دەوترێن، چونکە وزەیەکی زیاتریان تێدا بەکاردێ.

٣- تایبەتی ئەکۆستیکی ئەو شوێنەی قسەکەی تێدا دەکرێ هەرجارەی بە جۆرێك دەبێ، لەبەرئەمە دەنگەکەش هەرجارەی بەچەشنێك دەدرێ بۆ نموونە، ئەو دەنگەی لەهۆڵێکی گەورەی چۆ لدا دەدرێ لەو دەنگە ناچێ کە لەژوورێکی پڕ لە قیژەو هاواردا دروست دەبێ.

٤- ڕەوشتی قسەکردن و پلەی خوێندەواری و کارو ئەو زارە کۆمەڵایەتییە و ناوچەیە هەڵدەبژێری لەکەسێکەوە بۆ کەسێکیتر دەگۆڕێ و ئەمانەش دەبنە هۆی هەمەچەشنی دەنگێك، بۆ نموونە، گۆرانی بێژ و ئەکتەر ڕەوشتێکی تایبەتییان لە قسەکردندا هەیە و خۆیان وا ڕاهێناوە کە هەناسەدان و پشو دەنگ دەرهێنانیان جیاوازە لەخەڵکی تر لەبەرئەوە ئاساییە کە ئەو دەنگانەی ئەم جۆرە کەسانە دەریدەکەن جیاواز بێ لە هی خەڵکی تر.

٥- وە نەبێ مرۆڤ نەتوانێ شێوازی قسەکردن و ڕەوشتی لەبۆنەیەکەوە بۆ بارودۆخێکی تر نەگۆڕی، لەبەرئەمە مرۆڤ دەتوانێ بەئارەزووی چەندین جار دەنگێك دەرکات کە هیچیان لەویتریان نەکات.

لەبەر ئەم هۆیانە ناتوانین بڵێین ئەو دەنگەی کە چەند کەسێك دوو بارە دەیڵێنەوە یان ئەو دەنگەی کە چەند کەسێك دەری دێنن هەر هەمان دەنگە، بە واتایەکی تر دوو دەربڕینی فۆنیمێك هەرگیز کت و مت وەك یەکتر نابن و هەردەبێ

جیاوازییەك لەنێوانیاندا هەبێ، لەگەڵ ئەمەشدا لەشیکردنەوەی زماندا دەتوانین ئەم ڕاستییە زانیارییە بخەینە لاوە و هەموو پات بوونەوەی فۆنیمێك بەو فۆنیمە دابنێین، هەروەك چۆن بەهەموو (کورسییەك) دەڵێین کورسی لەگەڵ ئەوەشدا کە هەریەکەیان جۆرێکە و لەڕەنگ و قەوارە و جۆری تەختە و بوون و نەبوونی دەسك و پشت و بەرزو نزمیدا جیاوازن.

شایەنی تێبینییە کە زمانەوانەکان لەناوخۆیاندا لەسەر پێناسەی فۆنیم ڕێك ناکەون و هەندێ جار بیروراکانیشیان دژی یەکتری دەوەستن، دیاردەی فۆنیم لەچوار روانگەی جیاوازەوە لێك دراوەتەوە و سەیرکراوە و روانگەکانیش ئەمانەن(Fudge 1970: 70,80).

## ١- ڕوانگەی هۆشەکی یان دەروونی:-

بەپێی ئەم بۆچوونە فۆنیم بریتییە لەو دەنگە نموونەییەی کە قسەکەر دەیەوێ دەریهێنێ، بەلام هەرگیز کت و مت بۆی نایەنە بەرهەم لەبەردوو هۆ(١) دوو دەنگی دووپات کراو هەرگیز کت و مت لەیەکتری ناچن(٢) هەموو دەنگێك لەژێر کاری دەنگەکانی دەوروبەریدا دەگۆڕێ.

بەم جۆرە هەرچەندە قەسەکەرێکی کورد دەیەوێ دەنگی(ش) لە وشەیەکی وەك (بەشدار)دا دەرهێنێ، دەوروبەری دەنگەکە وای لێ دەکەن کە ئەو دەنگەی لەڕاستیدا دەردەچێ لەدەنگی(ژ) بچێت نەك (ش) بە واتایەکی تر، قسەکەر مەبەستی ئەوەیە کە (ش) دەربێنێ کەچی( ژ) دێنێتە کایەوە.

ئەم بۆچوونە بۆیە کەم جار لەلایەن، زمانەوانی پۆڵەندی، (دی کورتنێ)ەوە خراوەتە ڕوو بەلام جۆرێك لەم باوەڕە لەنووسینەکانی ساپیردا هەستی پێ دەکرێ بەباوەڕی دی کورتنێ فۆنیم ئەو دەنگەیە کە قسەکەر نیازی وایە دەری بێنێ نەك ئەو دەنگەی کە لەراستیدا لەئەنجامی هەوڵەکەیەوە دێتە ئاراوە.

ئەم ڕایە لەلایەن هەندێ زمانەوانەوە دراوەتە بەر رەخنە، بەباوەڕی توادیل پێناسەکەی کورتنێ درشت و بێ سوودە، چونکە ناتوانین بگەینە مێشکی مرۆڤ، دیسان زمانەوانی رووسی(تروبتیسکۆی) کە سەر بەقوتابخانەی پراگە، لەو باوەڕەدایە کە لەپێناسەی فۆنیم دا دەبێ لەدەروون و مێشك دووركەوینەوە،

لەبەرئـەوەی فـۆنیم دانەیـەکی زمانییـە نـەك دەروونـی، بەواتایـەکی تـر دانەیـەکی پێڕەوی زمانە نەك دانەیەکی بیریی لەمێشکی قسەکەردا.

لەگـەڵ ئـەم رەخنانـەدا کـە لەروانگـەی هۆشـەکی دەگـیری، دەبـێ دوو خـاڵی سەرەکی لەبیرنەکەین:-

(١) لەگەڵ ئەوەشدا زمانەوانەکان ڕەخنە لە دی کورتنێ دەگرن کە گوایە پـەنا دەباتە بەرمێشك و دەروون لەپێناسەکەیدا، کەم زمانەوان هەیە بەتەواوی لە مێشك و دەرووون دوورکەوێتەوەو هەمووشـیان دان بـەگرنگی دەوری هۆکـاری دەروونیـدا دەنێن لەهەست پێکردنی دەنگی زمانێکی بێگانەدا، بۆ نموونە هەموو زمانەوانەکان لەو باوەڕدان کە دەنگـەکانی زمـانێکی بێگانـە لەبۆتـەی پێـڕەوی زمـانی دایکـەوە دەبیستریێن، بەواتایەکی تر، کە منالێکی کورد فێری عـەرەبی دەکـرێ لەسـەرەتادا دەنگـی(ث) هـەروەك دەنگـی(س) دێتـە گـوێ و جیایـان ناکاتـەوە لەبەرئـەوە کـە مامۆستا داوای لێدەکات دەنگی(ث) دەرکات ئەو ئاسایی هەردەڵێ (س) و خۆشـی بە ڕاست دەزانێ و هەست ناکات هەڵەی کردبێت.

(٢) پێناسەکەی دی کورتنێ دووجۆر جیاوازی دەنگ لێـك دەداتـەوەو چـاریان دەکات:-

أ- ئـەو جیاوازییـەی کـە لەئـەنجامی پاتکردنـەوەی دەنگـەوە دێتـە کایـە، بەواتایەکی تر، روانگەکە تێمان دەگەیەنێ بۆ وتنـەوەی دەگێـك لەدەنگەکـە خـۆی ناچێ.

ب- ئـەو جیاوازیانـەی کـە لـەژێر زەبـری دەنگـی دەوروبـەردا دێتـە کایـە، بەواتایەکی تر، تێڕوانینەکەی دی کورتنێ دەتوانێ تێمـان گەیـەنێ بۆچـی گـۆڕانی وەك : پشدەر- پژدەر

چی بکەم- چی پکەم، چەشتی — دەچێژی

بچووك — پچووك

دیاردەیـەکی ئاسـایی و بـڵاوە لـە هـەموو زمـانێکی سروشـتیدا هـەروەك چـۆن زۆرجار نیشانە لەشتێك دەگرینەوەو شتێکی تر دەپێکین و بـەباوەڕی دی کـورتنێ لەدەربڕینی وشەیەکی وەك(بچووك) بە هـەموو توانامانـەوە دەمانـەوێ دەنگـی(ب)

لەسەرەتاوە دەرهێنین، بەڵام لەژێر کاری دەنگی(چ) دا، دەنگی(ب) دەرنایەت چونکە دەنگی (چ) دەیەوێ وەك خۆی دەنگی(ب )کە کپ کات(کە (ب) ئاوازەی نەما دەگۆڕێ بۆ (پ).

## ٢- روانگەی فیزیکی:-

بەپێی ئەم بۆچوونە فۆنیم بوونێکی فیزیاوی هەیە ئەو دەنگانەی سەر بە فۆنیمێکن تایبەتی دەنگی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە، بەواتای ئەوەی لە ڕووی فۆنەتیکەوە لەیەکتر دەچن.

ئەم بۆچوونە بۆ یەکەمجار لەلایەن دانیال جۆنزەوە خراوەتە بەردەست و زمانەوانانی ئەمریکیش، گلیسن لەو کەسانەیە کە پەسەندی دەکات.

دانیال جونز لەوباوەڕەدایە کە فۆنیم ئەو پۆلە دەنگەیە کە لەڕووی فۆنەتیکەوە لەیەکتر دەچن و یان لێکچوونی فۆنەتیکییان تێدایە و تاڕادەیەکیش ئەندامانی پۆلەکە ناچنە شوێنی یەکتری، بەم باوەڕە بێ فۆنیم بریتییە لە هێمایەك کە چەند دانەیەکی فۆنەتیکی گرد دەکاتەوە (fuage : 79)، بۆنموونە: بزوێنی (ی) کوردی لەدوو شێوەی سەرەکییدا دەبینرێ و بەهەردوو شێوە کە فۆنیمی (ی) پێك دێنن: (١) (ی) کورت کە لەبڕگەی بێ هێزی کۆتایی وشەدا دێ و (٢) دەنگی (ی) درێژ کە لە شوێنەکانی تردا دێ، (بۆ ڕاستی ئەمە بەراوردی هەندێ وشەی وەك:( قاچی)(،شاری)، (دەزانی) لەگەڵ(دەچین) و(شیر) و (ئازایی) بکە، لەکۆمەڵەی یەکەمدا دەنگەکە کورتە، لەدووەمدا درێژە.

شایەنی تێبینییە کە ئەم دوو شێوەیە هاوبەشی فۆنەتیکییان زۆرە، بۆنموونە هەردووکیان لەو بزوێنانەن کە بەرزن و پێشەوەی زمان دروستیان دەکات لێو خرنابێت لەگەڵیاندا، تەنیا جیاوازیان لەکورتی و درێژییان دایە، دیسانەوە مەرجی دووەمیشیان تێدایە چونکە ناچنە جێگەی یەکتری: (ی) کورت تەنیا لەبڕگەیەکی بێ هێزی کۆتایی وشەدا دەبینرێ و (ی) درێژ لەشوێنی تردا جگە لەم شوێنە، بەواتایەکی تر وەك بەراوردکردنی(قاچی) لەگەڵ (ئازایی) دا بۆمان دەردەخات، لەکۆتایی وشەدا(ی) کورت لەگەڵ بڕگەی بێ هێزدایە(قا.چی) بەڵام (ی) درێژ کە دەکەوێتە کۆتایی وشەوە دەبێ بڕگەکە بەهێزبێت وەك(ئا.زا.یی).

شێوەیەکی روانگەی فیزیکی (بۆچوونەکەی د. جونز) تەواوو سەرکێشەو لە پۆلین کردنی دەنگدا گوێ لەڕاستی فۆنەتیکی بەولاوە بەهیچ بنەمایەکی تر نادات و بەهیچ جۆرێ رێگەی واتا و ڕاستی رێزمانی نادات لەناسینەوەی فۆنیمدا دەوریان هەبێت، هەرچەندە هەرگیز ناتوانێ لەواتاش دەست بەردار بێ، بەڕای (جونز) دانانی دەنگی(و)، (و) بەدوو شێوەی فۆنیمی (و) لەکوردیدا بەراوردێکی ئەم دوو پۆلە وشەیە بکە تا جیاوازی نێوان ئەم دوو دەنگەت بۆ روون بێتەوە((وەرە) و ((ساوا)) و ((شەو)) ((لەگەڵ وێران))، ((خوێن))، ((گوێز)) دا...) پەیوەندی بەوەوە نییە کە ئەم دوو دەنگە واتای وشە جیادەکەنەوە، بەڵکو زیاتر لەبەرئەوەیە کە هەردووکیان نیوە بزوێنێکی ئاوازەدارن لێو خرکردنەوەیان لەگەڵدایە(بەواتای ئەوەی لەرووی فۆنەتیکەوە لەیەکتر دەچن).

لە ڕاستیدا ئەم لێکدانەوەیە بیری فۆنیم ئاڵۆز دەکات و کارەکیش نییە(عەمەلی) چونکە پۆلین کردنی فۆنیمەکان بمانەوێ یان نەمانەوێ هەر لەسەر بناغەی واتا جیاکردنەوە دەبێ.

ئەم بۆچوونە چاری ئەو جیاوازیانە دەکات کە لەژێر کاری دراوسێیەتی دەنگەکاندا نەهاتونەتە کایەوە بەڵام جیاوازی دەربڕینمان لەقسەکەرێکەوە بۆ قەسکەرێکی تر بۆ لێك ناداتەوە.

### ٣- روانگەی ئەرکی:-

بەپێی ئەم بۆچوونە فۆنیم نە بەهۆی هەڵکەوتنی دەرونییەوە نە بەهۆی لێکچوونی فۆنەتیکەوە پێناسە دەکرێ، بەڵکو تەنیا لەسەر بنەمای ئەو ئەرکە دەکرێ کە فۆنیمەکە لەزمانێکدا دەبینێ، بەم پێیە، فۆنیم بچوکترین دانەیە کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا دەگرێتە ئەستۆ، فۆنیم نەدەنگە و نەخێزانە دەنگ بەڵکو دانەیەکی رووتی(مجرد) تیورییە لەئاستی فۆنۆلۆجیدا بەپێی ئەو جیاوازیانەی لەزمانەکەدا بەدی دەهێنی دیاری دەکرێ.

ئەم بۆچوونە کت و مت پێچەوانەی بۆ چوونی فیزیکیە، چونکە واتای جاکردنەوە دادەنی بە بنەمای سەرەکی لەناسینەوە فۆنیمدا.

بەم پێیە لەبەرئەوەی دەنگی(خ) و (غ) لەزاری سلیمانیدا واتا جیاناکەنەوە، وەك ئەم جووتە وشانە دەری دەخەن(باخ/ باخ و باخچە/ باغچە و داغ)، ئەم دوو دەنگە نابێ بە فۆنیم دابنرێن، بەڵکو دەبێ بەدوو شێوەی جیاوازی تاکە فۆنیمی بن، بەڵام لەبەرئەوەی لەزمانێکی وەك عەرەبیدا ئەم دوو دەنگە واتا جیا دەکەنەوە(بڕوانە وشەی غالی/ خالی) دەبێ وەك دوو فۆنیمی جیاواز سەیر بکرێن.

دیسانەوە لەم جۆرە بۆچوونە دا فۆنیم نابێت بە خێزانە دەنگ دابنرێت، چونکە لە هەر بەرامبەریەکدا تەنیا هەندێ تایبەتی دەنگەکە نەهەموو تایبەتیەکانی واتا جیادەکەنەوەو فۆنیم بریتییە لە چەندین لەم تایبەتیانە(سیمای جیاکردنەوە) بۆنموونە، هەموو فۆنیمەکانی وشەیەکی وەك(بار) ئاوازە دارن، بەڵام ئاوازەداری تەنیا لەدەنگی یەکەمدا سیمایەکی جیاکردنەوەیە چونکە تەنیا لێرەدا نەمانی ئاوازە دەبێتە هۆی دروستکردنی وشەیەکی نوێ، بڕوانە(پار) هەر کەرتێکی تری دەنگەکان کپ بکەین تەنیا شێوەیەکی شێواوی وشەی (بار) دەردەچێت بەڵام وشەیەکی تری کوردی نایەتەکایە.

## (٤) روانگەی رووت (مجرد):

بەپێی ئەم بۆچوونە دیاری کردن و ناسینەوەی و پۆلێن کردنی فۆنیم نابێت بە هۆی بنەمای فۆنەتیکەوە بێت، بەڵکو دەبێ بەهۆی هۆکاری ترەوە بێت وەك :-

### ١- رەفتاری مۆرفۆلۆجی دەنگەکان:-

بۆنموونە دەنگی (ش) دەبێت بە (ژ) لە هەندێ شوێندا بڕوانە(شەش) (شەژجار)، بەڵام لەبەرئەوەی ئەم دوو دەنگە لەزۆر شوێندا بەرامبە بەیەکتری دەوەستن، بڕوانە(شەنگ) (ژەنگ)، (شوان) (ژوان)، (وشە) (وژە)، (کەش) (کەژ)، ...هتد، بەپێی ئەم روانگەیە ئەمە لە خۆیدا بەسە بۆ ئەوەی کە ئەم دوو دەنگە بە دوو فۆنیمی جیاواز دابنێین ئەم بڕیارە پەیوەندی بەلێکچوونی فۆنەتیکی دوو دەنگەوە نییە، چونکە ئەگەر لەسەر بناغەی فۆنەتیکی سووربین، دەبێ ئەم دوو دەنگە بەیەك فۆنیم دابنێین، لەبەرئەوەی تایبەتی فۆنەتیکی هاوبەشیان زۆرە، بەواتایەکی تر لەزۆر رووی فۆنەتیکەوە لەیەك دەچن.

٢– لێکچوون و جیاوازی لەدابەش بووندا:–

ئەم بنەمایە زیاتر بۆ پۆلینکردنی فۆنیم بـەکاردێ، بۆنموونـە، بـەپێی بنـەمایی دابەش بوون لەسەرەتای وشەدا تەنیا ئەو هێشووە نەبزوینانە لـەرووی فۆنـەتیك و فۆنۆلوجیەوە نەگۆڕن کە کەرتی دووەمیان دەنگی(و) یان (ی) یـە، بـەڵام لـەرووی فۆنەتیکەوە بوونیان نییە(بەواتای ئەوەی هەمیشە نیوە بزوێنێکی کـورت لـەنێوان کەرتی یەکەم و دووەمیاندا هەیە)، بۆ سەلماندنی ئەم رایە بەراوردێکی ئەم وشـانە بکە: چوار، گیان، شوان، خوا لەگەڵ: گلان، پڵاو، شتن و زمـان، چـڵکاو، بـڕ، پـڕ، بەپێی ئەم روانگەیە ئەم رەفتارە لەخۆیدا بەسـە بـۆ ئـەوەی کـەدەنگی (و) و (ی) بەیـەك پـۆل دەنـگ دابنـێین (نیـوە بـزوێن هەرچـەندە لـەرووی فۆنەتیکیـشەوە جیـاوازن، لەبەرئـەوەی لەدابـەش بوونـدا لەچوارچـێوەی وشـەو بڕگـەدا وەك یـەك رەفتار دەکەن لەکوردیدا، دەبێ لەیەکتر بچن و سەر بەکۆمەڵێك بن.

**ئەلۆفۆن:-**

پەیوەندی نێوان فۆنیم ئەو دەنگە زمانیانەی پێکی دێنن لەدوو روانگـەوە لێـك دەدرێتەوە، ئەگەر لەشـیکردنەوەی راسـتییە زمانیەکانـدا لەدەنگـەوە دەسـت پـێ بکەین، ئەوا دەتوانین ئەو دەنگانەی کە فۆنیمێك پێك دێنن هەموویان بخەینـە ژێـر باڵی فۆنیمێکەوەو بەهەر یەکەیان بڵێین((ئەلۆفۆن))، هەر فۆنیمێـك بـەلای کەمـەوە دەبــێ ئــەلۆفونێکی هــەبێت، بێگومــان زۆربــەی فــۆنیم دوو یــان ســێ و بگــرە زیاتریشیان هەیە، خۆ ئەگەر لە فۆنیمەوە دەسـت بەشـیکردنەوەی زمـان بکـەین و لەمەوە بەرەو دەنگە زمانییەکان برۆین دەتوانین هـەموو ئـەو دەنگانـەی فۆنیمێـك دەنـوێنن، بەچـەند شـێوەیەکی فۆنیمەکـەی دابنـرێن کـە هەریەکـەیان شـوێنێکی تایبەتی دەگرن، بەواتایەکی تر هەریەکی لەم شێوانەی فۆنیمەکـە لەدەوروبەرێکدا دەبینرێ و ناچێتە دەوروبەری ترەوەو جـێ گـۆڕکێ ناکـات لەگـەڵ هاودەنگـەکانی تری فۆنیمەکەدا، بۆنموونە، فـۆنیمی (و) لەکوردیـدا بـەپێی شـوێن یـان دەوروبـەر لەدوو شێوەی جیاوازدا خۆی دەنوێنێ: (١) (و) کە نیوە بزوێنێکی ئـاوازەدارە کـە بەهۆی لێوو نەرمایی مەلاشووەوە دروسـت دەبـێ و لێـو لەگەڵیـدا خردەوەسـتێ(٢) (و) کە نیوە بزوێنێکی ئاوازەدارە کە وەك بزوێنێکی ئاسایی بەرزەو لەپێش زماندا

دروست دەبێ، بەهەردوو شێوە کە فۆنیمی (و) لەکوردیدا پێك دێنن و هەریەکەیان لەشـوێنێکی تایبەتـدا دەبینـرێ و جـێ ناگۆڕنـەوە، دووەمیـان بـەدوای هـەموو بزوێنێکی بەرزو پێشەوە دادی (ی، ێ) و یەکـەمیان لەهـەموو شـوێنێکی تـردا، بـۆ روونکردنەوە واله خوارەوە بەوێنە دابەش بوون و لەکوردیدا پێشان دەدەین:—

و ←———— هەموو شوێنێکی تر (ساوا، وەرە)

و ←———— + بەرز+ پێشەوە(خوێن، گوێز، وێران

بۆ ئەوەی بزانین دوو دەنگ دوو فـۆنیمی جیـاواز پێـك دێـنن یـان هـەردووکیان سەر بە فۆنیمێکن لە زمانێکدا دەبێ بەدوای ئەو بارودۆخانەدا بگـەڕێین کـە تیانـدا گۆڕینەوەی دەنگێك لەمانە بەدەنگەکەی تریان دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا.

ئەگەر بار و دۆخێکی وامان لە زمانەکەدا دۆزییەوە ئـەوا ئـەو دوو دەنگـە نـایێ سەر بەیەك فۆنیم بن ئەگەر بارودۆخی واش چـنگ نەکـەوت، ئـەوا بـە پێـچەوانەوە دوو دەنگەکە سەر بە فۆنیمێك دەبن، بۆنموونە، لەکوردیـدا بـوونی جووتـە وشـەی وەك /کـەڕ/ و /کـەر/، وامـان لێـدەکات کـە ئـەم دوو دەنگـە / ڕ / و / ر/ بـەدوو فـۆنیمی جیـاواز دابنـێین ، بـەڵام لـەزمانی عەرەبیـدا هـەمان دوو دەنـگ دەبنـە ئـەلۆفۆنی فـۆنیمی(ر)، چـونکە لـەو زمانـەدا جووتـە وشـەیەکمان دەسـت ناکـەوێ بەگرینـەوەی شـوێنی ئـەم دوو دەنگـە واتاکانیـان بگـۆڕێ، چـاکترین ڕێگـە بـۆ ساغکردنەوەی کێشەی ئەلۆفۆن و فـۆنیم دۆزینـەوەی جووتـە وشـەیە(دوو وشـەکە تەنیا لەیەك دەنگدا جیاوازییان هەبێت وەك: (شەنگ) (زەنگ) یان (پەلـە)(پەڵـە)، یان (کەڕ) (کەر)....هتد). خۆ ئەگەر جووت وشەمان دەست نەکەوت دەبێ گومـان لەوە پەیدابکەین کە دوو دەنگەکە فۆنیمن، ئەوسا بەهۆی لێکچوونی فۆنەتیکیـەوە دەتواین بسەلمێنین کە دوو دەنگەکە ئەلۆفۆنی فونیمیکن یان هەریەکـە یـان سـەر بەفۆنیمێکن.

زۆجار لە پۆلینکردنی و دابەشکردنی دەنگدا پەنادەبەینە بەر ڕێـك و پێکـی لـە بەشەکانی تری پێڕەوی دەنگی زمانەکەدا بۆچەسپاندن و سەلماندنی هەندێ بڕیـار بۆنموونە، لەکوردیدا جووتە وشەیەکی وامـان دەسـت ناکـەوێ پلـەی دەنگـی(خ) و (غ) لەزمانەکەدا دەرخات و بیسلەمێنێ فۆنیمن یان دوو ئەلۆفۆنی تاکـە فـۆنمێکن،

بەپێچەوانەشەوە، لەبەرئەوەی لەسەرەتاوە ناوە راست و کۆتایی وشەشدا ئەم دوو دەنگە جێگە دەگۆڕنەوە بێ ئەوەی واتا بگۆڕن بڕوانە: (خەڵون) (غەڵون)، (باخچە) (باغچە)، (داخ)(داغ)...هتد، لەگەڵ ئەوەشدا کە لە هەندێ وشەدا هەریەکێکیان دێ بڕوانە(غار)(خار)، بەهەموو جۆرێك دەبێ ئەم دوو دەنگە پلەی ئەلۆفۆنیان بدرێتێ کە چی هەموو زمانەوانەکان رێکن لەسەر ئەوەی کە ئەم دوو دەگە فۆنیمن، لە بڕیارەدا زمانەوانەکان پەنایان برۆدتە بەر رێك و پێکی لەدابەش بوونی دەنگە دەربازەکانی کوردیدا، کوردی(٩) دەنگی بەخشپەی هەیە، هەردوانیان لە شوێنێکدا دروست دەبن، و لەم دووانەیەکێکیان ئاوازەدارەو ئەویتریان کپ، هەر لەبەرئەوەی ئەم دابشە بوونە بە شێوەی زمانەوانەکان دەنگی(خ) و (غ)شیان وەك ئەمانە داناوە بەدوو فۆنیم(بەخشیە) کە هەردووکیان لەشوێنێکی دەمدا دروست دەبن و یەکێکیان(خ) کپە و ئەویتریان ئاوازدارە وەك لەم نەخشەیەی خوارەوەدا دەردەکەوێ.

دەنگی بەخشپە
Fricatives

| | لێوەکی | دانەکی | بـیخ و وەقایی | نەرمایی مەلاشوو | دواتر |
|---|---|---|---|---|---|
| کپ | ف | س | ش | خ | ح |
| ئاوازدار | ڤ | ز | ژ | غ | |

٣- سیمای جیاکردنەوە:-

لەبەرئەوەی ئەندامانی ئاخاوتن دەتوانن بەردەوام بجولێن، مرۆڤ ئەو توانایەی تێدایە کە ژمارەیەکی بێ سنوور دەگی زمانی دەربکات، بۆنموونە هەر لەنێوان بزوێنی بەرزی(و) و بزوێنی نزمی(ە) دا مرۆڤ دەتوانێ دەیان بزوێنی تر دەرکات کە لەیەکتری جیاوازبن، هەروەها بۆ دەرکردنی نەبزوێنە دەربازو بەخشبەکانیش کۆسپ و تەنك دەتوانی درێژایی دەم و قورگدا بڵاو بکاتەوەو لە هەر کوێیەکی ئەم

ناوە دابی دەنگی دەربازو بەخشپە دەرکات، ئاشکراشە کە مرۆڤ تاڕادەیەك کەڵکێکی زۆر کەمی لەم توانایەی وەرگرتووە، چونکە تەنیا هەندێ لەم دەنگانەی خستۆتە کارو زۆر جیاوازی وردی فۆنەتێکی دەخاتە لاوەو بەکاریان ناهێنێ لەزماندا بۆنموونە، ئەوانەی بە کوردی قسە دەکەن کە فێری رۆنانی فۆنۆلۆجی کوردی دەبن لەو رایەن کە گوێ بدەنە ئاوازداری کپی دەرباز چونکە ئەم کپی و ئاوازدارییە کە (ت)و (د)و (ب) و (پ)و(ك) و(گ) لە یەکتریجیاکردۆتەوە، و بە هۆی ئەمانەشەوەیە کە دەتوانین (بان / پان) و( دار /تار) و( کەل/ گەل) بە وشەی جیاجیا دانێین، دیسانەوە کە فێری ڕۆنانی فۆنۆلۆجی کوردی دەبین، بەوەش ڕادێن کە گوێ نەدەنە هەندێ سیمای تری دەنگ بۆ نموونە قسەکەری کورد فێری ئەوە بووە کە گوێ نەداتە دەنگی (ت)ی ئاسایی و ئەو(ت)یەی بەر لێو دەکەوێ، چونکە هەرگیز جووتە وشەیەکی کوردی نادۆزینەوە کە جیاوازی ئەم دوو جۆرە(ت) یە لەیەکتری جیایان بکاتەوە، بەو جیاوازییەی کە قسەکەر گوێی پێ دەدات و دەور دەبینێ بەناسینەوەی مۆرفیم و جیاکردنەوەیدا دەوترێ(سیمای جیاکردنەوەی) لەرینەوەی دەنگە ژێیەکان سیمای جیاکردنەوەیە لە دەنگە دەربازەکانی کوردیا بەڵام هەمان تایبەتی بەسیمای جیاکردنەوە دانانرێ لە ناسینەوەی دەگە ژێیەکاندا(ل) و (ڵ) یا (ر ) و( ڕ)، چونکە بەپێی کپی و ئاوازداری ئەم دەنگانە لەیەکتری دانەبڕێن هەروەها بەر لێودان یان بەرلێو نەدان سیمای جیاکردنەوە نییە لە فۆنۆلۆجی کوردیدا.

سیمای جیاکردنەوە بەرامبەر یەکتری دەوەستن، بەواتای ئەوەی مۆرفیمێك لەیەکێکی تر جیادەکەنەوە، لەکوردیدا دەنگی /س/ بەرامبەر/ ز/ دەوەستێ، بەوەی لە شوێن و جێگەی دەرهێناندا وەك یەکن، بەڵام / س / کپە و /ز / ئاوازدارە،هەروەها /س / بەرامبەر /ف / دەوەستێ بەوەی لە شوێنی دەرهێناندا جیاوازن (/ س / دوای بیخی ددانە . / ف /لێوو ددانەکی )، هەرچەندە هەردووکیان بەخشپەن، دیسانەوە/س/ بەرامبەر /ت/ دەوەستێ بەوەی کە /س/ بەخشپەیەو (تەنگەی دەوێ لەدەما) /ت/ دەربازە(پێویستی بە کۆسپە لەدەما) لەدوو سەریشەوە /س/ بەرامبەر دەنگی/د/ دەوەستێ لە ڕووی کپی و ئاوازەداری و بەخشپەیی و دەربازی (Langacker: s157).

ژمارەیەکی کەم لە سیمای جیاکردنەوە هەموو ئەو دەنگانە جیادەکاتـەوە کـە گرنگیان هەیە لەزمانێکدا(فۆنیمەکانی زمانێك)، هەر ئـەم سیمایانەشـە کـە گوێیـان دەدرێتێ لە فێربوونی زمانێکدا و هەمو سیمایەکی تر دەخرێتە پشتگوێ، شـایەنی تێبینیە کە زمانەکانی جیهان وەك یەك رەفتار ناکەن بەرامبەر ئـەم سـیمایانە، بـە واتای ئەوەی ئەو سیمایەی کە لەزمانێکدا گرنگە لەوانەیە لـەزمانێکی تـردا بخرێتـە پـشتگوێ، بۆنموونـە، لەکوردیـدا دەنگـی دەربـازوو بەخـشیە بـەپێی سـیمای ئاوازەداری جیادەکرێتەوە چونکە ئەمە هەندێ فۆنیم لەیەکتری جیادەکاتـەوە(تـاو و داو)، (فاول/ڤاول) لـەزمانی تـردا مـەرج نییـە کپـی و ئـاوازەداری ئـەم گرنگیـەی درابێتێ.

دیسانەوە لە زارەکانی ناوەڕاستی زمانی کوردیـدا گرنگـی نـادرێ بـە جیـاوازی نێوان دەربازی سووك و دەربازی قورس، چونکە جووتە وشـەی تێدانییـە کـە ئـەم جیاوازییـە لـە یـەکتر جیابکاتـەوە، بـەڵام لـە زارەکـانی سـەرووی زمـانی کوردیـدا دەربازی قورس و سووك گرنگی دراوەتێ، چونکە سووکی و قورسی دەرباز فـۆنیم لە یەکتری جیادەکاتەوە دیسانەوە سیمای بەرنەرمەدان لە هەندێ زاردا کەڵکی لێ وەرناگیرێ بۆنموونە (زاری کۆیـەو هـەولێر)، بـەڵام لـە هەنـدێکی تـر دا وەك (زاری سلێمانی) بەرنەرمەدانی دەنگە شلەکان( ل، ر) سیما جیاکردنـەوەی (پلـە و پەڵـە، برین و برین....هتد). هەروەها لە ئینگلیزدا بەلای کەمەوە سێ پلە بەرزی سـیمای جیاکردنەوە لە بزوینـدا(بـەرز، نیـوە بـەرز، نـزم)، بـەڵام لـەکوردیا تـەنیا دوو پلـە (بەرزو نزم) بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکانی کوردی بەکاردێن.

بەم جـۆرە دەبـینی بـەهای نـەرم کـردن و بـەر مەلاشـوودان و پەرنەرمـەدان و بەرلێودان و ئاوازەداری و کپی لە زمانێکەوە بـۆ زمـانێکی تـر یـان لەزارێکـەوە بـۆ یەکێکی تر دەگۆڕێ.

کە مۆرفیمێکی نوێ فێـردەبین تـەنیا گـوێ دەدەینـە ئـەو سـیمایانەی کـە لـە فۆینمی تری جیا دەکەنەوە، ئەو تایبەتیانەی کە هۆی یاسـای گـشتی زمانەکـە وە دەردێ بە فۆنیم توانای جیاکردنەوەیان نییە و گوێیان نادرێتێ، بۆنموونە، دەنگـی (پ) لە وشەی (پێ) دا لەرووی فۆنەتیکەوە لەو دەنگانە یەك دەربازەو لێوەکییـەو کپەو قورس دەربازی و لێـوەکی و کپـی سـیمای جیاکردنـەوەن، وشـەی (پـێ) لـە

(دیٚ) و (زیٚ) و (بیٚ) جیادەکەنەوە، بەڵام قورسی سیمای جیاکردنەوە نییە، چونکە بەهۆی یاسایەکی گشتی کوردییەوە پێش بینی دەکریٚ هەموو دەربازێکی کوردی لە هەموو شوێنێکدا قورس بیٚ، دیسانەوە یەکێك لە بنەما فۆنۆلۆجیەکانی کوردی ئەوەیە کە ئەو بزوێنانەی بەرزن و پشتی زمان دروستیان دەکات، (/و / و / ئۆ/) لە گەڵیاندا خر دەکرێت، بە پێچەوانەشەوە بزوێنەکانی پێشەوە لێو گرمۆڵ کردنیان لەگەڵدا نییە، ئەم هەڵکەوتەی بزوێنەکانی کوردی پێویست نییە لەگەڵ هەمو وفۆرمێکدا لەبەر بکریٚ، لەدەربڕینی وشەیەکی وەك(کیٚ) دا قسەکەر هەر ئەوەندە دەزانیٚ کە بزوێنەکە لەوانەی پێشی زمانەو(بەمە لە/ کۆ/ جیادەبێتەوە)، بەرزە خرکردنەوەی لەگەڵدا نییە، چونکە لێو خرکردنەوە یان نەکردنەوە سیمایەکی جیاکردنەوە نییەو بەیاسایەکی گشتی پێش بینی دەکریٚ لەکوردیدا.

ئەوتایبەتیەی کە لەشوێنێکی مۆرفیمێکدا سیمای جیاکردنەوەیە مەرج نییە لەشوێنی تریشدا مۆرفیم لەیەکتری جیابکاتەوە، بۆنموونە، کپی و ئاوازەداری لە دەربازدا لەکوردیدا سیمایەکی جیاکردنەوەیە لەزۆربەی شوێنەکاندا(بروانە، یان / پان، لەب و لەپ....هتد، بەڵام لە چوارچێوەیەکدا کە دەنگێکی کپی تری بەدودا بێت، ئاوازەداری ئەوە دەکەوی کە مۆرفیم جیابکاتەوە(بڕوانە– چی بکەم؟ چی بکەم)، لەم شوێنەدا جیاوازی نێوان کپی و ئاوازەداری (لەکار خراوە)، بەواتای ئەوەی جیاوازی نێوانیان بەکارنایەت بۆ پەیوەندی کردن(واتا گەیاندن).

ئەو راستیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە فۆنیم کەرت دەکریٚ بۆ پارچەی وردتر لەخۆی و هەر فۆنیمێك پێکهاتووە لەکۆمەڵە سیمایەکی جیاکردنەوە بۆ نموونە، مۆرفیمێکی وەك (پان ) لەرووی فۆنۆلۆجیەوە بەم جۆرەی خوارەوە دەتوانریٚ پیشان بدرێت.

لەرووی فۆنۆلۆجیەوە بەم جۆرەی خوارەوە دەتوانریٚ پیشان بدرێت:–

| پ | دەرباز | أ | پێشەوە | ك | کب |
|---|---|---|---|---|---|
| | کپ | | نزم | | دەرباز |
| | لێوەکی | | بزوێن | | نەرمۆك |

لێرەدا هـەر ئـەو سـیمایانەی دەنگەکـەمان پێیـشان داوە کـە بـۆ جیاکردنـەوە بـەکاردێن، دەبـێ ئاگـاداری ئـەوەش بـین کـە ئـەم دەنگانـە، ئەگـەر لـەرووی فۆنەتیکەوە وردلێك بدەینەوە، جگە لەم سیمای جیاکردنەوانە، تایبـەتی تریـشیان تێدایـە وەك تایبـەتی قورسـی لەکـەرتی یەکەمـداو تایبـەتی دەرنـەبڕین لەکـەرتی سێیەمدا، ئـەم نەخـشەیەی سـەرەوە ڕۆنـانی فۆنۆلـۆجی مـۆرفیمی (پـاك) پیـشان دەدات نەك ڕۆنانی فۆنەتیکی کە ئاسایی ڕاستی وردترمان دەداتێ.

٤- بڕگە:-

بڕگـە زیـاتر لەهـەموو دانـەکانی تـری زمـان قـسەی لەسـەرە هەرچـەندە لـە هەمووشـیان کـۆنترو ناسـراوترە، لەگەشـەی فۆنۆلۆجیـدا بڕگـە مێژوویـەکی پـڕ لـەگیروگرفتی هـەبووە، هـەموو ئـەو هەوڵانـەی دراون بـۆ دانـانی پێناسـەیەکی فۆنەتیکی یان فۆنۆلۆجی بڕگە سەرکەوتو نـەبوون و نـەیان توانیـوە چـارەیەك بـۆ هەموو ئەو دیاردانە بدۆزنەوە کە بە بڕگەوە بەنـدن، ئـەم کێـشەیە وای لـە هەنـدێ زمانەوان کردووە کە بڕگە بەکەرەسـەیەکی ناپێویـست دانـێ لەگـەڵ ئەوەشـدا کـە بەڵگە لەسەربوونی بڕگە زۆرە، هەندێ زمانەوانی تر بڕگە بە دانەیەکی بێ کەڵك لـە زانستی زمانـدا دادەنـێن، هەنـدێکی تـر وای بـە باشـتر دەزانـن کـە هـەر بەتـەواوی بیخەنـەلاوەو لـەخۆیانی دوور خەنـەوە بـەوەی دان بـەبوونی هـیچ دانەیـەکی ڕێکخستندا نەنێن لەنێوان کەرت(فۆنیم) ووشەدا(چۆمسکی وهالی ١٩٦٨).

ئەم باوەڕانەی سەرەوە دەربارەی بڕگە، دەگەڕێتەوە بـۆ چـەند هۆیـەك جگـە لەنەبوونی پێناسەیەکی وردی دیاردەکە:-

(١) لەهەندێ زماندا دیاریکردنی سنووری بڕگە شتێکی زۆر ئاڵۆزو گرانە.

(٢) لەگەڵ ئەوەشـدا کـە بڕگـە دیاردەیـەکی زۆر بـڵاوە لەزمانـەکانی جیهانـدا، زمانەوانەکان تا ئێستا ڕێك نەکەوتوون تا چ ڕادەیەك و چەند لەم بنەما جیهانیانەی بڕگە ببنە ناو تیۆری فۆنۆلۆجیەوە.

(٣)یەکێك لـە بەڵگـە هـەرە گرنگـەکانی بـوونی بڕگـە ئەوەیـە کـە قـسەکەرانی زمانێك بەئاسای هەستی پێدەکـەن و دەتـوانن نـەك هـەر ژمـارەی بڕگـەی گوتنێـك دیاری بکەن، بەڵکو لەناوخۆشیاندا لەسـەر ژمارەکـە ڕێـك کـەون، لێکۆڵینـەوەکانی

ئەم دواییە بە تایبەتی ئەوانەی لیبرۆن(١٩٦٦)، ئەم باوەڕەی بەتەواوی ڕەت کردۆتەوە و بە بەڵگەوە دەیسەلمێنێ لەزۆر زماندا خەڵکی لەناو خۆیاندا لەسەر ژمارەی بڕگە ڕێك ناکەون.

ئەم هۆیانەی سەرەوە ئەوە ناگەیەنن کە بڕگە نییە یان دانەیەکی بێ کەڵکە لەزمانەوانیدا، بەپێچەوانەوە، زمانەوانی ناتوانێ واز لە بڕگە بێنێ لەبەرچەند هۆیەکی وەك:-

١- هەموو کەسێك یان قسەکەرێکی زمانێکی دیاری کراو هەست بەوە دەکات کە لەزمانەکەیدا بڕگە هەیە، هەندێجار بێ ئاگایانە ئەم ڕاستییە دەسەلمێنێ، بۆنموونە، کە هەڵە دەکات جێگەی بڕگەکان دەگۆڕێ، دیسانەوە هۆنراوە بەڵگەی تەواوی ئەم بەئاگابوونەیە.

٢- هەندێ یاسای زمان بەتایبەتی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندییان بەشوێنی هێزو درێژی دەنگ و وەستان و ڕژانە ناویەك و دابەش بوونی فۆنیمەوە هەیە لەزۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەپێی بڕگە دانراون، لابردنی بڕگە ناچارمان دەکات کە ئەم یاسایانەیش بگۆڕین و بەجۆرێ تر دەریان بڕین، ئەمەش شتێکی ئاسان نییە و تائێستەش بڕێتیەکی سەرکەوتوو بۆ بڕگە نەدۆزراوەتەوە.

٣- لەبەرئەوەی زمانەوانی باوەڕی بەوە هەیە کە زمان قسەیە، دەبێ باوەڕیشی بەوە هەبێ کە بڕگە دانەیەکی بەکەڵکە، چونکە بڕگە لەقسەدا کەڵکی لێوەردەگیرێ، ئەگەر فۆنیم دەرنەبڕی(گۆنەکرێ×)، ئەوا دەتوانین واز لە بڕگە بێنین، بەڵام بەڵگە نەویستە کە دەنگی زۆربەی فۆنیمەکانی زمان بەتەنیا بەتەواوی گۆناکرێن.

بۆنموونە، دەنگی(ك) زۆر بەگران دەردەبڕێ، ئەگەر بزوێنێکی لەگەڵدا نەبێ لەپێشەوە یان دواوە، هەروەها دەنگی(ت)، هەرچەندە دەتوانرێت بەتەنیا دەربڕێت، بەڵام ئەوەندە نزم و کپ دەردەچێت بڕناکات بێ یارمەتی دەنگێکی بزوێن، کەواتە کۆبوونەوەی بزوێن و نەبزووێن و دروستکردنی دانەیەك لە ئەنجامی ئەم کۆبوونەوەیەدا یەکێکە لەو بارانەی کە قسەکردن هێناویەتیە کایەوە و دەبێ دانی پێدابنرێ.

بەدوو شێوە دەتوانین لەبڕگە بکۆڵینەوە(Malmberg,209-212):-

١- شێوەی فۆنەتیکی:-

لەم شێوەیە دا ئەو یاسایانەی بۆ بڕگە دادەنرێ پەیوەندی بەزمانێکی دیاری کراوەوە نابێ بەڵکو شێوەیەکی گشتی وەردەگرێ و واچاوەڕێ دەکرێ کە بەکەڵکی هەموو زمان بێ، هەر لەبەر ئەم هۆیەشە کە کەم و کورتییەکی زۆری تێ دەکەوێ و هەرگیز بەتەواوی ناتوانێ سنووری بڕگەمان بۆ دیاری بکات، بەتایبەتی کە سنووری بڕگە خۆشی شتێکی نەگۆڕ نییە و بەپێی شێوازی قسەکردنیش لەناو تاکە زمانێکیشدا دەگۆڕێ، کە بەشێوەی فۆنەتیکی لەبڕگە دەکۆڵینەوە دوو جۆر تیۆر دێتە کایەوە.

أ- تیۆری دەرکەوتوویی دەنگ:-

بەپێی ئەم تیۆرە لەو بڕگانەدا کە لە دەنگێ زیاتر پێك دێن یەکێك لەم دەنگانە دەرکەوتوویی زیاتر دەبێ، لەوانیتر، ئەگەر تەنیا یەك دەنگی دەرکەوتوومان لەوشەیەکدا هەبێ ئەوا ئەو وشەیە بەیەك بڕگەیی دادەنرێ، خۆ ئەگەر دوو دەنگی دەرکەوتوویان زیاتر هەبووە ئەو وشەیە فرە بڕگەیە، بەواتای ئەوەی لەچەند بڕگەیەك پێك هاتووە، دەنگی دەرکەوتوو مەرج نییە هەر بزوێن بێت، هەرچەندە بزوێن لەنەبزوێن دەرکەوتووترە، دەرکەوتوویی دەنگ دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:-

١- ئاوازەداری: دەنگی ئاوازەدار دەرکەوتوویی زیاترە لەدەنگی کپ، بۆنموونە فۆنیمی /د/ لە /ت/ دەرکەوتووترە.

٢- درێژی: تا دەنگێ درێژتربێت دەرکەوتوویی زیاتر دەبێ، بۆنموونە فۆنیمی /أ/ لە /ە/ دەرکەوتووترە.

٣- هێز: ئەو دەنگەی هێزی لەسەرە دەرکەوتوویی لەدەنگەکانی تر زیاترە، بۆنموونە، دەنگی/ی/ دواوەی وشەی (بیرتیژ) لەدەنگی /ی/ پێشەوە دەرکەوتووترە لەبەرئەوەی هێزی وشەکەی لەسەرە.

٤- دوورو نزیکی لەو دەنگانەی کە دەرکەوتوون: تا دەنگ لەدەنگێکی دەرکەوتووەوە نزیك کەوێتەوە دەرکەوتووی خۆی کەم دەبێتەوە، بەپێچەوانەشەوە، ئەگەر دەنگێ بچێتە پاڵ دەنگێکی دەرنکەوتووەوە، ئەوا زیاتر دەردەکەوێ، بۆ نموونە، بەشێ لە

دەرکەوتوویی دەنگی/ر/ لەوشەی (ترێ) دا لەوەوە هـاتووە کـە چۆتە پالّ/ت/ کە دەنگێکی نا دەرکەوتووە.

بەپێی تیۆری دەرکەوتوویی دەتوانین بلّێین برگە بریتییە لـە کۆمەلّـە دەنگێـك کـە یـەکێکیان لـە هـەموو ئـەوانیتر دەرکـەوتووتربێت، بەشـێوەیەکی گـشتی، دەنگەکانی زمان بەپێی دەرکـەوتوویی لەکەمـەوە بـۆ زۆر بـەم پێیـە شـێوەیە ریـز دەبن:-

١- دەربازەکان/پ، ت، ك/ (کپەکان).
بەخشپەکان/ ف، س، ش/
ئەفریکێتی کپ/چ/.
٢-دەربازە دەنگدارەکان/ر، د، گ/.
بەخشپەی دەنگدار/ ڤ، ز، ژ/.
ئەفریکیتی دەنگدار /ج/.
٣-دەنگەکانی ناو لووت: /م،ن/.
٤-دەنگە لاوەکییەکان /لّ، ل/.
٥-دەنگە لەرزوکەکان/ڕ، ر/.
٦-بزوێنە بەرزەکان/ی، وو/ و نیوە بزێنەکان/و، ی/.
٧-بزوێنەکانی نێوان/و، ە، ێ/.
٨-بزوێنی (أ و ئۆ)... ئەم دوانە هەرە دەرکەوتوون.

شـایەنی تێبینییـە کـە هەنـدێ لـەو لێکۆلّینەوانـەی لـەم دواییـە دا دەربـارەی ڕێزبوونی دەنگەکان لەچوارچێوەی برگەدا کراوە وای پیشان دەدا کـە لەهێـشووی سەرەتادا دەرکەوتوویی بەرەو زیادبوون دەڕوات لەسـەرەتاوە تـا دەگاتـە نـاوکی برگەکە کە لووتکەی دەرکەوتووینە، هێشوو بزوێنی سەرەتای برگەی کوردیش ئەم راسـتییە زیـاتر دەسـەلمێنێ، چـونکە تـەنیا دوو جـۆر هێـشووە بـزوێنی سـەرەتا لەکوردیا دەبێ و هەردوویکان کەرتی دووەمیان دەبێ نیوە بزوێن بێت(نیوە بزوێن دەرکەوتوویی لەهەموو بزوێنێك زیاترە بەپێی نەخشەکەی سـەرەوە)، بـۆ نموونـە،

لەوشەیەکی وەك(گوان)دا پلەی دەرکەوتوویی لە(گ) دا کەمە لە (و) دا زیاتر دەبێ تا دەگاتە دەنگی (أ) کە ناوکی بڕگەکەیە و لوتکەی دەرکەوتووییە.

ب- تیۆری نەبز:-

ئەم تیۆرە باوەڕی وایە کە نەبزەکانی سی ژمارەی بڕگە دیار دەکات، بەپێی ئەم تیۆرە بڕگە بریتییە لەو کۆمەڵە دەنگەی کە بەیەك تەوژم(جار) لەسییەوە دەردەچێ.

یەکێك لە کەم و کورتی لێکۆڵینەوەی فۆنەتیکی بڕگە بەشێوەیەکی گشتی لەوەدایە کە ناتوانێ سنووری بڕگەمان بۆ جیابکاتەوە، بەواتای ئەوەی کە ئەگەر بمانەوێ بەشێوەی فۆنەتیکی لەبڕگە بکۆڵینەوە، ئەوا لەوانەیە هەرگیز نەگەینە یاسایەکی گشتی کە سنووری بڕگەمان لەهەموو زمانەکاندا بۆ دیاری بکات، چونکە نەك هەر زمانە بەجۆرێك سنووری بڕگە دیاری دەکات و جۆرێکی بڕگە پەسەند دەکات بەسەر جۆرەکانی تردا، بەڵکو سنووری بڕگە لەشێوازێکەوە بۆ شێوازێکی تری هەمان زمانیش دەگۆڕێ، لەبەرئەم کەم و کورتییەی تێڕوانینی فۆنەتیك دەربارەی بڕگە، زۆربەی زمانەوانەکان باوەڕیان وایە کە دەبێ بەشێوەیەکی فۆنمێکی یان وەزیفی (بەپی ئەرك لەبڕگە بکۆلرێتەوە، بەواتایەکی تر بۆ دیاریکردن سنوورو پێناسەکردن بڕگە خۆی دەبێ لەزمانێکی دیاری کراودا لەدیاردەکە بدوێن.

٢- شێوەی ئەرکی یان فۆنمیکی:

بەپێی ئەم بۆچوونە بڕگە ئەو کۆمەڵە دەنگەیە کە فۆنۆتاکتیکی زمانەکە سنووری بۆ دیاری دەکات، لێرەدامەبەست لە فۆنۆتاکتیك ئەو یاسایانەن کە ریزبوونی دەنگەکان لەناو چوارچێوەی بڕگەیەکدا یان وشەیەکدا دیاری دەکەن، بۆنموونە، یاسایەکی فۆنۆتاکتیکی کوردی ئەوەیە کە ئەگەر دەنگێکی نەبزوێن کەوتە نێوان دوو دەنگی بزوێنەوە، ئەوا نەبزوێنەکە لەگەڵ بڕگەی دووەمدا دەڕوات، بەواتای ئەوەی کە دەبێتە پارچەی پێشەوەی بڕگەی دووەم، وەك بەم نموونانەدا دەردەکەوێ: ئەرۆم (ئە. رۆم)، ناخۆم( نا. خۆم)، ناکەم(نا. کەم)،

ئەزانم(ئـە. زا. نم)..هتـد.ئـەم یاسـایەش بەشـێکە لـە یاسـایەکی گـەورەو بڵاوتـری فۆنۆتاکتیکی کوردی کە ناهێڵێت بەشی پشتەوەی بڕگە دەنگی تێدا گـزرە بێـت و مەیلی ئەوەی تێدایە کە زۆربەی بڕگەکانی کراوە و سووك بێت.

بڕگە لەسێ بەشی سەرەکی پێك دێ، پێش و لوتکە و پـاش، ئاسـایی پـێش و پاشی بڕگە دەنگێ نەبزوێن پێکی دێنێ، لوتکەش دەبـێ ئاسـایی یـان بـزوێن بێـت یان دەنگی وەك بزوێن رەفتارکات، پاش و پێشی بڕگـە لەوانەیـە نـەبێ، ئـەو سـا هـەر لوتکەکـە بـە تـەنیا بڕگەکـە پێـك دێـنێ، بۆنموونـە، هـەردوو بڕگـەی وشـەی (کاروان) هەرسێ بەشەکەی بڕگەیان تێدایە، بەڵام بڕگەکانی وشەی(ئێوە)، بەشـی پاشـەوەیان نییـە( ئـی، وە) بڕگـە نییـە لـە کوردیـدا بەشـی پێـشەوەو لووتکـەی تێدانەبێ، هەروەها بڕگەش نییە کە لووتکەکەی دەنگێکی نەبزوێن بێ، (وشـەیەکی وەك (ش) بـەواتای (بـێ دەنـگ بـە) لێـرەدا بەوشـەی زمـانی دانـەنراوە)، ژمـارەی بڕگەی وشەیەك وەك ژمارەی بزوێنەکانی وشـەکەن، بەواتایـەکی تـر، چـەند بـزوێن لەوشەیەکدا هەبێ لەوەندە بڕگە پێك هاتووە بـۆ نموونـە، وشـەیەکی وەکـو ( پـڕ، شڕ، دڕ) لە یەك بڕگە پێکهاتووە، چونکە یەك بزوێنی تێدایە، وشەی(دارا و ماڵان و کاروان) دوو بڕگەیین وشەی (جیانابێتەوە) پێنج بڕگەییە...هتد.

جۆری بڕگە پەیوەندی زۆرە بەمۆسیقای زمانـەوە، ئـەو زمانانـەی کـە بڕگـەی قورسـیان زۆرە، بـەواتای ئـەوەی پـاش و پێـشی بڕگـەیان فـرە کەرتـە، بـەلای گـوێگرەوە (موسـیقی) نـین، بەپێـچەوانەشەوە، ئـەو زمانانـەی بڕگـەکانی بـەزۆری کراوەن(بەلووتکە دواییان دێ) یان پاشی و پێشیان هێشووە نەبزوێن نییە، بـەلای گوێگرەوە زمانێکی موسیقین، زمانی ئینگلزی لەنێوان ئەم دوو جۆرە دایە، چونکە بڕگــەی کــراوەو بڕگــەی قورسیــشی زۆرە، کــوردی بەپێــچەوانەوە، بەشــی زۆری بڕگـەکانی کـراوەن و بڕگـەی قورسیـشی نییـە چـونکە نـە لەپاشـی و نـە لەپێـشی بڕگەوە رێگە بەهێشووە نەبزوین زۆر کەم دەدات، بۆ روونکردنەوەی ئـەم راسـتییە وا لەخوارەوە دوو دێرە شیعری کوردی هاوچەرخ کـەرت دەکـەین و سـەرنجێك لـە جۆری بڕگەکانی دەدەین:-

هە. موو. ڕۆ. ژی لە. بەر. سەیـ. ری بـ. تی ئەو. بەژ. نوو. با.ڵا. یە

لە. سەر. رێیـ. دا. ئە. وەس. تم. من. هە. تا. کو. ئا. وی. پێم. دا. یە.

سەرنجێکی سەر پێی لەم دوو دێرە شیعرە کە بە هەردووکیان (٣٢) بڕگە یان تێدایە بۆمان دەردەخات(١) کە لەم سی و دوو بڕگەیە تەنیا دەیان بڕگەی داخراون و (٢٢) یان بڕگەی کراوەن لەو جۆرە کە لە نەبزوێنێك و بزوێنێك پێکهاتوون( ئەو جۆرەی کە لە هەموو زمانەکانی گێتیدا پەسەندە).

(٢) لەم سی و دوو بڕگەیە هیچیان بڕگەی قورس نین، بەواتای ئەوەی لەپێش و پاشی بڕگەکاندا هێشووە دەنگی نەبزوێن گرزە نەبووە، بەڵکو بڕگە داخراوەکانیش (وەك بەر، من، بەز....هتد) کۆتاییان بەدەنگێکی نەبزوێن هاتووە نەك هێشووە دەنگ، بڕگەی(ئەو)یش لەرووی فۆنەتیکەوە نەك فۆنۆلۆجی پێشی هەیە، ئەگینا بڕگەکە هەر لوتکەکەو پاشەکەی دیارە.

زۆربەی ئەو راستیانەی کە لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە دەربارەی رۆنانی ناوەوەی بڕگە دەریخستوون، لەبڕگەی کوردیشدا تێبینی دەکرێت وا لە خوارەوە هەندێ لەم رستانە روون دەکەینەوە (بێل هوپەر ١٩٧٨ : ٨- ١١).

١- لەچوارچێوەی وشەدا وەك دانەیەکی فۆنۆلۆجی کەم جار دوو بزوێن دەچنە سەریەك، ئەم دیاردەیە لەشێوەی زمانەکانی گێتی دا وایە، هەروەها لە کوردیشدا رێگەی نادرێ.

٢- لە ١٠٪- ١٥٪ی زمانەکانی گێتی رێگە بە دواهاتنی دوو نەبزوێن بەسەر یەکەوە نادەن، لەکوردیدا ئەم جۆرە بڕگەیە هەیە و دوو نەبزوێن ئاسایی دەتوانن پاشی لووتکە بگرن وەك لە (ئەرك، ئارد، ئەشك...هتد) بەڵام لەسەرەتادا نموونەی وا لەکوردیشدا بەدەگمەن دەبینرێ.

٣- لەبەشی زۆری زمانەکانی گێتیدا بڕگە لەجۆری نەبزوێنێك+ بزوێنێك شوێنێکی تایبەتی هەیە، بەواتای ئەوەی لەو جۆرەیە کە پەسەندە . گۆڕانی بڕگەیی بەو مەبەستەیە ئەم جۆرە لەزماندا زۆربێت، دیسانەوە ئەم جۆرە بڕگەیە لەکوردیشا زۆر بڵاوەو پەسەندە، زۆربەی جاریش کە سنووری بڕگە لەکوردیدا دەگۆڕێ بەو مەبەستەیە کە بڕگەی لەم جۆرە بێتە کایەوە، بۆنموونە، بڕوانە چۆنیەتی کەرت کردنی گوتنێکی وەك(دزیم، د. زیم) و بەراوردی بکە لەگەڵ (دزێکمان و دزیمانن- د. زی. مان/ د. زی. ما. نن) لە (دزیمان)دا بڕگەی دووەمی(دزیم، دەکرێتەوە و لە (دزیمانن() دا بڕگەی سێیەمی (دزیمان)

دەکرێتەوە، بەم جۆرە لەسنووری فۆنۆلۆجیدا، سنووری بڕگەکان دەگۆڕێ بەو مەبەستەی تا لە تواناداا بێت بڕگەی کراوە زیاتر بێت.

٤- لەنزیکە ٢٠٪-٤٠٪ زمانەکانی گێتی دا لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بڕگەو وشە دەبێ بە نەبزوێن دەست پێ بکات، لەڕووی فۆنۆلۆجییەوە دیسانەوە وشەی کوردی بەنەبزوێن دەست پێ دەکەن، چونکە هەموو بزوێنەکانی کوردی لەسەرەتادا دەنگی نەبزوێنی(ی) (هەمزە)یان لەگەڵدایە هەروەك نووسینی کوردی دەریدەخات، بڕوانە، (ئاو، ئارد، ئۆخەی، ئێمە، ئەمە...هتد).

٥- لەزمانەکانی گێتی دا هێشووە نەبزوێنی پێشەوە بڵاوترە لەهێشووە بزوێنی کۆتایی، زمانەکانی جیهانی هێشووە نەبزوێنیان لەپێشەوەیە بەڵام ژمارەیەکی زۆر کەمتر هێشووە بزوێنی دواوەیان هەیە، لەکوردیدا هێشووە دەنگ لەپاش لووتکەی بڕگەوە دەبینرێ بڕوانە(ئارد، ئەرك، گە، یشت، ...هتد).

٦- ریزبوونی دەنگەکان لە هێشووە نەبزوێندا بەپێی دەرکەوتووییە و تا بەرەو لوتکەی بڕگە بڕۆین دەرکەوتوویی لەزیادبووندایە، ئەو هێشووە کەمانەی لەزمانی کوردیدا هەن ئەم باوەڕە دەسەلمێنن وەك(گوا. رە)، (گیان)، (گەو، رە)،...هتد.

٧- لووتکە مەرج نییە هەر بزوێن پێکی بێنی و لە زۆر زماندا دەنگی تریش ئەم دەورە دەبینن و دەنگی لەرزۆك(ر، ڕ) و بەخشپە و تەنانەت دەربازیش بەم کارە هەڵ دەستن، لەکوردیدا بڕگە نییە لووتکەی بزوێن نەبێ (لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە).

٨- نیوەبزوێنی(و، ی) لەو کەرتە دەنگیانەیە کە زۆر پەسەندن بۆ لکاندن بەواتای ئەوەی لەبڕگەدا دەچنە نێوان دوو نەبزوێنەوە یان نەبزوێنێك و لووتکەی بڕگەکە، ئەم راستییە لەکوردیدا زۆر ئاشکرایە چونکە/ و/ و/ ی/ زۆر جار بۆ شکاندنی هێشوو بەکاردێن و لەسەرەتاشەوە لەو هێشووە کەمانەی کە کوردی هەیەتی خۆیان دەبنە کەرتی دووەم، گیا، چیا، چوار، ...هتد.

بڕگە دوا دانەی ئاستی فۆنۆلۆجی نییە کە زمانەوانەکان جیایان کردبێتەوە، بەڵکو بەدوای ئەمیشدا و لەمەیش گەورەتر دانە هەیە لەم ئاستەی زماندا، بەڵام شایەنی تێبینی یە کە تا بەرەو دانەی فۆنۆلۆجی گەورەتر بڕۆین ناسینەوە دانەکە

کە گرانتر دەبێت، چونکە سنووری دانەکە کاڵ دەبێتەوە وای لێ دێ لەگەڵ ئاستەکانی تردا تێکەڵ دەبێ و دیاری کردنی بەندە دەبێ بەوانەوە، بێ گومان تا ناسینەوەی دانەکەش گرانتر بێ و سنوورەکەی کاڵتر بێ ئەوا دانەکە کەمتر کەڵکی لێ وەردەگیرێ، لەسەروو بڕگەوە، زۆر زمانەوان دانەی(ڕەوە بڕگە) دەناسێنن، و جیای دەکەنەوە*، مەبەست لەڕەوە بڕگە کۆمەڵە بڕگەیەکە کە بەیەکەوە بە یەك تەوژم یان هەناسەی لەدەم دەردەچن، بەدوای ڕەوە بڕگەدا، (ڕەستەی فۆنۆلۆجی) دەناسرێتەوە کە وەك هەندێ زمانەوان باوەڕیان وایە بە(وەستاندن) کۆتایی دێت هەرچەندە لە ڕستەی فۆنۆلۆجی بەدواوە تا ئێستا هیچ دانەیەکی فۆنۆلۆجی دانەنراوە، زۆربەی زمانەوانەکان هەست بەوە دەکەن کە دانەی گەورەتریش هەیە، بۆنموونە، پەرەگراف کە لەڕووی ڕێزمانیەوە دانەیەکە سەرەتاو کۆتایی دیاری دەکرێ وتایبەتی خۆی هەیە...) یەکێك لەو هۆکارە گرنگانە کە نایەڵێ دانەی تر لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا دیاری بکرێ، ئەوەیە کە هەر دانەیەك بەدوای بڕگەدا بێت و لەبڕگە گەورەتربێت دەبێ پەیوەندی لەگەڵ واتادا هەبێ.

بۆنموونە ڕەوە بڕگە و ڕستەی فۆنۆلۆجی هەردووکیان واتایان هەیە، چونکە بەرامبەر فرێزو ڕستەی ئاسایی دەوەستن، بەمە ڕەفتارییان لەڕەفتاری دانەی فۆنۆلۆجی ناچێت، چونکە یەکێك لە تایبەتیە هەرە گرنگەکانی دانەری فۆنۆلۆجی وەك فۆنیم و ئەلەفۆن و سیمای جیاکردنەوە ئەوەیە کە ناسینەوەو جیاکردنەوەو پێناسەکردنیان لەسەر بنەمای واتا نایێت و پەیوەندی بەواتاوە نییە، دیسانەوە ناسینەوەو پێناسە کردنی بڕگەش پەیوەندی بەواتاوە نییە، ئەگەر بڕگەیەك واتای

---

* بەرای هەندێ کوردەوان(بۆنموونە د. وریا عومەر) لەوانەیە ڕەو بڕگە تەفعیلەی دێڕی شیعری بێ، چونکە دێڕ دەبێ بەدوو بەیت و هەر بەیتێکیش دەبێ بەچەند تەفعیلەیەکەوە:

/کان–یەکی/ ڕوو– نی – بەر/ ت – ری – فەی/ مان– گە – شەو/

/ لە – بن– یا/ ب – لەر– زێ/ مر– وا– ری/ زیـ – خو– چەو/

ئەم ڕایەش لەدێرەوە لەلایەن(ئەبەرکرۆمبر) ەوە خراوەتە ڕوو، هەر لەبەرئەمەشە(ڕەوە بڕگە) هەندێ جار بە(Toot) ناو دەبرێ.

هەبێت، وەك(با)، (رەش)، (دار)، (كار)...هتد) ئەوە لەئەنجامی ئەوەوەیە كە لە هەمان كاتدا مرۆفیمیشە(Bolinger,1972 :66).

### ٥- مۆرفیم و ئەلۆمۆرف:-

بەدوای داهێنان و ناسینەوەی بیری فۆنیم لەكۆتایی سییەكاندا زمانەوانەكان كەوتنە گەڕان بەدوای دانەیەكی ڕێزمانیدا كە هەمان دەوریان بۆ بێنێ، ئەوە بوو لەسەرەتای چلەكاندا بیری مۆرفیم هاتەكایەوە، بەپێی ئەم بیرە هەموو كەرەسەیەكی ڕێزمانی شیدەكرێتەوە بۆ چەند دانەیەكی بچووك كە پێی دەوترێ(مۆرفیم) و ئەلۆمۆرفیش وەك زاراوەیەك بۆ ئەو شێوە جیاجیایانەی مۆرفیمێك بەكاردێ كە لە چوارچێوەی تردا ئەركی مۆرفیم دەبینن، لە نوسینی چلەكانا مۆرفیم بەشێوەیەكی گشتی وەك خشت یان بەرد سەیر دەكرێ، وەك چۆن خانوو یان دیوار لەبەرد دروست دەكرێ، وشە و فرێزو رستەش هەر بەم جۆرە لەلێكدان و ریزكردنی مۆرفیمەوە دروست دەبێ،( كرستەل: ١٨٨).

مۆرفیم بچووكترین كەرەسەی زمانەكە واتای هەبێت، واتای مۆرفیمێك بەرامبەر واتای هەموو مۆرفیمەكانی تری زمانەكە دەوەستێ، بەواتای ئەوەی لەهەموویان جیاوازە، دوو خاڵ لەم بنەمایەوە هەڵ دەقوڵێ(كریستەل ٩٧١: ١٩٣).

١- ئەگەر مۆرفیمێك بۆ گوتنێك زیاد بكرێ یان لابرێت لێی، واتای گوتنەكە دەگۆڕێ، بۆنموونە، شارەزایی، (شارەزاییان) بۆ (نەشارەزایی) لەگەڵ (شارەزا) دا لەواتادا جیاوازن.

٢- ئەگەر مۆرفیم كەرت بكرێ بۆ پارچەی وردتر ئەوا دانەكە دەشێوێ و كەرتی بێ واتا دروست دەبێ، (ڕەسەن) بۆنموونە، كەرت ناكرێ بۆ پارچەی وردتر بێ ئەوەی بشێوێ و كەرتی بێ واتامان بداتێ:

رە، سەن...... شیكردنەوەو كەرت كردنی مۆرفیم ڕاستەوخۆ دەمانباتە ڕۆنانی فۆنۆلۆجی زمانەوە، دانەی مۆرفیم لەچەند روانگەیەكەوە تێی دەروانرێ سێیانیان تەواو بلاون(كریستەل ١٩٧١: ١٩٤).

أ- مۆرفیم دانەیەكی فیزیكی یە، بەواتای ئەوەی شێوەیەكی فۆنەتیكی هەیە یان فۆرمە و بوونێكی مادی هەیە.

ب- مۆرفیم واتای هەیە، بەمە لە فۆنیم و هەموو دانەکانی تری ئاستی فۆنۆلۆجی جیادەبێتەوە.

ت- مۆرفیم دەورێکی سینتاکسی هەیە کە لە رۆنانی رێزمانی گەورەتر لە خۆیدا دەینوێنێ، بەواتای ئەوەی لە وشەو فرێزو رستەدا دووپاتدەبێتەوە و ئەمانە دروست دەکات.

ناسینەوەو دیاریکردنی مۆرفیم و ئەلۆمۆرف کارێکی گران نییە و لە زۆر باردا بەبێ گیروگرفت بیرە کە جێبەجێ دەبێ، بۆنموونە، لەرستەیەکی وەك(دوێنێ هەردووکمان چووین بۆ شار) بەئاسانی دەتوانین هەشت مۆرفیم لەیەکتری جیابکەینەوە: دوێنێ، هەر، دووکمان، چوو، ین، ە، شار....دیسانەوە، بەئاسانی هەست بەوە دەکەین کە مۆرفیمی (ەکە) ی ناسیاری زیاتر لەشێوەیەکی (ئەلۆمۆرفیکی) هەیە، چونکە لەهەندێ شوێندا دەبێ بە (یەکە) یان (ۆکە)یان(ئێکە) یان(کە) یان (ئەك)وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەردەکەوێ:

ەکە: پیاوەکە، ژنەکە / ە /: داپیرە

یەکە: چرایەکە (زاری هەولێر)

ۆکە: خانۆکە (زاری سلێمانی)

ئێکە: قاپێکە(زاری سلێمانی)

کە: چراکە، براکە(زاری سلێمانی)، تورەکەکە .

ک: براکان، چراکان

ئەك: پیاوەکان، ژنەکان.

لەبەرئەوەی ئەم هەموو شێوانە لەرووی فۆنەتیکەوە لەیەکتر دەچن و هەمووشیان هەمان ئەرك دەبینن و شێوەکانیشیان بەپێی یاسا گۆڕدراون دەتوانین بەهەموو ئەمانە بڵێین ئەلۆمۆرفی (ەکە) بێ ئەوەی لە بنەما سەرەکییەکانی تیۆری مۆرفیمی لا بدەین.

یەکێك لە کەم و کورتییەکانی بیری مۆرفیم لەوەدایە کە هەموو کاتێ وابەم ئاسانییە کارمان بۆ راناپەڕێنێ و زۆر گیروگرفتی وا دێتە رێگە، کە زمانەوانەکان ناچار دەکات لەبنەما بنەڕەتییەکانی مۆرفیم دەرچن تاوەکو دیاردە کە لێك بدەنەوە، بەواتایەکی تر، بەزۆر ڕاستییەکانیان کردووە بە ناو تیۆری مۆرفیمدا و

بەمـەش تیۆرەکـەیان شـێواندووە(کریـستەل ۱۹۷) بۆنموونـە، مـۆرفیمی کـۆ لـە کوردیدا پێکهاتووە لە (ئان) یان(یان)، لەهەنـدێ فۆرمیـشدا(ئـات) یـان(هـات) یـان (جات) هەمان ئەرك دەبینێ، جگە لەمەش لەگەڵ هەندێ وشـەدا مـۆرفیمی (گـەل) دیسانەوە ناو کۆدەکاتەوە وەك بەم نمونانەی خوارەوە دا بۆمان دەردەکەوێ:

١- (ئان): پیاوان، ژنان

٢- (یان): ئەو برایانە، چرایانە.

٣- (جات و — ئات و هات) : میوە هات و میوەجات.

٤- گەل: کورگەل.


ئایـا هـەموو ئـەم شـێوانەی سـەرەوە دەتـوانرێ بـە ئـەلۆمۆرفی مـۆرفیمی(ان) دابنرێ؟ هەندێ زمانەوان هەر یەکەم و دووەم بە ئەلۆمۆرف دادەنێ و چونکە یـەك ئەرکیان هەیەو لەرووی فۆنەتیکەوە لەیەك دەچن و گۆرانی (ان) بـۆ (یـان) بـەهۆی یاسایەکی فۆنۆلۆجیەوە لێك دەدرێتـەوە، هەنـدێکی تـر کۆمەڵـەی یەکـەم و دووەم سێیەمیش بەیەکەوە دەبەستن و هەموویان بە ئەلۆمۆرفی (ان) دادەنـێ هـەر لەبـەر ئەم هۆیانەی سەرەوە، هەرچەند گۆڕانی فۆنەتیکی کۆمەڵەی سـێیەم وا بەئاسـانی لێـك نادرێتـەوە، بـەڵام تاڕادەیـەك باوەڕەکـە ڕێـی تێدەچـێ چـونکە هـەموو ئـەم ئەلۆمۆرفانە لەشێوەدا لەیەکتری دەچن، هەندێ زمانـەوانی تـریش سـوورن لەسـەر ئەوەی کە کۆمەڵەی چوارەمیش هەر ئەلۆمۆرفی(ان)ە چونکە ئەمیش وەك ئەوانـەی پێشووتر هەمان ئەرك دەبینێ و (ناو کۆدەکاتـەوە) لـەرۆنانی ڕێزمـانی گـەوەرتردا (رستە و فرێز) دەور دەگێرێ.

پەسەندکردنی ئەم رایـەی دوایـی هـەموو بنـەما سـەرەکییەکانی مـۆرفیم تێـك دەدات، چونکە ئەگەر گوێ نەدەینە شێوەی فۆنەتیکی ئەوا دەبـێ دەرگـا بخەینـە سەر پشت و دەیان بیری ناپەسەند ڕێگە بدەن، بۆنموونە، ئەوسا هەموو وشەیەکی هاو واتا(وەك دارستان و لێـر) هـەموو رسـتەیەکی هـاو واتـا( وەك: نـارۆم و ناچـم) دەبنە ئەلۆمۆرف بۆ یەکتری، لەلایەکی تریشەوە دانانی (گەل) بە ئـەلۆمۆرفی- ان) کێـشەیەکی ترمـان بـۆ پەیـدا دەکـات چـونکە دەمانخاتــە دوو هەڵوێـستی دژ

بەیەکترییەوە لە لایەکەوە وشە لە مۆرفیم پێکدێنن، لەلایەکی تریشەوە ئەلۆمۆرفێکمان دۆزیوەتەوەو وشەیە.

کەم وکورتی بیری مۆرفیم لەوەشدا ناوەستێ و هەندێ جار تووشی هەڵوێستی زۆر لەمە نالەبارترمان دەکات، وا لە خوارەوە دوو نموونەی تر لەسەر ئەم گیروگرفتانە دەدەین بۆ روون کردنەوە:—

(١) هەموو کوردیزانێ هەست بەوە دەکات کە مۆرفیمێکی وەك (نوێ) چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێ لەوشەی لێکدراودا وەك بەم نموونانەی خوارەوە دا دەردەکەوێ: (١) (نە— لە نەوزاد)دا (٢) (نۆ—) لەنۆماڵ و نۆ بووکدا (٣) (نوێ—) لەنوێخواز دا، ئەگەر پێ داگرین لەسەرئەوەی کە ئەلۆمۆرف مۆرفیمێك دەبێ لە رواڵەتدا( لەرووی فۆنەتیکەوە) لەیەکتر بچن ئەوا هەروا بەئاسانی ناتوانین ئەمانە بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمێك دابنێ، چونکە نەك هەر تەنها گۆڕانێکی فۆنەتیکی زۆیان تێدا دەبینرێ، بەڵکو گۆڕانەکەش بەهۆی یاساوە دابین ناکرێ، بێگومان ئەگەرهەر سووریش بین لەسەر بنەمای واتا و ئەرکی رێزمانی، دەبێ هەرسێکیان بە ئەلۆمۆرف دابنێین، چونکە یەك واتایان هەیەو لە رۆنانی رێزمانیشدا دەور دەبینن، تەنانەت پەسەند کەرانی رێبازی دووەم دەشتوانن بڵێن کە ئەم جۆرە ئەلۆمۆرفانە لەو جۆرانەن کە بەیاسای مۆرفۆلۆجی زمانەکەوە بەندن و گۆڕانەکە بەهۆی یاسای کاتیەوە(Adhoc rules). دابین دەکرێ:—




ڕاستی ئەم دوو هەڵوێستە دژ بە یەکترییە لە یەك کاتدا نیشانەی ئەوەیە کە بیری مۆرفیم کەلکێکی کەمی هەیە و هەموو زمانێك ناتوانی سوودی لێ وەرگرێ.

(٢) لێکدانەوەی هەندێ فۆرمی وەك ڕۆشت لە ڕستەی ئەو ڕۆشت و بەراوردکردنی لەگەڵ ڕستەیەکی وەك ئەوان ڕۆشتن ئەو راستییەمان بۆ دەردەخات

کـە ڕۆشـت لـەدوو مـۆرفیم پێکهـاتووە:- ڕەگـی کـردار، ڕۆشـت نیـشانەی کەسـی سێیەم:(سفر ، ф).

کەواتە مۆرفیمی نیشانەی کەسی (لە گـەڵ کـرداری ڕابـردووی تێنەپـەڕدا)پێـك هاتووە لەچـەند ئـەلۆمۆرڤ(م، ت، ن، یـن ، ф) کەیـەکێکیان لەشـێوەی سـفردایە، ئەمەش لەگەڵ ئەو بنەمایەدا ناگونجێ کـە دەبـێ مـۆرفیم بـوونێکی هـەبێ چـونکە سفر بوونی فیزێکی نییە، کەواتە جارێکی تر بیری مۆرفیم دووچـاری کێـشە دەبـێ لەم جۆرە دیاردانەدا.

ئـەم نموونانــە ئــەو ڕاسـتییەمان بـۆ دووپـات دەکەنـەوە کـە زمانەوانـەکان لەچلەکاندا لەگەرمەی دۆزینـەوە نوێیەکانیانـدا گوێیـان بەهەنـدێ کێشەی تیـۆری بـیری مـۆرفیم نـەداوەو بـیری مۆرفیمیـان بـە ئـارەزووی خۆیـان بـەم لاو ئـەو لادا ڕاکێشاوە، و بەسـەرهەموو دیاردەکانـدا جێبـەجێ یـان کـردووە بـێ ئـەوەی گـوێ بدەنە ئەو بنەماو سنوورەی خۆیان بۆ مۆرفیمیان کێشاوە، وەنـەبێ ئـەم کێـشانە کە لەسەرەوە لێیان دوایین شتێکی نوێ بێ یان لەمدواییـەدا هەسـتیان پـێ کرابـێ بـەڵکو بەپێـچەوانەوە هــەر لەگەرمــەی ســەرهەڵدانی مۆرفیمــەوە پەنجــەیان بـۆ ڕاکێـشراوە، بـەڵام ئـەم کێـشانە نەبوونـە هـۆی پێداچـوونەوەی بیرەکـە نـە واز لێهێنانی، ئەوەی ئاشکرایە ئێستە ئەوەیە کە بیرەکە کەڵکێکی کەمی لێ دەبینـرێ و بەزۆری بۆ هەندێ زمان دەست دەدا، (کریستەل ١٩٨٠: ١٩٨ ) وەك زمانە لکاوەکـان کـە تێیانـدا مـۆرفیم لـەدوای مـۆرفیم بـە یـەکترەوە دەنووسـێن بـێ ئـەوەی شـێوەی فۆنەتیکیان تێك بچێ یان گۆڕانی بەسەر دابێت.

شایەنی تێبینییە کە هاتنەکایەی ئەلۆمۆرف دەگەڕێتەوە بۆ سێ هۆکار:

(١) کاری دەنگی دراوسێ وەك ئەو گۆڕانانەی بەسەر مۆرفیمی (ەکـە) و(ان)دا هـاتووە(٢) شـێوازی قـسەکردن وەك ئـەو گۆڕانـەی بەسـەر مـۆرفیمی( ەکـە )ی نیـشانەی ناسـیاویدا دێ و لـە چـیرۆك گێڕانــەوەدا ( پیـاوە خـۆی کـرد بـە لای تەویلەداو ئەسپەشێیەی هێنایە دەرێ) ئەلومۆرڤ(ە) دەچـێتە شـوێنی(ەکـە)، (٣) زارەکانی زمان، بۆنموونە، گۆڕانی ئەلۆمۆرڤ (ەکە) بە (ۆکە) و (ئێکـە) لـە وشـەی (قاپیەکە و خانۆکە، جوانۆکە) بەپێی زارەکانی کوردییە.

زمانەوانــەکان زۆر چەشــن مۆرفیمیــان لەیــەکتری جیاکردۆتــەوە بــەڵام لــە هــەموویان گــرنگتر جیاکردنــەوەی مــۆرفیمی بەنــدو ئــازادە، مــۆرفیمی بەنــد بــەو مۆرفیمانــە دەوتــرێ کــە ســەربەخۆ بــەکار نایــەن لــە زمانەکــەدا و دەبــێ لــە گــەل کەرەسەی تردابێن وەك هەموو پێشگر و پاشگرو ناوگرێك: ەکە، ئـ، ان، ە، ب، ئایــە(دارەکــە، دارەکــان)، وەرە، بــڕۆ، بڕۆیــشتایە...هتــد) مــۆرفیمی ئــازاد، بەپێــچەوانەوە دەتــوانێ ســەربەخۆ بــەبێ یاریــدەی کەرەســەی تــر لەزمانەکــە دا بەکاربێت وەك: با، دار، جێگا، دەست.

کێشەیەکی تــر لــەتیۆری مۆرفیمــدا ئەوەیــە تــا چ رادەیــەك دەتــوانین لەکــەرت کردنی وشــەدا بــەرەو دواوە بــڕۆین و بــچینە نــاو مێــژووی زمانەکــەوە، بــۆ نموونــە وشەیەکی وەك (نایاب) لەدوو مۆرفیم پێکهاتووە کەرت دەکرێ بۆ (نا– یــاب) یــان چاکتروایە هەر بەیەك وشە دابنرێ؟ بەلای ئێمەوە چاکتر وایە لەم بارەیــەوە تــەنیا دۆخــی ئێــستەی زمانەکــە لێــك بدەینــەوە و نەچــینە نــاو مێــژووەوە، چــونکە قسەکەرانی ئیمرۆی زمان ئاسایی ئاگاداری مێژووی زمــان نــین و پێویــستیان بەمــە نابێ. (سوسیر ۱۹۵۹ :۱۸۳).

٦- **وشەی لێکدراو دەستە:-**

هەرچەندە وشە دانەیــەکی زمــانی یــەکجار دێــرین و بــڵاو و ئاشــنایە تــا ئێــستا پێناسەیەکی وردو قوڵ و تەواوی نەخراوەتە ڕوو، زانایەکی وەك مالینۆفسکی وشە بەدانەیــەکی خــەیاڵی دادەنــێ و بــاوەڕی بــەوە نییــە کــە بــوونێکی لەزمانــدا هــەبێ(Swaminathan:29) لەشــێوازی قسەکردنیــشدا وشــە لــەدوای وشــە بــەدوای یەکتریدا دێن و هیچ شتێکی نێوانیان سنووری وشەمان بۆ دیاری ناکات.

سەرزاری لەشێوازی نووســین دا پێناســەی و ناســینەوەی وشــە کــارێکی گــران نییە، (وشە نووسین بریتییــە لــەو کۆمەڵــە پیتــەی کــە بــە جیــا دەنوســرێن، بــەڵام لێرەشدا گیروگرفت هەر دێتە کایەوە، وشەیەکی وەك(و) لەکوردیــدا لەگــەڵ وشــەی پــــێش خۆیــــدا دەنووســــرێ لەگــــەڵ ئەوەشــــدا کــــە وشــــەیە و دەبــــێ بەجیابنووسرێت(Hall:424).

یەکێك لەپێناسە بڵاوەکانی وشە ئەوەیە کە وشە بریتییە لـە چـەند مۆرفیمێـك کـە جـێ گـۆڕی ناکـەن، (Hall,1958,133) .کـەڵکی ئـەم پێناسـەیە لەوەدایـە کـە جیاوازییەکی گرنگ لەنێوان رستەو وشەدا دەخاتە روو، ئەو کەرەسانەی کـە وشـە پێك دێنن توندتر بەیەکەوە و بەدوای یەکتریدا گرێ دراون وەك لەو کەرەسانەی کە رسـتە دروسـت دەکـەن، بۆنموونـە، وشـەیەکی وەك(نەشـارەزاییانە) لەچـەند مۆرفیمێ(نە_شارەزا_ییانە) پێك هاتووە کە بەجۆرێك بـەدوای یەکتریـدا ڕێزبـوون، هەر گۆڕانێك لەم ڕێزبوونەدا بکـەین، دانەکـە دەشـێوێنین، بەپێـچەوانەی ئەمـەوە، پـاش و پـێش خـستنی کەرەسـەی رسـتە شـتێکی ئاسـاییە و رسـتە تێـك نـادات، بۆنمونە ئەم رستانەی خوارەوە یەك واتایان هەیە:

دوێنێ پێکەوە سەرمان لەباوکی دا

پێکەوە دوێنێ سەرمان لەباوکی دا

لەلایـەنێکی تریـشەوە کەرەسـەی وشـە تونـدتر گـرێ دراون بەیـەکترەوە و ناترازێن، وەك کەرەسەی ڕسـتە، یاسـای سینتاکسی مـەودای لادان و دەرچـوونی زۆرەو هـەر ئەمەشـە کـە وا لـە ڕسـتە دەکـات هەمیـشە نـوێ و رەسـەن بـێ و وا لەگوێگر دەکات هەست بەوە بکات هەموو جارێ بەرامبەر داهێنـانێکی نـوێ خـۆی دەبینێتەوە، هەرچەندە رەستە سەیر و نـامۆ و ناپەسـەندبێت لـەرووی ڕێزمانـەوە یان واتاوە گوێگر هەر دەتوانێ لێکی بداتەوە و چوارچێوەی وای بۆ بێنێتە کایەوە کە واتایەك بدات بەدەستەوە، بۆنموونـە، تەنانـەت رسـتەیەکی وەك(هێنـدە تاریـك نەبوو تا ببینم) (Swaminathan: 39) کە سەرزاری نامۆ و سـەیرە و لەگـەڵ راسـتیدا ناڕوات، لەچوارچێوەیەکی وەك: نەمتوانی بزانم ڤینۆس لەسەروو ئاسـۆوە دیـاربوو یان نا، هێندە تاریك نـەبوو تـا ببینـم...واتـا پەیـدا دەکـات و دەبێتـە ڕستەیەکی ئاسایی، بێگومان ئەم جۆرە لادان و دەرچوونە لەگەڵ وشەدا ناکرێ وشـە بەرگـەی یاری پێ کردن و بەئارەزوو هەڵ سوڕاندن ناگری و هەر لەبەرئەمەشە کە ڕێگـە زۆر نادات بە کەرەسەکانی جێ گۆڕی بکەن، (فـرین و رفـین و یـەکجاری لەژمارەیـەکی زۆر کەم وشەدا ڕێگەی پێ دەدرێ).

بەڕای هەندێ زمانەوان وشە بچووکترین دانەی زمانەکە توانای جیابوونەوەی تێدابێت(Pe1966: 295). ئەم توانایەی وشە لەنووسینی زۆر زماندا ڕەنگی داوەتەوە بەوەدا بۆشایەکی بچووك لەنێوان سنووری دوو وشەدا بەجێ دەهێلرێ، بەلاّم ئەم بۆشایی دانانە تەنیا خووە و هەندێ جاریش پەیڕەوی ناکرێ، جگە لەمەش لەهەندێ دۆخدا دوو دڵیەکی زۆر لەبابەتەکەدا پەیدا دەبێ و کەس ناتوانێ بزانێ جیاکردنەوە یان جیا نەکردنەوە پەسەندە، لەبەرئەوە پێویستمان بەوە دەبێ ڕێگە بدۆزینەوە بۆ تاقیکردنەوەی ئەم تایبەتیەی وشە وا لەخوارەوە لە سێیان لەم ڕێگانە دەدوێین:-

أ- سنووری ڕستە:- ئەو فۆرمە زمانییەی کە دەتوانێت لەسەرەتا یان کۆتایی ڕستە دابێت دەبێ بە وشە دابنرێت، بۆنموونە، ئەم ئەزموونە بۆمان دەردەخات کە (کوڕەکە) لەم دوو ڕستەیەی خوارەوەدا وشەیە:-

**١- کوڕەکە کەپرەکەی ڕووخاند.**

**٢- کتێبەکەم دا بە کوڕەکە.**

بێ گومان بەپێی ئەم یاسایە بێت، زۆربەشی ئاخاوتنی کوردی نابێ بە وشە دابنرێت، وەك ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی پەیوەست چونکە زۆری ئەمانە نەك هەر لەپێشەوە بەڵکو لەدوای ڕستەشەوە نایەن وەك لەم ڕستانەی خوارەوە دەردەکەوێ:-

**- لەکوێ بەیەکتری گەیشتن؟**

***-بەیەکتر گەیشتن کوێ لە؟**

**- کوڕەکە هات و.....**

***- و کوڕەکە هات.**

ب- جێ گۆڕکێ:- ئەو فۆرمە زمانیانەی لەسنوورێکدا دەجوڵێ و جێ گۆڕکێ دەکات و شوێنی خۆی دەگۆڕێ بێ ئەوەی ڕستەکە تێك بدات یان بیشێوێنێ، دەبێ بە وشە دابنرێ، بەم ڕێگەیەش ناتوانین پیشانی بدەین کە ئامرازی پەیوەندی و ئامرازی پەیوەست وشەن لەکوردیدا، چونکە بەتەنیا خۆیان جێگە ناگۆڕنەوە:-

**- منداڵەکە لەماڵەوە کەوتووە.**

- لەماڵەوە مناڵەکە کەوتووە.
-لەمناڵەکە ماڵەوە کەوتووە.
هات و دانیشت.
* و هات و دانەنیشت.

ج— تیّ ئاخنین:— ئەگەر دوو فۆرمی زمانیی وشە بن دەبیّ بتوانن فۆرمی زمانی تر بخەنە نێوان خۆیانەوە بیّ ئەوەی واتای ڕستە بشێویّ یان ڕستەکە تێك بچێت، بەپێی ئەم بنەمایە بە ئاسانی دەسەلمێت کە (ئاوەڵکار)...هتد وشەن.

- پیاوەکە هات.
- پیرەکە هات.
- پیاوەکە بەدار هات.

بەڵام دیسانەوە ئەم بنەمایەش ناتوانیّ بیسەلمێنیّ کە ئامرازی پەیوەندی لە کوردیدا وشەن، چونکە کەرەسەیەکی زمانی لە کەرەسەی دوای خۆیان جیا ناکاتەوە.

لەترساندا مرد.
* لەزۆر ترساندا مرد.
بەڵام ئامرازی پەیوەست لەم ئەزموونە دەدات.
هات و نەمایەوە .
هات زۆر نەمایەوە.

هات بەڵام دانەنیشت.
هات بەڵام لامان دانەنیشت.

بیٚ گومان دەرچوون لەیەکێك لەم ئەزموونانەدا بەسە بۆ ئەوەی فۆرمێکی زمانی بە وشە دابنرێ، بەم پێیەش بێ، کێشەمان تووش نابێ لەناسینەوە و جیاکردنەوەی وشەدا، چونکە تەنانەت ئامرازی پەیوەندیش لەیەکێك لەم ئەزموونانە دەردەچن، ئەوەتە لەسەرەتای ڕستەوە لەکوردیدا بەکاردێن:—

**لەکەیەوە لێرەیت؟**

**بۆکوێ دەچن؟**

هەموو ئەو ئەزموونانە شتێکمان بۆ دەسەلمێنن ئەویش ئەوەیە کە ئەو کەرەسانەی وشە پێك دێنن تەواو لکاون بەیەکتریدا بەجۆرێکی وا چوونەتە ناو یەکترییەوە کە ڕێگە نادەن فۆرمی تر نێوانیان بگرێ، بەپێچەوانەشەوە، وشە بەئاسانی لەدراوسێیەکانی جیا دەبێتەوە، بەڵام دەبێ بزانین کە ئەم لکاندنەش وەها نییەو دەتوانین نموونەی دژ بێنینەوە بۆ ئەوەی بیسەلمێنین کە تەنانەت کەرەسەی وشەش لەیەکتری جیادەبنەوە،، بۆنموونە(کوڕەکە بەپێی هەرسێ ئەزموونەکەی سەرەوە دەبێ پلەی (وشەی ) بدرێتێ وەك بەم نمونانەدا دەردەکەوێ:—

**کوڕەکە کتێبەکانی برد.(ئەزموونی یەك أ).**

**کتێبەکەم دا بەکوڕەکە(ئەزموونی یەك ب)**

**کتێبەکەم بەکوڕەکەدا.(ئەزمونی ٢).**

**کتێبەکەم بەزۆردا بەکوڕەکە. (ئەزموونی ٣).**

لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەو کەرەسانەی (کە کوڕەکە) پێك دێنن و (کوڕ) و(ەکە) زۆر لکاون بەیەکترییەوە، ناوێك یان ئاوەڵناوێك بەئاسانی جیایان دەکاتەوەو(هەڵە) بۆمان دەسەلمێنێ(بەپێی ئەزموونی ٣) کە(ەکە)ش وشەیە:

**کورە گەورەکە کتێبەکانی برد.**

**کورە مناڵەکە کتبێەکانی برد.**

شایەنی تێبینی یە کە ئەو پێناسەیەی سەرەوە هەرچەندە پێناسەیەکی زۆر ورد نییە و بەکەڵکی هەندێ زمان نایەت هێشتا لەپێناسەکەی بلوم فیلد باشترە کە زمان دادەنێ بە (بچووکترین فۆرمی ئازاد) چونکە ئاشکرایە کە ئامرازی پەیوەندی و پەیوەست لەزۆربەی زمانەکانی گێتی دا بەسەربەخۆ بەکارنایەن، ئەم کەم و

کورتیەش دیسانەوە لەو پێناسانەشدا بەدی دەکرێ کە وشە بەبچوکترین دانەی زمان دادەنێت کە بتوانێ بە تەنیائەرکی گوتنی (ڕستەیەك) ببینێ، چونکە (بە) (لە) (و) ....ناتوانن بەتەنیا ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

هەموو ئەو کێشانەی پێناسەکردنی وشە ئەو باوەڕەی زمانەوانی ڕووسی(شێربا) دەچەسپێنێ کە پێناسەی وشە دەبێ لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر بگۆڕێ، بەواتای ئەوەی وشە لەو دیاردە زمانییانە نییە کە لەهەموو زمانێکدا یەك جۆرە ڕەفتار بکات و وشە وەك دیاردەیەکی جیهانی بوونی نییە تەنانەت لە تاکە زمانێکیشدا، ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە دووجۆرە وشە لەیەکتری جیا دەبێتەوە و پێناسەیان هەرگیز وەك یەکتر نابێ:– (١) وشەی ئەرکی کە زیاتر ئەرکی هەیە وەك واتا(وەك ئامرازی پەیوەندی و پەیوەست) نەك هەر واتای تەواوی نییە، بەڵکو هەندێ جار سەربەخۆیی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجیش لەدەست دەدات(بڕوانە ئامرازی پەیوەستی) (و) لەکوردیدا کە زۆرجار لەشێوەی پاشگردا خۆی بە وشەکەی پێشەوە هەڵدەواسێ و نەك هەر واتای نییە بەڵکو بەپێچەوانەی هەموو وشەیەکی تریشەوە هیزی هەرگیز ناکەوێتە سەر.(٢) وشەی تەواو کە بەپێچەوانەی وشەی ئەرکیەو هەمیشە فۆرمی فۆنەتیکی و مۆرفۆلۆجی خۆی هەیەو هێزێکی لەسەرەو هەرگیز خۆی هەڵناواسی بەوشەی ترەوە، بێ گومان، لەبەرئەوەی ئەم دوو جۆرە وشەیە زۆر لەیەکتری جیاوازن و دیاردەکەش جیهانی یە، یان لەزۆربەی زمانە سروشتیەکاندا بەدی دەکرێ، دەبێ پێناسە یان وەك یەك نەبێ یان هەمان پێناسە بەکەڵکی هەردووکیان نەیەت.

دیسانەوە دەبێ ئەو ڕاستیە لەیاد نەکەین کە زاراوەی وشە هەموو کاتێ بەیەك واتا بەکار نایەت و زمانەوانەکان نەك هەر لەسەر پێناسەی ڕێك ناکەون، بەڵکو هەر جارەش بۆ مەبەستێ بەکاریان هێناوە، لێرەدا چوار جۆر بەکارهێنان بەرچاو دەکەوێ: وشەی فۆنۆلۆجی وشەی ڕێزمانی وشەی ڕێنووسی وشەی واتایی(Hall:134).

وشەی ڕێنووسی ئەو شێوەیەی وشەیە کە لەنووسیندا دەردەکەوێ وشەی فۆنۆلۆجیش شێوەی خوێندنەوەیان گۆکردنی وشەمان کە پیشان دەدات، لەزمانێکی وەك کوردیدا زۆر جار هەردوو شێوە کە وەك یەکن و جیانابنەوە

هەرچەندە لە هەندێ وشەدا هەردوو جۆرەکە بەئاشکرا هەستی پێ دەکرێ بڕوانە ئەم نموونانەی خوارەوە:—

| وشەی ڕێنووسی | وشەی فۆنۆلۆجی |
|---|---|
| بەشدار | /بەژدار/ |
| بشتدەر | /بژدەر/ |
| کەس نەما | / کەزنەما/ |
| بچکۆڵە | / پچکۆڵە/ |

دیسانەوە بەپێی ئەرکی ڕێزمانی (دۆخ و باری ناو و تافەکانی کار...) وشە شێوەی خۆی دەگۆڕێ، ئەم شێوە جیاوازانەی وشە وشەی ڕێزمانی جیاجیان بۆ نموونە(خوارد......) (و) (خۆ) کە لەچاوگی خواردنەوە وەردەگیرین، بێ گومان هەندێ جار فۆرمەکە خۆی گۆڕانی بەسەردا نایەت، بەڵام دۆخەکە دەری دەخات کە وشەکە ئەرکی ڕێزمانی جیاواز دەبینی بۆنموونە(توند) لەم دوو ڕستەیەدا بریتییە لە دوو ووشەی ڕێزمانی جیاجیا:—

(١) ڕەشەبایەکی توند (ئاوەڵناو) کەپرەکەی ڕوخاند.

(٢) دەرگاکە توند دابخە (ئاوەڵکار).

وشەی واتایی بچووکترین دانەی بیرە، کە بەهۆی دەنگەوە دەربڕی، دیسان ئەو پێناسانەی کە وشە بە بچووکترین دانە دادەنێین کە بتوانێ ئەرکی ڕستە یان گوتن ببینێت هەر ئەم جۆرە وشەیە دەگرنەوە.

شایانی تێبینییە کە ئەو دانەیەی لەرووی ڕێنووس و فۆنۆلۆجیەوە بە وشە دادەنرێ مەرج نییە لەرووی واتاوە پێك بێنێ، بەواتایەکی تر، وشەی ڕێنووس هەموو کاتێ وشەی واتای نییە، بۆنموونە، هەرچەندە (لە) لەکوردیدا لە رووی ڕێنووس و فۆنۆلۆجیەوە وشەیە، لەرووی واتاوە بە وشە دانانرێ چونکە بەتەنیا ئەرکی گوتن نابینێ، بۆنموونە (لە) بەتەنیا) ناتوانێ وەڵامی پرسیارێکی وەك لەکوێ دەژی؟ بداتەوە، هەر دەبێ ناوێکی لەگەڵدا بێ وەك: لەسلێمانی، لەهەندەران، لەبەغا...هتد.

بۆ نەهێشتنی ئەو تەم و مژەی کە زۆرجار بە وشەوە دەنووسێ هەندێ زمانەوان پەنا دەبەنە بەر داتاشینی زاراوەی تر، لەو زاراوانەی کە زۆرجار لەجیاتی وشە یان جۆرێکی وشە لەزانستی زماندا لەم سالأنەدا برەوی پەیدا کردووە ئەمانەنی خوارەوەن:-

١- لێکسیم: ئاسایی ئەم زاراوە بۆ وشە و شێوە رێزمانیەکانی بەکاردێ، بۆنموونە، لەکوردیدا لیکسیمی(رۆشتن) ڕەگی رابردوو( ڕۆشت...) و رەگی رانەبردوو(رۆ...) دەگرێتەوە، بەم جۆرە لەکاردا چاوگی کوردی لێکسیمدا ورەگەکانیش ئەو وشانەن کە لەناو لێکسیمەکەدان.

٢- فۆنیم: ئەم زاراوەیە سوودێکی وای لێ نابینرێ چونکە زۆرجار هەر بەواتای مۆرفیم دێ و بچووکترین فۆرم دەگرێتەوە کە شێوەو ناوەرۆکی هەبێتن ناوەرۆك نەك هەر واتا بەڵکو ئەرکی رێزمانیش دەگەڕێتەوە، بۆنموونە، وشەیەکی وەك(دەرۆم) لەسێ فۆنیم پێك دێت( دە/ رۆ/ م)، هەندێ جاریش فۆنیم هەر بەواتای وشە بەکاردێت.

٣- سێمیم وسیمانتیم:- سێمیم" دانەیەکی سەرەکی ناوەرۆکەو سیمانتیم" کۆمەڵەیەکە لەسێمیم، بەواتایەکی تر، ژمارەیەکی سێمیم کە تایبەتییەکی واتایی کۆیانکاتەوە سیمانتیمێك پێك دێنن، بۆنموونە، سێمس (:-) بەربوونەوە(١) = (کەوتنەخوارەوە) و بەربوونەوە (٢) بەڕەڵاکردن و بەربوونەوەی (٣) = داپڕژان بەهەموو سیمانتیمێك پێکدێنن چونکە واتا سەرەکییەکە لە هەموویاندا هەر ماوەتەوەو هەستی پێ دەکرێ.

لەئاستی مۆرفۆلۆجی جگە لە مۆرفیم وشە دانەیە گەورەتریش هەیە کە بەهۆی لێکدانی دوو وشە یان وشە و گیرەکەوە دێتە کایەوە، وشەی لێکدراو بەهۆی دانەپاڵی دوو وشەی سەربەخۆوە دێتە کایەوەو ئەم جۆرە لێکدانە لە هەموو زمانەکانی گێتی دا بڵاوە، ئاسایی دوو جۆر وشەی لێکدراو جیادەکرێتەوە.

(١) وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی کە بەپێی دەستووری(سینتاکسی) زمانەکە کەرتەکانی ریز دەبن و(٢) وشەی لێکدراوی ناسینتاکتیکی کە بەپێچەوانەی دەستووری زمانەکەوە کەرتەکانی دەدرێتە پاڵ یەك:-

أ- وشەی لێکدراوی ناسینتاکتیکی:-

بەزۆری ئـەم جـۆرە لەکوردیـدا لـە ئاوەڵناوێك و ناوێك پێکدێ و بـزوێنی (ە) دەیان بەستێ بەیەکتریەوە، گیلە پیاو، تەڕە پیاز، بۆرەزەلام، رەشەبا، کەلەشێر.

ب- وشەی لێکدراوی سینتاکتیکی:-

لـەم جـۆرە لێکـدراوەدا کەرتـەکان ئاسـایی ریـز دەبـن وەك: دڵ تـەنگ (دڵـی تەنگە)، سەرسپی (سەری سپی یە)، دڵ شکاو(دڵی شکاوە)، دووربـین) (مرۆڤێکـی دووربینـە) (بڕوانە مکارەس ٨٤).

پێویستە لێرەدا لـەجۆرێکی تـری وشـەی لێکـدراو بـدوێن کـە هەنـدێ جـار بـە لێکدراوی (هەڵنەگەڕاوە) ناودەبرێ، (سوامینائان: ٤٢). لـەم جۆرەشـدا دوو وشـەی سـەر بەیەك بەشی ئاخاوتن دەدرێتە پاڵ یەکتر و بەهۆی ئـامرازێکی پەیوەسـتەوە گـرێ دەدرێن، لێکدراوەکە شێوەیەکی وا وەردەگرێ( و+ئـامراز+ و) وەك : حـازرو بـزر، رێك وپێك، بەژن و بـاڵا، چـە پ و راسـت، شـیرو تـیر، هـات و چـۆ، ..... زۆر جـار بەشی دووەمی لێکدراوەکە واتای یەکەم خەست دەکاتەوە و لەسەر وەزنی یەکـەم دارێـژراوە، دوو جـۆرە پەیوەنـدی لـەنێوان دوو پارچـەی لێکدراوەکـە دا تێبـینی دەکرێ:

(١) پەیوەندی فۆرم: ماڵە و ماڵ، شارەو شار، ڕەنگاو ڕەنگ.

(٢) پەیوەندی واتایی کە یەکێك لەم دۆخانە وەردەگرێ:-

أ- هاوتایی یان واتا نزیکی: دوو وشـەکە هاوواتـایی یـان واتـا نزیکـی کۆیـان دەکاتەوە، نموونە: دۆست و برادەر، توندوتیژ، ساردو سەرما، شۆخ و شەنگ، قاچ و قول، بەژن و باڵا، فش و فۆڵ، نەرم و شل.

ب- بەرامبەری: حازروبزر، هاتوچۆ، چەپ و راست، راست و چەوت، دۆست و دوژمن، ترش و شیرین.

ج-: تەواوکـەری: دەم و چـاو، سـەوزو سـوور، ژن و پیـاو، خـزم و کـەس، دەرگاوبان، دەنگ و باس.

وشەی ئاڵۆز لە ئـەنجامی لێکـدانی وشـەیەکی سـەربەخۆوگیرەکێ یـان زیـاتردا پێك دێ و گیرەکەکان یان لەجۆری رێزمانین یـان داڕشـتن، نموونـە: دەخـۆم، دەم

خوارد، نـەرمایی، قـوڕاوی، سـەوزایی...هتـد، دوو جـۆرە وشـەی ئـاڵۆزی داڕێـژراو جیادەکرێتەوە، (١) ئەوانەی کاکلە یان تێدایە و(٢) ئەوانەی بێ کاکلـەن، کاکلـەیی ئەو جۆرە وشە ئاڵۆزە داڕێژراوە یەکـە کـەرتێك لـەخۆی دەتـوانی جێگـەی هـەموو وشەکە بگرێتەوە، بۆنموونە، وشەی (جوانتر وشەیەکە لەم بابەتە، چونکە لەهەمان رستەدا وشەی سادەی (جوان) دەچێتە جێگای:

**ئەم کچە زۆر جوانترە**

**ئەم کچە زۆر جوانە.**

وشەی داڕێژراوی بێ کاکڵە، بەپێچەوانەوە، کەرتێکی وای تێدا نییە کە بتـوانێ جێگەی هەموو وشەکە لەرستەیەکدا بگرێتەوە، بۆنموونە وشـەیەکی وەك(پیاوانـە) لەم جۆرە داڕێژراوەیە چونکە کەرتی(پیاو) ناتوانی لەرستەدا شوێنی بگرێتەوە.

**کارێکی پیاوانەبوو.**

**کارێکی پیاو بوو.**

**کارێکی چاك بوو.**

ئەو وشە ئاڵۆزەی کە هیچ وشـەیەکی سـادە نـەتوانێ جێگـەی بگرێتـەوە پێـی دەوترێ(وشەی گەردانە)، بۆنموونە وشەیەکی وەك (دەخۆم) یان (دەم خوارد) یان (کورەکان) هەرگیز وشـەیەکی سـادە جێگـەیان ناگرێتـەوە، لەبەرئـەوە بـە وشـەی گەردانە دادەنرێن.

جگـە لـە وشـەو وشـەی لێکـدراو مـۆرفیم دانەیـەکی تـریش هەیـە لـە ئاسـتی مۆرفۆلۆجیدا کـە پێـی دەوتـرێ(دەسـتە)، دەسـتە لـەرێزمانی کۆنـدا ئـەو کۆمەڵـە وشـەیە کـە نـابێ کـاری تێـدابێ و (بەمـە لـە لاڕسـتەی جیادەکەنـەوە) هـەموویان پێکـەوە لەڕسـتەدا ئـەرکی نـاو یـان ئاوەڵکـار...هتـد دەبیـنن، بۆنموونـە: لەسـەر دیوارەکە، بۆ کرێ، لەترساندا بەپەلە، سەعاد دووی پاش نیـوەڕۆ، دووپیـاو... لـە بۆچوونە رێزمانە نوێیەکاندا (دەستە)بەم واتایە بەکارنایەت و بەکارهێنانی بیرەکـە تەواو جیاوازە، بۆنموونە لەلای کۆمەڵی پـۆل و رۆنـان(کۆمـەڵی هالیـدەی) دەسـتە دەتوانی یەك وشە بێت و کاری تێدا بێت لەشیکردنەوەی رستەیەکی وەك:

((بەتەنیا دەتوانم ئیشەکە بەڕێك و پێکی تەواو بکەم)).

ئەم کۆمەڵە سێ جۆرە دەستە جیادەکەنەوە، (مـن) بەتـەنیا (دەسـتەی نـاو)، (بەرێك و پێکـی) ((دەسـتەی ئاوەڵکـار))، دەتـوانم تـەواو بکـەم، (دەسـتەی کـار) ئیـشەکە(دیـسانەوە دەسـتەی نـاو)، هەریـەکێك لـەم دەسـتانە بـەلای کەمـەوە لەسەریەك (دیارخراو) پێـك دێـت(نموونـە: ئیـشەکە)، بـەڵام زۆربـەیان لەدیارخـەرو دیارخراو پێکهاتوون (بە تـەنیا ) (دیارخـەر )، (( مـن )) ( دیـارخراو ) بـەلای ئـەم کۆمەڵەوە گرنگ ئەوەیە کە وشە دەستە پێك دێنێ و دەسـتەش هـەردەبێ لاڕسـتە پێك بێنێ و ئەمانیش ڕستە، هیچ لەم دانانە لە هیچ کاتێکدا لانـەبرێن، بەواتایـەکی تر وشە هەرگیز یەکسەر نابێت بە لا ڕستە.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین دەسـتە لـەدیارخراوێك و دیارخـەرێك یـان چەند دیارخەرێك پێك دێ کە جێگەی تاکە وشەیەك بگرنەوە لەڕستەدا(مەکەرەس: ٩٢)، دوو جۆرە دەستە لەکوردیدا جیا دەکاتەوە:-

١- دەستەی ناو:

لـەم جـۆرەدا دیـارخراو یـان نـاو یـان ئاوەڵنـاو یـان جێنـاو یـان پارتیکـڵ، دیـارخراویش دوو شـوێن دەگـرێ یـان پـێش یـان پـاش دیـارخراو، ئـامرازی (ی)ی ئیزافە لەنێوانیاندا دەبێ و هەموو ڕۆنانەکە دەکات بەکاکڵەدار: نموونە:-

| دیارخراو | ی | دیارخەر |
|---|---|---|
| پیاو | | گەورە |
| برای | | خۆت |
| کوڕی | | باش |

| دیارخەر | | دیارخراو |
|---|---|---|
| کام | | گوڵ |
| چەند | | نەفام |
| ئەو | | ڕۆژانە |
| دوو | | خانوو |

هەردوو جۆرەکە هەندێ جار پێکەوە دەبینرێن لەچەند شێوەیەکدا:ـ

| ١- دیارخەر | دیارخراو | دیارخەر |
| --- | --- | --- |
| دوو | ژنی | سەرە |
| چەند | سالێکی | تالێ |
| کام | گوڵی | کێوی |

| ٢- دیارخەر | دیارخەر | دیارخراو |
| --- | --- | --- |
| چەند | بە | جۆشە |
| چەند | بێ | ویژدانی |

| ٣- دیارخراو | ی | دەستەیەکی تر |
| --- | --- | --- |
| ماڵ | | کاوەیسی ئاشەوان |
| وڵات | | بەفرو خۆر |
| کارگە | | چنینی مافوور |

| ٤- دیارخراو | ی | لارستە (لێکدەر) |
| --- | --- | --- |
| پیاوەکە | | (کە) لای من دانیشت |
| ئەوە | | (کە) من هەڵم بژارد |
| ئەوانە | | (کە) لەتاریکیدا دەژین |

**٢- دەستەی کار:-**

لەم ڕۆنانەدا دیارخراو کارەو دیارخەر ئاوەڵکار، ئاوەڵناو یان ناو، دیارخەر پێش کارەکە دەکەوێ:ـ

دەستەی کار لەم شێوانەدا دەبینرێ:ـ

١ـ ئاوەڵکار+کار: هەڵ کرد، دەرکرد، داگرت.

٢ـ ناو+ کار: شەڕی کرد، یاری کرد، سوێندی خوارد.

٣ـ ئاوەڵناو+کار: شڕکرد، سڕکرد، پیس کرد، سوورکرد.

یەکەم و دووەم هەندێ جار گەورەو لەم شێوانەدا دەردەکەون:-

أ- ئاوەڵکار+ئاوەڵکار+ کار.
پێداگرت (پێی لێ داگرت ).
تێ بەردا (سەگەکەی تێ بەردام).

ب- ناو+ ئاوەڵکار+ کار.
شەڕ هەڵگیرسان (شەڕێکی هەڵگیرساند).
نامیلکە دەرکرد (نامیلکەیەکی دەرکرد).

٧- لاڕستە و ڕستە:-

وەك دانەکانی تری زمان ڕستە و لاڕستەش قسەیەکی زۆریان لەسەرەو زمانەوانەکان لەسەر ناسینەوەو پێناسەکردنیان ڕێك ناکەون، هەر ئەم ڕێك نەکەوتن و جیاوازییەی نێوان زمانەوانەکانە، کە وا لە کریستەل(١٩٧١ : ٢٠٠) دەکات باوەڕی وابێت کە هەرگیز (باشترین پێناسەی ڕستە) نادۆزرێتەوە، هەندێ زمانەوان ڕستەو لاڕستە لەیەکتری جیاناکەنەوە، هەندێکی تر بەهیچ جۆرێ لە لێکۆڵینەوەکانیاندا دان بە بوونی لاڕستە دانانێن، هەندێکی تریش واز لە ڕستە دێنن و (گوتن) لەکارەکانیاندا بەکاردێنن، بۆ نموونە لەشیکردنەوەی پرسیارو وەڵامێکی وەك ئەمەی خوارەوەدا:

بۆ زووتر نەهاتی بۆ لام؟

پێرێ دوو جار هاتم، بەڵام لێرە نەبوویت.

هەندێ زمانەوان هەموو دیاردەکە بە (گوتنێك) دادەنێ و هەندێکی تر کەرەسەی هەموو بەدوو رستەدادەنێ و زمانەوانیش هەیە هەمووی بەسێ لاڕستە دەژمێرێ.

ڕستە لەهەموو دانە و کەرەسەکانی تر زۆرتر پێناسەی جیاجیای بۆ دانراوە(فریز تا ساڵەکانی پەنجا زیاتر لە ١٥٠ پێناسەی رستەی کۆکردەوە)، هەندێ لەم پێناسانە(وەك رستە ئەو کۆمەڵە وشەیە کە واتایەکی تەواو دەردەبڕێ)

تەواو ئێستاکە لەزمانەوانیدا بەناڵەبارو ناپەسەند دادەنرێن، هەندێکی تر (وەك: رستە دانەیەکی زمانی سەربەخۆیە یان رستە رۆنانێکە لە گوزارەو نیهاد پێك هاتووە).

تائێستەش لەکارە زمانەوانیەکاندا دەبینرێن هەرچەندە رەخنەیان زۆر لەسەرەو بێ سوودن و تەنانەت رستە لە لارستەش جیاناکەنەوە لەو پێناسەی رستە کە ئێستە کە بڵاوترین و پەسەندترن، ئەوانەن کە رستە بەگەورەترین دانە دادەنێن لەشیکردنەوەی رێزماندا، بێ گومان، ئەم جۆرە پێناسانە، ئەوە ناگەیەنن کە لەشیکردنەوەی رێزماندا دانە نییە کە لەرستە گورەتربێت بەپێچەوانەوە لەم ساڵانەی دواییدا لە هەندێ زماندا سەلماوە کە دانە لەرستە گەورەتر هەیەو سنووریشی بەئاسانی بەهۆی نیشانەی رێزمانیەوە دەتوانرێ دیاری بکرێ، ئەم دانە زمانییە گەورانە هەندێ جار بە گوتن و هەندێ جاریش بە پەرەگراف(واتە فەقەرە) ناو دەبرێن، بەڵام رستە بڵاوترین دانەی زمانی گەورەیە کە زۆربەی زمانەوانەکان دانی پێدادەنێن و دەیناسنەوەو باوەڕیان وایە کە دەتوانی چاری رۆنان و پۆلە رێزمانیەکان بکات.

چاکترین پێناسەی رستە ئەو جۆرەیە کە رستە لەگەڵ دانە رێزمانییەکانی تردا (بەتایبەتی لەرستە)گرێ دەدا وشێنی لەزماندا بەپێی ئەمان نەك لە بۆشاییدا لێك دەداتەوە، ئەم چەشنە پێناسانە ئاسایی رستە بەبەرزترین دانەی زمانی دادەنێن و پەیوەندی لەگەڵ لارستەشدا شی دەکەنەوە، سیمای سەرەکی رستە ئەوەیە کە ئەو بەرە یان ئەو رادەیەمان بۆ نیشانەدەکات کە تێیدا کەرەسەی زمانی ئەوەندە گەورەدەبێت کە ئیتر رێزمان ناتوانێ خۆی لەقەرەبدات یان خۆی نادات بەدەست رێزمانەوە، زاراوەی رستە کەرەسەیەکی زمانی تەواو دەگرێتەوە کە هەموو کەرتەکانی لەگەڵ یەکتری و لەگەڵ کەرەسەکە هەموویدا پەیوەندییەکی بەتینیان هەبێ، لەهەمان کاتیشدا لەکەرەسەی تری وەك خۆی ترازابێ و دابڕابێ بۆنموونە، رستەیەکی وەك(لەشاری بەفرەوە هاتووە) کەرتەکانی پەیوەندییەکی تەواویان لەگەڵ یەکتریدا هەیەو هەمووشیان لەگەڵ رستەکەدا پەیوەندییان هەیە، بەڵام لەهەموو رستەیەکی تری کوردی دابڕاوەو ترازاوەو پێویستی بە کەرەسەی تر نییە تاوەکو لێك بدرێنەوە، لەم رووەوە رستە لنەهەموو دانەکانی تر جیاوازە، چونکە

پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ کەرەسەی دەرەوەی خۆیدا نییە، بەواتایەکی تر بەشێك نییە لە کەرەسەی ترو بەهۆی ئەوانەوە کارناکات و واتاکەی لێك نادرێتەوە.

بەکورتی رستە دانەیەکە کە خۆی بەهۆی توانای خۆیەوە بێ یارمەتی کەرەسەی تر دەچێت بەرێ، کەواتە رستە بەهۆی ترازاندن و دابڕینیەوە لەکەرەسەی تر پێناسە دەکرێ و بەپێچەوانەی دانەی زمانی تر(مۆرفیم، بۆ نموونە) هەر لەخوارترەوە لێی دەکۆلرێتەوە(بەواتای ئەوەی، لارستە پێکی دێنێ و خۆی دانەی گەورەتر پێك ناهێنێ)، ئەم چەشنە پێناسانەی رستە کۆنەو لەکارەکانی بلوم فیلدا پەنجەی بۆ راکێشراوە، بەباوەڕی بلوم فیلد لەهەموو گوتنێکدا هەر فۆرمێکی زمانی وەرگرین یان وەك دانەیەکی سەربەخۆ یان ناسەربەخۆ رەفتار دەکات، هەر فۆرمێکی زمانی سەربەخۆ بێت(نەبێتە بەشێك لەکەرەسەی گەورەتر و پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ کەرەسەی تردا نەبێ) ئەوا رستە پێك دێنێ، بەم پێیە رستە ئەو فۆرمە زمانییە سەربەخۆیەیە کە پەیوەندی ڕێزمانی نەی کردووە بەبەشێك لە فۆرمی زمانی گەورەتر.(ستڕانگ: ١٩٦٢ ٧١-٧٣).

ئەم ڕاستیانەی سەرەوە ئەوەمان بۆ دەردەخات کە رستە لە پلەدا لە هەموو دانە زمانییەکان بەرزترەو کە ژمارەیەکیش رستە بەدوای یەکتریدا هاتن و چوونە پاڵ یەکتری ئەوا باباتەکە دەبێ شێواززان نەك زمانەوان لێی بکۆڵێتەوە.

بێگومان دەبێ ئەو ڕاستییە لەبیر نەکەین کە زۆرجار ژمارەیەك ڕستەی بەدوویەکتردا هاتووە پەیوەندی ڕێزمانیان کەم و زۆر لەنێواندا دەبێ وەك ڕێکەوتن و گۆڕانی جێناو...هتد بەڵام ئەم پەیوەندییانە کەمن و گرنگییەکی وایان نییە چونکە لێکدانەوەی رستەکە بێ ئەمانیش دەبێ، دیسانەوە ئەم پەیوەندییە ڕێزمانییە هێندە زۆرنییە کە بەراوردکرێ لەگەڵ ئەو ئازادییەی کە رستە هەیەتی، بۆ ئەوەی بتوانین پەیوەندی نێوان لارستە و رستە دیاری بکەین دەبێ ئەوە بزانین کە دانەیك یان زیاتر لەدانەکانی ئاستی ژێرەوە دەتوانن دانەیەکی سەرووتر پێك بهێنن، لەم تێڕوانینەوە لارستە ئەو ڕۆنانەیە کە کەرەسەی ڕۆنانێکی سەروو خۆیەتی، بەم پێیە ئەو تەواوییەی کەرستە هەیەتی لەوەوە هاتووە کە نابێ بە کەرەسە بۆ پێك هێنانی دانەی گەورەتر، (Strang:76) بەواتایەکی تر ڕۆنانەکانی بە

رسته دادەنرێ کە مەرجەکەی بلوم فیلدی تێدابێ، (پەیوەندی ڕێزمانی لەگەڵ دەرەوەی خۆیدا نەبێ).

ئەگەر ئەم مەرجەی تێدا نەبوو، ئەوا هەمان ڕۆنان دەبێتە لارستە بۆنموون: ١، ٢، ٣، لەخوارەوە رستەن، بەڵام ٤، ٥، ٦ لاڕستەن:

**(١) تەم بەرچاوتی گرتووە.**

**(٢) خێڵ باردەکات.**

**(٣) باڵندە ناگرین.**

**(٤) کە تەم بەرچاوتی گرت...**

**(٥)ئەگەر خێڵ بارکات....**

**(٦) تا باڵندە نەگرین....**

زۆربەی ئەو ڕێزمان نووسانەی کە ئەمە بیرییانە، رستە دەکەن بەسێ بەشەوە، سادەو لێکدراو ئاڵۆز، بەمە نەك هەر پۆلێنەکە (بەند) و (ئازاد) دێنەوە کار(فاول ل١٢).

| جۆر | وشە | رستە |
|---|---|---|
| (١) سادە(یەك دانەی ئازاد لەئاستی نزمتر). | دار | دارەکە کەوت |
| (٢)لێکدراو(دوو دانەیان زیاتر لە ئاستی خوارتر) | دارخورما | دارەکە کەوت و گەڵاکانی وەری |
| (٣) ئاڵۆز(دانەیەکی ئازادو یەکێکی بەند لە ئاستی خوارتر) | دارەکە | کە دارەکە کەوت گەڵاکانی وەری |

بەپێی ئەم باوەڕە ڕۆنانی سادە(رستە بێ یان لارستە، دەستەبێ یان وشە)، لەیەك دانەی ئاستی نزمتر دروست دەبێ و ڕۆنانی لێکدراویش دەبێ دووان لەم دانانە یەکسەر هاوبەشی تێدا بکەن و رستەی سادەش دەبێ لەیەك لارستە پێك بێت.

زۆربەی زمانەوانەکان لەسەر ئەم باوەڕەی سەرەوە ڕێکدەکەون، بەڵام کە دێنە سەر شیکردنەوەی رستەی سادە جیاوازی سەرهەڵ دەداتەوە هەندێ رستەی سادە کەرت دەکەن بۆ (نیهاد و گوزارە) یان (بکەرو کارو سەربار)، ئەمە بەباوەڕی هەندێ زمانەوان(Strang,1962,228)، دەرچوون و لادانە لەپێناسەی(رستە) چونکە ئەمانە (بکەرو کارو سەربار) کەرەسەی لارستەن نەك رستە، ئەگەر رستەی سادە لەلارستە پێکهاتبێ ( وەك پێناسەکە دەڵێ ) دەبێ کەرت بکرێ بۆ کەرەسەکانی لاڕستە کە دەستەی سادەو لێکدراو ئاڵۆزن نەك بکەرو کارو سەربار، بەباوەڕی فاولەر(ل١١) رستەیەکی وەك (نانەکەم خوارد) دەبێ بەم جۆرە شیبکرێتەوە:-

١- ڕستەیەکی سادەیە.

٢- لە لاڕستەیەکی لێکدراو پێکهاتووە( سێ دەستە هاوبەشی پێك هێنانی دەکات).

٣- رۆنانەکەی لەسەر نموونەی(بکەر+ سەربار+ کار).

٤- هەریەکێك لەم کەرەسانە بەهۆی دەستەوە پێك هاتوون کە لێرەدا دەستەی سادەن(بەواتای ئەوەی بکەرو سەربارو کارهەریەکەیان لەیەك وشە پێك هاتوون).

بەباوەڕی فاولەر رستە دانەیەکە کە (١) لەرووی رێزمانەوە پەیوەندی بەدەرەوەی خۆی نییە و (٢) وەك رۆنانێکی پێك هاتوو لە بکەرو کارو سەربار شیناکرێتەوەو(٣) لەلارستەیەك یان زیاتر پك هاتووەو(٤) نابێت وا لێکبدرێتەوە کە لە لارستەی(نزمبووەوە) دروست بووە چونکە ئەمانە راستەخۆ لەرۆنانەکەدا هاوبەشی ناکەن، دیسان بەلایەوە لارستەش چەند تایبەتیەکی تێدایە وەك:(١) رستە پێکهێنەرە(٢) خۆی لەدەستە پێکهاتووە(٣) زۆرجار کەرەسەکانی پلە دەگۆڕن (نزم دەبنەوە) لەبەرئەوە دەبنە بەشێك لەدەستەو تەنانەت وشەش.

رستەی سادە لەکوردیدا لەچەند شێوەیەکی دیاری کراودا دەبینرێ(بەپێی جۆری کارەکە) کە گرنگترینیان ئەوانەی خوارەوەیە:-

أ- کاری (بوون):-

ئاوەڵناو: ئەو ئازایە.

١-(بکەر)+(ناو+ کار): ئێمە قوتابین.

٢-(بکەر)+(ئاوەڵکار+کار): (من) لەدەرەوە بووم.

ب- کاری تێپەڕ:- (بکەر)+ (بەرکار): (من) نانم دەخوارد).
ج- کاری تێنەپەڕ: (بکەر+ کار) : (ئەو) هات.
د- کاری هەبوو: (بکەر)+ ناو +کار): (ئەو) خانوویەکی هەیە.
و- کاری تێپەڕ: (جووتە بەرکار): (بکەر)+ بەرکار+کار+بەرکار: کتێبەکەی دامێ.
ی- کاری خۆپیشاندان: (بکەر)+ (خۆ)+ ناو/ ئاوەڵناو+ کار).
ئەو خۆی ماندوو نیشاندا.
ئەو خۆی بەگەورە دەزانی .
ئێوە هەر خۆتان بەڕاست دەزانن.
خۆی بەپاڵەوان دێتە بەرچاو.
خۆی بەکەس نادا/ ناگۆڕێتەوە.
ئێمە بە هیچ دادەنێ.

# بەشی سێیەم
# گەشەو گۆڕان

**١- گەشە لەزماندا:-**

هەرچەند زۆربەی زمانەوانەکان زمان وەك تەنێکی ڕێك و پێکی ئـالۆزی داخـراو سەیر دەکەن، لەڕاستیدا لەهەر زمانێك وردبینەوە لەهەرکاتێکدا دەبیـنین لەچـەند شێوەیەکی (زارێکـی) جیاجیـا پێکهـاتووە، ئەوەتـە لـەکارە مێژوویەکانـدا ڕێبـازی بــەراوردکردن هــەموو جیاوازییــەکی نێــوان زارەکــان دەخاتــە پــشتگوێ و دوو زمان(لەگەڵ یەکتریدا بـەراورد دەکـات بـێ ئـەوەی تێیـان گەیـەنێ ئـەم دوو زمانـە کامەن، یـان چـۆن گەیـشتنە ئـەم دوو زمانـە، کۆمـەڵێ چۆمـسکیش بـەوە خۆیـان لــەزارە جیاجیاکــانی زمانێــك دوو ردەخەنــەوە کــە دەیانــدەن بەبەشــی ڕاپەڕاندن(لەزماندا و ئەم بەشەش دادەنێن بۆ قۆناغی تر.(Wardhang,1972,218).

ئەگەر زارە جیاجیاکانی زمـانیش بـۆ ماوەیـەك بخەینـە پـشت گـوێ لـەپێناوی ئـەوەدا کـە زووتـر یـان بەئاسـانتر بگەینـە تیـۆرێکی زمـانی، دەبێـت ئـەو ڕاسـتیە لەبیرنەکـەین کـە زمـان زاری جیاجیـای زۆرەو هـەر قـسەکەرێ بـەجۆرێ لـەبارێکی کۆمەڵایەتیدا بەکاریان دێنێ و زمان بریتییە لەو تایبەتیانەی کە هاوبەشـە لـەنێوان زارەکاندا.

ئەو هۆکارانەی هەمە جۆری لەزماندا دێنێتە کایەوە:– Wardhaugh,230.

أ– تەمەن: زمان بەپێی تەمەنی قسەکەر دەگۆڕێ، ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زمان بـەفێربوون لەنەوەیەکـەوە بـۆ نەوەیـەکی تـر دەڕوات و ئـەم فێـر بوونەش هەرچـەند لەتەمـەنی شـەش سـاڵی سـاواکەدا تـەواو دەبـێ کـاتی دەوێ و بەچـەند قۆناغێکـدا تێپـەڕدەبێ، هـەموو کـەس هەسـت بـەوە دەکـات کـە هـەرە پیرەکان وەك هەرە گەنجەکان قسەناکەن وە بۆشایەکی زمانی لـەنێوان نەوەکانـدا هەیە، جگە لەمەش شێوازی قسەکردن لەگەورەوە بۆ بچووك یـان لەبـچووکەوە بـۆ

گەورەوە(باوك بۆ منالْ و منالْ بۆ باوك) دەگۆڕیْ، ئەم گۆڕانە بەتایبەتی لە هەڵبژاردنی وشەدا هەستی پیْ دەكریْ.

ب– جینس و كار:– پیاو ژن جیاواز قسەدەكەن، هەندیْ وشە لە فەرهەنگی پیاودا نییە و وەك(بەساقە، گیانە، دایكی بمریْ، جگەرەكێش دائەنیشم، باوانت شێوی، سەری زمانت بە بڕین چیْ، سكت ئەسووتیْ...هتد) جنێویش لەلای پیاو زیاتر بەكاردیْ، لەئاستی تریشدا (ئاستی دەنگ) (رستەسازیشدا زمانی پیاو لەزمانی ژن جیادەكرێتەوە، جگە لەمەش شێوازی قسەكردنمان لەگەڵ ژن و پیاودا جیاوازە، بۆنموونە، ئاساییە بەژن بوتریْ (ئەمرۆ لە رۆژان جوانتری) بەلاّم بەپیاو ناوتریْ.

زمانی كەسێك (بەتایبەتی فەرهەنگی زمانەكەی بەپێی كارەكەش دەگۆڕیْ، چونكە ئەو زاراوانەی تێدەكەویْ كە لەكارەكەیدا بەكاردیْ سەرباز، دانساز، قژ بڕو مامۆستا هەریەكە یان زاراوەی جیاواز بەكاردێنن.

دیسانەوە ئافرەت لەژێر كاری ئیشەكەیدا وا چاوەڕوان دەكریْ ئەو زاراوانە زیاتر شارەزابێت كە پەیوەندی بەدروومان و چێشت لێنانەوە هەیە وەك لەو زارانەوانە كە پەیوەندی بە سەیارە و تەلەفزیۆن و رادیۆوە هەیە، هەندیْ جار لەبەرئەوەی ئەم زاراوانە لە فەرهەنگی هەموو كەسێكدا وەك یەك نین هەستدەكەین كە ناتوانین بەرامبەرەكەمان(كە كارێكی جیاوازی هەبێت) تیْ بگەیەنین.

پ– ئەرك:– دیسانەوە زمان بەپێی ئەركی كۆمەڵایەتی دەبێت بەچەند زارێكی جیاجیاوە، وەك زاری رەسمی و نارەسمی و بازاڕی...هتد، شێوەی نووسین، ئاسایی ڕەسمی ترە لەشێوەی قسەكردن، چونكە ماوەی پێداچوونەوە و چاككردنی وشەو سنتیاكسی تێدەكەویْ، شێوازی بازاڕی لەهەموویان نزمترە لەرووی كۆمەڵایەتیەوەو یەكێك لەتایبەتیەكانی ئەوەیە كە زۆر زوو لەناو دەچیْ و پڕە لەوشەی شكاو و كورت كراوە، وا لە خوارەوە چەند نموونەیەك لەسەر زاری رەسمی و زاری نارەسمیو (پەلە)دەدەین:–

| | |
|---|---|
| توخوا | تخوا |
| باست ناکەم | باسی ناکەم |
| چی بکەم؟ | چیبکەم؟ |

د. شوێن:– بەپێچەوانەی زارەکانی ترەوە کە زۆرجار خراونەتە پشت گوێ، جیاوازی زارەکانی بەپێی شوێن لەو بابەتانەیە کە زمانەوانی زیاتر بایەخی پێداوە، ئەم بایەخدانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان زمانەوانی نوێ و لێکدانەوەی فیلۆلۆجی کۆنتردا هەیە کە تێیدا زمان بەهۆی هەمەچەشنی زاراوەوە کەرت دەبێ تا بەرە بەرە زمانی تری لێ پەیدا دەبێت، بۆنموونە، ئەم کاری کەرت بوونە بوو بەهۆی پەیدابوونی گریکی کۆن و لاتینی و سەنسکریتی لە زمانی هیند و ئەوروپی بنچینەوە و یان پەیدابوونی فەرەنسی و ئیتالی و ئیسپانی لەگەشەو کەرت بوونی لاتینیەوە.

زار بەو شێوە زمانە دەوترێ کە کۆمەڵە کەسێك لەشوێنێکدا بەکاری دێنن و هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن، بەپێی ئەم پێناسەی(کانتوونی) و (ماندرینی) بەدوو زمانی جیاواز دادەنرێن نەك دووزاری زمانی چینی چونکە قسەکەران بەزاری کانتوونی لەو کەسانە ناگەن کە بەماندرینی دەدوێن.

هەروەها دانیمارکی و نەرویجی، (هەرچەندە زۆرجار بەدوو زمانی جیاواز دەژمێرێن)، لێرەدا بەدوو زاری زمانێك دادەنرێن چونکە قسەکەرانی ئەمدوو زارە لە یەکتری دەکەن، هەرچەندە دوو زارەکەش لەچەند لایەنێکەوە لەیەکتری جیاوازن، زارە جیاجیاکانی زمانێك ئاسایی لەم ڕووانەوە جیا دەکرێتەوە:–

### ١-جیاوازی فۆنۆلۆجی :

جیاوازی فۆنۆلۆجی ئەم لایەنانە دەگرێتەوە: ژمارەی فونیمەکان و چۆنییەتی دابەش بوونی بزوێن و نەبزوێن، بەشداربوونی فونیمەکان لەچوارچێوەی بڕگەیی و وشەداو بوون و نەبوونی هێزو چۆنیەتی دابەش بوونی لەوشەو ڕستەدا...هتد، بۆنموونە لەڕووی فۆنۆلۆجیەوە، جیاوازی نێوان زاری ئامێدی و شێخان و زاخۆ..

هتد (زارەکـانی سـەروو) زاری سـلێمانی و هـەولێر و ڕەوانـدز و مـوکری (زارەکـانی ناوەڕاست) لەم خاڵانەدا بەدی دەکریٚ:-

(١) بـوونی (ك/ و/گ/ و/ ب/ ی) سـووك لـەزارەکانی سـەرودا و نـەبوونیان لەزارەکانی ناوەڕاستدا، بەم پێیە، سیٚ جۆر (ك) لـەزاری سـەروودا بـەدی دەکـریٚ: (ك) قورس، (ك)ی سووك و (ك)ی نەرم(بەرمەلاٚشوو دراو). بەپێـچەوانەی ئەمـەوە، تـەنیا دوو(ك) لـەزارەکانی ناوەڕاسـتدا هەیـە(ك)ی قـورس و (ك) نـەرم، بڕوانـە وشەی(کا) و (کیٚ) زاری ناوەڕست وشەی کـار(=کـەر) کـار(= پارچـە) زاری زاخـۆ، مەکننزی، ١، ل، ٤٠).

(٢) بوونی نەبزوێنی گەورەکراوە(مفخمە) لـەزاری سـەروودا و نـەبوونی لـەزاری ناوەڕاستدا(مەکنزی: ٣١) دەگی (ص و ط) تەنیا وەك ئەلەفۆنی (س و ت) لـەزاری ناوەڕاستدا دێن، بەلاٚم ئەم دەنگانە و(ظ) فۆنیمن لەزاری سەروودا.

(٣) زارەکانی سەروو بزوێنی/ ه / یان هەیە کە بزوێنێکی بەرزە، بە پێشەوەی زمان دروسـت دەکـریٚ و لێـو خرکردنـەوەی لەگەڵدایـە، بـزوێنی وا (پێـشەوەو لێـو خڕکردنەوەی لەگەڵدابیٚ) لەزاری ناوەڕاستدا نییە، (مەکنزی ل٣٠).

(٤)زۆربەی زارەکانی ناوەڕاست جیاوازی نێوان /ل / و / ڵ/ یان تێدایە وشـەی (پەڵە) و(پەلە) بەراوردبکە)، لەزارەکانی سەروودا تەنیا فۆنیم(ل) هەیە (مەکنزی : ٣٠).

(٥) هێشوە نەبزوێن لەسەرەتای وشەدا لەزارەکانی سەروودا زیاتر دێن وەك لە زارەکانی ناوەڕاستدا، بۆ نموونە، هەموو ئـەم هێـشوانە(پـڕ، دڕ، مـڕ، ڕ، بـب، دی، کی، شر، سیە، شب، ست، شـك، ...) لـە سـەرەتای وشـەدا لـەزارەکانی سـەروودا دەبینرێن، بەلاٚم تەنیا ( کێو، جۆڕ، بۆڕ، شۆڕ ...) لە زارارەکانی ناوەڕاسـتدا دێـن کە دەنگی دووەمیان نیوە بزوێنە.

هەروەها لەکۆتایی وشەشدا لەزارەکانی ناوەڕاستدا تەنیا سیٚ نـەبزوێن دەچـنە سەریەك بەمەرجیٚ یەکەمیان نیوە بزوێن بێت و دووەمیان خشۆك بێـت(tricatives) وەك لە(گەیشت و ڕۆیشت) دادەبینن... لەزارەکانی سەروودا ئاساییە سـیٚ دەنگـی نـەبزوێن بـەدوای یەکتریـدا بـێن و مەرجیـشی تێناکـەویٚ لەچـی جـۆریٚ بـن وەك: لەتەیری بەخورتی (مەکنزی ل٣٨).

کریم پینج
گەلەکەت گرت
هەڵ ستا.

لەناوەڕاستی وشـەکەدا دوو زارەکـە زیـاتر لەیـەکتری نزیـك دەبنـەوەو هێـشوە نەبزوێن لەهەردووکیاندا زۆرە.

(٦) تەنیا لەزاری سلێمانیدا دەنگی/ە/ لـە گـەڵ بزوێنێکـی پێـشتردا لەوانەیـە نەگۆڕێت بەنیوە بزوێنی(ی)، لەهەموو زارەکانی تری کوردیدا دوو بزوێنەکە بەهۆی نیوە بزوێنێکەوە دەبێ جیابکرێتەوە، نموونـە(دێ، گـوێ، کـابرا، جـۆ+ە — دێیـە، گوێیە، کابرایە، جۆیە...(سلێمانی).

شایەنی تێبینیە کە لە هـەموو زارەکـانی کوردیـدا نـەبزوێنی کۆتـایی وشـە لـە دۆخێکی نەچەسپاودایەو لەوانەیە بقرتێ یا بگۆڕێ، بـەدەنگێکی بـەدەنگێکی نزیـك بەدەنگـەکانی دەوروبەرییـەوە، ئـەم دیاردەیـە بەتایبـەتی لەنـەبزوێنی خـشۆك و دەربازدا دەردەکەوێ، نموونە (مەکنزی : ٤٨—٤٩):

سلێمانی: لەبەرکرد= (کرت)/ پاشایەك ئەبی= باشەیەگ....
سەری بەرزکرد= (بەرس)/ ئەگەر شێت نیت= شێد.....
گورج حەمامی (بۆداخست)= گورچ
سەد پۆلیس= سەت....
ئاکرێ : ئەز خولام= ئەس...
تو چێتوڤ حەکیمی = چێتوف....
بیدەف من = بیدەڤ
دەستدا= دەزدا
بنگرد: ئەویش دی = ئەویژدێ
بی کەیف نیم= بی کەیڤ نیم.

(٢) جیاوازی ڕێزمانی :

جیاوازی ڕێزمانی بەزۆری لەبەشی مۆفۆلۆجیدا دەبێ (جیاوازی لەگەردان کردنی کارو کۆکردنەوەی ناو گۆڕینی شێوەی ئاوەڵناو ئاوەڵکار....هتد) هەرچەند، جیاوازی لەسینتاکسیشدا ناو بەناو هەر بەدی دەکرێ.

أ- **جیاوازی مۆرفۆلوجی:-**

بۆنموونە شێوەزارەکانی کوردی هەریەکەیان بەشێوەیەك تایبەتی تاڤ ڕانەبردوو دروست دەکات وەك لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەبینین:

| سلێمانی | هەولێر | زارەکانی سەروو | |
|---|---|---|---|
| ئەکەم | دەکەم | دکەم | تکەم |
| ئەخۆم | دەخۆم | دخۆم | تخۆم |
| ئەبم | دەبم | دبم | تبم |

\هەروەها گەردانەی کاری هەبوون لەزارێکەوە بۆزارێکی تر دەگۆڕێ با بەوردی بەراوردی ئەم فۆرمانە بکەین:–

| سلێمانی | هەولێر | وارماوە | زارەکانی سەروو |
|---|---|---|---|
| هەمە | هەیتم | هەسم | هەڤە |
| هەتە | هەیتت | هەست | |
| هەیەتی | هەیتی | هەسی | هەیە |
| هەمانە | هەیتمان | هەسیان | |
| هەتانە | هەیتتان | هەستان | |

تێبینی :(١)لەشیوەزاری سلێمانیدا ڕەگی کارەکە (هە)یە بەو پاشگری (م، ت، ی، مان، تان، یان...) جۆتە سەر، بزوێنی (ە)ی کۆتایی تاڤ ڕانەبردوو پیشان دەدات:

هەمە (ئێستا)، هەم بوو(جاران)

(٢) لەشـێوەزاری هـەولێردا (هـەیت) ڕەگـی کردارەکـە و پاشـگری (م، ت، ی، مان، تان، یان...هتد) چۆتە سەر.

(٣) لەزاری وارماوەدا(هەس) رەگی کردارە و هـەمان پاشـگری بـۆ کەسـەکانی چۆتەسەر.

(٤) لــەزاری ســلێمانیدا نیــشانەی تــاڤ ئێــستا دەکەوێتــە دوای پاشــگری کەسەکانەوە(م+ە)، لەزاری هەولێردا نیشانەی تـاڤ ئێستا دەرناکـەوێ، پاشـگری کەسی دەکەوێتە دواوە.

**ب- *سینتاکس*:-**

لـەڕووی سینتاکـسەوە ئـەم جیاوازییانـە لـەنێوان زارەکـانی کوردیـدا بـەدی دەکرێ:—

(١) لـەزارەکانی ناوەراسـتدا ناسـینی نـاو بـەهۆی پاشـگری(ەکـە) وە دەبـێ، لەزارەکانی سـەرووداو، (کـە)، تـەنیا لەگێڕانـەوەدا بۆناسـاندن بـەکاردێ (مەکـەنزی :١٠٠).

| شێوەزارەکانی ناوەڕاست | شێوەزارەکانی سەروو |
|---|---|
| پیاوەکە، شارەکە | مرۆڤەکە کوتا ژنەکە |
| ژنەکە، کچەکە | بچوك(=منالّ، منالّەکە |
| | منالّەکان، منالاّن) لەزاری ئاکرێدا (مەکنزی :١٠٠) |

(٢) هەرچـەند هـەردوو شـێوەی ڕانـاو(لکـاو نـەلکاو) لـەزارەکانی سـەروو، و ناوەڕاسـتدا دەبینـرێن، ڕانـاوی لکـاو لـەزارەکانی ناوەڕاسـتدا هەمیـشە بەکارەوە دەلکێن، لەزارەکانی خـواردوودا کۆمـەڵێکیان فێـرە خزاندنـە و ئارەزووی پێشی ڕستە دەکات:—

| زارەکانی سەروو | زارەکانی ناوەڕاست |
|---|---|
| ئەتۆ درۆکرد | تۆ درۆت کرد |
| ئەو مەدخوت | ئێمە دەخوات |

| | |
|---|---|
| برایی هەنکۆ | برای تۆ، برات، براکەت |
| مالا من | مالی من، مالم، مالەکەم. |
| من تۆ ئێنای | من تۆم هێنا |

(مەکنزی ۷۳:) (وریا عومەر، ۱۹۸۳).

(۳) بۆ دەربڕینی کاری نادیار، زارەکانی ناوەڕاست پاشگری (ڕا، و، ڕێ) بەکار دێنن، لەزارەکانی سەروودا ئەم پاشگرانە بەدەگمەن بەرچاو دەکەون، لەجیاتی ئەمانەیان(۱) هاتن + ە + چاوك(کە بکەر نەزانرا) بەکاردێ یان (۲) کاری تێپەڕ وەك کاری تێنەپەڕ گەردانە دەکرێ و مانایەکی نادیار وەردەگرێ کاتێ بکەر لە ڕستەکەدا هەبێ.

| زارەکانی سەروو | زارەکانی ناوەڕاست |
|---|---|
| ۱ ) باپیری ما ل بهەشتی هاڤیتە دەرێ | باپیرەکانمان لە بەهەشت دەرکران |
| ۲ ) سندوڤا شکاندنی | سندوقەکەیان شکاند |
| ۳ ) ئەز دەرمان کرمم | من دەرمان کرام |
| ٤ ) زاد ئینا | نان هێنرا |
| ٥ ) سندۆڤا هاتیە شکاندن | سندوقەکە شکێنرا |
| ٦ ) چەند دزیێ هاتینە کوشتن | چەند دزێك کوژراون(مەکەنزی ۱۹۳-۱۹۵). |

(۳) جیاوازی لێکسیکی (فەرهەنگی):-

ئەم جیاوازییە زیاتر لەدوانەکەی تر هەستی پێ دەکرێ و لەوەدا دەردەکەوێ کە زارەکان وشەی جیاجیا بەکاردێنن بۆ لێدوان لەدیاردەی فیزیکی و کۆمەڵایەتی دەوروپشتیان، هەندێ جاریش هەمان فۆرم بەواتای جیاواز لەزارەکاندا بەکاردێ، ئەم دوو جۆرە جیاوازییە هەردووکیان لەزارەکانی کوردییدا دەبینرێن:-

أ- بەکارهێنانی وشەی جیاجیا بۆ هەمان دیاردە:-

بەراوردێکی ئەم فۆرمانەی خوارەوە بکە لەزارەکانی ناوەڕاست و سەرووی کوردیدا کە بۆ هەمان دیاردەیان بەهەمان واتا بەکاردێن:-

| شێوەزارەکانی ناوەڕاست | شێوەزارەکانی سەرەوە |
|---|---|
| دانساز | دان کێش |
| لی پرسراو | بەرپرس |
| بەناوبانگ | پێش چاڤ |
| پیاو کوژ | میرکوژ |
| نانی نیوەرۆ | فراڤین |
| گۆرانی | ستران |
| مەزن | گەورە |
| کەرە | نڤیشك |

تەنانەت لەناو زارەکانی ناوەڕاست خۆشیاندا جیاوازی لێکسیکی لێ بەدی دەکرێ:

| شێوەزاری سلێمانی | شێوە زاری هەولێر |
|---|---|
| کەی | کەنگی |
| دەنووك | دەندووك |
| دان | ددان |
| کچ | کیژ |
| خەو | خەون |

ب- هەمان فۆرم بەواتای جیاواز:-

هەندێ جار هەمان فۆرم لەچەند زارێکی جیاجیا دا دەبینرێ، بەڵام بەواتای جیاواز، بۆنموونە، وشەی گۆبەند لەزارەکانی ناوەڕاستدا بەواتای ئاژاوە دێ. هەمان وشە لەزارەکانی سەروودا دەبێتە گۆڤەند و بەواتای شادی دێت، هەروەها وشەی وەرین لەزارەکانی ناوەڕاستدا بەواتای هەڵوەرین و لێك جیابوونەوە دێ،

بەلآم لەزارەکانی سەروودا هەمان فۆرم بەواتای دەورگرتن دێت، هـەمان جیـاوازی واتایی لەوشەی داوەشین دادەبینریٚ.

لـەم سـەد سـاڵەی دواییـدا زمانەوانـەکان ڕێگـەی وردتریـان بـۆ، لێکدانـەوەو جیاکردنـەوەی سـنووری زارەکـان دۆزیوەتـەوە، چـاکترین و بڵاوتـرین تـەکنیك بـۆ پـشکنینی ناوچـەیەك و دۆزینـەوەی سـنووری زارەکـان و نووسـینەوەی ئەتلەسـی زارەکان ئەو ڕێگایەی کە لە ساڵی ١٨٧٦ جـۆرج ڤینکـەر لەئـەڵمانیا بـەکاری هێنـا ڤینکـەر چـەند فـۆرمێکی (ئیـستمارەیەکی ) بەسـەر بەڕێوەبـەری قوتابخانـەی گوندەکاندا دابەش کرد کە تێیدا داوای لیٚ دەکردن چەند ڕستەیەك وەرگێڕنە سـەر زاری ناوچـەکە، بـەم ڕێگایـە فینکـەر دەیویـست بزانێـت تـا چ رادەیـەك گـۆڕانی فۆنۆلـۆجی و ڕێزمـان و لێکـسیکی لـەزمانی ئەڵمانیـدا بـەدی دەکـریٚ بـە هـەمان شێوە(کیلیرون) لە فەرەنسا توانی ئەتڵەسی زارەکانی فەرەنسی ئامادە بکات، ئەو کارانە ئێستا لەبەریتانیا و یابان و ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەدەستەوەیە دەربارەی زارەکـانی کـەڵکێکی زۆریـان لـەم تاقیکردنەوانـەی ئـەڵمانیا و فەرەنـسا وەرگرتووە.

ئەم جۆرە ئەتڵەسانە دابەش بوونی جوگرافی دەنگێك یان وشەیەك لە زمـانێکی دیاری کراودا لەسەر نەخشەی گەورە پیشان دەدن، بۆنموونە نەخشەیەك لەوانەیـە دابـەش بـوونی جـوگرافی جـۆرە جیاجیاکـانی دەربـڕینی دەنگێکمـان لەوشـەیەکدا پیشان بدات یان دابەش بوونی جوگرافی جۆرەکانی دروست کردنی کرداری رابـردوو یان رانەبردوو بخاتە روو، زۆرجار سنووری جوگرافی نێـوان دوو زاری زمانێـك تـەواو روون و ئاشکرایە و بەوە ئەو دوو زارە لە یـەکتری جیادەبنـەوە کـە هـەر یەکـەیان یاسایەکی تایبەتی هەیە بۆ ڕابردوو دروست کردن، یان لە هەریەکەیاندا فـۆرمێکی دیاریکراو بە جۆرێـك بـە کـاردیٚ. لـە کـاتی وادا، بـە واتـای ئـەوەی کـە سـنووری نێوانیان ڕوون و ئاشکرا بـوو، زارناسـەکان بـە هێلێـك کـە پێـی دەوتـریٚ هـیلس (( هـــەمان زار )) (iscgloss ) ئـــەم دوو ناوچـــەیە لـــە یـــەکتری جیادەکاتـــەوە کـــە ژمارەیەکی زۆر لەم هێلانە لەشـوێنێکدا کرژبوونـەوە و بۆماوەیـەك درێـژ بوونـەوە، (کە جیاوازی لەنێوان دوو زاردا زۆر بوو). ئەو هێلە دەبیٚ بـەهێلی سـنووری نێـوان دوو زار یـان زیـاتر، یـەکێك لـەم هێلانـە، ئـەو هێلەیـە کـە زارەکـانی ناوەڕاسـت و

زارەکـانی سـەروو لەیـەکتری جیادەکاتـەوە، هەنـدێك جـار هێڵـەکان هـەمویان لـە چەقێکەوە دەردەچن یان لەخاڵێکـەوە بڵاودەبنـەوە، بەچـەقی وادەوتـرێ، چـەقی ناوچە(Focal orea)، هەنـدێ جـار پێـچەوانەی ئـەم دیاردەیـە بـەر چـاو دەکـەوێ، بەواتای ئەوەی چەند هێلێك هەندێ جار بەرەو چەقێك دەڕۆن لەچەند ناوچـەیەکی دەوروبەریەوە.

زار ناسەکان بەچەقی وا دەڵێن(ناوچەی بڕین)) بـەو ناوچـانە کـە چـەند هێلێـك تێیدا بەجۆرێکی نارێك و پێك یەکتری دەبڕن دەوتـرێ(ناوچـەی کـاتی) سـلێمانی و هـەولێر و ڕەوانـدوز چـەقی ناوچـەن لـەزارەکانی ناوەڕاسـتدا، ئـاکرێ و ئامێـدی و شـێخان چـەقی ناوچـەن لـەزارەکانی سـەروودا، موکریـان ناوچـەی دێرینـە. شـارە گەورەکانیش کە ژمارەیەکی زۆر خەڵکی دەوروبەر دێن ودەچن تێیانـدا بەناوچـەی کاتی دادەنرێن.

دوای ئـەوەی چـەقی ناوچـە و ناوچـەی دێـرین و ناوچـەی کـاتی دۆزرایـەوە سنووری زارەکان دیاری کرا زارناسەکان هـەوڵی ئـەوە دەدەن بـەهۆی پەیـدابوونی ئەو زارە ناوچەییانە پیشان بـدەن، مێـژووی ئاوەدانکردنـەوەی ناوچـەکە زۆر جـار پەیوەندییەکی زۆری بە پەیدابوونی زارەوە هەیە (wardhaugl 223-25)

ئـەو ناوچـانەی کـۆنن، کـەمتر ڕێگـە بـەداهێنان دەدەن و جیـاوازی نێـوان زارەکانیشی ئاشکراو دیارن، سنووری زارەکان ئاسایی پەیوەندییان لەگەڵ کـۆچ و باردا زۆرە و دیاریکردنی ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتووان کاردەکاتـە سـەر نەخـشەی دابەش بوونی زارەکان، هەروەها لێکدانەوەی جیـاوازی نێـوان زارەکـان لەناوچـەی ئـــاڵۆزو کاتییەکانـــدا(وەك شـــار) زۆر گـــرانترە وەك لـــە ناوچـــە نـــەگۆڕو سادەکاندا(گوندەکان).

شایانی باسە کە ئەو گەشەیەی کـە لەمـە و دوای گواسـتنەوەدا لـەم سـاڵانەی دواییـــدا ڕووی داوە ڕۆڵـــی کۆسـپی جـوگراف لەدابـەش کردنـی زارەکانـدا کـەم کردۆتەوە، بۆنموونە، چیاکانی هەورامان کە لەکاتی خۆیدا بونەتە هۆی داپـچڕاندن و گۆڕین و دروست بـوونی زاری جیاجیـا، ئێـستەکی ئـەو کۆسـپە گەورەیـە نـین و لەوانەیە لەچەند نەوەیەکی تردا زارەکان بەجۆرێکی تر لەم ناوچەیەدا دابەش بن.

تەنانەت ئەگەر جیاوازی نێوان زارەکان زۆریش بێ، قسەکەر بەزاری زمانێك لەزارەکانی تریش کەم و زۆر دەگات، ئەم لەیەکتر گەیشتنە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕاستییەی کە هەموو زارەکان هەمان پێڕەو بەکاربێنن و زۆربەی کات جیاوازی نێوانیان لەوەدایە کە یاساکان پاش و پێش دەکرێن یان یاسایەك لەزارێکدا هەیەو لەو پتردا نییە، بۆنموونە رستەیەکی وەك:—

مەچی کر؟ (زاری ئاکرێ) مەکنزی : ١٧٦) لەزارەکانی سەروودا، (بەتایبەتی لەزاری ئاکرێدا) رستەیەکی بەواتاو پەسەندە، بەڵام هەمان ڕستە لەزارەکانی ناوەڕاستدا بەرستەیەکی واتاداری ناپەسەند دادەنرێ، چونکە یەکێك لە یاسا سەرەکییەکانی ئەم زارەی بەجێ نەهێناوە، ئەویش دووبارە کردنەوەی بکەرە(لەشێوەی راناودا) بەمەرجی لەکاتی کاری رابردوودا بەنزیکترین کەرەسەی رستەوە بلکێ کە توانای وەرگرتنی نیشانەی هەبێت وەك لەخوارەوە ڕوونی دەکەینەوە:—

ئێمە = مە، چی= چی، کر= کردووە
+ مان =
ئێمە چیمان کرد؟

ب— گۆڕان لەزماندا :—

هەروەك چۆن زمان بەپێی شوێن دەگۆڕێ و دەبێت بەچەند زارێکی جیا جیاوە، هەروەها زمان بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ و بەم پێیە کوردی سەدەی حەڤدە و هەژدەو دەبێ لەکوردی ئەمڕۆ جیاواز بوو بێت، دەربارەی گۆڕان بەشێوەیەکی گشتی دەبێ سێ راستی لەبیرنەکەین:—

١— هەموو زمانەکانی جیهان هەمیشە لەگۆڕاندان و لەتوانای کەسدا نییە ئەم گۆڕانە ڕاگرێ یان کەمی بکاتەوە، یان بەتەواوی نەیهێڵێ، چونکە گۆڕان لەگەڵ هەڵکەوتی زمان خۆیدایە.

٢– مەرج نییە گۆڕان زمان بەرەو تێکدان و هەڵوەشاندن و لەناوچوون بەرێ وەك هەندێ کەسی ساویلکە باوەڕیان وابوو، بەڵکو گۆڕان لەوانەشە زمانەکە ئاسانتر بکات و وزە پارێز بێ.

٣– گۆڕان بەپێی یاساو دەستوور روودەدات و لەخۆوەبێ سەرو شوێن نابێت، هەر لەبەر ئەمەشە کە تەنیا چەند جۆرێك لەگۆڕان لەزمانی مرۆڤدا دەبینرێت و هەر ئەمانەش بەگۆڕانی ئاسایی دادەنرێن.

ئاشکرایە کە گۆڕان لەهەموو ئاستەکانی زماندا روودەدات و (ئاستی) فۆنۆلۆجی و فۆنەتیك، ئاستی مۆرفۆلۆجی سینتاکس و سیمانتکس) لەهەر ئاستێکدا چەند شێوەیەکی گۆڕان بەدی دەکرێ.

١– ئاستی فۆنەتیکی و فۆنۆلۆجی:–

ئەم ئاستەی زمان زیاتر لەئاستەکانی تر دەگۆڕێ و زۆرتریش هەستی پێ دەکرێ، لەم جۆرە گۆڕانەدا هەندێ دیاردە لەزۆربەی زمانەکانی جیهاندا بەدی دەکرێ:–

أ– تواندنەوە (لێکچوون یان گونجان):–

لێرەدا دەنگێك دەگۆڕێ بۆ دەنگێکی تر لەژێر کاری دەنگەکانی دراوسێدا، هەندێ جار دەنگەکەی پێشەوە دەگۆڕێ و هەندێ جار دەنگەکەی دواوە، بۆ نموونە:–

١– دەنگی پێشەوە:–

پێش+ ڕەو ـــــ پێشرەو/ پێژڕەو/

پشت+ دە ر ـــــ پشتدەر/ پژدەر/

هەشت+دە ـــــ هەشت دە/ هەژدە/

سەد+ پیاو ـــــ سەد پیاو/ سەت پیاو/

بەش + دار ـــــ بەشدار/ بەژدار/

گورچ + پەتیکە ـــــ گورج پەتیکە/ گورج پەتیکە/

پاشایەك + ئەبێ ـــــ/ پاشەیەگ ئەبی

ئەگەر+ شێت + نیت ـــــ/ ئەگەر شێدنیت.

٢- دەنگی دواوە:-

چی بکەین ــــــــ چی بکەین/ چی پکەین.

ب- بوون بەدەنگی دوولانە:-

لێرەدا بزوێنێك هەندێ جار دەخلیسكێ و دەبێتە دەنگێكی دوولانە(دوو پارچە) لەیەك بڕگەدا.

نموونە: لای، ماین، مەی، ئاو...(لە قمەی هەندێ كەسدا).

ت- كرتاندن (لەناوچوون)

لەم گۆڕانەدا یەكێك لەبڕگەكانی وشەیەك لەناو دەچێ یان دەكرتێ:-

لە+ ئەم+ بەر ــــ لەم بەر

ل+ ئەم+ ە ــــــ لەمە

ل+ ئەو+ ە ــــ لەوە

هەندێ جار دەنگی پێشەوەی وشەكە لە ناودەچی و (وەك ئەشەل / شەل) هەدێ جار دەنگی ناوەڕاست و(وەك تواندنەوە و كوژاندنەوە/ توانەوە و كوژانەوە) جاری واش هەیە دەنگی پێشەوە و دواوە لە هەمان كاتدا(وەك موحەمەد----- ----- حەمە)، بەڵام لەكوردیدا لەناوچوونی دەنگی دواوە دیاردەیەكی تەواو بڵاوە و بەتایبەتی لەزاری سلێمانیدا دەردەكەوێ( كاك--- كا، دەست----- دەس، شێخ ---شێ....هتد.)

ج- دروست بوونی دەنگی نوێ:-

هەندێ جار لەئەنجامی كۆبوونەوەی ڕیشەی وشەیەك و پاشگرێك دەنگێكی نوێ دێتە كایەوە بۆ جیاكردنەوەی بزوێنەكان.

زۆربەی جار دەنگێ پێش بینی دەکرێ (هۆیەکی فۆنەتیکی دەدۆزینەوە بۆ لێکدانەوەی) بەڵام جاری واش هەیە کە هۆیەکی فۆنەتیکی وامان نییە دیاردەکەمان بۆ لێکداتەوە.

**دێ، جۆ، قاپی+ ەکە**

**دێ یەکە، جۆیەکە، قاپی یەکە**

**(لەهەندێ زاری کوردیدا)**

**خانوو، جوانوو، ەکە**

**خانو ووەکە، جوانوو وەکە**

**(دیسانەوە لەهەندێ زاری کوردیدا)**

**بیخۆ+ ەوە——— بیخۆرەوە(لەشێوەزاری سلێمانیدا)**

**بیلێ+ ەوە——— بیلێرەوە(لەشێوەزاری سلێمانیدا).**

**چ — تەبایی (ائتلاف):—**

لێرەدا دوو دەنگ دەچنە سەریەك بەتایبەتی لەکۆتایی وشەداو دەنگێکی جیاواز دەهێنێتە کایەوە کە ناچێتەوە سەر هیچ کامیان.

**نمونە/ قاپی + ەکە—— قاپێەکە(ی+ە ——ئێ).**

**(شێوەزاری سلێمانی) جوان و+ ەکە ——— جوانۆکە(وو+ ە——ۆ)**

هەندێ جاریش هەردوو دەنگەکە ڕێدەکەون یەکێکیان دەمێنێتەوە لە بریتی هەردووکیان، ئەم دیاردەیە لەکوردیدا زۆر بڵاوە بەتایبەتی کە بوێنێکی کورت و یەکێکی درێژ دەچنە سەریەك، ئاسایی درێژەکە دەمێنێتەوە و هەردووکیان دەنوێنێ:—

**ئێوارە+ ئان——ئێواران /ە+ ا —— ا**

**بەردەکە+ ئان——بەردەکان/ ە+ا —— ا**

**لەدوێنێ+ ەوە—— لەدوێنێ وە/+ ە——ی**

**لەپەردە+ ەوە——لەپەردەوە+ ە——— ە**

خ- جیابوونەوەی دەنگ:

هەندێ جار دوو دەنگی وەك یەك کە دەچنە سەریەك یەکێکیان دەگۆڕێ بەدەنگێکی تر بۆ ئاسانی، نموونە:-

پاش+ شێو—— پارشێو

پاش+ سەنگ—— پارسەنگ.

د- جێ گۆڕکێ:-

لەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یان دوو بڕگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە هەندێ جار وشەکە بە هەردوو شێوەکەی لەیەك زاردا دەبینرێن، هەندێ جاریش هەر شێوەی لەزارێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێ،بۆ نموونە :-

١- لەنێوان دوو زاردا:-

تەرزە (سلێمانی)، تەزرە (هەولێر)

بەفر (سلێمانی) بەرف (زارەکانی سەروو).

٢- لەناو هەمان زاردا

رفین، فرین

ڕوانین، نواڕین

هەندێ جێگۆڕێکی پەیوەندی بەچینی کۆمەڵایەتی و ئاستی رۆشنبیرییەوە هەیە و شێوەیەکی وشەکە مۆرکی کۆمەڵێکی تایبەتییە، بۆنموونە، شێوەیەك لەم فۆرمانەی خوارەوە لەقسەی نەخوێندەواردا زیاتر دەردەکەوێ:-

| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
|---|---|
| جومعە | جوعمە |
| روبع | روعب |
| لەعنەت | نەعلەت |

ر- دەنگە گۆڕكێ:-

لێرەدا دەنگێكی وشەیەك لە قسەی هەندی كەسدا دەگۆڕێ بەدەنگێكی تر لەقسەی خەڵكی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆڕانە بێتە هۆی گۆڕانی واتای وشەكە بەواتایەكی تر، هەمان وشە لەدوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێ بەهەمان واتا دیسانەوە، هەندێ جار هەردوو فۆرمی وشەكە لەیەك زاردا هەن، جاری واش هەیە هەر فۆرمە لەزارێكی تایبەتیدا بەكاردێ.

١- لەنێوان دوو زاردا:-

ئەسپ(سلێمانی)/ هەسپ (وارماوە)

بەستی، ئەیبەست (سلێمانی) ئەیوەست (وارماوە/ وەستی)

جەواب (سلێمانی)/ جەواو (وارماوە)

سوور(سلێمانی) سۆر (هەولێر)

٢- لەناو زارێكدا :-

ئاسمان/ عاسمان

یۆنان/ وێنان

ز- بەرلێودان:-

هەندێ دەنگی وەك (ك) یان (گ) كە دەنگێكی لیویان بەدووا دادێت، بەرەو پێشەوەی دەم دەڕۆن و لێو خڕكردنەوە پەیدا دەكەن لەكاتی وادا بەو دەنگانە دەوترێ(بەرلێودراون)وەك دەنگی(گ) و (ك) ی كوردی لەوشەی (كوا)، (كوانێ)، (گوارە)، گوان....هتد.

س- نەرم بوون (بەرمەڵاشودان):-

هەندێ دەنگ (بەتایبەتی دەنگی دەرباز: / ك، گ، ب/ ....) كە بزوێنی ( / ی / ێ / ) یان بەدوادا دێت دەخلیسكێن بەرەو شوێنی بزوێنەكە و نەرم دەبنەوە، بەواتایەكی تر، بەرەو تاكە كپەكانی خۆیان دەڕۆن(پ ـــ) جۆرێك لە لە(ب/ و / ك)

جۆرێك له / چ / ...هتد) بۆ نموونه بەراوردی دەنگی(/ك / و/گ/ و/ ف/ ی بکه لەکۆمەڵی یەکەم و دووەمدا:-

| (١) | (٢) |
|---|---|
| کا، کار | کێ، کێو |
| | کینه |
| گا، | گێره |
| فاڵ، فاته | فێڵ، فێنك |

ش- بەرلووتدان:-

لێرەدا دەنگێك (بەتایبەتی بزوێن) لەژێر کاری دەنگه ناو لووتیەکانی دەوروبەریدا لەهەڵکەوتدا لەمانه نزیك دەبێتەوە، بۆنموونه، لەکوردیدا بزوێن نییه که له لووتەوە دەرچێت،، بەڵام که بزوێنێکی ئاسایی دەکەوێتەوە نێوان دوو دەنگی لووتییەوە وەك(م، ن، نگ)) یان پێش یەکێك لەمانە، بزوێنەکه وەك ئەمانی لێدێ له هەڵکەوتدا، بەباشی لەدەنگی(أ) ی ئەم وشانه وردبەرەوە: نازانم، پانزه، سیانزه...هتد.

ع- بەرنەرمایی دان:-

لێرەدا دەنگێك (بەتایبەتی / ل/ ) بەرنەرمایی مەڵاشوو دەدرێ و دەگۆڕێت بەدەنگێکی تر(/ ڵ/ و / ڕ/) ئەم چوار گۆڕانەی دوایی، دەتوانرێن بخرێنه ژێر جۆری یەکەمی گۆڕانەوە (تواندنەوە) چونکه له هەموویاندا دەنگێك یان هەندێ لەتایبەتی خۆی دەگۆڕێ یان تەواو دەگۆڕێ بەدەنگێکی تر لەژێرکاری دەنگێکی دراوسێدا.

شایانی باسه که هەندێ گۆڕانی فۆنەتیکی لەمەودایەکی تەسکدا کار دەکەن بەواتای ئەوەی کارەکەیان تەنیا لەژمارەیەکی کەمی وشەکان زمانەکە دا دەبینرێ و گڕانکێکی فراوان و بەربڵاو ناهێنێننه کایەوە، بەڵام هەندێ گۆڕانی دەنگی هەیه که بەشێوەیەکی زۆر فراوان کار دەکەن، و پێڕەوی دەنگی زمانەکه هەمووی

دەگۆڕن، ئەم جۆرە گۆڕانانە کە پێیان دەوترێ(گۆڕانی فۆنەتکی) لە ئەنجامی دوو جۆر گەشە دێنە کایەوە:–

١– کەرت بوونی یەکێك لە فۆنیمەکانی زمانێك و بوونی بەدوو فۆنیم یان زیاتر وەك ئەو گەشەی کە لەفۆنیمی (ل) ی زاری سلێمانیدا دەبینرێ، بەوەدا کە تەنیا یەك جۆر(ل) لە زۆربەی زارەکانی تردا هەیە، دەبێت پەیدا بوونی(ل) گەشەیەکی دواتر بووبێت، ئەمە کارێکی فراوان کردوتە نەك هەر پێڕەوی دەنگی زارەکانی خۆی بەڵکو تەنانەت زارەکانی تریشی هەژاندووە، چونکە ناو بەناو لەم زارانەشدا دەبیسترێ.

٢– لکاندنی دوو فۆنیمی جیاواز و بوونیان بەیەك فۆنیم، ئەم دیاردەیەکە دیسانەوە لەکوردی ئەمرۆماندا بەدی دەکرێ، بۆنموونە، دەنگی(/ء/ و /ع/) لەزۆربەی زارەکانی کوردیدا هەن و جێگەی خۆشیان دەگۆڕنەوە بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، (هەر لەبەر ئەمەیە) کە تۆفیق رەهبی لە قاموسەکەیدا هەموو ئەو وشانەی بە(/ء/ یان/ ع/) دەست پێ دەکەن لەیەك شوێندا تۆماری کردوون). بۆ نموونە، گۆڕینی (ع) بۆ(هەمزە) یان بەپێچەوانەوە کار ناکاتە سەر واتای ئەم وشانەی خوارەوە:

| | |
|---|---|
| ئاسمان / عاسمان | سوئال/ سوعال |
| قورئان/ قورعان | ئەمر/عەمر |

٢– ئاستی ڕێزمان (مۆرفۆلۆجی و وسیتاکس):–

ڕێزمان هەر وەك دەنگ بە تێپەڕبوونی کات دەگۆڕێ، هەرچەندە ئەم گۆڕانە کەمتر هەستی پێ دەکرێ و کەرەسەی ڕێزمانیش جێرترە و کەمتر خۆ بەدەست گۆڕانەوە دەدات.

لەئاستی مۆرفۆلۆجیدا گۆڕان زیاتر لەگێرەکدا دەردەکەوێ، بەواتای ئەوەی گێرەکی زمان زووتر لەرەگ دەگۆڕێ، دیسانەوە گۆڕان لەگەردانەی کار و لەداڕشتنی وشە دادەبینرێ، بۆنموونە، هەندێ گێرەکی کوردی بە تێپەڕبوونی کات لەناوچوون(وەك مۆرفیمی بچووکردنەوەی (ك) کە لەوشەی(کرمەك) دا وەك پاشماوەیەك ماوە)، هەروەها زارەکانی ناوەڕاست بەپێچەوانەی هەموو زارەکانی

باکوورەوە، کۆمەڵەیەکی تری راناوی لکاویان پەیدا کردووە کە لەگەڵ کرداری تێپەڕدا لەتاقی رابردوودا بەکاردێ(وەك لە خواردی، خواردمان، خواردتان، خواردیان، خواردت...هتد دەردەکەوێ).

فەرهەنگی وشەی زمان بەردەوام لەگۆڕاندایە گۆڕانی فەرهەنگی وشەی زمان بەردەوام لەگۆڕاندایە، گۆڕانی فەرهەنگی دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك: (١) خواستن(٢) گۆڕانی واتایی(٣) گۆڕانی لەشێوەی داڕشتنی وشەدا، بۆنموونە، وشەی (ویژدان) لە عەرەبییەوە خوازراوە وشەی ( پێ ) بە واتای یەکەیەکی پێوانە لە ئەنجامی واتاییەوە هاتووە وشەی (زانکۆش) هەرچەندە پارچەکانی کوردین لەئەنجامی گۆڕان لەشێوەی وشە داڕشتنی کوردیدا پەیدابووە.

ئاسایی وشەی نوێ، لەکوردیدا بەیەکێك لەم رێگایانەی خوارەوەدا دەتاشرێ:

(١) لێکدان: خستنەپاڵ یەکتر وەك: قژ زەرد، پەلکە زێڕینە(٢) داڕشتن: زیادکردنی گیرەك، ڕەنگین، ئاسنین، نەرمایی...هتد.

لەم ساڵانەی دواییدا کوردی دوو رێگای تریشی پەیداکردووە بۆ داڕشتنی وشە:

(١) بەهۆی کرتاندن و لێکدانەوە: بۆنموونە، لەداتاشینی وشەی(زانکۆ) دا ئەم دوو کارە ئاشکرایە، (وشەکە لەکۆی زانینەوە وەرگیراوە لە(زانین) وە (زان) وەرگیراوە و دوایی لەگەڵ (کۆ) دا لێکدراوەو پاش و پێشیان پێ کراوە، ئەم رێگەیەی داڕشتن لەوشەی تریشدا بەرچاو دەکەوێ وەك: کۆ زمانەوانی (کۆمەڵناسی و زمانەوانی)، (٢) بەهۆی ئەکرۆنیمەوە کە بریتییە لە لێکدانی بڕگەی یەکەمی یان دەنگی یەکەمی دوو وشە یان زیاتر و خوێندنەوەیان بەیەکەوە یان وەك دەنگی پیتەکان، نموونە: د. خ(دال خا)= (دوردی خوای لەسەربێ)، پ. ز(پا، زا)= پێش زاین، پ.ن (پا، نون) = پێش نیوەڕۆ...

لەئاستی سینتاکسدا گۆڕان کەمتر روودەدات وەك لەئاستەکانی تر، بەڵام دیسانەوە لێرەشدا گۆڕان شتێکی ئاساییە و زۆر بەدی دەکرێ، گۆڕان لەم ئاستەدا لەچەند شێوەیەکدا دەبینرێ وەك گۆڕان لە رێکەوتنی بکەر و کاردا، گۆڕان لەشێوەی ریزبوونی کەرەسەکانی رستەدا و لە ناوچوون یان پەیدابوونی ئامراز.

بۆنموونە، لەکوردی ئەمرۆدا(دیسانەوە زارەکانی ناوەڕاست ئەو کۆمەڵە راناوە لکاوەی بۆخۆیەتی بەکاردێن و لەگەڵ تاقی رابردووی تێپەڕدا دەڕۆن نەك هەر

گەشەی نوێن بەڵکو خۆشیان لە رستەدا دەخلیسکێن و بەپێچەوانەی کۆمەڵە راناوە لکاوەکەی ترەوە نەك هەر بەتەنیا بە کۆتایی کارەوە دەلکێن، بەڵکو لەرستەدا هەولّی پێشەوە دەدەن و بەناو و ئاوەڵکارو ئامراز و ئاوەڵناویشەوە دەلکێن، بۆنموونە، با لەشوێنی راناوەکە لەم رستانەی خوارەوە وردبینەوە:-

١. **زۆرم خوارد**
٢. **نانەکەم خوارد**
٣. **پیاوە شێتەکەم دی**
٤. **خواردم و هاتمە دەرەوە.**
٥. **پێم وت**
٦. **کێیە؟ منم.**

دیسانەوە لە کوردی ئەمرۆدا رێکەوتنی بکەرو کاریش گۆڕانێکی تێکەوتووە، بۆنموونە، لەکوردی پێشتردا ناوی کۆ بەدوای ژمارەدا(لەیەك زیاتر) دێ و کارەکەش دەکات بە کۆ:-

**سەد کەسان مردن**

لەکوردی ئێستەدا ناوی دوای ژمارەو کارەکەش بەتاکی دەمێنێتەوە

**سەد کەس مرد.**

هەروەها کوردی ئەمرۆ کەمتر رێگە دەدات یاری بەشوێنی کار بکرێ لە رستەدا، رستەیەکی وەك:

١- **هەر کەسی سەرف بکا دەرهەمێك .**
٢- **ئیرادەی کرد زاهیر بکا خەیری خەلقی خۆی .**
٣- **نوورێکی عەزیم داخلی بوو دڵم.**

(مەولود نامە : ١)

لەکوردی ئێستەماندا بە ناپەسەند و نارێزمانی دادەنرێ.

شایەنی تێبینییە کە کوردی نوێ ئامرازێکی پەیوەستی کۆنی فرێداوە و لەجێگەی دا ئامرازی(پەیوەستی (بۆ...).بەکاردێنێ :-

بەچوونی تۆ ئەسەر زەمینی(بۆ.....)
لەخلەوتخانەی قابە قەوسەینم بردووە(بۆ............) ( مەولوودنامە : ٤٢، ٤٤).

٣- ئاستی سیمانتیکی:-

گۆڕانی واتـایش دیـسانەوە رووکـارێکی دیـاریکراوە . لەزۆربـەی زمانـەکانی جیهاندا دەردەکەوێ، بەواتای ئەوەی گۆڕانی واتـایی لەچـەند شـێوەیەکدا لەزمانـە سروشـتییەکاندا دووپــات دەبێتــەوە، گــرنگترینی ئــەم رووکارانــەی گــۆڕان ئەمانەن(Pyles.Algeo : 225-30).

**أ- واتا تەسك بوونەوە:-**

لێـرەدا وشـەیەك واز لـەواتا گـشتییەکەی خـۆی دێـنێ و پـسپۆری لەواتایـەکی تەسکتردا پەیدادەکات، لەوانەشە وشەکە هەردوو واتاکەی بپارێزێ لەهـەمان کاتـدا بەواتایەکی تر، هەندێ جار واتایەکی گشتی هەبێت و هەنـدێ جـاریش بەواتایـەکی تەسـکتر بـەکاربێت، بۆنموونـە، وشـەی(نـان) لەبنەڕەتـدا وەك لەهەنـدێ فریـزدا دەردەکــەوێ بەواتایــەکی فــراوان بــەکار هــاتووەو هــەموو جــۆرە خــواردنێکی گرتۆتەوە(نانی پێ پەیدا ناکرێ) بـەدوای نانـدا وێڵـە، نـانی مـەبرە، نـانی خـۆی و منداڵی بڕی...هتد) ئێستە شان بەشانی ئەم واتـا فراوانـە، وشـەی(نـان) لـەکوردی ئەمرۆدا بەواتای (کولێرە)ش دێ وەك لەم بەکارهێنانەدا دەردەکـەوێ: منداڵەکـەی نارد نان بێنێ، چـووە نـان بکـڕێ، دوونـان لەماڵـە دراوسـێیەکەتان بێنـە، چێـشت بەنانەوە ناخوات، نانەکە لەت نەکەی، ئەو نانەمان بۆتەڕبکـە.........هتـد، هـەمان گۆڕانە وشەی (پیر) دا بەدی دەکرێ.

**ب- واتا فراوان بوون:-**

ئەم کارە پێچەوانەی واتا تەسك بوونەوەیە، لێرەدا وشەکە بەتێپەڕبوونی کـات واتایەکی فراوان تر پەیدا دەکـات و دیاردەیـەکی گـەورەتر دەگرێتـەوە بـۆ نموونـە وشەی(بزوێن) لەبنەڕەتدا بەواتای(لەوەرگا) هاتووە ئێستە واتاکەی فراوانتر بـووەو (هەموو شتێکی پێوست دەگرێتەوە).(عەبدالرحمن زەبیحی، ١٩٧٩ : ٩١).

**ج– بەرز بوونەوەی واتا:–**

لێرەدا وشـەیەك كـە لـە بنەڕەتـدا بـارودۆخێكی خراپـی گەیانـدبێت وازی لـەو واتایەی هێناوەو واتایەكی باشتری وەرگرتووە، بۆنموونە وشەی (شۆخ) كە ئێستە بەواتای(جوان) دێت لە قۆناغێكی پێشتردا بەواتای(بێ حەیا) بەكارهاتووە.

**د– نزم بوونەوەی واتا:–**

ئەمەش پێچەوانەی واتـا بـەرز بوونەوەیـە و كـاتی روودەدات كـە وشـەیەك واز لەواتایەكی باش یان بێ لایەن بـێنێ و واتایـەك وەرگـرێ كـە سـووكی و ڕیـسوایی بگەیەنێ. بۆ نموونـە وشـەی( بـۆر )كـە لـە وشـەی( بـورە سـوار) و( بـۆرە زەلام ) دادەبینرێ لەبنەڕەتدا لەواتادا بێ لایەن بووە، بەواتای ئەوەی نەدۆخێكی خـراپ و نەدۆخێكی باشی گەیاندووە، لەكوردی ئەمرۆدا واتای وشـەكە بـەرەو ریـسوا بـوون هاتووە، چونكە ئەم وشەیە ئێستە بەواتای مرۆڤێكی لات و بێ پارەو بێ بەهاو بـێ باوەڕ دێت(زەبیحی، بەرگی دووەم، ل١١٥). هـەمان گەشـە لەوشـەی عـەیار بـەدی دەكرێ.

هەرزۆر لەدەمێكەوە زمانەوانەكان بەدوای هـۆی زمـان گۆڕانـدا دەگـەڕێن و بـۆ لێكدانەوەی ئەم دیاردەیە دەیان بیردۆزیان خستۆتەروو:–

**(١) تیۆری وزە پاراستن( یان وزە بەفیرۆنەدان):-**

بەپێی ئەم بیرە هەموو ئەو گۆڕانانەی كە لەزمانـدا روودەدات دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەو ئارەزووەیەی كە لە مرۆڤـدا هەیـە بـۆ ئاسـانكردنی دەربـڕین بـە واتایـەكی تـر هــەموو گۆڕانێـك بەمەبەسـتی سـوككردنی ئـەو ئەركەیـە كـە دەكەوێتـە سـەر ماسولكەكانی ئەندامانی ئاخاوتن، بەم پێیە هەموو ئەو گۆڕانانەی كە لەپێشترەوە باسمـان كـردوون(تواندنـەوە و كرتانـدن و جیابوونـەوە و جـێ گـۆڕكێی و بەرزبوونەوەو سووك بوونی واتا و گۆڕان لەرێزبوونی كەرەسەی رستەو پەیدابوون و لەناوچونی ئامراز...هتد) هۆكارن بۆ كەم كردنەوەی ئەركی دەربڕین، تواندنـەوە و جێ گۆڕكێ كرتاندن، بۆنموونە، زیاتر ئەو هێشووە دەنگانـە كـەرت دەكـەن لـەو دەنگانە رزگارمان دەكەن كە قورسـن و قەبـەن و بەئاسـانی بۆمـان دەرنـاهێنرێن،

بێگومان، ئاسانی و گرانی دەنگ دەرهێنانی شتێکی وەها نییەو لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ و ئەو هێشووە دەنگەی لەکوردیدا قورسە لەوانەیە لەزمانێکی تر داوا دانەنرێ ئەم بیردۆزە، لەلایەن زیف و تینی و کبورتسەوە پەسەند کراون بەڵگەشیان بۆ راستی بیرەکە لەوەدایە (١) زمانەکانی ئەمڕۆ لە قۆناغەکانی پێشتریان ئاسانترن بۆ درکاندن(٢) هەندێ گۆڕان بەهۆی ئەم بیرۆدزەوە چاك لێك دەدرێتەوە.

**(٢) تیۆرەکەی مارتنێت:-**

بە باوەڕی زمانەوانی فەرەنسی مارتنیت هەموو زمانێك لەگەڵ پەیدابوونیا هۆکاری گۆڕانی لەگەڵدایە چونکە هەموویان ئەو ئارەزووەیان تێدایە کە ئاسان بن و ئەرکێکی زۆر نەخەنە سەر ئەو کەسانێك کە قسەیان پێ دەکەن و بەکاریان دەهێنن، جا لەبەرئەوەی زمانیش نارێکی زۆری تێدایەو ئەم دیاردە نائاوێزانەش تارادەیەك زمانیان لاسەنگ کردووە، قسەکەران هەمیشە بەدوای هێنانەوەی هاوسەنگییەوە وێلن و هەموو ئەو گۆڕانانەی دێتە کایەوە بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکرێ، بێ گومان ئەم ئامانجەی قسەکەریان هەرگیز نایەتەدی چونکە هێنانەوەی هاوسەنگی لەلایەك دەبێتە هۆی لاسەنگی لەلایەکی تری زمانەکە، بەم جۆرە کێشەکە بەردەوام دەبێت و زمان و گۆڕان شان بەشانی یەکتر دەڕۆن و تەنیا کاتێك زمان لەگۆڕان دەکەوێت کە لەناوچێت.

**(٣) تیۆری زمانی دایك:-**

بەپێی ئەم بۆچوونە زمان دەگەڕێتەوە بۆ کاری دوو زمان یان زیاتر لەسەر یەکتری، ئەوانەی فێری زمانێکی بێگانە دەبن، ئاسایی بەر لەمەش زمانی دایکی خۆیان دەزانن، ئینجا یان زمانی دووەم بەتەواوی فێر نابن یان زمانەکەی خۆیان دەگۆڕێ، لەهەردووبارەکەدا زمان گۆڕان دێتە کایەوە لە گەڵ ئەوەشدا کە بەڵگەی مێژوویی زۆرە بۆ دووپاتی ئەم بیردۆزە(وەك ئەو گۆڕاانانەی کە بەسەر ئینگلیزیدا هاتووە لەهیندستان)، لە ئەمەریکا و ئەفریقا ئاشکرایە کە بیردۆزەکە هەموو جۆرە گۆڕانێکمان بۆ لێك ناداتەوە.

**(٤) تیۆری ڕووداوی مێژوویی و کۆمەڵایەتی:-**

بەشێ لە زمانەوانەکان گۆڕانی زمان دەدەنە پاڵ، ڕووداوی مێژووی و کۆمەڵایەتی وەك شەڕ و جەنگی بەربڵاو داگیرکردن و برسێتی و نەخۆشی و کۆچ و بارکردن و باری نائاسایی و نوێ کردنەوەو ئاوەدانکردنەوەی وڵات، ئاشکرایە کە هەر یەکێ لەم دیاردانە دەبێتە هۆی زمان گۆڕان، بەڵام دیسانەوە ئەم دیاردانە هەموو گۆڕانێکمان بۆ لێك نادەنەوە.

هەر یەکە لەو بیردۆزانەی سەرەوە لایەنێکی گۆڕاومان بۆ لێك دەدەنەوە دووپاتی ئەم لایەنە دەکەن، بەڵام لەبەرئەوەی گۆڕان کارێکی ئاڵۆزەو زیاتر لە هۆیەك دەیهێنێتەدی، هیچ کام لەم تیۆرانە بەتەنیا دیاردەکە لێك نادەنەوە.

زمان گۆڕان دەگەڕێتەوە بۆ دوو کۆمەڵە هۆ: (ا) ئەو هۆیانەی بەندن بە باری کۆمەڵایەتییەوە(باری ئەو کەسەی کە زمانەکە بەکاردێن ).

(ب) ئەو هۆیانەی بەندن بەزمانەوە .

أ- هۆی کۆمەڵایەتی کە بریتیە لە :-

١- کارتێکردنی زمانی نوێ یان دیالێکتی تری زمانەکە بەهۆی تێکەڵاوی قسەکەرانەوە، لێککەوتنی دووزمان یان دوو زاری زمانێك دەبێتە هۆی خواستن کە کاردەکاتە سەر هەموو ئاستەکانی زمانەکە و دەبێتە هۆی زمان گۆڕان.

٢- هۆی جوگرافی کە بەتایبەتی دەور دەبینێت لەدروستکردنی زاری جۆر بەجۆردا.

٣- ئەو ئارەزووەی کە لەمرۆڤدا هەیە بۆداتاشینی وشە و دەنگ و رستە لەبۆتەی نموونەی پێشتردا.

٤- ئەو ئارەزووەی کە لەمرۆڤدا هەیە بۆ گەیاندنی واتا یان مەبەست بەروونی ئاسایی وخێرایی و کورتی بەهۆی کەمترین وزەوە.

ب- هۆی زمانی:-

ئەم هۆیانە ڕاستەخۆ دەبنە هۆی گۆڕان لەئاستی دەنگدا (فۆنەتیك و فۆنۆلۆجی) وئاسایی دەکرێن بەدوو بەشەوە:-

١- هۆی فەسلەجی کە دەگەڕێتەوە بۆ هەڵکەوتی مرۆڤ و ئەندامانی ئاخاوتن ئەمەش لەدووباردا دەردەکەوێ:-

أ- بیستنی دەنگەکان وتنەوەیان هەرگیز وەك یەك نابن تەنانەت ئەگەردەنگەکانیش لەهەمان کاتدا ولەلایەن یەك کەسیشەوە بوترێنەوە، بەواتایەکی تر دەرهێنانی دەنگەکە هەر جارە بە جۆرێك دەبێ و هەموو جارێ جیاواز دەبێ لەجارەکانی پێشووتر.

ب- تاماوەیەکی زۆرتر بەسەر ووتنەوەی دەنگێکدا تێپەڕبێت، وتنەکە زیاتر لەدەنگە بنچینەکە دوور دەکەوێتەوەو جیاوازتر دەبێت، بەم جۆرە گۆڕان لە ئاستی دەنگدا بریتی دەبێ لەسەراپای ئەم جیاوازییە وردانە کە جار لەدوای جار زیاد دەکات تاوای لێدێ بەزەقی دەردەکەوێ و بێ بەکارهێنانی ئامێر هەستی پێ دەکرێ.

٢- هۆی دەروونی کە دەگەڕێتەوە بۆ رێك نەکەوتنی بزاوتنی مێشك و فەرمانەکانی لەگەڵ بزوتنەوەی ماسولکەکانی ئەندامی ئاخاوتندا، بۆنموونە و لەدەرهێنانی وشەیەکی وەك(کێ) دا تا ماسولکەکانی دەم و قورگ دەجوڵێنەوە بۆ دەرهێنانی و دەربڕینی دەنگی(ك) مێشك فەرمانی دەنگی(ی)یش دەردەکات، بەمە مێشك ماسولکەکان ناچار دەکات کە پەلە بکەن لە ئەنجامی ئەم پەلە بوونیەدا ئەو دەنگەی کە دەردەبڕێ جۆرێك دەبێ لە (ك)/ (ك)ی نەرم کە لەدەگی (چ) وە نزیکە، زۆربەی ئەو گۆڕانە دەنگیانەی کە لەزماندا روودەدەن وەك تواندنەوەی کرتاندن و دروست بوونی دەنگی نوێ و جێ گۆڕکێ و بەر لووتدان و بەر نەرمایی دان....هتد دەدرێتە پاڵ ئەم هۆ درەوونیە کەلە ئەنجامی رێك نەکەوتنی جوڵانەوەی مێشك و بزووتنەوەی ماسولکەکانی ئەندامی ئاخافتندا دێتە کایەوە.

**خواستن:-**

مەبەست لە خواستن هەڵگرتنەوەو بەکارهێنانی ئەو کەرەسە زمانیانەیە کە لەزمانێك یان زارێکی تردا بینراین، لێرەدا کەرەسەی زمانی نەك هەرفۆرم بەڵکو واتاش دەگرێتەوە.

خواستن کاتێ دێتە کایەوە کە دوو زمان(یان زیاتر) لەیەك قسەکەر داگردبنەوە(بەهۆی کەسێکەوە کە بەلای کەمەوە لەدوو زماندا شارەزابێ) یان کاتێك دوو زمان یان زیاتر لەیەك شوێندا بەکاربێن، لەبارودۆخی وادا یەکێك لەم زمانە لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پایەکی بەرزی دەدرێن یان لەبەرئەوەی زمانی کار بەدەستانە(بۆنموونە، زمانی کار بەدەستە کۆڵۆنیستە ئینگلیزی و فەرەنسیەکان لە ئاسیا و ئەفریقیادا) یان لەبەرئەوەی زمانی زۆربەی خەڵکی ناوچەکەیە یان هەموویان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پێ تۆمارکراوە، ئاشکرایە کە ئەم زمانانە هەموویان لەرووی کۆمەڵایەتییەوە یەك گرنگی یان نابێ و بەیەك چاو سەیر ناکرێن لەلایەن خەڵکەوە تەنانەت ئەگەر یاسای وڵاتەکەش وەك یەك سەیریان بکات، ئەم پلەو پایە کۆمەڵایەتییە رووکاری خواستن دیاری دەکات و کەرەسەی زمانە پایە دارەکەوە، دەچێتە ناو زمانەکانی ترەوەو ئەمە دەکەوێتە ژێر کاریی قسەکەریش بەم زمانانە کەمترین کاری زمانە پایەدارەکە توندتر و بەهێزتر دەبێ، زمانە بەرزەکە خۆی کەرەسە زۆر کەم دەخوازێ و ناکەوێتە ژێر کاری زمانە دراوسێیەکانیەوە و زۆربەی ئەوانەی کە دوو زمان یان زیاتر فێر دەبن لەقسەپێکەرانی زمانە ناوچەییەکەن نەك زمانە بەرزەکە.

هەندێ جار هۆکاری وادێتە پێشەوە کە ئەم رووکارە ئاساییەی خواستن و کارلێکردنە تێك دەدات وتەنانەت پێچەوانەشی دەکات، یەکێك لەم هۆکارە گرنگانە ژمارەی قسە پێکەرانی زمانە ناوچەییەکەیە، ئەگەر لەم هۆکارە گرنگانە ژمارەی قسەپێکەرانی زمانەوانی ناوچەییەکەیە، ئەگەر ژمارەی ئەمانە زۆر زیاتر بێت لەژمارەی ئەو کەسانەی زمانە بەرزەکە لەکاروباریاندا بەکاردێنن ئەوا زمانە ناوچەییەکە کار زیاتر دەکاتە سەر زمانە بەرزەکەو دەیشێوێنێ هەر چەندە کەرەسەی زمانە بەرزەکە دەخرێتە ناو زمانە ناوچەییەکەوە بۆنموونە، لە هیندستان، لەبەرئەوەی قسەکەران بەزمانی ئوردوو زۆر زیاتر بوون لەژمارەی

ئەوانەی بەزمانی ئینگلیزی دەدوان، دەبینن، زمانی ئینگلیزی لەگەڵ ئەوەشدا کە بەرزتر و پایەدارتر بوو کەوتە ژێر کاریگەری ئوردوو و تارادەیەك شێوا.

بەپێچەوانەی ئەمەشەوە، زمانی ئینگلیزی لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا کاری تەواوی کردۆتە سەر زمانە هیندۆ ئەمەریکیەکان بێ ئەوەی خۆی گۆڕانێکی بەسەردا هاتبێت جگە لە خواستنی هەندێ وشە لەم زمانە ناوچەییانەو هەرچەندە خواستن لەهەموو ئاستەکاندا روودەدات، رادەی توندو تیژی دیاردەکە لە ئاستێکەوە بۆ ئاستێکی تردەگۆڕێ:-

١- خواستن لە ئاستی فۆنۆلۆجیدا:-

بەپێچەوانەی فۆرمی خواستنەوە، خواستن لەئاستی فۆنۆلۆجیدا زۆر کەم هەستی پێ دەکرێ، هەرچەند دیاردەکە هەیە ناو بەناو روودەدات، کاری دەنگ خواستن لەدووباردا ئاشکرا دەبێ: (١) کە خواستن دەبێتە هۆی پەیدابوونی فۆنیمێکی نوێ لەزمانە ناوچەییەکەدا، ئەمەش کاتێ دروست دەبێ کە ژمارەیەکی زۆر لەفۆرم کە هەڵگری فۆنمێکی نامۆبن، خۆیان بکەن بەزمانە قەرزارەکەدا، دەتوانین پەیدا بوونی دەنگی(ص، ط، ظ) لە هەندێ لەزارەکانی سەرووی کوردیدا بدەینە پاڵ ئەم دیاردەیە، بەواتایەکی تر سەرهەڵدانی ئەم دەنگانە لەو زارانەدا لەئەنجامی هەڵگرتنەوەو خواستنی ژمارەیەکی زۆری وشەی زمانی عەرەبییە کە ئەم دەنگە نامۆیەیان تێدایە دیسان بەپەیدابوونی دەنگی /ط/ لە هەندێ لەزارەکانی ناوەڕاستدا کە لە دەربڕینی هەندێ وشەی وەك (طوز، طاسە) دا لە قسەی چەند کەسانێکدا دەردەکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ خواستنی ئەم وشانە بە دەنگی(ط) ی نامۆوە.

ئەم دەنگی/ط/، کە لەگەڵ وشەی عەرەبیدا خۆی کردووە بە کوردیدا دەبێ تێکەڵ نەکرێ لەگەڵ ئەلۆفۆنێکی دەنگی/ت/ی کوردیدا کە دیسانەوە لە /ط/ی عەرەبییەوە نزیکە، بەڵام لەئەنجامی گردبوونەوەی دەنگی /ت/ لەگەڵ دەنگی /ڕ/ و /ڵ/ دا پەیدابووە (بڕوانە چۆنیەتی دەربڕینی دەنگی /ت/ لە وشەی تاڵ و تاڵاو تەڕو تەڕاو )دا، (٢) کە خواستنی فۆرم دەبێتە هۆی دیسانەوە پەیدابوونی دەنگی/ط/ لەهەندێ لەزارەکانی ناوەڕاستدا کە لە دەربڕینی هەندێ وشەی وەك

(طوز، طاسه) دا له قسەی چەند کەسانێکدا دەردەکەوێ دەگەڕێتەوە بۆ خواستنی ئەم وشانە بەدەنگی/ط/ی نامۆوە. ئەم دەنگی/ط/، کە لەگەڵ وشەی عەرەبیدا خۆی کردووە بە کوردیدا دەبێ تێکەڵ نەکرێ لەگەڵ ئەلۆفۆنێکی دەنگی/ت/ی کوردیا کە دیسانەوە لە /ط/ی عەرەبیەوە نزیکە، بەڵام لە ئەنجامی گردبوونەوەی دەنگی /ت/ لە گەڵ دەنگی / ڕ /، /ڵ / دا پەیدا بووە، بڕوانە چۆنیەتی دەربڕینی دەنگی /ت/لە وشەی تاڵ تەڕ و تەڕاودا، (٢) کە خواستنی فۆرم دەبێتە هۆی گۆڕانی چۆنیەتی ڕێزبوون و بەدوا هاتنی فۆنیمەکان زمانێک، بۆ نموونە هەڵگرتنەوەی ئەو فۆرمانەی کە دەنگی/خ/ یان /غ/ یان تێدایە لەزمانەکانی دراوسێەوە بۆتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی دابەش بوونی ئەم دوو دەنگە لە زاری سلێمانیدا، تا ماوەیەکی زۆر ئەم دوو دەنگە جێگەی خۆیان دەگۆڕییەوە بێ ئەوەی واتای وشە بگۆڕن، تا ئێستا ئەم دیاردەیە لە ناوەڕاست و کۆتایی وشەدا تڕادەیەك زۆر بەردەوامە(بڕوانە، باخ، باغ، وەجاخ، وەجاغ) ناخچە، باغچە...هتد)، بەڵام ئەو دوو دەنگە بوونەتە دوو فۆنیمی جیاواز بڕوانە(غار، خار(درك))،، بەم پێیە خواستنی وشە یەکەم جار دابەش بوونە دێرینەکەی هەڵوەشاندۆتەوە و لەدواییدا دەنگی(/خ /و/ غ/)ی لەیەکتر ترازاندووە.

٢- **فۆرم خواستن:-**

فۆرم خواستن لەخواستنی هەموو کەرەسەکانی تر بڵاوترە و لە هەمووشیان زیاتر هەستی پێ دەکرێ و سەرنج ڕادەکێشێ، فۆرم هەڵگرتنەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆیەك:-

١- پێویستیی بە وشەی نوێ بەهۆی داهاتنی چەمك و دیاردەی نوێوە یان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیەوە.

٢- لاسایی کردنەوەی زمانە پایەدارەکە لەلایەن قسە پێکەرانی زمانی نزمەکەوە بۆ خۆ دەرخستن، یان بۆ خۆ بردنە پێشەوە یان بۆ بەرز کردنەوەی پلەو پایەی کۆمەڵایەتی یان بۆ دەست خستنی ئەو مافە زیادانەی کە بەندە بەزانینی زمانە بەرزەکەوە.

لەبەرئەوەی فۆرم خواستن زیاتر لەخواستنی دەنگ و ڕێزمان و واتا هەستی پێدەکرێ و لەبەرئەوەی خواستن بەگشتی هەندێ جار بەدیاردەیەکی خراپ و پڕ زیان لێك دەدرێتەوە فۆرم هەڵگرتنەوە زۆر جار لەلایەن پەتی خوازانەوە بەرهەڵستی دەکرێ و هەندێ هۆکاریش ئەم بەرهەڵستی کردنە توند و تیژتر بکات لەم هۆکارانە:-

١- هەستی نەتەوایەتی تەسك کەوا لەخەڵکی دەکات باوەڕ بەوە بکەن کە خواستن لەپاکی یان بەتینی زمان کەم دەکاتەوەو دەیخاتە گێژاو تووشی مەترسی لەناوچون و تێکدانی دەکات، ئەم هەستە زیاتر پەتی خوازەکان بلاوی دەکەنەوەو بە هەڵە لەخەڵکی دەگەیەنن .

٢- هەستی دوژمنایەتی و ناحەزی و نەیاری بەرامبەر زمانە بەرزەکە خۆی یان بەرامبەر ئەوانەی قسەی پێ دەکەن.

٣- تا جیاوازی دوو زمانەکە لەڕووی ڕێزمان و فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجییەوە زیاتر بێت خواستن کەمتر دەبێ، چونکە کەرەسە خوازراوەکە لە گەل وشە بنەڕتییەکانی زمانەکەدا ناڕوات و بە نامۆیی دەمێنێتەوە تا فڕێ دەدرێ .

٤- دووری ئەو کەلچەرانەی کە دوو زمانەکەیان تێدا بە کاردێ، دیسانەوە ئەو باری ڕۆشنبیرییەی کە دوو زمانەکە کاری تێدەکەن جیاوازبن لە یەکتری، دیاردەی فۆرم خواستن کەمتر ڕوودەدات و بە پێچەوانەشەوە ئەو لێکۆڵینەوانەی لەم دواییەدا دەربارەی خواستن کراون چەند ڕاستیەکی خستۆتە ڕوو کە پێویستیان بە تێبینی کردنە وەك :-

١. وشە لە هەموو کەرەستەکانی تر زیاتر دەخوازرێ ، دەنگ و کەرەسەی ڕێزمانی کەمتر هەڵدەگێڕینەوە. خواستنی وشەی سادەش لە لێکدراو فرێز بلاوترە.

٢. لەوشەشدا ناو زیاتر لەبەشەکانی تری ئاخاوتن دەخوازرێ.

٥- رادەی خواستن لەشێوازێکی زمانەوە بۆ شێوازێکی تری دەگۆڕێ، بۆنموونە کەرەسەی خوازراو لەشێوازی قسەکردندا زیاتر بەکاردێ لەکوردیدا وەك لەشێوازی نووسین(٤) هەروەها خواستن لەهەندێ بابەتدا ئاشکراترە و فراوانترە

وەك لـە بابـەتێكی تـر، بۆنموونـە ئـەو شـتانەی كـە دەربـارەی ئـایین و دیـنن و لەعەرەبییەوە خۆیـان كـردووە بـەناو زمـانی كوردیـدا زۆر لـەو وشـانە زیـاترن كـە لەهەمان سەرچاوەوە هاتوون و دەربارەی خواردن یان كـەل و پـەلن .(٥) زۆربـەی ئەو فۆرمانەی كە لەزمانێكەوە دەخزێنە زمانی ترەوە تێك دەشكێن و تێـك دەچـن و هەنـدێ لەتایبەتیـە دەنگییـەكانیان دەتوێتـەوە بـەجۆرێك كـە هەنـدێ جـار سەرچـاوەكەیان ون دەكـەن بۆنموونـە تـەنیا لێكۆڵینـەوەی وردو درێـژ دەتـوانێ وشەیەكی وەك ئافرەت یـان شـەل یـان تەقنـەی فـەقێ بگرێتـەوە بـۆ سـەر چاوە عەرەبییەكانیان كە عوره وأشل دخل الفقیەن.

٦- زۆر گرانە بتوانین بڕیار بدەین لەكاتێكدا وشەیەكی خوازراو لـەوە دەكـەوێ بێگانەبێ و وەك بێگانە هەڵسوكەوت بكـات یـان لـە كەیـدا دەبـێ بـەموڵكی زمانـە نوێیەكە و وەك وشەی خۆماڵی لێ دێ ، بەواتایەكی تر، زمان بەهۆی وشـەكانیەوە ناناسرێنەوە و وشە نابێتە نیشانە بـۆ زمـان، بـەڵكو ڕێزمـان و بۆتـەی ڕێزمـان(كـە ئاسایی بەر هەڵستی هەموو جۆرە دیاردەیەكی خواستن دەكەن) زمانێك لەزمانێكی تر جیادەكەنەوە.

بۆنموونە، ئەگەر هەموو كەرەسـەكانی رسـتەیەكی كـوردی لـەزمانێكی تـرەوە بخوازین، هێشتا رستەكە هەر بـەهی كـوردی دەژمێـری چـونكە بۆتـە ڕێزمانییەكـە كوردیە و بەرهەمی كەشەی شـێوەیەكی پێـشووتری زمـانی كوردییەكـە بەئاسـانی بەیەكترەوە گرێ دەدرێن.

٧- فۆرم خواستن لەزمانی ترەوە پەیوەندی نییە بەزمانەوە و بەهیچ جـۆرێ نـابێ لـەڕیزی كـەم بكاتـەوە، چـونكە خواسـتن لەراسـتیدا نیـشانەی زینـدوویی زمانەكەیەو لە پاڵ رێگەی تردا (وەك وشـە لێكـدان و وشـە داتاشـین ) وا لـە زمـان دەكات كە بتوانێ لە گەڵ پێشكەوتنی تەكنەلۆجیدا دەرچێ و لێ ی دوانەكەوێ

٨- چەندێتی فۆرم خواستن پەیوەندی بە ڕۆنانی دوو زمانەكـەوە نییـە ( وەك تا ئـەم سـاڵانەی دووایـش بـاوەڕ وا بـوو )، بـەڵكو بەنـدە بـە بـاری كۆمەڵایـەتی و رۆشنبیری دوو زمانەكەوە بۆكوردی و عـەرەبی لـە ڕۆنانـدا تـەواو جیـاوازن، بـەڵام بارە كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەكە وای كردووە كە كـوردی ژمارەیـەكی زۆر وشـەی عەرەبی بخوازێ بێ گوێدانە جیاوازی نێوان دوو زمانەكە، بەڵگەیەكی تریش بۆ ئەم

باوەڕە کاریگەری زمانی ئینگلیزی لە سەر زمانە ئەفریقاییەکان . ئەم زمانانە لە گەڵ ئەوەشدا کە لە ڕۆناندا تەواو لە ئینگلیزی جیاوازن ژمارەیەکی زۆر لە وشەیان لە ئینگلیزییەوە وەرگرتووە لە ژێر کاریگەری باری کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریدا

٩- هەرچەندە دیاردەیی خواستن زۆربەی کات بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەلێنە وشەییانەیە کە لەزمانە قەرزارەکەدا دەردەکەوێ، هەندێ جار فۆرمی خۆا دەردەکەوێ، هەندێ جار فۆرمی خا دەردەکەوێ، هەندێ جار فۆرمی ا دەردەکەوێ، هەندێ جار فۆرمیا دەردەکەوێ، هەندێ جار فۆرمی وا خۆی دەکات بەزمانێکدا کە بەرامبەرێکی چەسپاوی هەیە لە زمانەکەدا بۆ نموونە، لەگەڵ ئەوەشدا کە کوردی وشەی(چیا) و(شاخ) پڕاوپڕی هەیە، هەندێ زار وشەی (جبل)ی عەرەبی بۆ دەربڕینی هەمان دیاردە بەکاردێنێ.

١٠- بازدان لەزمانێکەوە بۆزمانێکی تر لەکاتی قسەکردندا یان فۆرم خواستن بەشێوەیەکی بەربلاو لەکاتی ئاخاوتندایە شێوازێکی نارەسمی دیاردەیەکی زۆر بلاوە بەتایبەتی لەو ناوچانەدا کە زمانە سەرچاوەکە دەسەلاتێکی رۆشنبیری گەورەی هەیە و قسەکەران بەزمانە قەرزارەکە مەترسی ئەوەیان لێ دەکرێ هەویەی کەسی خۆیان بدۆرێنن.

فۆرم خواستن چەند شێوەیەکی جیاواز وەردەگرێ، هەندێ جار فۆرمەکە لەشێوەی وشەیەکی سادەدا دەبێ وەك(حەج، زەکات، مەکتەب...هتد) هەندێ جاریش لەشێوەی وشەیەکی لێکدراودا، وەك(عید میلاد.........) جاری واش هەیە لەشێوەی فرێز یان ڕستەی تەواو دا دەبێ وەك(سەلام و عەلەیکم، تەشەکور) زۆربەی کات فۆرم خواستن لەشێوەی وشەیەکی تێکەڵدایە، بەواتای ئەوەی کەرتێکی وشەکە(ریشە یان گیرەکەکەی) خۆماڵی دەبێ و کەرتەکەی تری خوازراو وەك لەم نمونانەدا دەردەکەوێ:-

أ- ریشەی خۆماڵی+ پاشکری خوازراو: نووسەر، (تیپ) ڕێکخەر.

ب- ریشەی خوازراو+ پاشکری خۆماڵی: رۆمانی، بیروکراتی، بۆرژوایەتی، گالۆنێك (نەوت) کۆنفرانسێك.

ت- وشەی خوازراو+ وشەیەکی خۆماڵی: ڤۆلتیە بەرز، کبریتیدی ئاسن.

پ- وشەی خوازراو+ وشەی خوازراو: هیند و ئەورووپی، ئەفروئاسیاوی.

٣- **واتای خواستن**:-

خواستن تەنیا لە فـۆرم و دەنـگ و رێزمانـدا ڕوونـادات، بـەڵکو زۆرجـار واتـاش لەزمانێکەوە خۆی دەکات بەزمانێکی تردا، واتا خواستن لـەدوو شـێوەی جیـاوازدا دەبینرێ:-

(هەندێ جار واتا بۆ فۆرمێك دەخوازرێ کـە خـۆی لەزمانەکـەدا هەیـە بـەواتای ئەوەی فۆرمەکە خۆماڵییە، بۆنموونە وشەی (پـێ) هـەر لەدەمێکـەوە لـەکوردی دا بـەواتای (قـاچ) هـاتووە، لـەم نیـوە سـەدەیەی دواییـدا لـەژێرکاری زمـانی تـردا، واتایەکی تریشی خواستووە و لەبیرکاریـدا بـەواتای (دانەیـەکی پێـوان) بـەکاردێ، هەروەها وشەی(گرێ) کە لەبنەڕەتدا هەر بەواتەی(گری )ی دارهاتووە، ئێستەکە لەبیرکاریدا بەواتای(دانەیەکی) پێوان دێ لەژێر کاری زمانی عەرەبیدا، لەبەرئەوەی ئەم دوو واتایەی ئەم جۆرە وشـانە پەیوەنـدییان بەیـەکترەوە نییـە، لەفەرهەنگدا وشەیەکی وەك(پێ) و (گرێ) دوو جار دەنوسرێت و هەر جارە واتایـەکی دەدرێـتێ بەم جۆرەی خوارەوە:-

پێ ١ = قاچ

پێ ٢= (دانەیەکی پێوان)

بەواتایەکی تر، واتا خواستن بۆ وشەی خۆمـاڵی دەبێتـە هـۆی دروسـت بـوونی هۆمۆفون(ئەو فۆرمانەی کە لەشێوەدا یەکن و واتایان جیاوازە) .

٢- زۆربەی جار واتا خواستن بەهۆی وەرگێڕانی فۆرمێکی بێگانـەوە دەخزێتـە نـاو زمـانێکی تـرەوە، هـەر چـەندە بـەم پێیـەیش زۆرجـار واتایـەك بـۆ فۆرمەکـە دەخـوازرێ، بـەڵام بـەوە لەشـێوەی یەکـەم جیـا دەبێتـەوە کـە نابێتـە هـۆی دروستکردنی هۆمۆفۆن(هاوپیت/ هاوشێوە)، چونکە دوو واتاکە (ئەگەر جیـاوازیش بن) هەر پەیوەندییان بەیەکەوە دەبێ و یەکێکیان بەگەشەیەکی واتـایی ئـەویتریان دەژمێـردرێ، بۆنموونـە، وەرگێڕانـی فرێزێکـی وەك(علـی الاقـل) لەعەرەبیـەوە بـۆ کوردی ئەگەر کەمێکیش لەواتای(کەم ) بگۆڕێ هێشتا بەتەواوی (کەم)ی بنـەڕەتی ناترازێنێ و وای لێ ناکات بـەدوو وشـەی جیـاواز دابنـرێ، نموونـەی تـر لەشـێوەی دووەم : مختصر،= کورتە، شعور بالتقص هەسـت بەکـەمێتی، علـیضـوء = لەبـەر رۆشنایی، قبل کل شیء= بەر هەلەموو شتێك، مکتب= نوسینگا....هتد.

٤-خواستنی کەرەستەی ڕێزمان :-

هەر چەندە ڕێزمان کە متر لە دیاردە زمانییەکانی تر دەکەوێتە ژێر کاری زمانی ترەوە و کەرەسەی ڕێزمانی خواستن کەمتر باوە تەنانەت ئەم دیاردانەش ناو بە ناو لە ئەنجامی تێکەڵاوی زۆردا لە زمانێکەوە دەکەونە زمانێکی تر . خواستنی ڕێزمانی لە چەندشێوەیەکدا دەبێ :

١) لە ژێر کاری زمانی تردا هەندێ جار وشە لە هاوشانە ئاساییەکانی خۆی جیادەبێتەوە و خۆی دەکات بە دەوروبەری جیاوازدا وەك ئەم ئاوەڵناوە کوردییانە :

سڵاوێکی شۆرشگێرانە، وشەی بێ تاوان

٢) هەندێ جار زمانە سەرچاوەکە بۆتەی ئامادەکراو دەخاتە ناو زمانی ترەوە . بۆ نموونە، کوردی ئەم بۆتە ڕێزمانیەی خوارەوەی لە عەرەبیەوە خواستووە .

(کار + بە + ناو )

هەست بە ئاهەنگێك / شاییەك

بەزمێك / سەیرانێك

کە لە جیاتی بۆتە ئاساییەکەی خۆی یان شان بە شانی ئەو بە کاردێنێ :

ناو + کار

شاییەکمان کرد

سەیرانێکیان ڕێخست

ئاهەنگێکیان گێرا

٣) پەیدا بوونی هەندێ پاشگری نوێ یان بەکارهێنانی پاشگرە کۆنەکان لە دەوروبەری نوێدا هەندێ جار دەدرێتە پاڵ کاری زمانی تر بۆ نموونە، پاشگری (نە / نا )ی کوردی ئاسایی دەچێتە پێش ئاوڵناو و واتا هەڵ دەگێرێتەوە، بەڵام لەم دواییەدا لە ژێر کاری زمانی تردا، ئەم پاشگرانە لە پێش ناویشەوە دەبینرێن :-

نامرۆڤایەتی = (اللاانسانیة )

/ ناحەزێتی = (العداوة )

وەك لەم نمونانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێ خواستنی ڕێزمانی لە چوار چێوەیەکی تەسکدا ڕوودەدات و بە دەگمەن کاردەکاتە زمانە کە هەمووی . ئەم

ڕاستیە لە دەمێکەوە زانراوە و زمانەوانێکی وەك ولیەم دوایت و تینی هەر لە ساڵی ١٨٨١ وە هەوڵی ئەوەیان داوە کەرەسەی زمانی بە پێی ئارەزووی یان خواست ریز بکەن ( Haugen:71) . ناو لە پێش هەموو کەرەسەیەکەوە دێ، بە دوایدا بەشەکانی تری ئاخاوتن و ئینجا گیرەك و دەنگ و ڕێزمان . وێتنی دان بە وەدادەنێ کە دەنگ و کەرەسەی ڕێزمانیش دەخوازرێن ، بەڵام لەم باوەرەدایە کە خواستنیان ئاسایی نییە و هەرگیز خۆ نادەن لە شانی خواستنی وشە . ئەمەش بە لای زمانەوانەوە شتێکی سەیرنی یە چونکە ڕێزمان کەرەسەیەکی مادی تەواو نی یە و هەرچی شتێکیش پەیوەنی بە ڕۆنانەوە هەرێ سەرکێشەو بەرهەڵستی هەموو جۆرە کەرەسەیەکی مادی نامۆدەکات لە لایەکی تریشەوە کەرەسەی ڕێزمانی ڕێگا بە خواستن کەم دەدات چونکە ئەمانە، (بە پێچەوانەی وشەکەوە کۆمەلەیەکی کراوەن و تاکۆتایی ژیان هەر لە پەرەسەندن دان )، هەر لە منالییەوە فێریان دەرین و دەچەسپێن و ەبن بە رەوشتێك کەبێ ئاگاین لێیان . تا تایبەتیەکی زمان زیاتر بچەسپێن و بێتە خیەکی بێ ئاگا، ئەو تایبەتیە کەمتر دەگۆرێ و کەمتر تێکەڵ بە کەرەسەی نامۆدەبێ .

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە ئایا هەموو زمانە سروشتیەکان وەك یەك ئارەزووی کەرەسەی خواستن دەکەن و بە لایانەوە پەسەندە، ئارەزووی خواستن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆرێ ؟ ئاشکرایە کە زمانێکی وەك ئینگلیزی یان کوردی وشەی زمانی تریان زۆر هەڵگرتۆتەوە لە کاتێکدا کە زمانێکی وەك ئەڵمانی ئارەزووی خواستنی زۆر کەمە و زیاتر بە لێکدانی کەرەسەی خۆماڵی دەیەوێ کەلێنەکانی بگرێ . هەندێ زمانەوان ئەم ئارەزووی خواستنانە دەدەنە پاڵ لێکچونی ڕێك کەوتنی فۆرمەکانی زمان (تجانس المفردات ) بۆ نمونە، ئوتوکارفوکادلو (Haugen: p79) (لە ساڵی ١٩٨٣ دا لە لێکوڵینەوەیەکدا دەربارەی زمانی تێکەڵ بە پێ ی خواستن بە پەسەندکردنی زمانەکانی جیهان دەکات بە سێ بە شەوە (١) ساز و (٢) نە ساز و(٣) تێکە ڵ . ئەوەی لە نرخی لێکۆڵینەوە و پۆلینەکەی فۆکادلو کەم دەکاتەوە ئارەزووی پەتی خوازی خۆیەتی . کە ناهێڵێت دەرکەوێ لە خواستندا کام هۆکار گرنگترە، هۆکاری کۆمەڵایەتی یان ئەو هۆکارانەی ئەیوەندییان بە ڕۆنانی زمانەوە هەیە .

**فۆنۆلۆجی و کەرەستەی خوازراو (خوازە ):**

بڵاوترین و سادە ترین گۆڕان کە بە سەر کەرەسەیەکی خوازراودا دێ ئەوەیە کە هێشوە دەنگێکی زمانە قەرزارە کە دەچێتە جێگای هێشوە دەنگێکی زمانە سەرچاوە کە. ئەم گۆڕانە دەنگیانە بە تایبەتی لە قسەی مرۆڤی ئاسایی و لە خوێندەواردا دەردەکەوێ . هەرچەندە تێکدان وشێواندنی دەربڕینی وشە لە قسەکردندا بە زمانێکی بێگانە دیاردەیەکی پەسە ند نی یە، خوازە تێك شکاندن و شێواندنی دیاردەیەکی بڵاوە و بە کارێکی ناپەسەن دانانرێ . یەکێك لە ئەنجامە کانی ئەم فۆرم شێواندنە ئەوە یە کە کەرەسەی خوازراو زۆر کەم لە لایەن قسەکەرانی زمانە سەرچاوەکەوە دەناسرێتەوە بۆ نموونە کەم عەرەب هەست بەوە دەکەن کە وشەی تەی و دەعبا و ئافرەت و شەل ....... هتد لە عەرەبییەوە خۆیان کردووە بە زمانی کوردیدا،دیسانەوە قسە کەران زۆربەی کات ئاگەداری ئەوە نین کە دەنگی وشە خوازراوەکەیان گۆریوە و تەنانەت زمانەوانیش لە دوای شی کردنەوەیەکی وردو تەواو پێرەوی هەردوو زمانەکە نەبێ پێش بینی دەنگ گۆرانی بۆ ناکرێ و پێشی لێ کۆڵینەوە نازانی کام دەنگ دەگۆرێ و کە گۆڕرا دەبێ بە چی دەنگێك . بۆ نموونە، یەکێك لە تایبەتیەکانی کەرەسەی خوازراو لە کوردیدا، ئەو گۆڕانەیە کە ئەو یاسایانە دەدات:

(١)/ ظ /و /ض / / ز / (ظاهر = زاهر )

(٢) / ط / / ت / (طاهر = تایەر )

(٣) /ص / / س / (صدی = سەدا )

تەنیا لێکۆلینەوە یەکی وردو زمانەوانیانە بۆمان دەردەخات کە هەرسێ یاساکە دەربارەی یەك دیاردەن ئەویش نەمانی بەرمەلاشوو دان . لەو وشەخوازراوانەی لە عەرەبییەوە هاتوون:

لە بەر ئەوەی زمان فێربوون ڕوانگەی فێرکار بەرامبەر زمانە بێگانەکە دەگۆرێ کێشە فۆرم شێواندن و تێکدان ئاڵۆزتر دەبێ . بە واتایەکی تر، تا فێرکار زیاتر لە زمانە بێگانە کە بزانێ، کەمتر پێویستی بەوە دەبێ دەنگەکانی ئەم زمانە دەست کاری بکات و بیان گۆرێ . لەبەر ئەمە لە قۆناغێکی خواستندا،فێرکار زۆر کەرەسە

کت و مت وەك خۆیان دەهێنایە زمانە کەی خۆیەوە . ئەم راستییە هەندێ زمانەوانی وا لێکردووە . باوەڕ بکەن کە دەتوانن بە هۆی لێکدانەوەی فۆرمی کە رەسەی خوازەوە نەخشەیەك دابنێن کاتی خواستنەکە دیاری بکات . بەم جۆرە برگە ( hauyen: 64) خوازەی نویێ و خوازەی نوێتر و دێرین لە سەر بناغەی فۆنۆلۆجی لە یەکتری جیادەکاتەوە . خوازەی دێرین بە وانە دەڵێ کە فۆرمەکەیان شێواوە . خوازەی نوێتر کت و مت دەچنەوە سەر وشەی زمانە سەرچاوەکە و خوازەی نویێ لە نێوان ئەم دووپلە یە دا دەوەستی . هەرچەندە ئەم بۆچوونە بە شێوەیەکی گشتی کارێکی دروست، دەبێ دوو کە بۆ کوردی ئەم جۆرە تێڕوانینەمان لە بیر نەچێت :

(١) هەندێ کەرەسەی خواز راو سەربەم پۆلانە نابن، بە واتای ئەوەی ئاسانی پۆلێن ناکرین چونکە لە و دەنگانە یان تێدانی یە کە دەگۆڕێن (٢) جیاوازی نێوان خوازەی دێرین و نوێتر (خوازەی تێکدراو و تێك نەشکاو ) زیاتر پەیوەندی بە پلە ی زمانزانییەوە هەیە نەك بە کاتی خواستنەوە . زمانزانی لە وانەیە لە پڕ بێتە کایەوە لە وانەشە چەند نەوەیەك بخایەنێ، لە بەر ئەمە کەرەسەیەکی خوازراو لە وانەیە بە چەند شێوەیەکی جیاواز لە لایەن چەند ئەندامێکی کۆمەڵێکەوە بخوازرێ (بروانە : روبع (ربع) یان ئینتیحان و ئیمتیحان (امتحان).

لێکدانەوەیەکی ئەو خوازانەی لە عەرەبیەوە هاتوونەتە کورییەوە گرێدانیان لە گەل دیاردەی زمانزانی دا وامان پیشان دەدات کە ئەم کەرەسانە لە یەکێك لە سێ قۆناغەکەدا خوازراون و فۆرمەکانیش بە پێی پێویستی قۆناغەکە گۆڕاوە :

**(١) قۆناغی دێرین (سەرەتا ) :-**

ئەم قۆناغە پێش بڵاوبوونەوەی زمانزانی هاتۆتە کایەوە، بە واتای ئەوەی پێش ئەو قۆناغەی کە خەڵکەکە کوردی و عەرەبی نەزانیوە، خوازەکان ژمارە یەکی کەم زمانزان وەریان گرتووە ( بە تایبەتی پیاوانی ئایینی لە شێوەی نووسینەوە ) و بە ناو زۆربەیەکی یەك زمانیدا (ئەوانە ی هەر کوردییان زانیوە ) بڵاویان کردۆتەوە . خوازەکان تەواو تێکدروان و زۆر کە م دەناسرێنەوە یەکێك لە تایبەتییەکانی خوازەی ئەم قۆناغە ئەوەیە کە زیاتر لە شێوەیەکیان لە دەربریندا هەیە و

قسەکەر دڵنیایە لە وەی کامەیان دروستە . نموونە : سنووق /سندووق، راتوی/ راتب (فەقیٚ) دەقو /تەقو(الباب)..........

**(٢) قۆناغی نێوان**

لەم قۆناغەدا خەڵکەکە (بە تایبەتی ) زیاتر شارە زاییان لە عەرەبیدا پەیداکردووە. گۆڕانی خوازەکان بە پێی یاساو و دە ستور دەڕوات بەو ڕووەوە بەندە بە پەیرەوی دەنگیی زمانی کوردییەوە .(بۆ نموونە / ذ /---/ ز / لە هەموو شوێنێکدا و لە هەموو وشەیەکی خوازراودا ). یەکێك لە تایبەتیە گرنگەکانی ئەم قۆناغە دابەش بوونەوەی فۆنیمەکانە بە تایبەتی ئەو دەنگانەی هاوبەشن ( لە هەردوو زمانەکەدا هەن ) . بۆ نموونە دەنگی / ت / لە کوردیدا دووئەلۆفۆنی هەیە: / ت١ / لە وشەی تا، تاریك، تارا ..../ت٢/ کە لە / ط / عەرەبییەوە نزیکە لە دەوروبەری دەنگی / ڵ/ و/ ڕ /: تاڵ، تەر، تاڵاو،،تەڕاو .. لەم قۆناغەدا لە ژێر کاری وشەی خوازراودا ئەم دابەش بوونە دەگۆڕیٚ و /ت٢/ لە هەندیٚ دەوروبەری تریشدا دەبینریٚ وەك لە وشەی – تاسە (طاسة) و تۆز (طوز) دادەردەکەویٚ .

**(٣)قۆناغی ئێستە :**

لەم قۆناغەدا دووزمانزانی زۆرتر بلاودەبێتەوە و منالّی کورد هەر لە ساواییەوە فێری عەرەبی دەبیٚ و شارە زایی تێدا پەیدا دە کات، ئەو وشانەی لەم کاتە دا دەخوازرێن کە مترین گوڕانیان بە سەردادێت و زۆربەی بیٚ دەستکاری و بە دەنگە نامۆکانیانەوە دێنە کوردییەوە . یەکێك لە تایبە تیەکانی قۆناغەکە هاوردنی دەنگی نامۆییە لە زمانە سەرچاوەکەوە، ئەو وشانەی لە قۆناغی یەکەم و دووەمدا بە شکاوی و شێواوی خۆیان کردووە بە ناو کوردیدا، لەم قۆناغەدا وردە وردە ڕاست دەکرێنەوە تاوای لیٚ دێت دەربرینە ((هەڵە))کە لە قسەی خوێندەواردا بە ((لەکە ))دادەنریٚ وهەڵەکە دەبێتە نیشانەیەکی دواکەوتویی و نەخوێندەواری، بۆ نموونە، وشەیەکی وەك ((عیلاچ)) و ((شریان)) و ((شەهادە)) و (( شاعیر )) بە گوڕانێکی زۆر کەمەوە هاتوونەتە ناو کوردییەوە . دیسان وشەی ((نەعلەت )) و (( جوعمە )) و (( ئینتیحان )) شێوەی ڕاستەکەی خۆیان وەر گرتۆتەوە و –( لە

عنەت و جومعە و ئیمتیحان ) لە قسەی خوێندەواردا بە کارنایەن بیٚ ئەوەی لەکە بۆ قسەکەر دروست بکەن .

**ڕێزمانی خوازە:-**

بۆ ئەوەی خوازە بچێتە زمانە نوێیەکەوە وەك وشەی خۆماڵی هەڵسوکەوت بکات، دەبیٚ وا خۆی بگۆڕیٚ کە لەگەڵ ڕێزمانی زمانە نوێیەکەدا بگونجیٚ، بەواتایەکی تر، دەبیٚ خوازەکە بچێتە ناو یەکێك لەو پۆلە ڕێزمانیانەی کە زمانە نوێیەکە جیایان دەکاتەوە، ئەگەر ئەم پۆلە ڕێزمانیانە (ناو، جیٚ ناو، کار ئاوەڵناو.....)، لەدوو زمانەکەدا وەك یەکتر نەبن، ئەوا دەبیٚ خوازەکە لەم ئاستەشدا بگۆڕیٚ، بەواتای ئەوەی دەبیٚ یەکێك لەو پۆلە ڕێزمانیانەی زمانە نوێیەکە بۆخۆی هەڵبژێریٚ، بۆنموونە، ئەو ناوەی لە عەرەبیەوە دەچێتە زارەکانی سەرووی کوردییەوە دەبیٚ رەگەزی میٚ یان نێر هەڵبژێریٚ، چونکە ناو لەم زارانەدا دوو رەگەزیان هەیە و لە هەندیٚ لایەنی ڕێزمانییەوە کارێکی جیاوازیان لەگەڵ دەکریٚ، بەپێچەوانەشەوە ئەو ناوە عەرەبییانەی کە دێنە زارەکانی ناوەڕاستەوە کێشەی هەڵبژاردنیان لەم ڕووەوە لەگەڵ نییە چونکە ئەم زارانە گرنگی بەجیاوازی رەگەزی(نێر و میٚ) نادەن.

لەم زارانەدا خوازەکان دەناسرێن(سنووقەکە)، بەنەناسیاری دەمێنێتەوە(سنووقێك)، کۆدەکرێنەوە( ئەم سنووقانە و سنووقەکان.....) هتد). بەواتایەکی تر هەمان ڕەوشتی ناو زمانی عەرەبییان هەیە.

شایەنی تێبینییە کە خواستنی ژمارەیەکی زۆر لە وشە لەزمانێکەوە هەندیٚ جار دەبێتە هۆی شیکردنەوەی هەڵەو سەرهەڵدانی دیاردەی سەیر وەك :

(١) خواستنی وشە بە پاشگر و پێشگرەوە دانانی بە وشەیەکی سادەی لەکەرت کردن نەهاتوو وەك: ((مەعلومات))، (ئەخلاق)، (ئیشارات)، (موناجات) ........هتد.

(٢) خواستنی پاشگر و فرێدانی واتاکەی وەك (پاشگری((ئات) ی عەرەبی کە لە هەندیٚ وشە یکوردیدا بیٚ واتا بەکاردێت وەك: دێهات، میوەهات/

میوەجات...دێهاتەکان، ئەو دێهاتانە...... (کۆبوونەوەی لەگەڵ نیشانەی کۆی کوردیدا نیشانەی ئەوەیەکە (ئات/ هات) لەوە کەوتووە نیشانەی کۆ بێت.

(٣) خواستن و گوێزانەوەی کەرەسەی زمان لە بەشێکی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێکی تر یان بەکارهێنانیان لەدووبەشی ئاخاوتندا(ناو کار).

أ– لەناوەوە بۆ ئاوەڵناو:–

فلیمێکی زۆر عەجایب بوو: (لە (عەجائب)ەوە).

ب– لەناوی (بکەر)ەوە بۆ ئامرازی سەرسورهێنەر:

خالق، چەند دیمەنێکی جوانە.

ئەڵا، چەند شارێکی پاکە

ج– لەئاوەڵناوەوە بۆ ئاوەڵکار:

شکور نەهاتن بۆ لای من (لە(شاکر)وە کە ئاوەڵناوە).

د– لەناوەوە بۆ ئاوەڵناوێکی (کوردی) بەهۆی پاشگرەوە:

بەخوا منالێکی نەحلەتیە، (لهنە)- نەحلەت/ نەحلەتی.

هـ– لەناوەوە بۆناوێکی (کوردی) بەهۆی پاشگرەوە:

تف و نەحلەتیان دەکات. (ناو+ کار).

دیسان دەستت دایەوە بێ‌حەیایی.

و– لەناوەوە بۆ ئاوەڵناو:–

هەی بێ حەیا: (حیاء)/ ئەم پیاوە لەهەموویان بە شەرەفترە(شرف).

ن– لەکارەوە بۆ ناو:

تەشکورت دەکەم(ناو+کار)

لە(شکر)ی عەرەبییەوە.

وەك بەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێ ژمارەی ئەو کەرەسانەی ئەم گۆڕانە ڕێزمانییانەیان بە سەردێ نەك هەر لەکوردیدا بەڵکو لە زمانی تریشدا زۆر کەمن و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مەیلەی کە لەزماندا هەیە بۆ پاراستنی ڕێزمان کە کاکڵەی زمانە(Haugen: 74).

لەگەڵ ئەو تێکەڵاوییە زۆرەشدا کە زمانی کوردی لەگەڵ عەرەبیدا هەیبووە، کوردی بەزۆری هەر ناو و ئاوەڵناوی لەعەرەبییەوە خواستووە و زۆر بەدەگمەن کارو ئاوەڵکارو ئامرازی هەڵگرتۆتەوە، بۆنموونە، سەدان ناو وەك حەج و زەکات و

زەريبە و دائيرە و مەكتەب و مودير و موسەليم و مۆزەف و فەراش و عيشق و مەحەبەت و دەيان ئاوەڵناوی وەك ڕازی موستەعيدو مەرەخەس و حور، لە عەرەبييەوە هاتوونەتە ناو كوردييەوە، بەڵام ژمارەی ئەو كارو ئاوەڵكارو ئامرازانەی كە كوردی خواستوونی بە پەنجەی دەست دەژمێردرێن و ئەمانەش تەنانەت لەشێوازێكی تايبەتی كورديدا دەبينرێن(بۆ نموونە ئامرازی ئەڵا.......هەر لەشيعری كلاسيكدا بەكاردێ).

بۆ ئاسانكردنی كاری تواندنەوەی خوازە و خۆماڵی كردنيان، كوردی پەنا دەباتە بەر بۆتەيەكی ڕێزمانی خۆی(كە شێوەی داڕشتنی كاری لێكدراوە) و بەشی هەرە زۆری ناو و ئاوەڵناوە خوازراوەكان دەكات بەناو لەم قاڵبەدا، بەمە نەك هەر ڕەنگ و بۆيەكی كوردی دەدات بەم كەرەسە خوازراوانە، بەڵكو بەهۆی بەشی دووەمی كارەكەوە وشەيەكی كوردييە لەنەسازانی گيرەكی كوردی وشەی خوازە ڕزگاری دەبێ، هەروەها بەهۆی ئەم بۆتەيەوە هەرچی ناو و چاوگی عەرەبييە نەك هەر وەك ناو يان چاوگ كەڵكييان لێ وەردەگيرێ، بەڵكو بێ ئەوەی شێوەكەيان بگۆڕێ وەك كاريش بەكاريان دێنێ وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دەبينين:—

كاری لێكدراو:—

أ- بەكەرەسەی كوردی:-

١- ناو + كار

نموونە: شەڕ دەكا، سوێند دەخۆم، ئاهەنگ دەگێڕين، جنێو دەدەن...هتد.

٢— ئاوەڵناو+ كار

ئامادەم كرد، جوان بوو، سووری كرد.

٣— ئاوەڵكار + كار:

نموونە: ڕۆچوو، ڕای كرد، هەڵ خست....

ب- كاری لێكدراو (بەكەرەسەی عەرەبی)

١— ناو+ كار

زەكاتی دا، زەريبە دەدات، حەفلە دەكەن، قەسەمت دەدەم، ئيديعا دەكات، ئيعلانی (ئيفلاسی كرد).

٢- ئاوەڵناو+ کار

**رازی دەکەن، مەرەخەسم بکە، قانیع دەبم.**

**مەمنونت دەبم.**

٣- ئاوەڵکار+ کار

(ئەم جۆرە کارە لەکوردیدا بە کەرەسەی خوازە(لە عەرەبییەوە دروست نابیّ، ئەمەش بەڵگەیەکی ترە کە ئاوەڵکار زۆر بەدەگمەن لەعەرەبییەوە خوازراوە).

شایەنی تێبینییە کە هەموو ناو و ئاوەڵناوێکی عەرەبی هەرچەندە نامۆ و نەبیستراویش بن زۆر بەئاسانی لەکوردیدا لەم بۆنە رێزمانییەی سەرەوەدا بەکاردێن، بەمە زمانی کوردی دەرگای بەشێکی گەورەی فەرهەنگی عەرەبی بۆ خۆی خستوەتە سەرپشت و بەئارەزووی خۆی دەتوانیّ وشەی لێوەربگریّ بەڵگەمان بۆ سەلماندنی ئەم باوەڕە ئەو وشە عەرەبییە زۆرانەیە کە شاعیرە کۆنەکانی کورد بەهۆی کردن و دانەوە کردوویانە بە کوردی، وەك وشەی خۆماڵی رەفتاریان لەگەڵ دەکەن، وا لەخوارەوە هەندیّ نموونە لەسەر ئەم جۆرە خوازانە دەدەین کە بەتایبەتی لەبەرهەمی مەحوی شاعیردا بەرچاومان کەوتووە:-

نەجاتی دا، عەرضی حالم کرد، حەلاڵی کرد، ئیعتیکاف کرد، ئیزنی دا، منەت دەکات، لۆمەی کرد، لەفکری چوو، تەبلیغم کردن، خزمەتی کردن، قەتلەك بکەن(واجیب)، شکاتی کرد، سوال دەکا.... بەم پێیە، یەکەم کێشە لە خواستنی ناوی عەرەبیدا ئەوەیە کە دەبیّ پۆلین بکرێنەوە لەکوردیدا بەپێی ئەوەی لەگەڵ کام لەم کارانە دا دەڕۆن، چونکە وەك ئەم نموونانە دەری دەخەن هەندێکیان لەگەڵ (دان) دەبن و بەشی زۆریان(کردن) هەڵدەبژێرن) نەجاتی دام، حەفلەمان کرد، ئیزنی نەدان، .........هتد، هەندیّ جار پۆلێن کردنەوەکە لەسەر بناغەی واتا دەبیّ، بەواتای ئەوەی ناوەکە کارێکی لەگەڵدا بەکاردیّ کە لەگەڵ هاوواتایەکی یان ناوێکی نزیك دا بەکاربیّ، بۆ نموونە، خوازەیەکی وەك(روخسەت) لەژێر کاری (رێگادان) دایە کە کاری (دان) هەڵدەبژێریّ، جاری واش هەیە هەڵبژاردنی کارەکە لەخۆوەیە و بەپێچەوانەی ئەم یاسایەوە دەبیّ وەك لەخوازەی(ئیستراحەت) دادەبینین، لەژێر کاری فرەیزێکی وەك(پشوودان) دا، دەبوایە(ئیستراحەتیش) هەر (دان)ی لەگەڵدابوایە، کەچی بەپێچەوانەوە کاری(کردن) هەڵدەبژێریّ.

# بەشی چوارەم
## خزمایەتی لەزماندا

**١- بنەمای خزمایەتی:-**

بۆ دیاری کردنی خزمایەتی دوو زمان یان زیاتر واتاکان پشت بەچەند شتێك دەبەستن:-

١- لێکچوونی وشە(وەك دانەیەکی واتاسازی).
٢- لێکچوونی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیی پارچەکانی ڕستە و ڕیزبوونیان، دوو زمان ئەم جۆرە لێکچوونانە یان تێدابێت(بەمەرجێك بەهۆی خواستن و ڕێکەوتەوە نەبێت) بە(خزم) دادەنرێن، لەرێی ئەم لێکچوونانەوە زمانەوان دەتوانێت(خێزانە زمانەکان) دیاری بکات ئینجا بگاتە(بنەماڵەکان) زمانی خزم ئاسایی دەبێت (دراوسێ) بن یان خزمایەتیەکە لە ئەنجامی داگیرکردن، کۆچ کردنەوە دێتەدی(Lanhacker 205:).

**٢- ئەو کۆسپانەی کە دێنە ڕێگای دابڕین:-**

ئەو کۆسپ و تەگەرانەی دێنەڕێی پۆلکردن ئەمانەن:-

١- ئەو کەرەسە نوسراوانەی کە لە هەندێ زمان جێ دەمێنێت هێندە کەمە ماوەی ئەوەمان ناداتێ بڕیار دەربارەی خزمایەتی بدەین، تەنانەت ئەم کەرەسە کەمەش، هەندێ جار دەست کاری کراوە، بۆنموونە زانیاریمان دەربارەی، گریکی کۆن پروسی کۆن و داڵماشی زۆر کەمە.

٢- زانیاریمان دەربارەی مێژووی زمانەکانی گێتی وەك یەك نییە، بۆنموونە زانیاریمان دەربارەی سۆمەر دەگەڕێتەوە بۆ چوار هەزار ساڵ پێش زایینی، میسری کۆن سی هەزار ساڵ پ.ز، زمانە سامییەکان تێکرا ٨٠٠ ساڵ پ.ز، زمانی چینی ٢٠٠٠ ساڵ و هیندو- ئەوروپی ٢٠٠٠ساڵ پ.ز، هەرچی زمانەکانی ترە زۆر لەپاش ئەمانە دێن، بۆ نموونە جۆرجی سەدەی (٥ ) د. ز زمانی بورمی سەدەی ٩ د.ز، تورکی، سەدەی ٨ د.ز، ئۆراڵی، سەدەی سیازدەم د.ز، هەندێك زمانیش هەن کە لەم دواییەدا شێوەی نووسینیان پەیداکردووە(زمانە هیندۆ ئەمەریکییەکان، زمانە ئەفریقیەکان........هتد).


تەنانەت لەناو یەك بنەماڵەشدا خێزانە زمانییەکان یەك جۆر مێژوو نادەنە دەست، لەناو زمانە هیندو- ئەوروپاییەکاندا، زمانە هیندو- ئێرانیەکان، کە لەهەموویان کۆنترن، دەگەڕێنەوە بۆ ١٥٠٠-٢٠٠٠ پ.ز، گریکی کۆن سەدەی هەشت پ. ز، ئەلبانی سەدەی پازدە د.ز، بەلتیکی شازدە.د.ز......هتد، ئاشکرایە کە ئەگەر زمانە هیندو -ئێرانییەکان و گریکی کۆن لەگەڵ ئەلبانی و بەلتیکی دا خزمایەتییان هەبێت دەبێت ئەم خزمایەتییە لەکەیدا دروست بوبێت لەکاتێکدا کە جیاوازی تەمەنیان نزیکەی سێ هەزار ساڵ بێت، هەندێ جار (خزمایەتی ) ون دەبێت، یان دەبێت بەژێرەوە لە ژێرەکانی خواستن یان بەهۆی تر - بۆ نموونە زمانی ئەرمەنی ئەوەندە وشەی زمانە ئێرانییەکانی خواستووە تا ماوەیەکی زۆر زمانەوانەکان بەزمانێکی ئێرانییان دەژمارد.

### ٣- دابڕینە سەرەتاییەکان:-


یەکێك لە دۆزینەوە هەرە گرنگەکانی زمانەوانی سەدەی نۆزدە ئەوەبوو، کە ئەو لێکچوونانەی کە لە ڕۆنان و دەنگسازی هەندێ زماندا هەستی پێ دەکرێت لە ئەنجامی ڕێك کەوتن یان خواستنەوە نییە، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندی خزمایەتی لەنێو ئەو زمانەدا، بەدوای بیرەکەی سیر ولیم جۆنزدا کە گوایە لاتینی و گریگی کۆن و سەنسکریتی لەیەك سەرچاوە هەڵقوڵاون ، زماوانەکانی سەردەم کەوتنە شیکردنەوە و بەراوردکردنی ئەو کەرەسە زمانییانەی کە لەبەردەستدا

بوون تابتوانن شوێنی زمانەکان و پەیوەندییان لەگەڵ یەکتردا دیاری بکەن، بۆیە یەکەم جار ئەم زانایانە زاراوەی هیندۆ – ئەوروپیان بەکارهێنا بۆناونانی ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە سەری زمانی هیندو– ئەوروپی دێرینن (West: 42).

( کۆمەڵەی زمانەکانی کێنتەم و ساتەم )




نەخشەی (١)
(Barber1964 :90)




**نەخشەی (٢)**

**پەیوەندی هیتی لەگەڵ زمانە هیندو ئەورووپیەکاندا (Wardhaugh1972)**

لەسەرەتاوە بنەماڵەی زمانە هیندو– ئەورووپییەکان دەکران بەدووبەشی سەرەکییەوە (کێنتەم وساتەم) بەپێی گوتنی ئەو دەنگە کە لەسەرەتای ئەو وشانەوە دێت کە بەواتای سەد دێت لەم زمانانە، لە زمانە کێنتەمەکاندا ئەو دەنگەیە(ك×) دەخوێنرێتەوە، ئەوانیتر، بەپێچەوانەوە بە(س) یان (ش) دەخوێنرێتەوە، بەم پێیەی لاتینی و ئێرانی کۆن توخاری و گریکی کۆن و جێرمانی بەکێنتەم دانران کۆمەڵەی بەلتیکی و سلاڤی و هیندو – ئێرانی بە وەك بە نەخشەیەکی خوارەوەدا دەردەکەوێت.

بەشێوەیەکی گشتی زمانە کێنتەمەکان رۆژ ئاواپین و زمانە ساتەمەکان رۆژهەلاتین، جیاوازی نێوان ئەم دوو کۆمەڵە بەشێوەیەکی زانیاری دەسەلمێت بەلام هەندێ راستی دەبنە کێشەو نەخشە کە تێك دەدەن:–

١– تۆخاری لەناوچەی تورکستانی چین دا قسەی پێ کراوە(واتە رۆژهەلاتیە) لە رووی دەنگەوە زمانێکی کینتەمە(رۆژئاواییە).

٢– هەندێ زمان لەگەڵ ئەوەشدا کە لە دوو بەشی جیاوازن، پێوەندی خزمایەتی نێوانیان زیاترە وەك لەدوو زمانی تر کە سەربە یەك بەش بن( بۆنموونە).

فەڕەنسی و سەنسکریتی لەگەڵ ئەوەشدا کە کێنتەمن زۆر لە یەکترەوە دوورن لە پاش ئەوەی کە دابڕینی زمان بە پێی رۆژئاوایی و رۆژهەڵاتی سەری نەگرت، لەبەر ئەو کەم کورتیانەی کەلێی دوایین، دابڕینەکەی(ماکس میولەر) بۆ ماوەیەك ناوبانگی پەیدا کرد . بەپێی ئەم بیرەی میولەر زمانەکانی گێتی دەبنە سێ بنەماڵەی جیاواز: بنەماڵەی هیند و–ئەوروپی، بنەماڵەی سامی و حامی و بنەماڵەی زمانە تۆرانیەکان، هەریەکە لەم بنەماڵانەش لەدەها خێزان پێك دێت، کورتی برەکە لەوەدایە کە دوا بنەماڵە(تۆرانی) بنەماڵەی ڕاستی نییە، بەڵکو بریتیە لە خێزانە زمانی جیا کە لە بێ شوێنی کراونەتە ئێرەوە وەکو خێزانە زمانی یابانی– چینی –کینی یا دافیدی، هیچ تایبەتییەکی ناوخۆ ئەم خێزانە زمانانە کۆ ناکاتەوە و هەرگیز ناچنەوە سەر بنەماڵەیەك، لەبەرئەمە پاش ماوەیەك ئەم دابڕینەش وازی لێ هێنرا(Langaoke: 206).

## ٤- دابڕینە نوێیەکان:-

دابڕینە نوێیەکان زمانەکانی گێتی دەکەن بەدوو بەشەوە، زمانە هیندۆ – ئەوروپیەکان و زمانە ناهیندو ئەوروپیەکان، هەرچەندە هەموو زمانەوانەکان ڕێك ناکەون لەسەر ژمارەی ئەو خێزانە زمانانەی بنەماڵەی هیندۆ ئەووپی پێك دێنن(هەندێك بە شەش و هەندێك بەنۆ و هەندێك بە یانزە خێزانی دادەنێن)، هەموویان دان بەم خێزانانە دادەنێن (Wardaugh,192).

١– خێزانی هیند و ئاری: ئەم خێزانە لەدوو کۆمەڵەی سەرەکی پێکدێت: زمانە هیندییەکان (سانسەکریتی پراکیتی، زمانە هیندیە نوێیەکان.......) و زمانە ئارییەکان(فارسی و بلووجی و ئەسیتی و پەشتوو کوردی).

٢– زمانی ئەرمەنی.

٣– زمانی ئەڵمانی.

٤– گریکی کۆن: ئەم خێزانە زمانە یۆنانییە کۆنەکان و(ئایۆنی، ئەستیکی...هتد)، ئەو زمانەش دەگرێتەوە کە لە سەدەی حەوتی پ.ز،دا پەیدابوون.

٥- زمانـە ئیتاڵیـەکان: ئەمـەش ئۆسـکی و ئـەمبری و لاتـینی دەگرێتـەوە جگەلـە فەرەنـسی و ئیتـاڵی و ئیـسبانی و رۆمـانی کـە راسـتەوخۆ لـە لاتینی پەیدابوون.

٦- کێڵتی: لە سەرەتادا بە ناو هەموو ئەوروپای ئێستە دا بـاڵی کێـشابوو، بەڵام وردە وردە کـشایەوە و ئێـستاکە لـە هەنـدێ شـوێندا لەناوچـەی ئیرلەندەو ویلزو بریتۆن دا بەکاردێت.

٧- خێزانە جێرمانیەکان: ئەم خێزانە دەبێت بەسێ بەشەوە:-

أ- جێرمانی رۆژهەلات.

ب- جێرمانی سەرەوە(زمـانی ئایـسلەندی و دانیمـارکی و سـویدی و نـەرویجی دەگرێتەوە.

ت- جێرمانی رۆژئاوا(ئینگلیزی ساکسۆنی و هۆڵەندی و فێلامندی دەگرنەوە).

٨- خێزانی بەڵتیکی -سلاڤی- کۆمەڵەی بـەلتیکی لـەم خێزانـە پێکـدێت: لیتــوانی و لاتــاڤی.....کۆمەڵــەی دووەم، ســلاڤی کــۆن و رووســی و پۆڵۆنی و چیکی سربی کرواتی و بولگاری نوێ دەگرێتەوە.

زۆر لە زمانەوانەکان باوەڕیان وایە کە زمانی هیتـیتی کـە لەدەوروبـەری سـاڵەکانی ١٥٠٠د.ز لەناوچەی ئەنەدۆڵ بەکاردەهات، خێزانێکـی هینـدۆ ئەوروپیـە هەرچـەندە نزیکیشی لەم بنەماڵەیەوە زۆر ئاشکرایە زیاتر لەگەڵ سلاڤی گریکی و زمانە هیندو ئەوروپیەکانی تر نەخشەکەی خوارەوە دەری دەخات(نەخشەی دووەم).


## ٥- مێژوو گرنگی بنەماڵەی هیندۆ ئەوروپی:-


وەك زانیاری مێژووی دەریدەخات هیندو ئەوروپیـەکان کـە لەسـەدەی سـێیەم یاچـوارەمی پ.ز ژیـاون تـا ئێـستاش نیـشتیمانەکەیان تـەواو نەناسـراوە،هەندێك مێژوونووس لەو باوەڕەدان کە ئەمانە لەبنەچینەدا خەڵکی ئاسـیان و لەدواییـدا بـە گێتیـدا بڵاببوونەتـەوە، ئـەم بـیرە کـەم ڕێـی تـێ دەچـێت چـونکە ئەگـەر وابوایـە، دەبوایە زمانە بنەڕەتییەکانیان وشەی هەبوایە بۆ ئـەو دیاردانـەی کـە لـە ئاسـیادا زۆرە، جگە لەمەش هیچ پاش ماوەیەکی مێژوویی ئـەو ڕایانـە نەسـەلمێنێت، زیـاتر ڕێی تێدەچـێت کـە هینـدو ئەوروپیـەکان لـە ئـەوروپاوە کۆچـیان کردبێـت، مێـژوو

نووسەکان سێ شوێن دەست نیشان دەکەن لە ئەوروپادا سەرووی ئـەڵمانیا، دۆڵـی دانـووب(دەشـتەکانی هـەنگاریا)، سـەرووی دەریـای ڕەش(دەشـتەکانی ئۆکرانیـا) شوێنی سـێیەم، بـەلای زۆربـەی مێژوونووسـەوە لەهـەموویان پەسـەندترە چـونکە دانیشتوانەکانی(٢٥٠٠پ.ز)ی ئەم ناوچەیە لە ڕەوشتو خوو چەکەکانی دەسـتیاندا زۆر دەچنەوە سەر خەڵکی میـستاو ئـەنادۆڵ و سـەرووی میـسۆپۆتامیا، ئەمانـەش ئاشکرایە کە ئەوروپی بوون، دەبێ ئەو ڕاستییەش بزانین کە هیند و ئەوروپیـەکان زۆرجـار لـە کـۆچ کردنـدا تووشـی خـەڵکی لـەخۆیان پێـشکەوتووتر بـوون(وەك دانیشتوانەکانی هیندو میـسۆپۆتامیا هـۆی کۆچـکردن وبڵاوبوونـەوەی ئـەم هینـدو ئەوروپایانـە نـەزانراوە)، بـەڵام وەك دەردەکـەوێت پـەلاماری دراوسـێیەکانیان و گۆڕانی ئاوهـەوا دەوری بـووە، گرنگـی ئـەم بنەماڵەیـە لەوەدایـە زیـاتر لەهـەزاران ملیۆن قسەپێکەری هەیە لەئەوروپاو ئاسیادا.

## ٦- زمانە ناهیندۆ ئەوروپیەکان:-


ئەم کۆمەڵە لەچەند بنەماڵەیەکی جیا جیا پێکهاتووە، گرنگترینیـان بنەماڵـەی سامی و حامیە، کە بەم شێوەیە بەسەر چەند خێزانێکدا دابەش دەبن(Barber74).






یەکێك لە تایبەتییە هەرە گرنگەکانی ئەم بنەماڵەیە ئەوەیە کە زۆربەی وشەکایان لەسێ دەنگی نەبزوێنەوە دادەتاشن بەهۆی زیادکردنی بزوێن(کە لەنووسیندا دەرناکەوێ لەسەرەتاوە لەناوەڕاستدا و لەدواوە.

لە(ك، ت، ب)وە، بۆ نموونە ئەم وشانە لە عەرەبیدا دادەڕێژرێت: کتب، یکتب، کاتب، کاتبە، مکتبە، کتب، مکاتب، مکتبات، ...هتد. بنەماڵەیەکی لەکۆمەڵە ناهیندو ئەوروپییەکان بنەماڵەی ئۆرالی و ئەلتاییە کە وەکو ئەم نەخشەی خوارەوە دابەشدەبن(Barber : 75).




جگە لەم دوو بنەماڵە گرنگەی زمانە ناهیدو ئەوروپییەکان ئەم بنەماڵانەش دەگرێتەوە:-

١– درافیدی(خواروی هیند)، تامیل، تیلەکو....ز
٢– چینی– تیبتی: تسایلەندی و بورمی و تیبتی و دایلیکتەکانی زمانی چینی.
٣– ملایوپۆلینزی.
٤– پانتو(ئەفریقیا): سواهیلی زوڵو.
٥– سودانی و کینتی: هوسا.
٦– هیندی و ئەوروپی: هۆچی و ئەپاشی.
٧– قەفقاسی، جۆرجی .
٨– باسك: (ناوچەی بیرەنیز، سنووری فەرەنسا و ئیسپانیا.

## ٧- دیاردەی داپچڕاندن و یەکگرتن لەگەشەی زماندا:-

لەگۆڕانی زماندا دوو رووکاری سەرەکی دێتە بەرچاو: رووکاری داپچڕاندن و یەکگرتن، زۆرجار لەمێژوودا دەردەکەوێت کە زمانێك دادەپچڕێت بەواتای ئەوەی کەرت دەبێت و چەند زمانێکی تری لێوە پەیدا دەبێت، دروست بوون و هاتنەکایەی زارو زارۆچکەکانی زمانەکانی گێتی هەر لەئەنجامی گەشەیەکی مێژووی واوە دەبێ، نموونەی مێژووی لەم جۆرە کارە زۆرە،چاوخشاندنێك بەنەخشەکانی ئەم بەشەدا ئەم ڕاستیەمان بۆ دەردەخات داپچڕینی لاتینی دەبێت بەهۆی پەیدابوونی فەرەنسی و ئیتالی و ئەسپانی و رۆمانی ئێستە هەروەها داپچڕانی بنەماڵەی هیندوئەوروپی بوّتە هۆی پەیدابوونی ئەو هەمووخێزانە زمانانە.

هەندێ جار، زمانێك لەجیاتی ئەوەی داپچڕێت، باڵ بەسەر زمانە نزیکەکانی تری بنەماڵەکەدا دەکێشێت هەموویان دەکات بەیەك . بەم رووکارە دەوترێت یەك گرتن لەگۆڕاندا بۆنموونە، لەناو بنەماڵە سامی و حامیەکاندا عەرەبی باڵی بەسەرهەموو بنەماڵەکەدا کێشاوە زۆربەی زمانەکانی تر لەناوچوون . ئەم لەلاتینی ئەمیری و ئوسکانی پێك دەهات بەڵام کە رۆمانیەکان ئیتاڵیان گرت، زمانەکەشیان بەسەر هەموو ئەوانیتردا زاڵ بوو، پاش ماوەیەك هەر خۆی لە کۆرادا مایەوە ئەوانی تر لەناوچوون.

### ٨- نواندنی پەیوەندیی خزمایەتی:-

دوو ڕێگەمان هەیە بۆ نواندنی پیشاندانی پەیوەندی خزمایەتی نێوان دوو زمان دوو کۆمەڵە زمان:- نواندن بەهۆی دارو لق و پۆپەوە، نواندن بەهۆی شەپۆڵەوە ڕێگەی یەکەم لەداهێنانی ئۆگست شلابخەرەوە دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی ٩٨٦٦، لەگەڵ ئەوەشدا کە کەم و کورتی زۆرە، ئەم ڕێگایە بەردەوام بەکاردێت چونکە ئاسانترە لەڕێگەی دووەمدا بەپێی ئەم ڕێگایە هەموو زمانە لقەکان لە پۆپەکەیەوە پەیدا دەبێت، بەم جۆرە خێزانی کێلتی و ئیتالیك لەهیندو ئەوروپیەوە پەیدا بووە، لاتینی و ئەمیری ئوسکانی لەئیتاڵیەوەو وئەلماشی و ئیرلەندی کۆن لەکێلتیەوە.

ئەم ڕێگایەی نواندنە هەندێ کێشە مان بۆ دێنێتە کایەوە، بۆنموونە بەپێی ئەم بۆچوونە لاتینی، کە خۆی زمانێکی مردەیە دەبێ باوکی فەرەنسی بوو بێ بوونی ئەمە لەکاتێکدا راستر وایە بڵێین لاتینی ئەو فەرەنسیەیە کە لە فەرەنسا قسەی پێ دەکرێت یان لاتینی بۆتە فەرەنسی لە فەرەنساو ئیسپانی لە ئیسپانیا و ئیتاڵی لە ئیتاڵیا.......

جگە لەمەش نواندن بەهۆی درەخت و لقەکانیەوە وامان تێ دەگەیەنێت کە دەتوانین بەئاسانی زمانەکان لەیەکتر جیابکەینەوە وە هیچیان ناکەونە ژێرکاری یەکترەوە و دانیش بەبوونی دیالیکتدا نانێت هەندێ زمانەوان، بۆ ئەوەی لەکەم و کورتی نواندنی ڕێگای یەکەم رزگاریان بێت ڕێگایەکی تر دەگرن بۆ نیشاندانی پەیوەندی و خزمایەتی ڕێگای شەپۆڵ بەپێی ئەم بۆ چوونە هەر زمانێك وەرگرین و لەهەرکاتێکی مێژوویدا لێی بکۆڵینەوە دەبینین پێکهاتووە لەچەند دایلێکتیك، ئەم دیالیکتانەش لە هەندێ شوێندا دەچن بەناو یەکتردا، تەنانەت ئەو کاتانەش کە دایلێکتەکان دەگۆڕێن بۆ زمانی سەربەخۆ دەبینین پەیوەندییان لەگەڵ یەکترا دەمێنێت و هێشتا لەژێرکاری یەکتردا دەبن بەتایبەتی لەناوچەکانی سنووردا چونکە گۆڕان لەشێوەی شەپۆلدا لەچەقەوە دەردەچێت.

ئەم ڕێگایە کە لەداهێنانی (یۆهانس شمیت)ی ئەڵمانیاوە لەساڵی ١٨٧٢وە خراوەتە بەرچاو زیاتر لەڕێگای یەکەم ناڕێك و پێکی گۆڕان لێك دەداتەوەو راستتر بۆ کێشەکە دەچێ، بەڵام زۆرکەمتر بەکاردێ، چونکە زۆر هۆی تێ دەکەوێ بەئاسانی بۆمان راناگیرێت(wardhaug,194).

# بەشی پێنجەم
## واتـاسازی

**١- سەرەتایەك:-**

زاراوەی سیمانتكس(واتاسازی) لەوشەی گریكی (sema)وە هاتووە كە بـەواتای نیشانە یان ڕەمز دێت، وەك زاراوەیەك كە بەشێكی زمانەوانی دەگرێتەوە، وشـەكە بۆیەكەم جار لەلایەن( میشیل بریل) ەوە لەسـاڵی ١٨٨٣دا بـەكارهات، هەرچـەندە زۆر پـێش ئەمـەش هەسـت بـە پێویـستی زاراوەیـەكی وا دەكـرا پـاش ماوەیـەك بەكارهێنان، زاراوەكە تەمومژێكی زۆری لێ نیشت لەبەرچەند هۆیەك:—

١— زاراوەكە بە تەنیا لەزمانەوانیدا بەكار نەهات، بەڵكو لەزۆر بابـەتی زانـستی تریشدا وەك واتاسازی فەلسفەیی كە لایەنێكی (عەمـەلی) هەیـە كـە زۆرجـار لـەژێر ناوی واتاسازی گشتی دادێت، پەسەندكەرانی ئەم جۆرە ماناسازییە، زانایـانی وەك (كورزیـسكی) و(چـەیس) و (هایاكـاوا) بـەدوای ئـەوەدا دەگـەڕان كـە بـەكارهێنانی وشـەی ڕووت و خـراپ بـەكارهێنانی تـری زمـان(بەمەبەسـتی درۆ و خەڵەتانـدن و لەخشتە بردن) نەهێڵن لە ڕەچەڵەكەوە( Leech491|).

٢— تەنانەت لـەناو چوارچـێوەی زمانەوانیـشدا زاراوەكـە بـەزۆر واتـای جیـاواز بەكاردێت ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆی سەرەكی:—

أ— واتـا تـەنیا بەنـد نییـە بـە وشـەوە، بـەڵكو لـە دانـەكانی خـواروویی وشـە و سەرووی وشەشدا دەبینرێ . لـە سـەرووی وشـەوە فریـزو ڕسـتەو بگـرە دانـەكانی سەروو رستەش واتا بەخشن، لەخواروشەوە مۆرفیم(بەند یان بەرەڵڵا یـان گـیرەك) واتادارە لەگەڵ ئەمەشدا زۆربەی كات مەبەست لەواتاسازی تەنیا واتای وشەیە .

ب— زاناكانی زمان هەموویان ڕێك ناكەون لەسەر مەبەستی واتاسازی.

بەلای هەندێكیانـەوە(وەك فێـرث و هاوەڵـەكانی) واتاسـازی هـەموو زمانـەوانی دەگرێتەوە، چونكە بەلایانەوە لەواتا لێك دانەوە بەولاوە زمانەوانی هـیچ ئـەركێكی تری نییە، لای هەندێكی تریان(ئوڵمان، بۆ نموونە )واتاسازی و ڕەوانبێژی لەیـەكتر

جیانابنــەوە، زمانــەوانیش هەیــە کــە بــاوەڕی وایــە کــە واتــا ســازی دەبێــت بــۆ لێکدانــەوەی واتــای ســەرەکی یــان هەڕەمــەکی خــۆی تــەرخان بکــات و پەیوەنــدی واتایی شی بکاتەوە.

لەنیو سەدەی یەکەمی لەدایك بوونیدا،واتا سازی زیاتر بابەتێکی مێژوویی بوو، زمانەوانەکان زیاتر خۆیان بەگۆڕانی واتاو دابڕین و هۆکانی گۆڕان و ئەو یاسایانەی کە رووکاری گۆڕان دیاری دەکەن مانـدوو کردبـوو، بـەدوای سـیەکاندا، شۆڕشـێکی مەزن لەم بابەتەدا بەرپابوو، گوێدان لەواتا گۆڕانەوە گۆڕا بـۆ واتـا سـازی وەسـفی (ئەو دەورە گرنگـەی کـە وشـەی لـەکاتێکی دیـاری کـراودا لەزمانێکدا دەبینێـت)، لەگەڵ ئەوەشـدا کـە ئێـستاش لێکۆڵینـەوەی واتـا لـەڕووی مێـژووەوە بەردەوامـە، واتاسازی ئەمڕۆ ڕوکارێکی وەسفی ئێستەیی تێدا دەبینرێت.

## ٢- گرنگی واتاسازی:-

گرنگـی واتاسـازی لەوەدایـە کـە پەیوەندییـەکی راسـتەوخۆی لەگـەڵ یـەکتر گەیشتندا هەیە، تا دەوری لەیـەکتر گەیـشتنی لەرێکخـستنی کۆمەڵدا زیـاتر بێـت، پێویستمان زیاتر بە واتاسازی دەبێت، جگە لەمەش لێکۆڵینەوەی واتا هۆیەکـە بـۆ تێگەیشتن لەمێشکی مرۆڤ و، بیروبۆچـۆنیەتی و هـۆش لەگـەڵ تێـڕوانین و دابـڕینی خیبرەمان بەهۆی زمانەوەو وا تێك ئـالاَون کـە نـازانین کامیـان زاڵـە بەسـەر ئـەوی ترداو کامیان لەچوارچێوەی ئەوی تریاندا دروست دەبێت، هەرچەندە زۆر زمانەوان تائێستاش باوەڕیان بەگریمانەی(ۆرف) هەیە کـە دەڵێـت زمـان بڕیـار دەدات چـۆن هەست بەدەوروبەری خۆمان دەکەین.

## ٣- جۆرەکانی واتا:-

واتــا بەشـێوەی بڵاوەکـەی کـە هـەموو ئـەو شـتانە دەگرێتـەوە کـە زمـان دەیگەیەنێت دەبێـت بەچـەند جـۆرێکی جیـاوازەوە، لەمانـە لـە هـەموویان گـرنگتر واتای لۆجیێکی یان(هۆشەکی) و کێشەکی و بابەتیە(Leech :10-27).

واتای هۆشەکی:-

ئەم جۆرە واتایە سەرەکی ترە لە هەموو ئەوانی تر لەبەر دوو هۆ:-

١- واتای هۆشـەکی، بەپێـچەوانەی هـەموو جـۆرە واتاکـانی تـرەوە، خـاوەنی ڕۆنانێکی وا ڕێکە کە بەئاسانی بـەراورد دەکرێـت لەگـەڵ ڕۆنـانی ئاسـتەکانی تـری زماندا،، بەتایبەتی ڕۆنـانی فۆنۆلـۆجی و ڕستەسـازی، ئـەم ڕۆنانـەش لەسـەر ئـەم بنەمایە کاردەکات.

أ- بنـەمای سـیمای جیاکردنـەوە:- ئـەم جـۆرە تایبەتییـە بنـەمای دابـڕینی فۆنۆلۆجیـشە لـەوەدا کـە دەیـدەین بـە دەنگێـك، دەبێتـە پێناسـەی ئـەو دەنگـە بەشێوەی سەلبی یان ئیجابی، بۆنموونە ڕەمزی فۆنەتیکی (ب) کۆمەڵە سـیمایەکی جیاکردنــەوە دەینوێنێـت، لەمانــە دوو لێــو- ئـاوازدار- دەربـاز- دەمــی- نـاو لووت........هتد.

بەهــەمان شـێوەن واتـای هۆشـەکی زمـانیش هـەر لـە ڕۆنـانێکی وەك ئەمـەدا دەردەبڕێـت، بـەم پێیـە واتـای وشـەی (ژن) دەتوانرێـت بـەم جـۆرە بـەهۆی ئـەم تایبەتیانەوە دیاری بکرێت(+مرۆڤ+ هەراش - نێر) یان جیابکرێتـەوە لەوشـەیەکی وەك(کوڕ) کە بۆنموونە، ئەم تایبەتیانەی تێدایە(+مرۆڤ+ هەراش+ نێر).

ب- بنەمای کەرت بوون بۆ پارچە پێکهێنەرەکان:-

ئـەم بنەمایـە لەکـەرتی بـچووك بـچوکەوە دەمـان گەیەنێتـە دانـە ڕێزمانیـە گەورەکان یان بەپێچەوانەوە ئەو توانایەمان دەداتێ کەواتای ڕێزمانی گـەورە لـەت بکەین بۆکەرتی بچووکتر.

٢- واتای کێشەکی:-

ئەمەش چەند جۆرێکی جیاوازی هەیە:-

أ- واتــای لاوەکــی:- ئـەو واتایــە کــە فۆرمێـك دەیگەیــەنێت جگــە لــەواتا هۆشــەکیی‌ەکــەی، ئەگــەر وشــەی(ژن) هۆشــەکییانە پێناســە بکــەین بــەو ســێ تایبەتییە جیاوازکەرەی کـە باسمـانکرد (+مـرۆڤ - نێـر+ هـەراش) دەبیـنین ئـەم تایبەتییانە دەگرێتەوە.

٢– واتای لاوەکی مەیلی گۆڕانی زۆر تێدایە، بەواتایەکی تر رادەی گۆڕانی بەپێی جۆری کۆمەڵ و سەدەی مێژووی و خیبرەی کەسی.

٣– واتای لاوەکی(دەرونی) خاوەنی سنوورێکی دیاری کراوی داخراو نییە بەڵکو بە پێچەوانەی واتای هۆشەکییەوە لاکانی کراوەتەوە هەروەك چۆن زانیاری و بیروباوەڕ بەرامبەر دونیاو لاکانی کراوەتەوە و هەمیشە لەزۆر بووندایە.

ب– واتای ویژدانی و شێوازی:–

واتای شێوازی ئەو واتایە کە زمان دەگەیەنێت دەربارە ئەو بارە کۆمەڵایەتییەی کە تێدا بەکاردێت، هەندێك لەوشەکان و شێوەی گوتنەکە جۆری دیالێکتەکەمان بۆ روون دەکاتەوە، هەندێکی تریان چینی کۆمەڵایەتی قسەکەرەکەمان بۆ دەردەخات، تایبەتی واش هەیە کە پەیوەندی قسەکەرو گوێگرمان بۆ دەخاتەروو.

کریستەل چەند شێوازێکی جۆر بەجۆری لەزمانی ئینگلیزدا جیاکردۆتەوە لەمانە:–

١– ئەو تایبەتییە شێوازییانەی کە هەمیشەیین:–

أ– کەسایەتی (زمانی فلان و فیسار.....).

ب– دیالێکت.

ج– کات (زمانی سەدەی نۆزدە..........)

٢– گفت و گۆ:–

أ– شێوە(نووسین، قسەکردن).

ب– بەشداری کردن(دووکەسی،لەبەرخووە).

٣– ئەو تایبەتییە شێوازییانەی کە کاتین:–

بابەت (زمانی یاسا، زانست..........)

پایە(بەرێزەوە، بازاڕی..........).

کەمجار ڕێ دەکەوێت کە واتای هۆشەکی و شێوازی دوو وشە تەواو وەك یەکتر بن بەواتایەکی تر، زۆربەی وشەی هاو واتا تەنیالەواتای هۆشەکی دا هاوبەشن ئەمەش وای لە هەندێ کەس کردووە کە گومانیان لەوە هەبێت کە زمان وشەی هاوواتای تەواو تێدا بێت، ئەگەر مەبەست لە هاو واتایی بەرامبەری تەواوی وشەبێت لە هەموو جۆرە واتاکانیدا ئەوا زۆر بەدەگمەن دوو وشەی هاوتا هەڵدەکەوێت، بەلام ئەگەر مەبەست لە هاوواتای بەرامبەر بێت تەنیا لەواتای هۆشەکیدا ئەوا دەتوانین زۆر وشە بدۆزینەوە کە لەواتای هۆشەکیدا وەك یەك بن و لەواتای شێوزیدا جیاوازین.

| | |
|---|---|
| ئەسپ/ هەسپ | ئاسمان/ عاسمان |
| یۆنان/ وێنان | تەرزە/ تەزرە. |
| فری/ ڕڤ | |

زمان زۆر جار دەتوانێت هەستی قسە کەریش بنوێنێت بەرامبەر ئەو بابەتەی کە قسەی لێ دەکات

بەم جۆرە واتایە کە بەهۆی واتای هۆشەکی یان لاوەکیەوە دەردەبڕێت، دەوترێت واتای وژدانی، ئەو کەسەی کە پێی دەوترێ(بلێی مرۆڤێکی خۆپەرست و بێ کەڵکی) هەرگیز گومانی لەهەستی قسەکەرەکە نییە بەرامبەری، زۆرجار قسەکانمان بەپێی پلەی ڕێز لێگرتن کە جۆرێکە لەهەستی قسەکەر دەگۆڕێن:

(١) دەمت لێك نێ، (ڕێزلێ گرتنی تێدا نییە)

(٢) ئەوەندە مەڵێ، (باشترە لە (١)، ڕێزگرتنی کەمترە لە (٣).

(٣) بێ دەنگ بە. (ڕێزی لێ گەڵدایە.

هەرچەندە واتای ویژدانی لەسەر واتاکانی تر دەژی (بەواتای ئەوەی لەگەڵ ئەماندا پێکەوە دێن)، زۆرجار بێ ئەمانە بەهۆی ئاواز یان هەندێ وشەی هەست پیشان دانەوە دەردەبڕێت.

ج- واتای بیرەکی و تێکەڵی:-

واتای بیرەکی کاتێك دێتە کایەوە کە فۆرمێك زیاتر لەواتایەکی هۆشەکی هەبێت و کە گوێمان لەیەکێکان بێت ئەوی ترمان بێتەوە بیرمان، بەهۆی ئەوەوە

که ئەمەیان پێویسترە و زۆرتر بەکاردێت یان بەهۆی ئەوەی کە زۆر لەگەڵ یەکتردا دێن، ئـەم جـۆرە واتایـە بەتایبـەتی لـە هەڵبەسـتدا کـاری خـۆی دەکـات، واتـای بیرەکـەی بـەزۆری کـاتێ هەسـتی پـێ دەکرێـت کـە یـەکێك لـەواتاکانی فۆرمەکـە قەدەغە بێت بەهۆی بەند بوونی بە فەسلجەی جینسەوە، هەر ئەمەشـە وایکـردووە کە هەندێ فۆرم (وەك خستنەسەر، تێ خزان و هاتنەوە....هتد) زۆر کەم بەکاربێن هەرچەندە یەکێکیش لـەواتاکانیان زۆر بـێ گوناحـە، بلـووم فیلـد هـەر لـە زووەوە باوەڕی وابوو کە لەحاڵەتی وادا بەهۆی ئاشنایی یەکێك لەواتاکانی فۆرمەکە لەگـەڵ باوەڕی قەدەغەکراودا واتا ئاساییە قەدەغە نەکراوەکەش لەناودەچێت و دەمرێت.

واتای تێکەڵی ئەو واتایەیە کە وشە بەهۆی هەڵسو کەوت و هـاتنی لەقـەوارەی وشەی تردا پەیـدا دەکـات، بۆنموونـە وشـەی(زیـڕە) و (حەپـە) و (نـەڕە) لـەهاوتا دەچن و لەڕووی واتاوە ناکۆکیان هەیە(هەموویان جۆری دەنـگ پیـشان دەدەن)، لەگەڵئەوەشدا هەریەکەیان لەویتریان جیایە بەهۆی ئەوەوە کە هەریەکەیان لەگەڵ نـــاوێکی جیـــاوازدا هەڵـــسوکەوت دەکـــات و دێـــت هـــەروەك لـــەم رســـتانەدا دەردەکەوێت:-

**منداڵەکە زیڕاندی**
**شێرەکە نەڕاندی**
**سەگەکە دەحەپێنێ.**

بێگومـان دەبێـت ئـەوە بـزانین کـە هـەموو ئـەو هەڵانـەی کـە لەئـەنجامی هەڵسوکەوتی ناڕێکی وشەدا دێتە کایـەوە بـەهۆی تێکدانی واتـای تێکەڵـەوە نییـە هەندێکیان لەوانەیە بگەڕێتەوە بۆ تێکەڵکردنی چەند شێوازێك و هەدێکی تریان بـۆ تێکەڵ کردنی واتایی، بۆنموونە، چاو پیاخـشاندنێك بـەم دوو رسـتەیەی خـوارەوە بۆمـان دەردەخـات کـە رسـتەی(١) بـەهۆی تێکـەڵکردنی چـەند شـێوازێکەوە ناپەسەندە و رستەی (٢) بەهۆی تێکچوون و لادان لەواتای هۆشەکیەوە ناڕێکە:-

١- سوارە دلێرەکە خۆی فڕێ دایە سەر هەچەکە
٢- چۆلەکەکە کەلاکی کەرەکەی هەموو خوارد.

واتای هاوکێشەکی بەشێوەیەکی گشتی هێندە پێچ و پەناو قوژبنی زۆرەکە زۆر بەگران دەست دەدات بۆ لێکۆڵینەوە، لەبەرئەمە واتا سازی خۆی بەواتای هۆشەکیەوە زیاتر خەریك دەکات چونکە ئەگەر واتا بەم جۆرە کەرت نەکەین و جیایان نەکەینەوە لەیەکتری و بمانەوێت لەهەموو جۆرەکانی کۆڵینەوە ئەوا وەکو بلووم فیلد خۆمان بەرامبەر گرانی ئەرکەکە بۆناگیرێ و ناچار دەبین بگەڕێینەوە دواوە و هەموو واتا دانێین بۆ سەردەمێك کە زانیاری زیاتر تێدا پێش کەوێت تاچاری واتامان بۆ بکات.

٣- واتای بابەتی:-

ئەو واتایە کە قسەکەر یان نووسەر بەهۆی شێوەی ڕێکخستنی مەبەستەکەوە دەیگەیەنێت: چی کەرەسەیەك پێش دەخات، چی دەباتە دواوە و لەسەرچی دروست دەبێت و چی بەلایەوە گرنگ نییە....هتد واتای بابەتی نەك هەر پەیوەندی بەڕۆنانی ڕێزمانیەوە هەیە، بەڵکو بریتییە لە کێشەی هەڵبژاردنی ئەو ڕۆنانە ڕێزمانییەکە بە باشتری دەزانین بۆ گەیاندنی مەبستەکەمان لەناو هەموو ئەو ڕۆنانەدا کە زمانەکە ڕێگایان دەدات.

(١):

أ- کەرەکە کەپرەکەی خست.

ب- کەپرەکە کەرەکە خستی.

ج- کەپرەکە کەوت.

(٢):

أ- سەرۆکی بەش خەڵاتی یەکەمی پێشکەش کرد.

ب- خەڵاتی یەکەم سەرۆکی بەش پێشکەشی کرد.

ج- خەڵاتی یەکەم لەلایەن سەرۆکی بەشەوە پێشکەش کرا.

د- پێشکەش کردنی خەڵاتی یەکەم لەلایەن سەرۆکی بەشەوە بوو.

(٣):

أ- سامان له دەرگاكه دەدات.

ب- ژیلەیه لەدەرگاكه دەدات.

(٤):

أ- باوكی چاكترین دوكانی سەوزە فرۆشی هەیه لەگوزەرەكەدا.

ب- چاكترین دووكانی سەوزە فرۆشی لەگوزەرەكەدا بیٚ باوكیٚتی.

هەموو ئـەو كۆمەڵـە ڕسـتانەی سـەرەوە كـەم و زۆر واتـای هۆشـەكییان یەكـە لەگەڵ ئەمەشدا دەبینین كـە لەدەرهێنانـدا جیـاوازن، هەریەكـەیان بـۆ كاتێـك یـان بارێك دەبێت، بۆنموونه دەپرسین:-

سەرۆكی بەش چی پێشكەش كرد؟

وەڵامەكە دەبێت هەر (٢ - أ) بێت، بەڵام كە بپرسین : له لایەن كێوە خـەڵاتی یەكـەم پێـشكەش كـرا ؟ وەڵامەكـە دەبـیٚ ( ٢ -ج ) بـیٚ، هـەروەها لـە كۆمـەڵی سێیەمدا كه دەپرسین كیٚ له دەرگا دەدات ؟ وەڵامەكەی دەبیٚ (٣- أ ) بیٚ، بەڵام كه بپرسین كێیه بەم تەقه تەقه ژیانی لیٚ تاڵ كردین، ئەوا وەڵام دەبیٚ (٣-ب)بێت و لێرەدا شێوەی ڕێكخستنی مەبەستەكه یـان واتـای بابـەتی خـۆی دەسـەپێنیٚ و ناچارمان دەكات كەتەنیا یەكێك لەم ڕۆنانه لێكچووانه بەدروست دابنێین.

## واتاسازی وشە :-

### أ- بۆچوونی مەنتیقی:-

ئەم بۆچوونە گویٚ دەداتە ئەو پەیوەندییە مەنتقیانەی کە لەنێوان وشەکانی زماندا هەیە(پەیوەندی واتایی) ئەم پەیوەندییانەش دەبن بەچەند جۆرێکەوە(Lyons 1969 :449-470).

١– گرتنەوە:

رەنگدانەوەی تایبەتیەکی مێشکە: توانای پۆلکردن یان دابڕینی دەنگ وشەیەکی گشتیە کە باڵ بەسەر سپی و رەش و سەوزو سوور و زەردو شیندا دەکێشیٚ هەروەها هاو وشەی سۆزو خۆشەویستی رق و ترس و کینە دەگرێتەوە، گرتنەوە کەواتە دۆزینەوەی ئەندامانی پۆلەکەی : گوڵ(پۆل)، گوڵەباخ، مێخەك، نەسرین، ودالیا، (ئەندامانی پول) دەگرێتەوە.

پەیوەندی گرتنەوە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت پەتاتە لەکوردیدا نە لە پۆلی سەوزە و نەمیوە دادەنرێت لەئینگلیزیدا، بەپێچەوانەوە دەچێتە کۆمەڵی سەوزە لەکوردیدا وشەیەکی گشتی وەکو پەلەوەر هەیە، کە مریشك و کەڵەشێر و قەلەموون، بگرێتەوە، لەئنگلیزدا وشەی(Poulitry) و لەعەرەبیدا(الدواجن) ئەم دەورە دەبینن.

٢– هاو واتایی:

بەشێوەیەکی گشتی هاوواتایی بەدوو شێوە پێناسە دەکرێت:–

أ– دوو وشە یان زیاتر کە یەك واتا ببەخشن، بەمجۆرە، دەربەدەرو لانەوازو ئاوارە هاوواتان.

ب– دوو وشە یان زیاتر کە نەك هەر واتایان وەك یەك بێت بەڵکو لەبەریتی یەکرتریش بێن لەوتندا، بەم پێیە جوان و قەشەنگ هاوواتان چونکە لە بریتی یەکتردێت لەم وتەدا کۆشکێکی ..........، هەندیٚ جار بەم جۆری دووەمە دەڵێن هاوواتای تەواو یان راست.

هاوواتای تەواو زۆر کەمە لەزماندا تەنانەت هەندێك باوەڕیان وایە کە هەر نیشە، لەراستیدا زۆر گرانە دوو وشە بەیەك واتا بمێننەوەو بژین لەزمانێکدا چونکە ئەمە لەتوانای زمان کەم دەکاتەوە، ئەو وشانەی کە بەشێوەیەکی گشتی بە هاوواتا دادەنرێت، بە (٥) شێوە لەیەکتر جیا دەکرێنەوە:-

١- هەندێ وشەی هاو واتا هەیە کە دەوگەڕێنەوە بۆ دوو دیالێکتی جیاوازی زمانەکە وەك باسك= قۆڵ قۆڕیك= نەوك، شاخ= جەول، دارستان= جەنگەڵ.

٢- هەندێکی تر دەگەڕێنەوە بۆ دوو شێوازی جیاواز: جەناب/ بەڕێز .

٣- هەندێ وشە هاوواتان لەواتای هۆشەکیدا، بەڵام واتای کێشەکییان جیاوازە: کچ/ کیژ، ژن/ ئافرەت، کە تە/ زەبەلاح.

٤- هەندێك وشە هاو واتان بەڵام تاکێکیان تەنیا لەچەند فریزێکدا بەو واتایە دێت خۆی شاردەوە= خۆی مەڵاس دا، بەڵام کتێبەکەی شاردەوە کتێبەکەی مەڵاسدا. ناشێ

٥- زۆر هاو واتا واتاکانیان نزیکە نەك وەك یەك: ئازاد= بەرەڵا - بەند= گیراو - وریا= زیرەك.

دەبێت پەنجەش بۆ ئەوە رابکێشین کە جۆرێکی تریش لە هاوواتایی هەیە کە بەندە بە قەوارەوە، دوو وشە یان زیاتر لەبەرئەوەی لەیەك قەوارە دا دەتوانن بێن بە هاو واتای دادەنێین، بۆنموونە: وشەی کڕی و پەیداکرد هەردووکیان بۆ ڕستەی یەکەم و دێڵەکە و سەگەکە بۆ ڕستەی دووەم دەشێن.

(١) چووە دەرەوە نانێکی ...........

(٢) ...........دوو بەچکەی بووە.

بەڵام ئەم جۆرە هاو واتاییە چاکتر وایە لەگرتنەوە دا چار بکرێت:-

پەیداکردن: کڕین: دزی: بردن: سەندن

سەگ-دێڵ: توول: تانجی: گەماڵ.

٣– دژایەتی لەواتادا:–
سێ جۆر دژایەتیمان هەیە لەواتادا:(Lyons :460).

(١) جیاوازی:–
ئـەم پەیوەندییـە بـەراوردکردنی هەنـدێ وشـەی وەك نێـر و مـێ دا دەردەکـەوێت کەرەتکردنەوەی یەکێکیان، پەسەندکردنی ئەوی تریانە، هەروەها بە پێـچەوانەوە، بۆنموونە کە دەڵێین ئەو کۆترە نێرە ئـەوا ئـەو ڕاسـتیەمان رەتکردۆتـەوە کـە مـێ نییە بەپێچەوانەشەوە کە ڕستەکە نەفی بکـەی ئـەو کـۆترە نێـر نییـە ئـەوا ئـەومان پەسـەندکردووە کـە کۆترەکـە مێیـە کەواتـە، پلـە نییـە لـەنێوان نێـرو مـێ دا هەریەکـەیان جەمـسەرێك دەگـرن، ئـەوەی لـەم جەمـسەرە نـەبێ دەبـێ لـە جەمسەرەکەی تر بێت.
هەمان پەیوەندی لەنێوان وشەی ژن و یا پیاو و کـوڕ دا بەرچـاو دەکـەوێت کاتێـك ئـەو وشـانە دەربـارەی شـووکردن و ژن هێنـان بـن، کـە دەڵـێن گوڵـە ژنـە(شـووی کردووە) مەبەستان ئەوەیە کە چ نییە، کـە دەڵـێن گوڵـە کـچە(شـووی نـەکردووە) مەبەستمان ئەوەیە کە ژن نییە، بەم جۆرە هەریەکە لەم وشانە جەمسەرێك دەگرن و لەنێوانیاندا پلەی تر نییە.

(٢) دژ واتایی:–
ئەم پەیوەندییە بە بەراوردکردنی وشـەی خـراپ و چـاك گـەورەو بـچووك و دەیـان وشەی تردا دەردەکەوێت پەیوەندی دژ واتایەتی بەوە لە جیاوازی جیـا دەبێتـەوە کـە پلـەدارە مەبەسـت لـە پلـەداری ئەوەیـە کـە دوو وشـەکە بـەراوردەکرێن، بەراوردیش دوو جۆرە :–
(١) بەراوردی دوو شت یان دوو کەسی جیاواز.
ژیلە لە شیلان ئازاترە.
خانۆکەی تۆ لەوەی من گەورەترە.
(٢) بەراوردی دوو حاڵەتی جیاوازی یەك شت یان یەك کەس.
ژیلە لەجاران وریاترە.
ئەرکمان لەپار قورسترە.

هەردوو جۆرەکە دەتوانین لەیەك بدەین لەیەك ڕستەدا:—

ژیلە لەجارانی شیلان وریاترە.

تۆ لەپاری من ئەرکت کەمترە.

دەشتوانین، تەم و مژێك بەجێ بهێڵین کە خوێنەر والێ بکەین نەزانێت بەراوردەکە لە نێوان دوو کەسەکەدایە یان دوو حاڵەتدا:—

ژیلە وریاترە.

یان لە شیلان یان لەپاری خۆی..........

هەندێ جار بەراوردەکە سەرزاری دەردەبڕێت وەك لەرستەکانی سەرەوەدا بەهۆی تر...........لەوەدەرکەوتووە، زۆربەی جار بەراوردەکە هەیە، بەڵام دەرنەبڕاوە، بۆنموونە کە دەڵێن شیلان قوتابیەکی زیرەکی پۆلەکەیەتی مەبەستمان ئەوەیە لە هەندێکیان زیرەکترە و هەندێکیان لەو زیرەکترن، بەڵام بەراوردەکە سەرزاری دەرنەبڕاوە.

دەبێت ئاگاداری ئەوە بین کە لە هەندێ ڕۆناندا ئەم وشە دژ واتایانە پلەکاریان بزر دەکەن و کەم و زۆر هەست بەوە ناکەین کە بەراورد لەئارادا هەیە، بۆنموونە:

خانۆکەت چەند گەورەیە؟

چەمەکە چەند قووڵە؟

درێژی شەقامەکە چەندە؟

بەرزی دار گوڵەکە نازانم؟

ئەم ڕستانە ئەوە ناگەیەنن کە خانۆکە گەورەیە یان چەمەکە قووڵە یان شەقامەکە درێژە یان دار گوڵەکە بەرزە لەرۆنانی وادا وشەکان پلەکانیان ون دەکەن و بێ لایەن دەوەستن.

لەرووییەکی تریشەوە وشەی دژ واتا لەوشەی جیاواز جیا دەبێتەوە، لەدژ واتاییدا کە یەکێك لەوشەکانی رەت دەکەینەوە، مانای ئەوە نییە کە دژەکەیمان پەسەندکردووە، بۆنموونە کە دەڵێن(پیاوێکی ئازانیە) مەرج نییە ئیتر پیاوێکی ترسنۆك) بێت بەواتایەکی تر، وشەی دژ واتا خۆیان جەمسەرەکان دەگرن و بەڵام

لەنێوانیاندا پلەی تر هەیە، لەبەرئەمە کە یەکێکیانمان هەڵنەبژارد، ئیتر ناچار نابین تاکەکەی تر هەڵبژێرین، چونکە دەتوانین پەنا بەرین بۆ پلەکانی نێوانیان.

(٣). پێچەوانەیی:—

ئەم پەیوەندییە دژ واتاییە بە بەراورد کردنی وشەی (وەکو (کڕین) و فرۆشتن، (دان) و (وەرگرتن)، (ژن هێنان) و (شوکردن)دا دەردەکەوێت لەجیاتی:

١- **شیلان قەڵەمەکەی دا بە ژیلە.**

٢- **سامالْ کتێبەکەی لەسامان کڕی.**

٣- **عەلە گوڵەی هێنا.**

هەمان واتا بەپێچەوانەوە دەتوانین دەربڕین:—

١- **ژیلە قەڵەمەکەی لەشیلان وەرگرت.**

٢- **سامان کتێبەکەی بەسامالْ فرۆشت.**

٣- **گوڵە شووی بەعەلەکە کرد.**

هەمان پەیوەندی لەنێوان ئەم وشانەشدا دەبینین، (ژن ) و (مێرد) و (باوك) و (کچ) یان(کوڕ)، (خوشکەزا) و (پور) یان (خالْ).....هتد، بۆ نموونە کە دەڵێین(گولْزار خوشکەزای حەمەیە) وەك ئەوە وایە (وتبێتمان) حەمە خاڵی گولْزارە ئەگەر لەم ڕستەیە دا گولْزار بەناوی یەکەم(ن١) و حەمە بە ناوی دووەم(ن٢) و کارەکە بە (ە) دابنێین، دەتوانین بڵێین کە پەیوەندی پێچەوانەیی لەنێوان هەمو دوو وشەیەکدا هەیە.

کە بتوانن (بۆشاییەکان) پڕ بکەنەوە:

ن١ ............ی ن٢

ن٢.........ی ن١

(گوڵە (ژنی) عەلەیە).

(عەلە(مێردی) گوڵەیە).

کە واتای، (ژن) پێچەوانەی (مێردە).

فۆرم و واتا(تاریکی و روونی وشە):

ئاشکراو بەڵگە نەویستە کە وشە لەزمانی مرۆڤدا دوو رووی یان دوو دیوی هەیە، دیوێکی دەنگی یان رێنووسی و دیوێکی واتایی، هەندێ زمانەوان بەدیوی یەکەم دەڵێن(دەن)، هەندێکی تر بە (فۆرم) یان دەربڕین) ناو دەبەن، دیوی دووەمیش پێی دەوترێت(واتا)، پەیوەندی نێوان فۆرم و واتا لە نەخەشەیەکی وادا روون دەبێتەوە:- /پاژ نیوەڕۆ / ( پاش نیوەڕۆ )

فۆرم.............................(رێنووس)

↕

( واتا ) ( پاش سەعات دوازدەی نیوەڕۆ )

هەر لەسەرەتاوە پەیوەندی نێوان ئەم دوو نیوە وشە، فۆرم و واتا، مشتومڕێکی زۆر گەرمی لەسەر بووە و هەر لەسەردەمی یۆنانیەکانەوە دوو بۆچوونی جیاواز بۆ ئەم کێشەیە هاتۆتە کایەوە، بەباوەڕی سروشتییەکان پەیوەندییەکی راستەوخۆ و بەتین لەنێوان فۆرم و واتادا هەیە، بەواتای ئەوەی کە فۆرم لە لاسایی (واتاوە) هاتووە، بەپێچەوانەی ئەمانیشەوە(تەقلیدییەکان) باوەڕیان وابوو کە ئەم پەیوەندییە لەخۆوەیە و بە ئارەزووەو بەندە بەبڕیاری ئەو خەڵکەی بەزمانەکە قسەدەکەن، لەسەرەتای ئەم سەدەیەشدا، ئەم مشت و مڕە جارێکی تر هەڵی دایەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی سۆسیر، داهێنەری زمانەوانی تەرکیبی، پشتی تەقلیدییەکانی گرت و باوەڕەکانی ئەمانی دووپات کردەوە، سەرهەڵدانەوەی کێشەکە لەسیەکانی ئەم سەدەیەداو ئەم مشت و مڕە گەرمەی کە بەدوایدا هات بوو بەهۆی دەرخستنی هەندێ لایەنی شاراوەی کێشەکە، زۆربەی زمانەوانەکان ئێستا باوەڕیان هێناوە کە دوو جۆرە وشە لەزمانی مرۆڤدا هەیە، وشەی روون ووشەی تاریک، یەکێك لەنیشانەکانی تاریکی وشە لەوەدا دەردەکەوێ

که هەمان دیاردە هەرزمانێك ناوی جیاجیای لێ دەنێ وەك ئەو وشەیەی بەواتای (کتێب) دێ لەزمانە ئەوروپیەکاندا، روونی وشە بەسێ رێگەی جیاواز دروست دەبێت.

١- روونی بەهۆی دەنگەوە:-

هەندێ وشە واتاکانیان بەهۆی دەنگەکانیانەوە روونە، لەبەرئەوەی دەنگەکانیان لاسایی واتاکایان، لەشێوەی وەشەکەوە واتاکانیان پێش بینی دەکرێت، ئەم وشانە لەیەکتر دەچن تەنانەت لەو زمانانەشدا کە پەیوەندی خزمایەتیان نیە وەکو وشەی کوکوختی کەلەچەندەها زماندا فۆرمەکە زۆرتر نزیکە لە یەکتری.

٢-ڕوونی بەهۆی رێزمانەوە:-

وشەی لێکدراوو ئالۆز بەهۆی رێزمانەوە واتاکانیان روونە چونکە هەر کەسێك شارەزای رێزمانەکە بێت دەتوانێت وشەکان کەرت بکات و تاڕادەیەك پێش بینی واتاکانیان بکات، ئەم جۆرە روونیە تاڕادەیەکە چونکە کەرتەکان، لەخۆیاندا تاریکن(نەرمایی= نەرم+ ئای/ دارخورما= دار+ خورما، دارو خورما و نەرم تاریکن و لەوە زیاتر لەت ناکرێن).

٣- روونی بەهۆی خواستنەوە (خواستنی واتاوە).

هەندێ جار واتای وشەیەك بەهۆی ئەوەوە روونە کە خوازراوە لەوشەی ترەوە، بۆنموونە وشەی (بەردانەوە) لە (دڵت بەردامەوە) بەوشەیەکی روون دادەنرێت، چونکە خوازەیە بەندە، بەو لێکچوونەی کە لەنێوان بەربوونەوەی دارو تەختەو بەردو بەربوونەوەی دڵ) دا هەیە.

لێکۆڵینەوەکانی ئەم دواییە بۆمانی روون کردۆتەوە کە هەموو زمانێك وەکو یەك نین لەپەسەندکردنی وشەی تاریك و رووندا زمانی ئەڵمانی بۆنموونە زیاتر ئەو وشانەی زۆرە کە واتاکانیان بەهۆی رێزمانەوە روونە، فەرەنسی بەپێچەوانەوە، وشەی تاریکی زۆرترە، ئینگلیزی لەنێوان هەردووکیاندایە.

٤- لێکۆڵینەوەی لەتەم ومژی واتایی:-

ئەم بۆچوونە کاتێك بەکاردێت کە فۆرمێك چەند واتایەکی هەبێت، دوو جۆرە تەمومژی واتایی هەیە، هەرچەندە زۆرجار بەئاسانی لەیەکتر جیانابنەوە:

(١) فرە واتایی:-

(٢) هاوبێژی:- هەندێ جار دوو وشەی واتاجیاواز یەك فۆرم وەردەگرێت وەکو وشەی (مۆز) و ئازار) ئەمەش سێ جۆری هەیە:-

أ- هاودەنگ: ئەو وشانەن کە لەوتندا لەیەکتر دەچن، بەڵام جیاواز دەنوسرێن(لەکوردیدا نییە).

ب- هاوپیت: ئەو وشانەن کە لەنووسیندا وەك یەکن بەڵام جیاواز دەوترێن، هەمانە، قازی، خانە، رەشە.........

ت- هاوبێژی تەواو: ئەو وشانەن کە لەنووسین و وتندا وەك یەکن: نموونە: ئاش(جێی هارین)، ئاش (چێشت)، ئازار(ئێش)، ئازار(ناوی مانگە).

ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەم دواییەدا دەربارەی تەمومژی واتایی کراون زیاتر گوێیان داوەتە بڵاوی(هاوبێژی) و ئەوگێژاوانەی کە لەزماندا پەیدای دەکات هاوبێژی لەهەندێ زماندا(ئینگلیزی و فەرەنسی) زۆر بڵاوە(چونکە وشەی یەك برگەیان زۆرە)، لەفرە واتاییدا وەك بۆمان دەرکەوتووە، پەیوەندییەکی پتەو هەیە لەنێوان بڵاوی وشەو فرە واتاییدا، تا وشەیەك بڵاوتربێت لەزمانێکدا، تازۆرتر بەکاربێت، واتای زیاتر دەبێت.

ئەم دوو جۆرە تەمومژی واتاییە لەگرنگیدا وەك یەك نین، فرە واتایی کورتی نییە لەزماندا بەڵکو تایبەتیەگی گرینگیتی، ئەگەر فرە واتایی نەبێت دەبێت بۆ هەموو واتایەك وشەیەك هەبێت، هاوبێژی، بەپێچەوانەوە بە هیچ جۆرێك پێویست نییە هەبێت لەزماندا، (تەنیا بۆ یاری کردن بەوشە دەست دەدات)، زمان دەتوانێت بێ وشەی هاوبێژبێت، و لەراستیشدا زمانی وا بەتواناتر دەبێت.

نەفرە واتایی ونە هاوبێژی نابن بەهۆی تەم و مژێکی تێکدەر لەزمانـدا چـونکە چوارچـێوەی قـسە زۆر شـت روون دەکاتــەوە، هەرچــەندە حاڵـەتی وا هەیــە کـە لەهەمان چـوار چـێوەداڵەوانەیە زیـاتر لەواتایـەکی وشـەیەك یـان چـەند وشـەیەکی هاوبێژ بتوانن بێن، گەر ئەم حاڵەتە زۆر بڵاوبێت، لەئەنجامدا ئەو وشەیە کە دەبێتە هۆی نەسازی دەبێت لەناو بچێت، لەفرە واتاییدا بێگومان، هەموو وشەکە پێویست ناکـات فـرێ بـدرێ، بـەڵکو یـەکێك لـەواتاکانی وشـەکە دەڕوات، بۆنموونـە وشـەی (دلگـیر) بـەواتای(جـوان) دێـت، هەنـدێ جـاریش بـەهۆی فرێـزی (دڵ گرتنــەوە) بەواتای(ناخۆش) دێت، جا لەبەرئەوە هەر کاتێك هەردوو فۆرمەکـە توانییـان لـەناو هەمان قەوارەدا بێت، بۆنمونە(چەند شـارێکی .........) ئـەوا فـرە واتـایی وشـەکە دەبێتە هۆی دروستکردن یتەمێکی وا سەر لێ تێکدەر کـە ناچـارمان بکـات یـەکێك لەواتاکانی وشەکە لەناوبەرین بۆ ئەوەی تەگەرە لەرێی لەیەکتر گەیشتندا نـەهێڵن، بۆ چوونی شیکار کردنەوەی واتا:—

هەندێك زمانـەوان بۆتێگەیـشتن لـەواتای وشـە وای بـەباش دەزانـن کـە واتاکـە کـەرت بکـەن بـۆ پارچـە واتـای بـچوکتر (سـیمای جیاکردنـەوە) ئـەم رێگایـە کـە بە(شیکاری پێك هێنەران) ناو دەبرێت لەم ساڵەی دوایـدا بڵاوبۆتـەوەو بـۆ یەکـەم جار لە لایەن کـاتزوفوردەوە بـەکارهاتووە، بـەپێی ئـەم بۆچـوونە پەیوەنـدی ئـەم وشــانە(ژن و پیــاو کــوڕو کیــژ) کــە مــرۆڤ دەگرنــەوە بــەم شــێوەیە پیــشان دەدرێت(Leech,96-97).

| مێ | نێر | |
|---|---|---|
| ژن | پیاو | هەراش |
| کیژ | کوڕ | لاو |

مرۆڤ

وێنەکـەمان دوو دەوری هەیـە یـەکێکیان (ج= س) پیـشان دەدات، ئـەویتریان تەمەن دەتوانین هـەمان واتـا بەشـێوەی گونجـاو دەربخـەین بـەهۆی بـەکارهێنانی سیمای جیاکردنەوە:ـ

**مرۆڤ(ئینسان)+ هەراش(بالغ)+ نێر(نێر).**

**مرۆڤ(حەیوان) — هەراش(لاو) (نابالغ)- نێر(مێ).**

**واتای وشەکانی بەم جۆرە دەردەبڕێت:ـ**

**پیاو+ مرۆڤ+ هەراش + نێر**

**ژن+ مرۆڤ +هەراش - نێر**

**کوڕ+ مرۆڤ — هەراش+ نێر**

**کیژ+ مرۆڤ- هەراش- نێر**

**هاوواتا بەپێی ئەم بۆچوونە دەردەکەێت کە هەردوو وشەکە هەمان پێناسەیان دەکرێت، بۆنموونـە وشـەی کـچ و کیـژ هاوواتـان(هەرچـەندە لەشـێوازدا جیـاوازن) هەردووکیان هەمان تایبەتیان تێدایە:ـ**

**کچ= کیژ=(مرۆڤ- هەراش- نێر).**

**بۆ چارەکردنی فرە واتایی وشەکە بەپێی واتـا جیاوازەکـانی، تایبـەتی جیـاواز وەردەگرێت: بۆ نمونە وشەی (پیاو) جگە لەو واتایەی کە لەسەرەوە پیـشاندراوە، هەنـدێ جـاری بـەواتای(ئینـسان دێـت لەرسـتەی(پیـاو ئـەبێت بۆسـەندنی حـەقی لەمردن سڵ نەکات)، ئەم واتایەی دووەمە یەك تایبەتی بەسە بۆ پێناسەکردنی:ـ**

**پیاو: + مرۆڤ**

**راستی و چاکی ئەم رێگایە(شیکار پێك هێنـەرەکان) لەوەدایـە کـە پـەیوەنـدی واتایی(دژ واتا، نەسازی، هاو واتا و گرتنەوە.........هتـد) پێـی دەردەبڕێـت، ئـەم رستانەی خوارەوە( کە پەیوەندی پیـشان دەدەن) راسـتی پێناسـەکانی سـەرەوە دەسەلمێنن:ـ**

ئەوە دەگرێتەوە:ـ

١- سکرتێرەکە ژنە.

٢- سکرتێرەکە هەراشە(بالغە).

ئەوەش دەگرێتەوە

٣- دوو کوڕم دی.

٤- دوو لاوم دی.

ناسازێت لەگەڵ:ـ

٥- سکرتێرەکە ژنە.

٦- سکرتێرەکە پیاوە.

ناسازێت لەگەڵ:ـ

٧- باشترین قوتابیم کوڕێکە.

٨- باشترین قوتابیم هەراشێکە.

لە هەموو ئەو رستانەدا وامان داناوە کە ناوەکان بۆیەك کەس دەگەڕێنەوە.

٩- ئەو پیاوە هەراشە. (درێژ دادڕینە).

١٠- ئەو کوڕە ژنە.(بەدرۆخستنەوەیە).

پێویستە پەنجە بۆ ئەو ڕاستیە رابکێشین کە شیکاری پێك هێنەران چاری هەموو کێشەیە کە رۆنانی واتایی مان بۆناکات و کەم و کورتی زۆری تێدایە، بەڵام ئەم کەم کورتیانە نابێت وامان لێ بکات کە وازی لێ بێنین، بەڵکو پێویستە هەوڵ بدەین کە گەشەی بدەین چونکە لەزۆر سەرەوە رێگایەکی چاکە.

٤- کێڵگە واتاییەکان:-

زۆرجار وا رێك دەکەوێ کە کۆمەڵێك وشە هەموویان بەکاردێن بۆ لێدوان لەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، وشەکان هەموویان دیاردەکە باس دەکەن، هەریەکەیان بۆ لێدوان لەکەرتێکی ئەو دیاردەیە دەبن و هیچمان لەکەرتی ئەویتریاندا کارناکەن، وشەکانیش تارادەیەك لەناوخۆیاندا ناسازن، بەواتای ئەوەی دوانیان لە هەمان کاتدا ناتوانن لەبارەی یەك شتەوە بدوێن: چاکەتێکمان بە(شین) دانا، بۆنموونە، ئیتر هەمان چاکەت (سوور) یان (رەنگی ) تر نابێت لەیەك کاتدا، بەم جۆرە وشەی: شەق، زللە، مستەکۆڵە، دارکاری، بەردەباران.......هتد هەموویان بۆیەك کێڵگەی واتایی دەگەڕێنەوە کە دەتوانین ناوی بنێیت کێلگەی (لێدان) لەکوردیدا، هەروەها کێڵگەی (لەبەرکردن) لەکوردیدا چەند وشەیەك بەشی دەکەن دەستکردن، لەپێکردن و لەسەرکردن و لەپەنجە کردن..........هتد، هەندێ لەم کۆمەڵانە(رێزکراون) وەکو ناوی رۆژەکانی هەفتەو مانگەکانی ساڵ، پێچەوانەکان، ژمارە.....هتد، زۆربەیان بێ رێزکردن دەبینرێن وەکو ناوی رەگەکان یان ئەو ناوانەی پلەی خزمایەتی پیشان دەدەن(Spenee: 504-507).

ئەم کێڵگە واتاییانە لەزمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێت و زۆربەی زمانەوانان باوەڕیان وایە کە ئەم کێڵگانە رەنگدانەوەی فەلسفەی ژیان و تێڕوانینی خەڵکە بەرامبەر بە دەوروبەریان.

کێڵگەی واتایی دەکرێتە دووبەشەوە:-


١- کێڵگەی بەرجەستەیی(کۆنکرێت).

ئەمەش لەدوو شێوەدا دەبینرێت.

أ- کەرەسەی بەردەوام:-

یەکێك لەم جۆرەکێڵگانە کە تەواو لێی کۆڵراوەتەوە لەزۆر زمانی جیهاندا نیزامی رەنگەکانە، لەبەرئەوەی شەبەنگەی رەنگ چەپێکی بەردەوامە بەزر رێگەو لەزۆر شوێندا کەرت دەکرێت و جۆرو شوێنی دابەشکردنە کە لەزمانێکەوە بۆزمانێکی تر دەگۆڕێت، هەندێ زمان( مالی و غینیایی لوی) هەموو شەبەنگە دەکات بەدوو

کەرتەوە(سپی و رەش)، هەندێك بەسێ کەرت زمانی تیفی لەنایجیرپا)، هەندێك بە (سپی) ناوی دەبن لەوانەیە لەزمانێکی تردا (زەرد) یان(سەوز)هیلمسلیف بەم جۆرە بەراوردی ناوی رەنگەکانی لە(ویلشی و ئنگلیزداکرد).





Palmar 1976: 69

ب- کەرەسەی لێکپچڕاو:-

دیسانەوە لێکۆڵینەوەیەکی زۆر لەسەر ئەو ناوانە کراوە کە خزمایەتی دەگەیەنێ لەزۆر زمانی جیهاندا، بەڵام جیاوازی تەواو لەم بارەیەوە لەماناو زمانە ئەوروپیەکاندا بینراوە، لەزمانی هەنگاریدا، وەك بۆمان دەرکەوتووە، وشەیەکی سادە نییە کە بەواتای(خوشك) یان(برا) بەکاربێت لەجیاتی ئەمە وشەی جیاوازو تاریکی تێدایە بەواتای(باجی ) و (خوشکە بچووك) و(برا بچووك) و کاکە لەزمانی سویدیدا وشە هەیە دوو باپیرەو (باوکی باوك) و (باوکی دایك ) دوو نەنگ(دایکی دایك و دایکی باوك) لەیەکتری جیادەکەنەوە، بەپێچەوانەی ئنگلیزیشەوە، زمانە رۆمانیەکان وشەی جیاواز بەکاردێنن بۆ(مام ) و (خاڵ)، هەروەها دوو پوریش جیادەکەنەوە، (خوشکی باوك) و(خوشکی دایك).

ج- کێڵگەی ڕووت:-

گرنگی کێڵگەی واتایی زیاتر لەوشەی رووتدا دەردەکەوێت، زمانەوانی ئەڵمانی(ئوین) لەباسێکدا دەربارەی چەند وشەیەکی هۆشەکی لەساڵی ١٩٣١ دا تەواو بۆمان روون دەکاتەوە کە ئەڵمانی ناوەڕاست و ئەڵمانی نوێ بەدوو جۆری جیاواز لەگەڵ (زانین) دا هەڵس و کەوت دەکەن، لەدەوروبەری ساڵەکانی ١٢٠٠دا، بەپێی دوو بنەما وشەکان کێڵگەکانیان بەش کرد، دەرەبەگایەتی و بڵاوی گرتنەوە(الشمول)، دەرەبەگایەتی زانینی دەکرد بەدووبەشەوە، زانینی نێو کۆشك، زانینی دەرەوەی کۆشك، بنەمای بڵاوی گرتنەوەش تەنیا یەك وشەی بۆ هەموو زانین یان بەگشتی (دینی و دنیایی) دادەنا، لەگەڵ کەوتنی یاسای دەرەبەگایەتیدا، ئەم جیاوازیانە نەمان وشەکانی جارێکی تر سەر لەنوێ کێڵگەکە یان بەجۆرێکی تر بەش کرد وەك لەم دایە گرمانە دەبینین:-




٥- بۆچوونی تێکەڵی وشە:-

هەندێ زمانەوان (فێرو پورتریك، بۆنمونە) باوەڕیان وایە کە بەشێك لەواتای وشە بەهۆی هاوڕێکانیەوە دەردەکەوێت، (ئەو وشانەی کە دەبنە دراوسێ یان دەوروبەری دەگرن) ئاشکرایە کە بەگوێ دانە قەوارەی وشە دەتوانین زۆر واتا لەیەکتر جیا بکەینەوە.

بۆنموونە لە فۆرمی(پێمە) ناگەین تا لەو هاوڕێیانە وردبینەوە کە هەڵیاندەبژێرین:-

(١) پێمه بەواتای پارەم پێیە)= هەمە.

(٢) پێمه بەواتای(پێم دێشی)= قاچمە.

هاوڕێ گرتن لەوشەدا زۆرجار پەیوەندی بەواتای وشەکانەوە نیە، بۆنموونە لەگەڵ ئەوەشدا(شیر) (سپی) پەیوەندی واتاییان هەیە کەم جار دەچنە پاڵ یەك و فرێزی(شیری سپی) نایەت لەدەما، هەرچەندە بۆیەی سپی پەسەندە، هەروەها هەڵبزرکاندن هەربۆ شیر دەبێت(نەك شلەی تر)، ترشاو بۆچێشت و بۆگەن کردن بۆگۆشت و پەنیر و جوان بۆمێینە و قۆز بۆ نێرینە، حەیە بۆ سەگ و حیلە بۆ ئەسپ و قاسپە بۆ کەو.........هتد .

# بەشی شەشەم

## (( پراگماتیک ))

سەرەتایەك:-

**پراگماتیـك**: لەوشەی پراگما(Pragma )ی یۆنانییەوە هاتووە، کە لە ڕەسـەندا بـە واتای کارکردن، یان پراکتیك دێ (جمیل صلیبا ١٩٧١ : ٢٠٣).

ئەم زاراوەیە ( پراگماتیك – Pragmatics ) بـۆ یەکـەمجار لەسـاڵی ١٩٣٨ لەلایـەن چارلز مۆریس Charles Moris ەوە بەکارهاتووە، بێگومان ئـەم زانایـە بەڕێکـەوت ناوی پراگماتیکی نەهێناوە بـەڵکو لـە کتـێبی زانستی ڕەمزەکـان semiotics (علـم الرموز)، مۆریس لێکدانەوەی بۆ کردووە و کتێبەکەی دەکا بەسێ بەشەوە:

١- بەشی یەکەم: سینتاکس(بریتییـە لەپەیوەنـدی ڕەمزەکـان لـەناو خۆیانـدا) وەکو : کوڕەکە ڕۆیشت.

٢- بەشـــی دووەم: واتاســـازی Semantics : ( بریتییـــە لـــە پەیوەنـــدی ڕەمزەکـان(هێماکـان) لەگـەڵ دەوروبـەر یـان ژینگـەی دەرەوە)، واتـە پەیوەندی نێوان هێماو دیاردەکانی دونیای دەرەوە.بۆ نموونە:
(دار) لەگەڵ وێنەی دارەکە

٣- بەشـــی ســـێیەم: پراگماتیـــك pragmatics : پەیوەنـــدی نێـــوان هێمـــا و بەکارهێنەرەکەی (user ) واتە (قسەکەر و گوێگر).بڕوانە ( Daniel chandler 196: 2007)

بێگومان (چارلس مۆریس) لێرەدا پراگماتیکی بە واتایـەکی فـراوان بـەکارهێناوە و هـــەموو شـــتێك لـــەخۆدەگرێ، وەکـــو زانـــستە کۆمەڵایەتییـــەکان و زانـــستە بایلۆجییەکان... هتد، بـەکارهێنانی زانستی ڕەمزەکـان بـەکارهێنانێکی فراوانـە و هەموو دەچێتە ناو پراگماتیکەوە و تێکەڵ دەبێ لەگەڵ زانستی زمانی کۆمەڵایەتی sociolinguistics و زانـــستی زمـــانی دەروونـــی psycho-linguistics و بـــایۆلۆجی biological.

دوای بـەکارهێنانی زارەوەی پراگماتیـك لەلایـەن مۆریـسەوە، زاراوەی پراگماتیـك لەچوار چێوەی دوو بۆچووندا بەکاردەهێنرا:

١- بۆچـوونی فـراوان: هـەموو زانـستەکان دەکـات بەیـەك و دەیانباتـە نـاو پراگماتیکەوە.

٢- بۆچوونی تەسك: کە زیاتر پەرە پێدراوە و بـەکاردێ بەمـەش پراگماتیـك بـریتی دەبـێ لـە هەنـدێ بـیرو دیـاردەی نـا بەرجەسـتە (مجـرد)، کـە لێکدانــەوەکانیان پێویــستی بــەوە هەیــە بەســیاق و دەوروبــەرەوە ببەسترێتەوە. هەر دیاردەیەك کە دەچێتە ناو پراگماتیکـەوە، کـە خۆیـان نابەرجەسـتەن و پێویـستییان بەوەیـە بـۆ لێکدانـەوەیان پەنابەرنـە بـەر دەوروبەر، ئەگەر نا واتایان لێکنادرێتەوە.

بەوپێیە پراگماتیك دەبێتە بەشـێك لەزمانـەوانی، واتـە وەکـو زانـست (علـم) سـەیر ناکرێت.

ئەگەر بەبۆچوونە تەسکەکە سـەیری پراگماتیـك بکـەین، پراگماتیـك بـۆ سـاڵەکانی حەفتای سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، چەند ناوی زانای وەکو، جاکندوف، ئۆستن و سێریل... دێنە ئاراوە.

تێبینی/ لەواتاسازی نوێدا سێ زارەوە بەکاردێ:

Refrence + بوونی تەن لە دەرەوەی زمان

سیمانتیك

Sense - بوونی تەن

Force Rhetoric ] پراگماتیك، هێزی ڕەوانبێژی وشە (قوەی بلاغی).

Refrence : ئاماژە + بوونی تەن لەدەرەوەی زمان

Sense : - بوونی تەن: واتە پەیوەندی واتایی نێوان وشەکان

دار

دارسان

دەوەن

جەنگەڵ

بەواتای ئەوەی چۆنییەتی دابەشکردنی کێلگە واتاییەکان لەلایەن ئەندامەکانیانەوە بەم پەیوەندییە واتاییە دەوترێ sense.

Force Rhetoric: قوەی بەلاغی وشـە، کـە دەچـێتە نـاو پراگماتیکـەوە(Levinson 2: 1983).

**ئەو وشانەی کە بۆ ساردی و گەرمی بەکاردێن.**

| ئینگلزی | عەرەبی | کوردی | |
|---|---|---|---|
| Hot | حار | گەرم | لەکوردیدا (شیرتێن یان شلەتێن) |
| Warm | دافی | فێنك | تەنها بۆ ئاو بەکار دێت. |
| Cool | | | |
| Cold | بارد | سارد | |

کە وەرگێڕان دەکەین کێشە لەدوو جەمسەرەکەدا نییە، بەڵکو لـە warm و cool دا هەیە، چونکە لە عەرەبی و کوردی و وشەی بەرامبەریان نییە.

زانـستی پراگماتیـك وەکـو زانـست تازەیـەك زۆر نوێیـە، لەحـەفتاکانی سـەدەی بیستەمدا سەریهەڵداوە، وەکو هـەموو زانـستێك زۆری دەوێ، تـاکو بـچەسپێ، لـە ئینگلیزی پراگماتك خاوەنی زارەوەی خۆیەتی.

**هۆی سەرهەڵدانی پراگماتیك:-**

١- لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوودا پێویست وابوو، کە زانـستێك هـەبێ، ئەویش وەکو کاردانەوەیەك بۆ کارەکانی چۆمسکی، یاخود تیۆرەکەی چۆمـسکی، کە دەڵێن کار دانەوە، واتە دژایەتی کردنی کارەکانی چۆمسکی، چونکە بۆچـوونی چۆمسکی بۆ زمان تەسکە، واتـە پراگماتیکناسـەکان وایـان دادەنـا، کـە بۆچـوونی چۆمسکی بۆ زمانی تەسکە، چونکە زمان وەکو توانـستێك دەبـینێ کـە پەیوەنـدی بەدەروبـەرەوە نـەبێ و لـە کۆمـەڵ دایـدەبڕێ، واتـە توانـستێکی دابـڕاو لەکۆمـەڵ (بەکارهێنانی زمان) و دابڕاو لەواتای وشەکانیش، چۆمسکی زمان و سینتاکس لێك جیاناکاتەوە، بەلای (چۆمسکی)یەوە سینتاکس کرۆکی زمانە. تەنانەت لـە هەنـدێ

شوێن كە باسی ئامانج لەسینتاكسدا دەكات، پێی وایە كە دەبێ قسەی نموونەیی idealization بكرێتە سەرچاوە، واتـە ئـەو نموونانـەی كـە دەكرێـت بەسەرچـاوە دەبێ لەدەوروبەر و هەڵەی رێزمانی پاك كرابنەوە بۆیە ئەم بزووتنەوەی پراگماتیك سەری هەڵدا.
یەكێكی تر لە بۆچوونەكانی چۆمسكی ئەوەبوو، كە دەبوایە نموونەكان ستاندەربن و دوور بـن لـە هەڵـەی رێزمـانی، ئـەو ڕسـتانەش كـە چۆمـسكی دەیانهێنێتـەوە هەموویان ل دەرەوەی دەوروبەرن، سینتاكس دەبێ وابێ دووربێ لەدەوروبەر.

٢- هۆیەكی تر، لەدوای ئـەوەی كـە زمانـەوانان زانیارییـان لـەبارەی فۆنۆلـۆجی و سینتاكس و سیمانتیكدا زۆر بوو، هەندێ دیاردەی زمان سەریان هەڵدا، كە بـەهیچ شێوەیەك بە هیچ لەم زانستانە لێك نەدەدرانەوە، واتە هەندێ دیاردە دەمانەوە لە بواری فۆنۆلۆجی و سـینتاكس و سـیمانتیكدا هـیچ لێكدانەوەیـەكیان بـۆ نـەدەكرا، واتە ئەو دیاردانە دەچنە بواری پراگماتیك، بۆنموونە هەرچەندە باس لە هێزو ئاواز بكەین، یان هەندێك ئامرازی، یان هەندێك كەرەسەی  رێزگرتن، یان پـێش گریمانـە presupposition واتـــە هەنـــدێك كێـــشە دەمێنێتـــەوە، هەرچـــەندە دەربـــارەی سـینتاكس و سـیمانتیك شـت بـزانین، هێـزو ئـاواز بـەپێی كۆنتێكـست cotext دەردەكەوێ، بۆنموونە : پەنجەرەكە داخە
كە هێز دەخرێتە سەر پەنجەرەكە، واتایەكی دەبێ، واتە كە قەسەكەر هێز دەخاتە سەر وشەیەك مەبەستی تایبەتی خۆی هەیـە لـەرووی سینتاكسەوە قـسەكەر چـی هەڵدەبــژێرێ و چــی هەڵنابــژێرێ پەیوەنــدی بــەپێش گریمانــەوە (گریمانــەی پێشینەوە) presupposition هەیە، دەزانێ گـوێگر چـی دەزانـێ بـاس ناكـات، و چی نازانێ باسی دەكات، بۆنموونە كە دەڵێن:

١- خانووەكەی تۆم دی

پێشتر شت سەپێنراوە(فەرزكراوە) دیارە تۆ خانووت هەیە.
پێویست بەوە ناكات بلێـی تـۆ خـانووت هەیـە و مـن خـانووی تـۆم دیـت، بەمـەش زانیاری سەرەتاییم ئەوەیە كە گوێگرەكەم خانووی هەیە.

٢- پێم خۆشبوو هاتیت.

پێشبنی ئەوە کراوە کە هاتویت، واتە هاتنەکە گریمانەی بۆ کراوە بەمەش پێویست ناکات شتە زانراوەکان بخرێنە ناو ڕستەوە.
ئەمانە (هێزو ئاوازو گریمانەی پێشینە) بەسینتاکس لێکنادرێنەوە، بەڵکو بە پراگماتیك لێکدەدرێنەوە.
هەروەها (سا، یا، ئەگەر...هتد) هەر شیرکردنەوەیەك لەرێزمان وەربگرین(سا، یا...) پشتگوێ خراون، ئەمانە پێویستیان بە پراگماتیك هەیە بۆ لێکدانەوە، ئەگەر ئەمانە گرنگ نەبن مرۆڤ بۆ بە بەکاریان دەهێنێ؟ وزەی خۆی بەکار دەهێنێ یان سەرف دەکات، مرۆڤ زۆرجار لە ڕووی کاتەوە دەرفەت بەخۆی دەدات بۆ ئەوەی بیر بکاتەوە.
٣- هۆی سێیەم: زمانەوانەکان هەستییان کرد، کە زانستی سیمانتیك سنووری بۆ دانانرێ، چونکە واتای وشە تێکەڵ بە کۆنتێکست دەبێ و وەکو خۆی نامێنێتەوە.. بۆنمونە:

**أ- بەم شتە ڕازی نیم.**

**ب- دەرگاکە کراوەیە.**

زانستی سیمانتیك ناتوانێ ئەمە لێکبداتەوە، سیمانتیك یارمەتیمان نادات بۆ هەموو تێگەیشتنێك، لەوانەیە وشەیەك لە هەر ڕستەیەك واتایەکی هەبێ.
بەوە دەتوانین سنوور بۆ سیمانتیك دابنێین، ئەگەر لەپراگماتیکی جیا بکەینەوە، ئەگەر واتاسازی و گیروگرفتەکانی واتاسازی لێك جیا نەکەینەوە، نابێتە زانست، ئەم جۆرە واتایەی ڕستە(ب) ئەگەر کوردی زان نەبێ واتای (دەرگاکە کراوەیە) نازانێ، چونکە واتای ڕستەکە لەواتای وشەکانەوە دەرناکەوێ، دەبێ دەوروبەر بێنینە ناوەوە ئینجا لە مەبەستەکە دەگەین(لەوانەیە هۆڵەکە هەر دەرگای نەبێ لەوانەیە دەرگاکە کراوە نەبێ...).
واتە دەبێ دوو واتا لێك جیابکەینەوە:-

**أ- واتای سیمانتیکی .**

**ب- واتای پراگماتیکی.**

٣- هۆی چوارەم: هۆیەیکی تری سەرهەڵدانی پراگماتیك کێشەیەکە لە نێوان زمان و ئەدەبدا، بەبڕوای پراگماتیك ناسەکان هەندێك کێشە، کە ئەدەب

بردوویەتییـــــە لای خـــــۆی وەك: خـــــوازە (میتـــــافۆر)، درکـــــە (الکنایـــــە)، تێلنیشان(التلمیح)، ئەمانە کێشەی ئـەدەب نـین، بـەڵکو کێـشەی زمـانین، چـونکە ئەمانە لەقسەی رۆژانەدا زۆر زیاترن لەبەکارهێنانی ئەدەبی، ئەدەب بۆ جوانکـاری بەکاریان دەهێنیٚ، لەبەرئەوەی پراگماتیك ئەو کێشانە کە خراونەتە ناو ئەدەبـەوە دێنێتە دەرەوەو بەرێگای پراگماتیك چارەسەر دەکرێن.

نموونەیەکی تر:

أ- **خواردنەکە باش بوو؟**

ب- **پەنجەی پێوە دەخورا .**

ئەم ئیدێومەی (ب) لەقسەی رۆژانەدا زۆر بەکاردیٚ .

(پـەنجەی پێوە دەخورا) لەواتای وشەکانییەوە دیار نییە، چونکە ئەمە میتافۆرە و سیمانتیك بۆمان چارەسەر ناکات، دەبیٚ دەوروبەری قسەکەر و گوێگر بێنە ناوەوە ئینجا واتاکەی دەزانین، دەبیٚ بۆ ئاسـتێکی تـر بگـەرێین(force Rhetoric )قـوەی بەلاغی، ئەگەر نا قسەکەر بەبیٚ بۆنە ئەم رستەیە ناڵیٚ.

بۆ پرسـیارکردن دوو ئەگـەر (ئیحتمـال)هەیـە، دوو وەڵام هەیـە، یـان ئـا، یـان نـا، رستەی (ب) بە(ئا) و (نا) وەڵام دەدرێتەوە، بەڵام بە(ئا) یەکی بە قووەت...

نموونەیەکی تر:

**ئەم سەیارە هی تۆیە؟**

ئەگـەر پریارەکـە لـە هەویـەی سـەیارەکە بـیٚ، ئـەوە سـیمانتیکە . بـەڵام ئەگـەر مەبەستی لەوەبیٚ، کەرێگای گرتووە، ئەوە دەبێتـە پراگماتیـك، واتـە خاوەنەکـەی یەکسەر هەڵدەستیٚ و رێگەی دەکات، واتە ئەمە پرسیار نییـە، بـەڵکو داوایـە، یـان ئەگەر پۆلیس بیٚ، واتـای ئـەوە دەگەیـەنیٚ، کـە سـەیارەکە دزراوە، یـان لەوانەیـە منداڵ جامەکـەی شـکاندبیٚ، یـان شـوختی پێـداهێنابێت، لەوانەیـە لـە(أعجابـەوە) هاتبیٚ...هتد . نموونەیەکی تر:

واتای سیماتیکی ئەم رستەیە دیارە، بەڵام ئەگەر لە مەبەستی خێزانەکەت بگەیت، پراگماتیکە، دەتوانین لەرووی پراگماتیکەوە دەیان واتای بدەینیٚ.

١- **پشیلەکە نەیخوات.**

٢- **برۆ بیخۆ.**

٣- **بۆم پارچە پارچە بکە.**

٤- **بەمنداڵێك بڵێی واتە نەیخۆی هی باوکتە.**

**ئەمانە هەموویان هێزن، ئاستێکی قولترن، ئەمانە دەبێ بە پراگماتیك لێکبدرێنەوە، مرۆڤ کە زمان بەکاردێنێ لەرووی پراگماتیکەوەیە، واتە دایم مرۆڤ (هێلی کشانەوە –خەت رجعە)ی بۆ خۆی داناوە، کە لە قسە پاشگەز بێتەوە، یان بڵێ من مەبەستم ئەوە نەبووە.**

**یەکێك کە دەڵێ: پەنجەرەکە کراوەتەوە .**

**زۆر واتای هەیە:**

**بۆ نموونە :**

أ- **ساردە دایخە .**

**ب- دەنگت هەڵمەبڕە .**

## چەند پێناسەیەکی پراگماتیك :-

**لەبەرئەوەی پراگماتیك زانستێکی نوێیە و هێشتا سنووری زانستەکە بەتەواوی دیاری نەکراوە، بۆیە لەم بوارەدا چەندین پێناسەی جیاواز هەیە.**

**پێناسەی یەکەم: پراگماتیك لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی ئەو بنەمایەیە، کە ناوێزەیی و ناپەسەندییان پێوە دیارە. وەك**

? **تکایە چۆنیت؟**

? **وەرە ئەویٚ .**

? **بڕۆ لام .**

**ت/ ( ?) نیشانەیە بۆ ڕستەیەك کە پراگماتیکی نەبێ، هەرچۆن(*) نیشانەیە بۆ ڕستەیەك ڕێزمانی نەبێ.**

**دیارە ئەم دوو ڕستەیە لە ڕووی سینتاکس ناوێزە نین لەڕستەی (تکایە چۆنیت) دوو جۆرە رستەیە:**

**١– تکایە ــــــــــــــــــ تکایە یان داوایە**

**٢– پرسە –––––––––––– چۆنیت؟**

**پرسیار و داوا لەیەك کاتدا ناکرێ.**

ڕستەی (وەرە ئەوێ) ڕستەیەکی ناوێزەیە، چونکە قەسەکەر خۆی دەکات بەتەوەری قسە، دەبێ بگوترێ برۆ ئەوێ.
ئەم ڕستانە بۆیە ناوێزەن، چونکە لەگەڵ دەوروبەردا ڕێکناکەون ناتوانین دەوروبەرێکیان بۆ بدۆزینەوە کە دروست بن، پراگماتیك جووتکردنی رستەکانە لەگەڵ دەوروبەر (سیاق)دا.

پێناسیە دووەم: پراگماتیك لایەنی چالاکی زمانە . بۆ ئەوەی لەو پێناسەیە بگەین دەبێ لەتوانست و چالاکی (توانا) بگەین:
توانست: یاساکانی مێشکی مرۆڤە، کە ئاخاوتن بەڕێوە دەبات توانا(چالاکی): کاراکردنی (تفعیل) توانستە(هەمان سەرچاوە :٧).
پراگماتیك زیاتر پەیوەندی بە(چالاکی)ییەوە هەیە، پراگماتیك خستنەگەڕی توانستە، پراگماتیك دەبێ هەبێ بۆ لێکدانەوەی چالاکی، کەواتە پراگماتیك پێچەوانەی (خلاف) ڕای چۆمسکی نییە.

پێناسەی سێیەم: پراگماتیك لێکدانەوەی ئەو پەیوەندییانەی نێوان زمان و دەورەبەرە، کە ڕێزمانڕێژ دەکرێن، یان لەڕێزماندا ڕەنگ دەدەنەوە.
ڕێزمانڕێژ:
١- یان دەبێ لەشێوەی گیرەك دابێ، دەوریان بەستنەوەی زمان بێ بە دەوروبەر.
٢- لەشێوەی وشەی ئەرکی دابێ، وشەی ئەرکی بەوە لەوشەی لێکسکی (فەرهەنگی جیادەبتەوە.
وشەی فەرهەنگی: واتایان هەیە، بەکارهێنانیان زۆرە، یان ژمارەیان زۆرە، لەزیاد بوندان.
بەڵام وشەی ئەرکی: بەپێچەوانەوەیە.
دەوری ڕێزمانیان هەیە، ژمارەیان کەمە، لەزیادبووندانین، واتایان نییە، یان واتای کەمیان هەیە.

بەپێی ئەم پێناسەیە پراگماتیك تەنها لەو گیرەك و وشە ئەركییانە دەكۆڵێتەوە، كە ڕێزمان ڕێژن، وەك جێناوی ئاماژە كردن، نیشانەی كات(د، ت، ی...) ئەمانە كات نیشان دەدەن بۆیە دەچنە ناو پراگماتیكەوە، چونكە (كات) پەیوەندی بەقسەكەر و گوێگرەوە هەیە. بە واتای ئەوەی كە :

١- ئامرازی نیشانە، ٢- ئامرازی ڕێز، ٣- گریمانەی پێشینە، دەچنە ناو پراگماتیكەوە، بەڵام زۆرشتی تر هەیە بەپێی ئەم پێناسەیە ناچنە ناو پراگماتیكەوە، بۆنموونە، هەموو ئەركەكانی زمان ناچنە ناو پراگماتیكەوە.

گوێت لە جەرەسی دەرگایە ؟

من لە حەمامم.

ئەم ڕستانەی سەرەوە ڕێزمانرێژ نین، داوایە، وەڵامەكە پۆزش هێنانەوەیە كە ناتوانێ ئیشەكە بكات.

<u>پێناسەی چوارەم</u>: پراگماتیك لێكدانەوەی ئەو لایەنانەی واتایە، كە ناچنە ناو واتاسازییەوە، واتە پراگماتیك لەو واتایانە دەكۆڵێتەوە، كە فەرهەنگی نەبن، هەرچی واتایەك نەچێتە ناو فەرهەنگەوە پراگماتیكە.

كەم و كوڕی ئەم پێناسەیە لەوەدایە، كە سنووری واتاسازی زۆر تەسك دەكاتەوە، دەبێتە واتای ئەو وشانەی كە لە فەرهەنگدان.

<u>پێناسەی پێنجەم</u>: پراگماتیك بریتییە لە دۆزینەوەو هەڵبژاردنی دەوروبەری شیاو بۆ ڕستەو گوتن، واتە جوتاندنی گوتن و دەوروبەر.

ئەم پێناسەیە لەپێناسەی یەكەم نزیكەو كەم و كوڕی ئەوەیە كە لەگەڵ (كۆزمانەوانی) تێكەڵ دەبێ و جیاكردنەوەیان نابێ.

ت/ ئەم پێناسەیە لەكتێبی (Pragmatics) (یۆل) وەرگیراوە.

<u>پێناسەی شەشەم</u>: پراگماتیك بریتییە لە لێكدانەوەی واتای ناو دەوروبەر. واتە مەبەستی قەسەكەر لەدەوروبەرێكی دیاریكراودا.

ئەم پێناسەیە یەكێكە لەو پێناسانەی كە زۆر بەكاردێ.

نموونە:    ئەم سەیارە هی تۆیە؟

ئەم ڕستەیە پرسیارە، بەڵام بەپێی دەوروبەر چەندین رستەیە، یان چەندین واتـای هەیە وەك:

- لەوانەیە مەبەستی ئەوەبێ بیگەیەنییە شوێنێك.
- لەوانەیە رێگەی گرتبێ.
- لەوانەیە إعجاب بێ.
- لەوانەیە بیەوێ بیکڕێت.

کەواتە پراگماتیك ئەوەیە لەناو ئەو هەموو واتایە، واتەیەك بدۆزییەوە، کە قسەکەر مەبەستیەتی.

پێناسەی حەوتەم: پراگماتیك برتییە لە لێکدانەوەی دوورونزیکی نێـوانی قـسەکەرو گوێگر، نزیکی و دووری زانیاری هاوبەش دەگرێتـەوە، بۆنموونـە دووکـەس کـە زۆر نزیك بن هەندێك زانیاری دەزانن، کە خەڵکی تر نایزانن، زۆرجار لەم رستانە ناگەین کە لەنێوانی دووکەسی زۆر نزیکدا دەکرێن، بـەڵام قـسەکەرو گـوێگر، کـە دووربـن هەموو زانیارییەك نـازانن، تـا لـە یـەك نزیـك بـن، پێویـستمان بـەدەربڕینی کـەمتر هەیە، بەپێـچەوانەوە تـا قـسەکەر و گـوێگر لێـك دووربـن پێویـستیان بـەدەربڕینی زیاترە.

ئەم کراسە نوێیە جوانە.

بەپێی دوورو نزیکی قـسەکەرو گـوێگر زۆر واتـای هەیـە، ئەگـەر خێزانەکـەت پێـت بڵێـت، ئـەوە دەیـەوێ ڕاسـتی بڵـێ، ئەگـەر هاوڕێکـەت بـێ، دەیـەوێ پێـی بڵێـی پێشکەشت بێ.

پێناسەی هەشتەم: (دیاریکردنی سنووری پراگماتیکە)

پراگماتیك ئەو زانستەیە، کـە لـەکردەی قـسەیی و گریمانـەی پێـشینەو دەرکەوتـە ئاخاوتنـــەکان و دەوروبـــەر(کـــات و شـــوێن و دەوروبـــەری قـــسەکردن و پلـــەی

کۆمەڵایەتی و قسەکەرو گوێگر و زانیاریی هاوبەشی و زانیاریی دنیاییان) لێکدەداتەوە.
ئەم پێناسەیە بوارەکانی پراگماتیك دیاری دەکات.
کردەی قسەیی: توانجە، ئامۆژگارییە، وریا کردنەوە دەگەیەنێ یان وەسفی حالەتێك دەکات.
گریمانەی پێشینە: شتێك فەرزدەکات کە زانیاری هەبێ.
پێم ناخۆش بوو نەهاتی
لێرەدا زانیاری هەبوو کە(نەهاتن)ە.
دەرکەوتەی قسەکردن
کات و شوێن
زانیاریی هاوبەش و دونیایی:
هەموو پێناسەکان ڕەنگە لە لایەنێکەوە باش بن (بۆ پێناسەکان بڕوانە Yule) 1983.

## جیاوازی نێوان واتای سیمانتیکی و واتای پراگماتیکی :-

١- واتای واتاسازی بریتییە لەو واتایەی، کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی وشە فەرهەنگییەکانەوە دێتە کایەوە، لەگەڵ ئەو واتایە ڕێزمانییەی کە لەچۆنیەتی ریزبوونی کەرەسەکان پەیدای دەکەن، وەك :
پشیلە مشکەکەی ڕاونا.
مشکەکە پشیلەکەی ڕاونا.

واتای پراگماتیکی ئەو واتایەیە کە دەوروبەری وتن دیاری دەکات، یان لە ئەنجامی ناسینەوەو دۆزینەوەی بەهای جێناوەکان وشەکانەوە دێت، واتە لەئەنجامی کار لێکردنی دەوروبەر لەسەر واتای فەرهەنگی وشەکاندا دێت.

پ: مێزەکەت پاك کردەوەو قاپەکانت لابرد؟
و: مێزەکەم پاك کردەوە.

ئـەم واتایـە لـەواتای فەرهـەنگی وشـەکانەوە نـەهاتووە، دوو داوا کـراوە، پـاك کردنەوەی مێزەکە و لادانی قاپەکان، وەڵام مێزەکەم پاکردنـەوە، بـەڵام قاپـەکانم لانەداوە، تۆ لایاندە، ئەم واتایە واتای پراگماتیکە.
ئەمە جیاوازییەکی سەرەکییە و چەند جیاوازییەکی تریش هەن.

٢- واتاسازی پابەندی یاسایە، بەڵام پراگماتیك پابەندی بنەماو ستراتیژە.
یاسا: کە تێکدرا واتا دەشێوێ.
بنەما: کە تێکدرا لەوانەیە واتا تەواو بێ.
ڕستە ئەگەر لە ڕووی ڕستەسازی و فۆنۆلـۆجی لایـدا ناڕێزمـانی دەردەچـێ، بـەڵام ڕسـتەکە لـەرووی پراگماتیکـەوە ڕاسـت نـەبێ، ئـەوا لەشـکاندنی بنەمایـەکی کۆمەڵایەتییە، بۆنموونە: ئەگەر بە رۆژ بڵێین:
شـەو بـاش...ئـەم ڕسـتەیە لـەڕووی ڕێزمـانی تـەواوە، بـەڵام لـە ڕووی بنـەماوە ناتەواوە، ئەمە شکاندنی بنەمایە، نەك یاسا.
٣- واتا سازی پابەندی توانستی ئاخێوەرە، بەڵام پراگماتیك بەندە بەچالاکییەوە.
٤- واتاسازی پابەندە بەواتای پیتی (حرفی) وشەکانەوە، بەڵام پراگماتیك لەواتای خوازراو دەکۆڵێتەوە، بۆ نموونە:

**کاوە مەکینەیە**

ئەمـە لـە ڕووی سـیمانتیکەوە نـابێ، چـونکە مەرجـەکانی هەڵبـژاردنی ناتـەواوە، مەکینە دەبێ (گیاندار نەبێ). واتە لەڕووی سیمانتیکەوە ناتەواوە(مەکینە گیانـدار نییە)، بەڵام لە ڕووی پراگماتیکەوە زۆر ئاساییە، هەندێ سیفەت لەمەکینەدا هەیـە لەکاوەشدا دەبینرێ:-

- لەوانەیە پیاهەڵدان بێ.
- لەوانەیە توانج بێ.

شوێنەکەو و زانیاری و بـاوەڕی قـسەکەر، ئـەو واتـا جیایانـە دەردەخـات، ئەگـەر سیما خراپەکانی کاوە مەبەست بێ، واتای دووەم دەگرێتەوە.
٥- واتاسازی خەریکی واتای رستەیە، بەڵام پراگماتیك لێکدانەوەی واتای گوتنە.

گوتن: هەرشتێك لەبوارێكدا بگوترێ. كێ نەهاتووە؟ ئازاد.

ڕستە یەكەیەكی (وەحدە) ڕێزمانییە. (بنەوبار)

٦ – واتاسازی واتای فەرهەنگی وشەكانە لەدەرەوەی دەوروبەر، بەڵام پراگماتیك واتای گوتنە لەناو دەوروبەردا( Gazdar 1979 :95).

## گیركردنی گوتن لەدەوروبەردا.:-

ئامرازەكانی گیركردن (ئامرازە پراگماتییەكان) اشارە: deixis مەبەست لەو نیشانانەی زمانە، كە زمان و دەوروبەر لەگەڵ یەكتردا گرێ دەدەن، یان كردەی گوتن ڕێزمانرێژ دەكەن، ئامرازە پراگماتیەكان ئەم نیشانانە دەگرێتە خۆ:-

١-ئامرازەكانی نیشانە(ئەم – ئەو ...هتد)

٢- جێناوەكان: بەتایبەتی كەسی یەكەم و دووەم.

٣- ئاوەڵكار: یان گوزارەی شوێن و كات، وەك – ئێرە، ئەوێ، ئەوسا.

٤- تافەكان(tense): هەموو جۆرەكانی ڕابردوو رانەبردوو.

٥- هەندێك كار (فەرمان) یان وشەی فەرهەنگی وەك: هاتن، چوون، هێنان، بردن...هتد.

٦- نیشانە كۆمەڵایەتییەكان.

بەهەموو ئەمانە دەگوترێ ئامرازە پراگماتییەكان، چونكە گوتن بە دەوروبەرەوە دەبەستن.

هەندێك كار (فەرمان) ئاراستە(اتجاهی) تێدایە، واتە ڕوانگەی قسەكەر دەردەخات:

بڕۆ: دووركەوتنەوەیە لە قسەكەر.

وەرە: نزیك كەوتنەوەیە لە قسەكەر.

ئەسپێكت لەزۆربەی زمانەكاندا دوو جۆرە، یان بەدوو ڕێگا دەردەبڕێ:

١- بە فرمان یان بەكار دەكرێ وەك:

دە خۆم، دە مخوارد، هاتووە

٢- ٢- لە ڕێگەی فەرهەنگییەوە، وەك :

دەستی كرد بە خواردن، دەستی كرد بە نووسین .

دەستی كرد بە خواردن، دەستی كرد بە نووسین.

## تایبەتییەکانی ئامرازە پراگماتییەکان:-

١- یەکێك لەتایبەتییەکانی ئـەم ئامرازانـە ئەوەیـە نرخیـان لەگوتنێکـەوە بـۆ گوتنێکی تر دەگۆڕێ، چونکە هەر جارەی ئاماژە بە کەسێك یان شتێك دەکەن، بە واتایەکی تر جێ بۆ کەرەسە دەگرن لەگوتندا، بە تایبەتی لـەجێناودا دیـارە وەك: (من) و (تۆ).

تۆ: بەهۆی گوتنەکە واتـای دەگـۆڕێ، بەهاکـەی بـەهۆی (کـات) و (شـوێن)ی رووداوەکە دەبێ بزانین بۆ کێ دەگەڕێتەوە.

٢- گرنگی ئەم زانیاریانەی، کە ئەم نیشانانە دەیـدەن لەلێکدانـەوەی گوتنـدا کاتێك دەردەکەون، کە خۆیان لەگوتنەکەدا نـەبن، بۆنموونـە: بڕوانـە تێبینیـەکانی ناو دوکانێك یان سەردەرگایەك:

تکایە قەرز نییە.

بۆ قەرز سبەینێ وەرەوە.

لەپاش دە دەقیقەی تـر دێمـەوە. (ئەگـەر کـاتی نوسـینەکەی دیـاری کردبـێ دەزانی کەی دێتەوە، ئەگەر نا نایزانی).

٣- ئـەم نیـشانانە بـە نیـشانەی پراگمـاتیکی دەژمێـردرێن، چـونکە ئـەرکی سەرەکییان ئەوەیە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ شوێن و کات و هاوبەشـەکانی گـوتن دیـاری دەکـەن، واتـە زمـان (گـوتن) بەدەوروبـەرەوە دەبەسـتێتەوە، هەرچـەندە خۆیان لەسنووری نێوان سیمانتیك و پراگماتیکدا کار دەکەن و لەهەردوولاوە دەور دەبینن، واتە ئەم ئامرازانە لایـەنێکی سـیمانتیکیان هەیـە و لایـەنێکی پراگماتیـك، بۆنموونە:

ئـەم: بـۆ نزیکـی لـە قـسەکەر سـیمانتیکە، هەنـدێك جـار لەفەرهـەنگ بـۆی دەگەڕێین (ئەمەتە: ئەگەر ناوەکەی لەگەڵدا نەیەت).

نازانی ئەمە چییە(پراگماتیکە).

واتە هەرشتێك پێویستی بەکات و شوێن بێ، ئامرازی پراگماتیکییە.

٤- پـەیڕەوی ئاماژەکردن لەخۆوە ڕێك ناخرێ، ڕۆنان و پێکهاتنیـان پابەنـدی ئـەو راسـتیەیە، کـە ئەمانـە لـە پـەیڕەوێکی یـەکتر گەیـشتندا کاردەکـەن، بـە ئامادەبوونی هاوبەشەکانی گوتن لە شوێن و کاتێکی دیاریکراودا.

ئاماژەکردن لەسەر بنەمای منایەتی(منیزم) دەڕوات بەڕێوە هەموو پەیڕەوی تێگەیشتنمان منایەتییە... واتە قسەکەر، هەر لەبەر ئەوەی قسەکەرە نەك لەبەرئەوەی خاوەنی جیاوگ (امتیازات)ی ترە، خۆی دەکات بەتەوەری (محور)ی قسە. هەموو شتێك دەخاتە ناو تێڕوانینی خۆی و روانگەی خۆی بەسەر هەموو رووداوەکە دەسەپێنیّ، منایەتی نەك هەر لەکاتدا، بەڵکو لە شوێن و لە پلەی هاوبەشەکانیشدا دەردەکەویّ، واتە خاڵی سفر لەکات و شوێندا (ئێستە و ئێرە) دەبێتە شوێنی قسەکەر لەو کاتەی کە تێیدا دەدوێت.

دوێنی هات(هاتنە بۆ لای قسەکەر) قسەکەر خۆی دەکات بە (ارتکاز) ئەمە پەیوەندی بەگەورەیی قسەکەرەوە نییە.

قسەکەر خۆی بە بچووکتر لەگوێگر دادەنیّ، ئەمە دەری دەخات، کە قسەکەر خۆی دەکات بەتەوەری قسە لەبەر گەورەیی نییە. رێزمانی کۆن بەدەست ئەم وشانە گیریان خواردبوو، هیچ دەورێکی رێزمانییان نییە، نەدەبنە(بەرکار، نە ئاوەڵکار...هتد) لە ڕاستیدا لێکدانەوەی پراگماتیك بۆ ئەم وشانە بوو(سا، جەناب...) قسەکەر لەبەرئەوەی قسەکەرە نەك لەبەر هۆیەکی تر لە هەموو شتەکان لەچاوی خۆیەوە سەیر دەکات.

هەندێك جار دەتوانریّ تەوەرەکە بگۆردریّ واتە گوێگر بکرێتە تەوەر، بۆ نموونە:

بەیانیان خۆت دەکەی بەژووورداو دەڵێی:-

ڕۆژت باش.

دێم بۆ لات. (بەهۆی وشەی فەرهەنگییەوە).

واتە تەوەرە گۆڕین کارێکی ئاساییە و هەمو کاتێك دەتوانین بیکەین، بەڵام دەبیّ هۆکارێك هەبێت کە وات لیّ بکات.

دوو جۆر ئاماژە، یان نیشانە بەکارهێنان لەئارادایە:

١- ئاماژەیی : deictic

٢- نائاماژەیی: non-deictic بە سیمانتیك لێکدەدرێتەوە .

بەکارهێنانی ئاماژەیی دەکرێت بەدووبەشەوە:-

أ- ئاماژەیی جوڵەیی(جولەی پێویستە)

لەبەکارهێنانی ئاماژەیی جوڵەییدا قسەکەر دەبێ دەست یان چاو یان سەر یان هەر ئەندامێکی تری لەش هاوبەشی رووداوی قسەکردن بکات، سات لەدوای سات دەقە بە دەقە بە مەبەستی لێکدانەوە و تێگەیشتن بۆنموونە:

ئەم نا ئەم (جوڵەیی)، تۆو تۆ و تۆ وەرن ئێوە بگەڕێنەوە . ئەوەتا گەیشتن.

ب– ئاماژەیی ڕەمزی: تەنیا پێویستی بەزانیاری کات و شوێنی رووداوەکە دەبێ، (Levinson :64-65) .

ئەم شارەی بۆ گەنی کردووە. (رەمزە بۆ شوێنەکە)

ئێوە دەتوانن شت بگۆڕن.

بەراوردی ئەم رستانە بکە:

أ– تۆ و تۆ وەرن، ئێوە بڕۆن، (ئەگەر جولە لەگەڵ ئەم رستەیە نەبێ کەس تێی ناگات) نا ئاماژەیی، جوڵەییە).

ب– تۆ چی دەکەیت؟ (پێویست ناکات دەستی بۆ رابکێشین).

ت– تۆ چوزانی سبەینێ چی دەبێت؟( تۆ واتای هەیە– ئەگەر ئەم ئامرازانە واتای گشتییان نەبێ نائاماژەییە).

**(ئەم – ئەو)**

أ– ئەم پەنجەیەم دێشێ .(دەبێ جولەی لەگەڵدابێ، چونکە مرۆڤ پێنج پەنجەی هەیە).

ب– ئەم و ئەو بەکەڵکت نایەن. (بەواتای گشتە بۆ هەموو کەسێك).

ت– ئەم ناوچەیە خۆشە. (ڕەمزییە لەکوێ قسەت کرد ئەم شوێنە دەگرێتەوە).

**ئێستا:**

أ– پاڵی بێ: ئێستانا، ئێستە (جوڵەی نائاماژەکردنە).

ب– هەر ئێستا بڕۆ. (ڕەمزییە).

ت– من ئێستا هیچم ووتووە.... وا لێم شێت بوویت .(نائاماژەییە) (شەرت نییە ئەم دەقەیە بووبێ، ( وا ) بەواتای ئەم دەقیقەیە نییە).

ئەو – ئەوانە

أ– هەی بێ هۆش: ئەوانە نا، ئەوانە بهێنە . (ئاماژەیی جوڵەییە).

ب– ئەوانەی باشن بیانهێنە .( ڕەمزییە – ئاماژەییە )

ت– ئەوانە بە کەلکی کەس نەهاتوون . ( نائاماژەییە )

دوو جۆر بەکارهێنانی نا ئاماژەیی لەئارادا هەیە:–

١– ئەنافۆر (چاو لەپێش)

٢– کەتافۆر ( چاو لەپاش).

نموونە بۆ ئەنافۆر: anaphore

کچەکە هاتە ژورێ و چراکەی داگیرساند.

بۆ ئەوەی (ی) بدۆزینەوە دەبێ سەیری پێشتر (کچەکە) بکەین) .

نموونە بۆ کەتافۆر cataphore

هەواڵەکە ئەمەیە...

ئەگەر سەیری ڕستەی دواوە نەکەیت، واتاکەی نازانی.

کێشەکە ئەوەیە: کێ فریات دەکەوێ. (دەبێ سەیری ڕستەی دواوە بکەیت).

بەکارهێنانی ڕەمزی و ئەنافۆر زۆرجار دەچنە ناو یەکترەوە) وەك:

من لە هەولێر لەدایك بووم و لەوێش دەژیم.

بەراوردێك هەیە لەنێوان ئێرەو ئەوێ، (لەوێ) ئەنافۆرەو بۆ هەولێر دەگەڕێتەوە.

شاعیر دەڵێ:

سا چ فەرقێکی هەیە بۆ من ئیتر ئێرەو ئەوێ . (نا ئاماژەیی) . بەکورتی دەڵێین:

ئاماژەکردن لەسەر بنەمای (من)ایەتی بەڕێوەدەچێ:

دوو جۆر نیشانە بەکارهێنان لەئارادایە:

١– ئاماژەیی، کە دەکرێتە دووبەشەوە:–

أ– ئاماژەیی جوڵەیی.

ب– ئاماژەیی ڕەمزی.

٢– نائاماژەیی(سیمانتیك) دەکرێتە دوو جۆرەوە:–

أ– ئەنافۆر (چاو لەپێش).

ب– کەتافۆر (چاو لەپاش).

## جۆرەکانی نیشانە پراگماتیکیەکان:-

١- نیشانە کەسییەکان:

أ- دەوری هاوبەشەکانی ئاخاوتن لەبارێکدا دیاری دەکەن.

ب- کەسی یەکەم بۆ قسەکەر، کەسی دووەم بۆ گوێگر، کەسی سێیەم یان کەسانی سێیەم بۆ نائامادە، یان لەوێ نەبوو.

دەبێ تێبینی ئەوە بکەین کە کەسەکان دەگۆڕێن، تەوەری ئامـاژەکردن بـەخێرایی لەهاوبەشێکەوە بۆ هاوبەشێکی تر دەڕوات.

من دەڕۆم . من دەڕۆم.

ئاسۆ ئارام

پ- نیشانە کەسییەکان دوو بەکارهێنانیان هەیە، ئاماژەیی و نائاماژەیی.

ج- جگە لە قسەکەر و گوێگر و کەسی نەبوو(نائامادە) هەندێك جار گوێ هەڵخەریش دێتە ناو باری ئاخاوتنەوە، بەم پێیە گوێگری ڕاستەوخۆ و گوێگری ناڕاستەوخۆ دروست دەبێ، گوێ هەڵخەر گوێی لە قسەیە، بەڵام قسەی ئەو نییە بۆ نموونە:

(داراو کاوە) دوێنێ ئێوارە لە کوێ بویت؟

کارەکە (جێناوی ڕێککەوتن) تاکە بۆ یەکیان دەگەڕێتەوە و ئەوی تریان گوێ هەڵخەرە.

هـ- ئاماژە بۆ کەس تەنها لەڕێگەی جێناوەکانەوە ناکرێ، دەکرێ لەبەکارهێنانی ناوی گشتی و نازناو و ئاماژەوە بکرێت وەك :

نازناو: کاکە، باوکە

ناوی گشتی: هەندێکیان بۆ بانگکردن و هەندێکیان بۆ ئاماژە کردن. مەرج نییە هەموویان هەردوو دەور ببینن.

خاڵە، لەوێ دانیشتبوو. (ئاماژە).

خاڵە وەرە.......... .(بانگکردن).

ئامۆززاکەی لەوێ بوو.. (ئاماژە)

ئامۆزا چۆنی؟....... (بانگکردن)

ئامۆزا زا چۆنی؟.... (بانگکردن)

بەسادەیی بەکاردێت، بەڵام بەلێکدراوی بەکارنایەت.

کابراکە لەژورەوەیە؟

کوڕەکــە هاتــە ژوورەوە.  ( هەرچـــەند نـــاوی گـــشتین بـــۆ ئامـــاژەکردن بەکارهاتوون).

کچە دانیشت.

٢- نیشانەکانی شوێن:

أ– ئەمانە (نیشانەکانی شوێن) شـوێنی گـوتن لەچـاو شـوێنە هاوبەشـەکان دیـاری دەکەن.

ب– زۆربەی زمانەکان دوو ڕەهەند (بعد) دیاری دەکەن، یەکەم : نزیك لە قسەکەر، دووەمیان: دوور لە قسەکەر، یان نزیك لە گوێگر، لەڕاسـتیدا زیـاتر لـەدوو ڕەهەنـد هەیە، بۆ نموونە، زمانی کوردی ڕەهەندی سێیەمی هەیە.

ئەو پیاوە

ئەها ئەو پیاوە

ئەها ئەها ئەو پیاوە

ئەها ئەها ئەها ئەو پیاوە

تاکو (ئەها) دووبارە بێتەوە دورترە.

ها ئەم ئەستێرەیە

ها ها ئەم ئەستێرەیە.

بـەڵام لـەکوردی نووسـیندا دوو ڕەهەنـد دیـاریکراوە، هەرچـەند زیـاتر لـەم دوو ڕەهەندە هەیە، لە هەندێ زمانی وەکو تورکیش سێ ڕەهەند هەیە.

پ –ئەم نیشانانە بەزۆری لەڕێگـەی ئامرازەکـانی نیـشانە کـردن و ئاوەڵکـاری شوێن بەڕێوە دەچێ.

لەژورەکەدا دانیشتووە.

کە دەڵێن:

میوانەکان لەدەرەوەدا دانیشتبوون.

پێویستیان بەکۆنتێکستە، ئەگەر خۆم لەناو (کوخ) دابم مەبەستم دەرەوەی کوخە.

ج- دوو جۆر ئاماژە کردن لە ئارادایە.

١. بەناوهێنان.

٢. بەشوێن دیاریکردن، دیاریکردنی شوێنێك لەچاو شوێنێکی دیارتردا (لەچاو خاڵێکی نەگۆڕدا).

**باخەکە دوو کیلۆ مەتر لە ئێزگەکەوە دوورە.**

**وڵاتەکە لەسەر هێلی پانی ٣٦ پلەیە.**

لێکدانەوەی پراگماتیکی دەوێ، دەبێ بزانی کام باخ و کام ئێزگە مەبەستە . لەمەش پراگماتیکی تر.

**باخەکە دە دەقیقە لێرەوە دوورە.**

**شارەکە کەوتۆتە نزیك ئەوێ.**

ئەمانە لەچاوی قسەکەرەوە سەیر دەکرێن.

دەتوانین بڵێین سێ جۆر نیشانەی شوێن هەیە:

یەکەم: نیشانە سادەکان. (هەندێ جار لەکوردی سادە نین وەك : ئێرە).

دووەم: شوێنەکە شاراوەیە، واتە شوێنەکە بەشاراوەیی چووەتە ناو کارەکەوە بۆنموونە :

**هێنان- بردن**

**هات- ڕۆیی**　　**هات بەرەو قسەکەر**

**دا- وەرگرت**

**قسەکەر**

**خاڵی جیابوونەوە قسەکەر خۆیەتی * ______________ هات**

**ڕۆیشت**

هەندێ جار لەکوردی دوورو نزیکی واتای مەجازی دەبەخشێ ئەگەر ئیدیەمی کوردی(هات) ی تێدابێت واتاکە باشە.

ئەگەر ئیدیەمەکە (چوون)ی تێدابێت واتەکەی خراپە.

مردن بەڕۆیشتن" تەنانەت (ڕۆ ڕۆ) ش هەر لەوەوە هاتووە لەهۆش خۆی چوو.

سێیەم: ئەو نیشانانەی، کە لێکدراون، یان ئاڵۆزن، ئەمانە لەگەڵ شتی تردا دێن وەك:

لەکن، لەتەنیشت، لەپشت........هتد.

لەئەسڵدا هەمویان ئامرازێکی بەندیان تێدایەو واتاکانیان تاڕادەیەك ئاڵۆزە.

پشیلەکە لەپشت سەیارەکەوەیە.

نازانی ئاماژەییە یان نائاماژەیی، چونکە جارێك پشتی سەیارەکە دەگرێتەوە، جارێکیشیان لەنێوان قسەکەر و پشتی سەیارەکەدا.

أ- سەیارەکە خۆی پشتی هەیە. (نائاماژەیی).

ب- نێوانی قسەکەر و پشتی سەیارەکە . (دەبێتە ئاماژەیی).

پشت خۆی ناوە............

٣-<u>نیشانەکانی کات</u>:

ئەو نیشانەن:

ا -ئەوان کە کاتی قسە یان گوتن لەبارێکدا دیاری دەکەن.

ب- دوو جۆر کات لەیەکتری جیادەکرێنەوە.

١- کاتی ڕوودانی کاری گوتن.

٢- کاتی گوتنەکە خۆی.

ئەم دوو کاتە لەزۆر باردا یەکن، بەڵام هەندێ جار جیادەبنەوە .

<u>وا</u> <u>دێم</u> (کاتی هاتن و قسە یەکن)

بەیانی <u>دێم</u> (ڕوودان بەیانییە، قسەکردن ئێستایە)

هاتووم- خواردوومە (ڕوودان پێشترە، ئێستا قسە دەکەم). ئەسەری فیعلەکە هێشتا ماوە

پ- دوو جۆر کات دەبێ جیا بکرێنەوە.

١- کات وەك دیاردەیەکی فیزیکی، کە دەکرێ بەسێ بەشەوە:

رابردوو، رانەبردوو، ئایندە.
٢– کات وەك نیشانەیەکی کارەکە کە کاتی ناو زمان ( Tense ) پێکدێنێ دیسانەوە ئەمانە هەندێك جار جیا دەبنەوە، هەندێك جاریش تێکەڵ دەبن.
مەڕ شیر دەرە. (هەردوو جۆرەکە جیانەکراونەتەوە) .
شێر گۆشت دەخوات. (ئەم ڕستەیە بۆ هەموو کاتێکە). واتە tense نیشان نادات.
هەندێك زمان کاتی زمانی نییە، واتە گێرەك بەکار ناهێنێ بۆ دەربڕینی کات، بەڵام هەموو زمانێك کاتی نازمانی هەیە(فیزیکی). دەتوانێ بەهۆی گێرەك، یان ئاوەڵکار و ئاوەڵگوزارەوە نیشانی بدات.
ج– نیشانەکانی کات هەندێ جار بەشارەوەیی دەچنە ناو کەرەسەی ترەوە، (کەرەستەی فەرهەنگی) وەك:
شەو باش، رۆژباش، پێرێ، دوێنێ، ئەمڕۆ
ئەگەر ڕۆژ بێت ناتوانین بڵێین شەو باش.
چ– وشەی وەك(ئەمڕۆ، سبەینێ، دوێنێ) دوو جۆر ئاماژەیان پێ دەکرێت:
١– بۆ ماوەیەکی دیاریکراو.
٢– بۆ خاڵێك لەماوەیەکدا.
سبەینێ میوانەکان دەگەن. (خاڵێك لەبیست و چوار سەعات).
سبەینێ هەینی یە. (باسی هەر بیست و چوار سەعات دەکات).
ئەمڕۆ رۆژێکە کەس کاغەزی کەس ناخوێنێتەوە. (باسی خاڵێك لەبیست و چوار سەعات).
مۆڵەتی فەرمانبەران حەوت رۆژە(باسی هەر بیست و چوار سەعات دەکات).

٤- ئامرازە کۆمەڵایەتییەکان:–

أ– ئەو کەرستانەن، کە جیاوازی کۆمەڵایەتی هاوبەشەکانی ئاخاوتن نیشان دەدەن، یان ئەو لایەنانەی گوتن، کە تیایاندا راستییە کۆمەڵایەتییەکان ڕەنگ دەداتەوە.
ب– بڵاوترین نیشانەی کۆمەڵایەتی جێناوە کەسییەکان و ناوی تایبەتی و نازناو و ئەو وشانەی کە خزمایەتی یان ڕێزلێنان نیشان دەدەن وەك:

مامۆستا دارا، دکتۆر، خاڵە، مامە....هەندێ وشەی تری وەك گیانە هەندێك جێناو دەبن بە نیشانەی کۆمەڵایەتی (لەهەندێك زمان)کوردی وانییە، بەڵام ئەگەر لەجیاتی (من) بڵێی(ئێمە) و لەجیاتی (تۆ) بڵێی (ئێوە) بۆ ڕێزلێنان دەبێ.
لەزمانی فارسی زۆری بە (شما) قسە دەکەن بۆ ڕێزلێنان بارەکانی تری جێناو بەکارهێنانێکی ئاساییە.
ناوی تایبەتی: ئەگەر ڕێز لە خەڵك بگری ڕێزلێنانە:
کاك شێرکۆ
خاڵە، مامە: ڕێزلێنانە لەتەمەنی کەسێك.

پ– ئامرازەکانی بانگکردن ئاراستەی گوێگر دەکرێن نە لە ڕووی ڕێزمان و نە لەرووی واتاوە بەشێك نین لەگوتن:
کاکە بڕۆ.
برا ئەم کارە وانابێ.

ئامرازەکە نە لە ڕووی ڕێزمان و نە لەڕووی واتاوە بەشێك نین لە ڕستە، بۆیە لە ڕێزمانی دێرین دا ئەم وشانە پشتگوێ خراون، چونکە پێیان لێك نە دراوەتەوە، چونك هیچ ئەرکێکیان نییە.
ئەم ئیشە وانابێت.
(وا) لەگەڵ کاردا کاتە (ئاوەڵکار).
(وەها) ڕادەیە.
ج– ئەم نیشانە کۆمەڵایەتییانە بەدوو جۆر بەکاردێن:
١– بۆ ئاماژەکردن وەك لەم ڕستەیەدا دیارە:
خاتوون هات.
یان: مامم لەوێیە.
٢– بۆ دواندن (مخاطبة) وەکو :
خاتوون ئەم کارە وانابێت.
گەورەم چاوەڕوان بە .

هەر وشەیەك كە بۆ دواندن بێ، مەرج نییە بـۆ ئامـاژەش بێـت .بڕوانـە ( Levinson :87)

## جیاوازی نێوان ئاماژەیی و دواندن:.

١- جیاوازی نێوان (ئاماژەیی و دواندن) بەکارهێنانی دواندن ڕەمزی جوڵەییە: شاژن.... جوڵەیی (دەم، چاو، روو).

٢- جیاوازیەکی تری نێوانیان وشەکانی دواندن بەزۆری لەسەرەتا یـان ناوەڕاسـتی گوتندا دێن، وەکو ڕستەیەکی (إعتراضي) ڕەفتار دەکەن.

**گەورەم چاوەڕێیان بکە .**

**دوێنێ گەورەم لێرە نەبوویت .**

بەڵام ئاماژەیی هەردەبێ لەسەرەتاوە بێت

چ- نیشانە کۆمەڵایەتیەکان بەزۆری لەشێوەی وشەن(لێکسیکی).

بەدوو رێگە رێزلێنان نیشان دەدەن:-

١- بەگەورەکردنی بەرامبەرەکەت، بۆنموونە: وشەی وەك :

جەناب، گەورەم، ئەمانە بۆ بەرزکردنەوەی بەرامبەرن.

یان وەك : کۆشکەکەت لەجیاتی خانووەکەت.

٢- بەنزمکردنەوەی قسەکەر، بۆ نموونە وشەی وەك:

بچووکتان، بەندەتان، نۆکەرتان.

کوردی لەرێزماندا باری کۆمەڵایەتی بە هەنـد هەڵنـەگرتووە، بـەڵکو بەوشـە ئەمـە دەردەبڕێ، واتە کوردی وشەبەندە.

**چەند منداڵت هەیە؟**

**چوار خزمەتکار.**

زمانـەکانی خـوارووی رۆژهـەڵاتی ئاسـیا وەك: بـەنگالی، یابـانی، چـینی، ئەمانـە لەرووی رێزمانەوە رێزگرتنی هەیە، واتە لەم زمانانەدا رێزگرتن رێزمانبەندە بـەهۆی پێشگر و پاشگرو جێناو مۆرفیمی تایبەتەوە جێبەجێ دەکرێن، بۆ نموونە لەزمانی

بـەنگالی لـە قـسەکردن لەگـەڵ خـەزووردا دەبـێ دەسـتەیەکی جیـاوازی جێنـاو بەکاربهێنێت، واتە بۆ هەریەکەیان دەبێ شتێکی جیاواز بەکاربێنێ: فەرموو (ڕێزە) وەرە(ڕێزنیە).

(٥) نیشانەکانی دەق:

أ- ئـەو نیـشانانەن، کـە ئامـاژە بـۆ ئـەو بەشـەی تێکـست (دەق) دەکـەن، کـە گوتنەکەی تێدایە، یان ئاماژە بۆ پەیوەندی نێوان گوتنێك و دەقەکەی دەوروبەری دەکات، دەق، هەر دەقی نووسین ناگرێتەوە، گفتوگۆی نێـوان دووکـەس هـەرپێی دەگوترێ دەق.

ب- لەبەرئـەوەی دەق بەتێپـەڕبوونی کـات ئاشـکرا دەبـێ، کـارێکی ئاسـاییە کـە ئاوەڵکارەکانی کات نیشانەبن بۆ دەق، وەکو :

وشەی پێشوو، ئاییندە، داهاتوو...هتد

هەروەها نیشانەکانی شوێنیش هەر بەم کارە هەڵدەستن، وەك:

لەخوارەوە، لەسەرەوە، لێرەدا...هتد

بۆنموونە لەناو کتێبێکدا دەڵێین

پێشتر لەوە دواین، وەك لەسەرەوە باسمان کرد

شەوی پێشوو . لاپەڕەکانی پێشوو

پ- ئەنافۆر دەبێ لەنیشانەکانی دەق لە تێکست جابکرێتـەوە، نیـشانەی تێکـست هەمیشە ئاماژە بۆ بەشێك لە تێکست دەکات، بەڵام ئەنافۆر بۆ ناوێك دەگەڕێتەوە، وەك : کچەکە چراکەی هەڵکرد. ( ئەنافۆر)

بەڵام لەنیشانەی دەقدا دەڵێین:

لە بەندی دوودا .

لـە وانەیـە ( لـە بەنـدی دوودا ) حـەفتا، هەشـتا وشـە بگرێتـەوە، واتـە بـۆ ڕیزێـك لەشتەکان دەگەڕێتەوە.

چ- دیـسان پەیوەندییـەکی پتـەو لـە نێـوان نیـشانەی دەق و نـاو هێنانـدا هەیـە، هەندێك جار وشەکە دەق نییە.

١- ئەو وشەیە چییە؟

٢- بەفرە.

بەفر وشەیەکی کوردییە.

بەفر لە دووبڕگە پێکهاتووە .      بۆ وشەکە

بڕۆ هەندێك بەفر بێنە——— نیشانەیە بۆ دیاردەکە خۆی.

د– جگە لە ئامرازی نیشانەو ئاوەڵکاری شوێن و کات هەندێك نیشانەی تری دەق هەیە وەك: ئامرازەکانی بەستن:

بەڵام، ئەگینا، کەچی، کەواتە، بەهەر حاڵ، ...هتد.

ئەمانە گوتنێکی بەگوتنێکی تر دەبەستنەوە

## کردە قسەییەکان ( الاحداث الکلامیة ) Speech acts :-

١– تیۆری کردە قسەییەکان بەدوو بنەمای گرنگەوە بەندە:

أ– هەموو گوتنێك بۆ ئەنجامدانی نیازو مەبەستی قسەکەرە.

ب– وەسفی بارودۆخ، یەکێکە لە ئەرکەکانی گوتن، بەڵام تاکە ئەرك نییە:

وەك : ژورەکە گەورەیە.

مەبەستی دیکەم هەیە لە وەسفی ژورەکە، مەبەستە سەرەکییەکە ئەوەیە: بالێرەدا نەخوێنین.

ژوورەکە بە کەڵکی خوێندن نایێ .

ژمارەی خوێندکارەکان زۆرن.

واتە بەپێی ئاخاوتنەکە، یان مەبەستەکە، واتای دەگۆڕێ.

٢–بۆ ماوەیەکی درێژ واتاناسەکان پێیان وابوو، کە زمان تاکە ئەرکێکی هەیە ئەویش پێناساندنی بارێکە، ئەم باوەڕە، کە بەهەڵەی وەسفی واتایی ناودەبرێت Semantic Fallacy

باوەڕێك نییە کە تەواو هەڵەبێت، چونکە هەموو گوتنێك وەسفی بارودۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لەخۆیدا هەموو شتێك نییە.

بارودۆخی تێدایە، بەڵام ئەم وەسفە لەخۆیدا هەموو شتێك نییە.

بـەزۆری مەبەسـتێکی قـوڵتر لـەدوای وەسـفەکەوە هەیـە، ئـەویش مەبەسـتی قـسەکەرە- Speaker rmeaning,Speaker Intention، گوتنەکـە لەوانەیـە ئاگادارکردنەوە بێت، یان راسپاردن، یان هەڕەشە، یان ڕەخنـە، یـان رازی کـردن، یان گفتدان، یان پیرۆزبایی...هتد بەم شتانە دەڵێن کردەیی قسەیی.

دەمانچەکە لەسەر پێیە .

مەبەستە سەرەکییەکە ئاگادارکردنەوەیە، ناتوانین بلێین وەسف نییە.

**قەڵەمەکەت شکاندم.** (مەبەستی قسەکەر وەسفی حاڵەتەکە نییە، بەڵکو بـۆ گلـەیی یان سکاڵا کردنە ).

**خۆشم دەوێیت** . (بۆ دڵنیاکردنەوەیە)

**چۆن وادەبێت** . (پرسیار نییە، بۆ تورەییە).

(٣) بە باوەڕی ئوسـتن Austin، کـە خـاوەنی نەزەرییەکەیـە، قـسەکەر لەدواندنـدا سێ کار (کردە) ئەنجام دەدات:

أ- کردەی گوتن : Preillocution

کردەی دەرهێنانی ڕستە بە واتاو ئاماژەوە (ناوەڕۆك و ئاماژە).

**کوڕەکە هات.** (دەبێ بزانی ئاماژەیە (نیشانەیە ) بۆ کێ(دارا، کاوە).

**قەڵەمەکە لەوێیە** (دەبێ بزانی لەوێ کوێیە).

ب- کردەی مەبەست: illocutionarg act

ئەو مەبەستەی کـە قـسەکەر دەیـەوێ بیگەیـەنێت بـە گـوێگر، هەڕەشـە بێـت یـان پێشوازی، یان پۆزش هێنانەوە...هتد

**دەمانچەکە لەسەر پێیە** . (نەسیحەت، هەڕەشە).

**بەداخەوە.** (واتای نییە، بەڵکو ئەرکی هەیە، پۆزش هێنانەوەیە).

ج- پاشکار : Post illocution act

هێنانەدی ئەنجامێکە لەگوێگردا، بۆنموونە: پاشکاری ڕستەیەکی وەك

دەمانچەکە لەسەر پێیە.

لەوانەیە ترس و شپرزەیی بێت لەگوێگردا، (پاشکار رێکەوتە، سودفەیە)، نارێکە و مەرج نییە بە ئارەزووی قسەکەر بێت، یان لـەژێر دەسـەڵاتیابێت، هـەر لەبەرئەمـە پاشکار لەدەرەوەی واتاسازی و پراگماتیکە(چونکە نەبووەو ناکرێت).

چراكە دەكوژێنمەوە.

بۆ ئەوەی باسی ئەم سێ كردەیە بكەین، دەبێ بیخەینە كۆنتێكستێكەوە

لەباوكێكەوە بۆ كوڕێك:

شەو درەنگە.

رستەكە خۆی، جۆری یەكەم قسەكەر كێیە، چراكە...

كەواتە كردەی گوتن دروست كردنی رستەیی و دیاریكردنی ئاماژەكاری مەبەست لێرە بەپێی كۆنتێكست دەبێ بزانین، ئاگاداركردنەوەیە، إمتناعی كورەكەیە، لەوانەیە نەوتیان نەبێ.......هتد.

(٤) مەبەست لەوانەیە شاراوەبێت، بەواتای ئەوەی لەگوتنەكەدا توابێتەوە، وەكو نموونەی پێشتر، بەڵام هەندێكجار نیاز یان مەبەست تەواو ئاشكرایەو بەروونی دەردەبڕێت، وەك: لەرستەی راپەڕاندندا، وەك لەم نموونەیەدا دیارە: ... گفت دەدەم نەڕۆم/ بڕۆم

گرەو دەكەم...

دەڵێم نایەم(تەئكیدكردنە).

## كردەی قسەیی دوو جۆر دابەشكردنی هەیە:

یەكەم / كردەی قسەیی ئاشكرا(ڕستەی ڕاپەڕاندن)

گفت دەدەم.

گرەو دەكەم.

كردەی قسەی ئاشكرا چەند تایبەتییەكی (مەرجی) هەیە:

(١) دەبێ كارێكی راگەیاندنی تێدابێ، وەك

گفت دەدەم، بەڵێن دەدەم، وەعددەدەم، ناودەنێم...هتد.

(٢) لەو جۆرە ڕستانەدا دروستی و نادروستی نایەت، لەبەرئەوەی ڕستەكە وەسفی نییە، تەنیا نرخیان بۆ دادەنرێت، واتە ڕستەكە یان بەجێیە، یان نابەجێیە، بەپێی بوون و نەبوونی مەرجەكانی بەجێیی، بۆ نموونە:

گفت دەدەم بەرت بدەم.

ئەگـەر دادوەرێـك ئـەم قـسەیە بكـات تەواوە،بـەڵام برادەرێـك بـۆ برادەرێكـی بكات، نابەجێ دەردەچێت.

(٣) دەبـێ كـردەی قـسەیی ئاشـكرا لـەتاق ئێـستا دابـێ، واتـە رانـەبردوو بۆنموونە: گفت دەدەم (ئاشكرایە).

گرەوم كرد دەبێتە وەسفی.

(٤) بكەری رسـتەی بـەجێهێنان (ئاشـكرا) دەبـێ كەسـی یەكـەمی تـاك، یـان یەكەمی كۆبێ بۆنموونە:

گفت دەدەم (كردەی قسەیی ئاشكرایە).

گفتی دا(كردەی قسەی ئاشكرا نییە).

<u>دووەم</u>: كردەی قسەیی نا ئاشكرا:

سێ لەو مەرجانەی پێشتری تێدا نییە.

(١) كاری راپەڕاندنی تێدانییە.

(٢) مەرج نییە بكەرەكەی كەسی یەكەمی تاك و كۆ بێ.

(٣) مەرج نییە زەمەنەكەی كاتی ئێستا بێ.

(٤) دەبێ بەجێ یان نابەجێ بێ، دروست، یان نادروست بێ.

بۆنموونە: من بەیانی دێم . (كردەی قسەیی نائاشكرا).

گفت دەدەم بەیانی دێم . (كردەی قسەی ئاشكرا).

من تۆم خۆش دەوێ . ( كردەی قسەی نائشكرایە).

دڵنیات دەكەم من تۆم خۆش دەوێ . (كردەی قسەیی ئاشكرا).

هەموو كردەیەكی قسەیی نائاشكرا دەكرێ بەكردەیەكی قسەیی ئاشكرا.

یارمەتیت دەدەم . (كردەی قسەیی نائشكرایە).

گفت دەدەم یارمتیت دەدەم . (كردەی قسەیی ئاشكرا).

كە باس لە كردەی قسەیی دەكەین، دەبێ ڕستەی هەوڵدانمان لـە بیربـێ، چـونكە ڕستەی پرس و فەرمان و سەرسوڕمان كردەی قسەیی تێدا نییە.

بڕۆ دەرەوە .( هیچ كردەیەكی قسەیی تێدا نییە).

ماڵەكەیان لەكوێیە .(پرسە).

**دوو جۆری تری کردەی قسەیی :.**

**یەکەم: کردەی قسەیی ناراستەوخۆ(تیان) ناکرێ نەچین؟( پرسیار بۆ داوا )**

کردەی قسەیی ناراستەوخۆ (تیان) ئەو (بار)انە دەگرێتەوە، کە مەبەستی قسەکەر بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەگاتە گوێگر. مەبەست لەڕێگایەکی ناڕاستەوخۆ ئەوەیە، کە جیاوازییەك لەنێوان جۆری رستەکەو جۆری کردەی قسەیی دێتە ئاراوە، بۆنموونە:

ئەو پەنجەرەیە ناکەیتەوە؟ (کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە چونکە داوایە).

داوا بەجۆری فەرمان دەکرێ.

ئەگەر جۆرەکەو کردە قسەییەکە رێکەوتنیان هەبوو پێی دەڵێن راستەوخۆ، بەپچێەوانەوە، ئەگەر جۆرەکەو کردەی قسەیی رێکەوتنیان نەبوو پێی دەڵێن ناڕاستەوخۆ(ئەگەر لەبار نەبن).

١- کێ دەزانێ بەیانی چی دەبێ؟

٢- پێم نەگوتی ئاگاداری خۆت بە؟

هەردوو ڕستەکە پرسیارن، ئەگەر بۆ پرسیار بێ راستەوخۆیە، ئەگەر بۆ پرسیار بەکارمان نەهێنا ناراسەوخۆیە.

کێ دەزانێ بەیان چی دەبێ؟ (گەیاندنی هەواڵ یان راستییەکە)

کەواتە رێکەوتن لەنێوان پرسیارو مەبەستدا نییە).

پێم نەگوتی ئاگاداری خۆت بە؟ (ڕستەکە داوایە، بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ).

| جۆری رستە | مەبەست |
| --- | --- |
| رستەی هەواڵ گەیێن. | گەیاندنی زانیاری |
| رستەی پرسیار | پرسیار کردن |
| رستەی فەرمان | داوا |
| رستەی ڕامان | ڕامان |

ئەگەر ڕێککەوتن هەبوو ( واتە لە باربن) لەنێوان جۆری ڕستەکە و مەبەستدا پێی دەڵێن کردەی ڕاستەوخۆ.

ڕستەی پرسیار بۆ هەواڵ گەیاندن کردەی قسەیی ناڕارستەوخۆ دەردەچێ:

بۆنموونە: ناکرێ نەچین؟

(بانەچین) مەبەست داوایە، بەڵام جۆری ڕستەکە لەشێوەی پرسیار دایە.

سینتاکسی (شێوەی) ناراستەوخۆ زیاتر لەزمانە بێ هێزەکاندا(ژن– پایەنزم) هەیە.

کردەی قسەیی تیان (ناراستەوخۆ) زۆر بڵاوە بەدەگمەن ڕستەیەك هەڵدەکەوێ کە نەتوانێ وەك کردەیەکی قسەیی تیان بەکاربێ لەدەورو بەرێکی گونجاودا، مەبەست ئەوەیە هەموو کردەیەکی قسەیی دەتوانین بە دوو شێوە بیکەین، یان ڕاستەوخۆ یان ناراستەوخۆ.

جیاوازی نێوان کرەی قسەیی تیان بەها سەرزارییەکەی ئەوەیە کە دەگوترێ و ئەوەیەکە دەبێ بگوترێ (Carston 2002 :107) . بۆ نموونە:

ناکرێ نەچین؟ ناچین ناراستەوخۆ.

## بارو دۆخەکانی بەکارهێنانی کردەی قسەیی تیان :

١– کاتێك مەبەستەکان بەیەکدادەن، واتە دوو مەبەست دژیەك دەوەستن، بۆنموونە:

دکتۆر: باشبوو زوو هاتیتە لام.

ئەگەر دکتۆر ئەم ڕستەیە بڵێ: هەرچەندە ڕستەیەکی هەواڵ گەیاندنە، بەڵام هەواڵ گەیەن نییە، واتە نەخۆشیەکەت خراپە، یان ئاسایی نییە.

٢– بۆ کەمکردنەوەی بەرپرسیەتی قسەکەر، واتە ئەگەر ئەنجامەکەی خراپ بێ.

قسەکەر : درەنگ نییە نەڕۆین؟ (بابڕۆین).

واتە مەبەستی (درەنگ نییە)، (نەڕۆین)، (واتە بابڕۆین).

کردەی قسەیی ناڕاستەوخۆیە، ئەگەر لە ڕۆیشتن دا شتێکیان بەسەربێ بەرپرسیەتی خۆی لەئەنجامی کارەکە کەم دەکاتەوە.

(٣) بۆنەیەکی تر بۆ وێڵ(إحترام) نواندن.

کێبەکەم بدەرێ. (ڕاستەوخۆیە) فەرمان بۆ فەرمان.
ڕێکەوتنی ڕستەو مەبەست.
ئەگەر بڵێین: کتێبەکەم نادەیتێ؟ (بواری ڕەت کردنەوەی هەیە).
(٤) بۆ سوود وەرگرتن لەم کاتانەدان کە کردەی ناراستەوخۆ کاریگەرترە (سەرکەوتووترە) بۆنموونە: ئەگەر یەکێك(لامل –عناد) بێ.
ناکرێ نەچین؟ مەبەست (ناچینە)ە
ئەگەر بەژنەکەت بێڵێی (ناچین) ڕەنگە توره بێ، بۆیە شێوازی ناراستەوخۆ سوودی زیاترە، بۆیە بەپێی گوێگرەکە بەکاری دەهێنێ.
(٥) بوارێکی تر بۆ خۆشی و ڕابواردن و تەوس.
قسەکەر: زوو نییە؟ (گوێگر کە دواکەوتووە، واتە درەنگ هاتووی، ئەمە تەوسە، یان رابواردنە.

## لێکەوتە ئاخاوتنەییەکان:-

بۆچوونەکەی گرایس: Grice, H.P
بە باوەڕی گرایس ئاخاوتن چالاکییەکە، کە بەهاریکاری دێتە ئەنجام، ئەم بیرۆکەیە لەتیۆرەکەی گرایسدا شێوەی بنەمایەك وەردەگرێ.
(بنەمای هاریکاری):
(( با گوتنەکە هێندە بێت و لەو کات و شوێنەدا بێت و بەو جۆرە بێت، کە ئاخاوتنەکە دەیەوێت )).
هاوبەشەکانی ئاخاوتن باوەڕی بەوە هەیە، کە دەیەوێ هاریکاری بکات، مەبەست ئەوەیە لەشێوەی داخوازیدا( با...هێندەبێت) .
با هێندە بێت: کەمییە.
لەوکات و شوێنە: بەو جۆرە بێ کە ئاخاوتنەکە پێویستییەتی . گرایس ئەم بنەمایە دەکات بەچوار بنەمای بچووکترەوە:
(١) بنەمای چەندێتی:
باگوتنەکە ئەوەندە بێت لەبڕدا، کە پێویستە نە زیاتر و نەکەمتر، بۆنموونە:
أ- دێیت لەگەڵما ؟

ب- وەڵام ئەوەندە بێت، کە پێویستە....بەڵێ یان نەخێر.

أ- دەرگاکەت چۆن کردەوە؟

ب- بەکلیل.

ت- دەستم خستە سەر دوگمەکەو بەلای چەپدا........

ئـەم وەڵامـەی(ت) لـە بنـەمای چـەندێتی لایـداوە دەتـوانین لەبنـەمای چـەندێتی لابدەین، بەڵام بە مەبەست.

(٢) بنەمای دروستی:

با گوتنەکە دروست بێت(واتە شتی نادروست و بێ بەڵگە مەڵێ).

بۆنموونە:

أ- دارا دوو دووکتۆرای هەیە.

بەڵگەی پێویستە، کە دەڵێن دوو دکتۆرا واتە نەزیاتر نەکەمتر.

(٣) بنەمای پەیوەندی :

گوتنەکە دەبێ بۆ ئەو شوێنە بـێ، کـە تێـدا هـاتووە، واتـە وەڵامـەکان دەبـێ لەباربن.

أ- نان دەخۆی یان نا؟

ب- ناچمە لای دکتۆر.

پێویـستە وەڵامەکـە پەیوەنـدی بـە پرسـیارەکەوە، یـان نـان خواردنـەوە هـەبێ، دەتوانرێـت وەڵامێکـی وەك (ب) بدرێتـەوە، کاتێـك نەتـەوێ وەڵامـی پرسـیار بدەیتەوە.

(٤) بنەمای چۆنایەتی:

گوتنەکـە بـا ڕووت بێـت، دووربێـت لـە فرەواتـایی و دوو واتـایی و لێڵـی، بـا ڕووداوەکانیش بەڕیزبێن: بۆنموونە: چووە دەرەوە نانی کڕی.

بنەمای هاریکاری و بنەمای وردەکانی ڕێنمای، کە نەریتی ئاخاوتن دیاری دەکەن، بەڵام وانەی ئاکاری (أخلاقی) نین، واتە پێویست نین، خەڵکی دەتوانن زۆر بڵێن و درۆ بکەن و ڕووداوەکان ریز نەکەن و لە بابەت لابدەن، واتە قسەکەر مەرج نییە ئەو بنەمایانە پیادە بکات، بەڵام گوێگر چاوەڕێی ئەوەی لێ دەکات، گوێگر هەمیشە چاوەڕێی ئەوەیە، کە بنەماکان نەبەزێنرێت، هەرچەندە قسەکەر بە مەبەست دەتوانێ بیانبەزێنێ.

أ- سەعات چەندە.

ب- نوێژی بەیانی نەبووە.

ئەمە لادانێکی تێدایە، واتە هەست دەکرێت پەیوەندی نییە، گوێگر بەو هەستەوە دێتە ناوەوە، کە قسەکەر بنەماکان پەیڕەو دەکات، بەڵام لێرەدا بنەماکان بەتەواوی پشت گوێ خراون، بەڵام گوێر وای لێ دێت بەدوای مەبەستی تر لەو ڕستەیەدا، یان لەم گوتنەدا بگەڕێت، واتە گوێگر ئەنجامێك (لێکەوتە)بەدەست دێنێ، بۆ ئەوەی بگاتە ئەم لێکەوتەیە پێویستی بەزانیاری هەیە، وەك زانیاریی هاوبەش و زانیاری کەلتوورو..هتد.

واتە لەڕێی ئەو وەڵامەوە قسەکەر دەگاتە ئەنجامێك، کە وەڵامەکە پەیوەندی بە پرسیارەکەوە هەیە.

لە ئەوروپا ئەم جۆرە وەڵامە هیچ واتایەکی نییە، یان هیچ پەیوەندییەکی بە پرسیارەکەوە نییە، چونکە کەلتووری ئەوان جیایە، زانیارییەکان لە هاوبەشەکانەوە دێن، لەو دونیایەی کە تێدا دەژین (Yule 2007 :31-5).

## لێکەوتە ئاخاوتنەییەکان دوو جۆرن:

١- جۆری ستاندەر: لەئەنجامی جێبەجێکردنی بنەماکانی هاریکاری و بنەماکانی ترەوە دێن، وەك:

* کاوە دوو دکتۆرای هەیە. (باوەڕم وایە، کە کاوە دوو دکتۆرای هەیە، نەزیاتر و نەکەمتر، ( واتە بەڵگەی بەدەستەوەیە).

* ئەو خوێدانەم بدەرێ. (ئێستای تێدا نییە، بەڵام مەبەست ئەوەیە ئێستا ئەم خوێدانەم بدەرێ).

*چووه دەرەوە نانی کڕی .

(٢) لێکەوتــەی ناســتاندەر: کــە لەئــەنجامی بەزانــدنی بنەماکانــەوە دێتــە ئــاراوە، بۆنموونە:

باوك: ئەرێ کاوەی کوڕم لەبیرکاریدا چۆنە؟

مامۆستا: لەکوردیدا زۆر باشە.

ئەم وەڵامە لەبنەما دەرچووە(بنەمای پەیوەندی).

باوکەکــە دەگاتــە چــەند ئــەنجام و لێکەوتەیــەکی جیــاواز، ئەوەیــە، کــە مامۆســتا نایەوێت باوکەکە لەکوڕەکەی توڕە ببێت، بۆیە وادەڵێ، بەڵام باوکەکە دەگاتە ئــەو ئەنجامەی، کە کوڕەکەی لەبیرکاریدا خراپە.

أ- لەگەڵ ژنەکەت چۆنی؟

ب- ژن هەر ژنە.

لەبنەمای چەندێتی لایداوە، بەدرێژە ڕۆیی وەڵامــی داوەتــەوە، زیــاد ڕۆیــشتووە، بۆچوونی گوێگری بەگشتی بۆ دەرکەوتووە لادان لەپەیوەندی:

أ- وابزانم مدیرەکەت کونەبایەکە بۆخۆی.

ب- نەخێر جگەرە ناکێشم.

وەڵامەکەی پەیوەندی بــە پرســیارەکەوە نییــە، واچــاوەڕێ دەکــرێ، کــە مدیرەکــە گوێی گرتووە، بۆیە بابەتی گۆڕیوە، واتە لادانە، بەڵام لادانەکە بەمەبەست بووە.

لەکوردیدا گوتەی وەکو (مەڵێن لەماڵەوە بانگم دەکەن)، هەیە لــە تەمــسیلی خولــە پیزە، ئەم جۆرە وتانە زۆرە.

## جۆرەکانی لێکەوتە بەجۆرێکی تر :-

بنەماکانی ناستاندەر دەبن بەسێ بەشەوە:

١- بنەمای گشتی : ئەم جۆرە بنەمایە پێویستی بە هێنانە نــاوەوەی زانیارییــەکی زۆر لەدەوروبەرەوە نییە، وەك:

أ- مێزەکەت پاك کردەوە خواردنەکەت هێنا؟

ب- مێزەکەم پاك کردەوە.

لێـرەدا جۆرێـك لێكەوتـە هەیـە، لێكەوتەكـە لـەناو ڕسـتەكە دا (رسـتـەی یەكـەم) سەرچاوە دەگرێ، نەك لەزانیاری دەرەوە.
**هەندێك كتێبم هەیە.**
( هەندێك) پێوەرێك دروست دەكات، واتە (زۆر) م نییە، (هەموو)كتێبێكم نییە.
**هیچ – كەم – هەندێك– هەموو: پێوەرن.**
ئەگـەر یـەكێكت لـەكۆتایی هەڵبـژارد، واتـە نزمـەكانیش دەگرێتـەوە ئەمانـە لـەناو ڕستەكان و وشەكانەوە زانیاریمان چەنگ دەكەوێ.
**هەندێك جار سەر لەباوكی دەدات.**
واتە زۆر جار نا، سەری لێدەدا.

٢– لێكەوتەی تایبەتی: مەرجەكانی
**أ– هەمیشە لەناو وتندا دەبینرێت.**
بۆ لێكدانەوەیان پێویستمان بە زانیارییەكی زۆری دەوروبەر هەیە، وەكو:
**مدیرەكەت كونە بایەكە بۆخۆی.**
**نەخێر جگەرە ناكێشم.**

ئەمە لەناو وشەكانەوە زانیاری بەدەسـت نایـەت، پێویـستمان بـە زانیـاری دنیـایی هەیە.
**دایك: دەتوانی بەیانی سەرم لێ بدەیت؟**
**كوڕ: بەیانی لەمەكتەب دەبم.**
لەسەر زاری وەڵام نییـە، چـونكە پرسـیار بـە (بـەڵێ و نـەخێر) وەڵام دەدرێتـەوە، بەڵام دایك تێ دەگات مادام كوڕەكەی لەمەكتەبە ناتوانێت سەری لێ بدات.
**كوڕ: حەزت لە ئایسكرێمە؟**
**كچ: پاپا كاسۆلیكە؟**
زۆر كەس ناتوانێ لەمە بگات، چونكە پێوسـتمان بـە زانیـاری دەوروبـەرە. لادانـە: پرسیار بە پرسیار وەڵام دەداتەوە لەوانەیە مەبەستی كچەكە ئەوەبێ كە چۆن شك

لەوە دانییە، کە پاپا کاسۆلیکە، گومان لەوەش دانییە کە من حەزم لە ئایسکرێمە.

٣- لێکەوتی تەقلیدی:
أ- پەیوەندی بەبنەمای هاریکارییەوە نییە.
ب- مەرج نییە لەئاخاوتندا ڕووبدات.
ج- پەیوەندی بەواتای تایبەتی وشەکانەوە هەیە.
بۆنموونە:
ئەو پیاوە دەوڵەمەندو دەست بڵاوە:
و: واتە هەردوو سیفەتەکەی تێدایە.
ئەگەر بڵێین:
ئەو پیاوە دەوڵەمەندە، بەڵام دەست بڵاوە.
واتە لێکەوتە لە (و) و (بەڵام) دەست دەکەوێت، نەك لە زانیاری
کوێرا گەیشتی .
(کوێرا) واتا دەگەیەنێ، لەوانەیە بەدڵی نەبێ، یان چاوەڕوان نەکراوە.
هێشتا نەگەیشتووە.
(هێشتا)ناڕەزایی و بەتەما بوونیشە.
ئەم جۆرە لێکەوتەیە(تەقلیدی) زۆر گرنگ نییە.

## جۆرەکانی بەزاندن :-

بەزاندن کاتێك ڕوودەدات، کە قسەکەر بەئارازوو لەبنەما وردەکانی، بنەمای هاریکاری دەردچێت، لێکەوتەیەك دەست بخات، بەزاندن لەچەند شێوەیەك ڕوودەدات.
(١) پێکدادانی بنەماکان: (تضارب):
ئەم جۆرە بەزاندنە لە ئەنجامی پێکدادانی دووبنەما دێتە کایەوە، وەك بنەمای چەندێتی و دروستی:
أ- سەعات چەندە؟

ب- بەپێی سەعاتەکەی پشتی مدیر هەشت و نیوە.

ئەمە لەچەندێتی لایداوە، دەتوانین بڵێین(سەعات هەشت و نیوە) یان دەبێ چەندێتی رەچاو بکەین، یان دەبێ دروستی.

لێرەدا دروستییەکە ماوە، واتە پاراستوویەتی.

(٢) جۆرێکی تر لێکەوتەی فەرامۆش کردن:

ئەمەش بەچەندین رێگا دروست دەبێ:

١- بەشکاندنی بنەماکان:

ئەمە گوێ نەدانێکی ئاشکرایە بەیەکێك یان زیاتر لەبنەماکان وەکو:

مامۆستا: تۆ دەزانی من چاك دەزانم لەکوێ بویت؟

قوتابی: لە باخەکەمان بووم.

لەدوایدا دەردەکەوێ، کە ئەمە هەموو راستیەکان نییە، لەوانەیە لەوێ بووبێ لەپێشتر، واتە ئەو کاتەی کە مامۆستا دەیەوێ لەوێ نەبووە، واتە بۆ شاردانەوەی راستی لەبنەمای دروستی دەرچووە.

٢- بەزاندن بەناچاری:

لەم جۆرەدا قسەکەر بنەمایەك دەشکێنێ بۆ ئەوەی مەبەستی بێ، واتە لەناچاریدا لەبەرنەبوونی توانای زمانی، یان لەبەر هەڵچوون و نەخۆشی.

٣- بەدەست کێشانەوە لە بنەماکان:

ئەمە کاتێك دروست دەبێ، کە قسەکەر بیەوێ هاریکاری نەکات و بنەماکان بە ئارەزوو جێبەجێ نەکات، ئەمەش زیاتر لە گۆڤاری رامیاری و یاساییدا دەبینرێت.

کاتێك کە قسەکەر نەتوانێت بیروڕای خۆی بە ئاشکرا دەربڕێ و نەشیەوێت درۆ بکات، بۆ نموونە:

سیاسەتمەدار: بەڕاستی ناتوانم هیچ بدرکێنم، چونکە ئەوەی دەیزانم ناکرێ بڵاوبکرێتەوە.

٤- لەکارخستنی بنەماکان:

لە هەندێك باردا بنەماکان لەکاردەکەون واتە قسەکەر بەتەمای ئەوە نییە کە بنەماکان جێبەجێ بکات، لەبەرئەوە جێبەجێ نەکرنیان لێکەوتەی لێ ناکەوێتەوە، لەکارخستن لەوانەیە پەیوەندی بە داب و نەرێت، یان بە بارو شوێنەوە هەبێ،

لەزۆر وڵاتدا بۆنموونــە بنــەماکان لـدادگاو لێژنــەکانی لێکۆڵینــەوە لــەکار دەخرێـت، تاقسەکەر بتوانێت خۆی بپارێزێت (Fetzer 2007 :176) .

ئەگەر لە هەولێر پرسیاری ماڵێك بکەیت، کە نەتناسن، پێت ناڵێن دەڵێن نازانم، یان نایناسم، یان لەم گەڕەکە نییە، چونکە ئەمە بەشێکە لەداب و نـەریتی خـەڵك، چــونکە لــەوە دەترســن، کــە کێــشەی لــە دواوەبــێ، بۆیــە هــەموو بنــەماکان لەکاردەخەن.

دیراسەی میللەت زۆر شتی تێدایە.

# بەشی حەوتەم
## نووسین

١- پەیوەندی نێوان قسەو نووسین:-

نووسین بریتییە لەو هەوڵەی کە مرۆڤ داویەتی بۆ تۆمارکردنی قسە تاوەکو مێژوو و میراتی خۆی لەفەوتان بپارێزی . نووسین زمان نییە بەڵکو لەگەڵ قسەکردنا دوو شێوەی زمانن، نووسین دووجار دوورکەوتنەوەیە لەڕاستیە ڕووداوەکان(واقیع) چونکە ڕەمزە بۆ ڕەمزی تر(گوتن).

زمان زیاتر گوتنە تا نووسین، بەواتای زمانەوانەکان بەگشتی باوەڕیان وایە کە قسە یان گوتن، بنچینەی زمانە، ئەم پێشتریەی گوتن لەم چوارخاڵەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:—

١— زۆر پێش ئەوەی نووسین دابێت مرۆڤ شێوەی قسەکردنی زمانی زانیوەو تا ئێستاش زۆر زمان هەن کەشێوەی نووسینیان نییە.

٢— منالی ساوا یەکەم جار فێری شێوەی قسەکردن دەبێت، ئینجا پاش ماوەیەك شێوەی نووسین.

٣— قسە یان گوتن دەورێکی باڵاتر دەبینێت لەژیانمانا، بەواتەی ئەوەی کە ئێمە مرۆڤ زۆرتر کاتمان بەقسەکردن دەڕوات وەك خوێندنەوەو نووسین.

٤— شێوەی نووسین تاماوەیەکی زۆردەتوانین بگۆڕین بەقسە یان گوتن بێ ئەوەی شتێکی لێ بفەوتێت، بەپێچەوانەوەی ئەمەوە کە قسە تۆمار دەکەین هەندێك شت دەفەوتێت.

هەندێ تایبەتی نووسین هەیە کە لەگوتندا دەرناکەوێ وەك بەکارهێنانی هێلی خوارو تۆخ یان پەرەگراف، بەڵام ئەمانە گرنگ نییە لەچاو ئەو تایبەتیانەی قسەکە لەنووسیندا دەرناکەون وەك ئاواز، هێز، درێژی دەنگ ڕژانە ناویەك....هتد،

جگەلەو تایبەتیانەی دەنگ کە تێمان دەگەیەنێت قسەکەرەکە مێیە یان نێر، خوێنەوار یان نەخوێنەوارە، بەچی دیالێکتێ دەدوێ....هتد.
بۆنموونە رێنووسی کوردی هەموو ئەو وشەو فریزانەی خوارەوە وەك یەکتر دەنوێنێ، بەڵام لەگوتندا بەهۆی هێزەوە جیا دەکرێنەوە لەیەکتر:-

هەمانە ١= (ئێمە ئەو شتەمان هەیە) هەمانە ٢( هەمبانە)
برایەتی ١= (ئەو برای فلأنە) برایەتی ٢(دۆستایەتی)
رەشە١= (رەنگی رەشە) رەشە٢( هۆ ...، ڕەشیدا)
قازی١= (دادپرس) قازی ٢ (تو وەك قاز وای).

جگە لەمەش ڕستە هەیە کە دەتوانین هەرجارە واتایەکی بدەینێ بەپێی بەرز کردنەوەی و نزم کردنەوەی دەنگمان لەسەر دوا برگەی هێزدار، بەواتایەکی تر، بەپێی گۆڕینی ئاوازی دەنگمان، بۆنموونە رستەی(دێیت) بەچەند واتایەك دێت بەپێی ئاوازەکەی:-

١- دێیت؟ (ئایا دێیت لەگەڵمان، بەرزکردنەوەی دەنگ).
٢- دێیت( من ئەزانم کە دێیت، دەنگ بۆ خوارەوە).
٣- دێیت(بتەوێ یان نەتەوێت هەردێیت).

بەڵام هیچ لەم واتا جیاوازانەوە لەنووسیندا دەرناکەوێت.
دیسانەوە رژانە ناویەك کە گرنگی هەیە لەزماندا چونکە هەندێ جار واتا دەگۆڕێ، لەنووسیندا نیشانەمان نییە بەرامبەری، بۆنموونە رستەی:-

(( ئەم بەرداره)).
بەدوو واتادێت بەپێی دیاری کردنی شوێنی رژانە ناو یەکەکە.
ئەم + بەرداره
ئەمبەر+ داره

تەنانەت کورتی و درێژی دەنگیش زۆرجار بەنوسین پیشان نادرێت.

بۆنموونە، لەکوردیدا ئەو بزوێنە درێژانەی دەکەونە دواوە و هێزیان دەچێتە سەر تەنانەت درێژتریش دەبن، بەڵام ئەم راستیە لەنووسیندا نانوێنرێت، بەراوردی بزوێنی/أ/ی درێژ بکە لەسەرەتا و کۆتایی وشەی:-

(ئازا) و (ئاوا) و (ئاغا) و (ئاڵا) و (ئاخوا)دا بۆ سەلماندنی ئەم راستییە.

لەگەڵ ئەمانەشدا دەبێت لەیادی نەکەین کە نووسین لە هەندێ سەرەوە لە گوتن چاکترە، نووسین زۆرتر دەمێنێتەوەو کەمتر دەگۆڕێت لەبەرئەوە بۆ پاراستنی مێژوو میراتی خۆمان چاکتر دەست دەدات لەگوتن، جگە لەمەش لەگەڵ هاتنەدەرەوەیدا لەدەم نافەوتێ و دەگەڕێتەوە دواوە، لەبەرئەوە لەنێو ئەو کۆمەڵانەدا کە تائێستا نووسین نییە مێشکی مرۆڤ ئەرکێکی گەورەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەویش کۆکردنەوەی راستییەکانی ژیانە، نووسین، کەواتە هۆیەکە بۆ ئاسانکردنی ئەرکی مێشك و لەوانەشە هەر ئەم هۆیە بوو بێت کە لەبنچینەدا وای لەمرۆڤ کردبێت، هەوڵ بدات رێگایەك بدۆزێتەوە بۆ پاراستنی قسە.

٢- داهێنان و پەیدابوونی نووسین:-

پەیدابوونی نووسین بە دووقۆناغی سەرەکیدا دەڕوات:-


١- قۆناغی واتایی:-

لەم قۆناغەدا واتا بە هۆی وێنەوە دەگەیەنرا بێ ئەوەی گوێ بدەنە زمان، بەواتایەکی تر، وێنەکە راستەوخۆ واتای وەردەگرت بێ ئەوەی بگۆڕێت بەدەنگ (زمان)، ئەم قۆناغەش بەدوو هەنگاوی گەورەدا تێپەڕیوە:-

أ- نووسینی وێنەیی:-


ئەمە کۆنترین شێوەی نووسینە و مەرج نییە لەبنەڕەتدا هەروەك هەندێ لەزمانەوانەکان باوەڕیان وایە، بۆگەیاندنی واتا بووبێت، بەڵکو بۆ دەربڕینی توانای هونەری و هەستی ئایینی بووە، لەم جۆرە نووسینە دا ڕووداوێکی ئاڵۆز بەهۆی وێنەکەیەوە دەنوێنرێت بێگوێدانە زمان، ئەم وێنەیەی خوارەوە کە لاسایی وەسیقەیەکی گرنگی میسرییەکانە، بەتەواوی تێمان دەگەیەنێت نووسینی واتایی چۆنە.

بنکـەی ژێـرەوە وێنـەی زەوییـە و بەقامیـشەکاندا دیـارە کـە بـۆ ئـەو زەوییـە دەگەڕێتەوە کە قامیشی لێ دەروێت– دەلتای نیل– ئەو سەرە کە بەزەوییەکـەوە لکـاوە خـەڵکی شـوێنەکەن، هەڵوکـە وێنـەی شـاکەیانە و بەوەشـا کەسـەرەکە ڕادەکێـشێ دیـارە کـە ئـەو زەوییـەی داگیرکـردووەو هـەمو خەڵکەکـەی گرتـووە، پێویـستە دووپـاتی بکەینـەوە ئـەم جـۆرە نووسـینە پەیوەنـدی بەزمانـەوە نییـە، بیرەکان بەرامبەر وشە ناوەستن.



ب– نووسینی بیری:–

لەم قۆناغەدا، وێنەکە لەجیاتی ئەوەی بەمە شتێکی ئاڵۆزمان بۆ لێـك بداتـەوە وەك ئەو چیرۆکەی سـەرەوە، تـەنیا تاقـە بیرێـك دەردەبڕێـت، یـان بـۆ یـەك شـت دەگەڕێتەوە، تەماشای ئـەم نموونـە نووسـینە بیریانـەی خـوارەوە بکـە بزانـە کـە هەریەکەیان تەنیا یەك واتایان هەیە یان بەرامبەر یەك بیر دەوەستن.




لێرەشدا دیسانەوە دەبێت بزانین کە وێنەکان پەیوەندییان بەزمانەوە نییە.

پ- نووسینی وشەیی یان مۆرفیمی:-

لەم جۆرە نوسینەدا نیشانە بۆ هەموو مۆرفیمەکان یان وشەکانی زمان دادەنرێت تاکە کەڵکی نوسینی وشەیی لەوەدایە کە جیاوازی نێوان دیالێکتەکان گرنگی نادرێتێ، بەواتای ئەوەی کە قسەکەر بەهەر دایلێکتێ بدوێت دەتوانێت لەنووسینەکە بگات کاتێك شارەزایی لەپەیوەندی وێنەو وشەکاندا پەیدا کرد. کەم و کورتی نوسینەکەش لەوەدایە کە گرانە بۆ فێربوون یان فێرکردن، چونکە ژمارەی مۆرفیم یان وشە لەزماندا زۆرە و سنورێکی داخراویشیان نییە، لەبەرئەمە ژمارەی ئەو وێنانەی کە پێویستە بێ سنوورن و هەر لە زۆر بوونیشدا دەبن.

نووسینی وشەیش دیسانەوە پەیوەندی راستەوخۆی بەزمانەوە نییە، لەبەرئەوە دەتوانین، بۆنموونە، نیزامی نووسین و دەنگی زمانی چینی لەیەکتری جیا بکەینەوە هەر فێری یەکێکیان بین.

٢- نووسینی دەنگی یان فۆنەتیکی:-

لەم قۆناغەدا نیشانەکان راستەوخۆ واتا دەرنابڕن، بەڵکو دەگۆردرێنەوە بۆ دەنگ و دەنگەکان واتایان دەدرێتێ، ئەمەش لە دوو شێوەی سەرەکیدا دەبینرێت:-

أ- نووسینی بڕگەیی:-

لێرەدا رەمز یان نیشانە بۆ هەموو بڕگەکانی زمانەکە دادەنرێت، دیسانەوە لەبەر زۆری بڕگەکانی زمان و زۆری وێنەکان ئەم جۆرە نووسینە تەنیا بە کەڵکی زمانێك دێت کە بڕگەی لەیەکچووی زۆر بێ و دوو پات بێتە وەکو زمانی یابانی، نووسینی عەرەبی تاڕادەیەك لەم جۆرەیە.

ب- نووسینی فۆنیمی یان ئەلف- بایی:-

ئەم جۆرە ئێستا، بڵاوترین جۆری نووسینە لەگێتیدا، لێرەدا هەموو فۆنیمەکانی زمان نیشانەی بۆدادەنرێت، یەکێك لە چاکەکانی ئەوەیە کە ژمارەی

نیشانەکانی زۆر کەمترە لەجۆرەکانی تر، لەبەرئەوە بۆ فێربوون و فێر کردن زۆر ئاسانترە.

نووسینی فۆنیمیش لە هەموو زمانێکدا وەك یەك نییە، لەهەندێ زماندا (تورکی و فینلەندی) ژمارەی نیشانەکانی وەك ژمارەی فۆنیمەکانە، بەواتایەکی تر نووسین و قسەکردن تەواو گونجاون، لەهەندێ زمانی تردا لەبەرئەوەی نووسینەکە ماوەیەکی زۆر بەسەریا رۆشتووەو ناو بەناو نەگۆڕاوە تا لەگەڵ گۆڕانی زماندا دەرچێت، نووسین و قسەکردن تاڕادەیەك نەگونجاون، لەزمانی ئنگلیزی یان فەرەنسیدا، بۆ نموونە فۆنیم زۆرە کە بەهۆی چەند نیشانەیەکی جیاوازە وە دەنووسرێت، هەروەها نیشانەش هەیە کە بەرامبەر زیاتر لە فۆنیمێك دەوەستێ، زمانی کوردی لەنێوانایە، بەواتایەکی تر، تاڕادەیەکی زۆر لەسەر بنەمای فۆنیمی یە.

۳- دانەکانی ئاستی نووسین:-

نووسین وەك ئاستەکانی تری زمان خاوەنی چەند دانەیەکی خۆیەتی، بچوکترین دانەی نووسین کە بە ئەرکێك هەڵسێ گرافیمە(پیت، دیسانەوە بە پێی شوێن پیت لەوانەیە شێوە بگۆڕێت)، بەشێوە جیاوازەکانی پیت دەوترێت، ئەلۆگراف(هاوپیت) بۆنموونە پیتی[ك]لەکوردیا، چەند ئەلۆگرافێکی هەیە بەپێی شوێن، لەمانە[ك] کە لەدواوەی وشەوە دێت و [ك] کە لەسەرتاوە دێت، هەروەها پیتی [ج] دوو ئەلۆگراف هەیە(ج) سەرەتاو [ج]ی کۆتای وشە، پیتی درشت و پیتی ورد کە لەهەندێ زماندا هەیە دیسانەوە بە ئەلۆگرافی یەکتری دادەنرێن.

هەندێ جار نیشانەیەك یان پیتێکی لێکدراو(دایەگراف) بەکاردێت بۆ نواندنی تاکە دەنگێك، بۆ نموونە زۆرجار بۆنواندنی(ف) لەئینگلیزیدا هەردوو پیتی (PH) بەکاردێ(بڕوانە phone)، هەندێ زمانەوان، پیتی[ڕ] و[ڵ] و تەنانەت [ش] بەدایگراف دەژمێرن چونکە دوو نیشانەمان بەکارهێناوە بۆ نواندنی تاکە فۆنیمێك.

هەروەك چۆن فۆنیم کەرت دەکرێت بۆ پارچەی وردتر لەخۆی(سیمای جیاکردنەوە) دەشتوانین پیت کەرت کەین بۆ لەتی بچوکتر وەك: هێلی شکاو، راست، ئەستونی، ئەڵقە، ...هتد.

دانەیەکی تر هەیە کە هەندێ جار لەنووسینی مۆرفیمدا ناوی دەبرێت ئەویش مۆرفۆگرافە، بەواتای ئەو نیشانەیەی کە بەتەنیا خۆی بەرامبەر مۆرفیمێك دەوەستێ، بۆنموونە رێنووسی عەرەبی زۆرجار پەنا دەباتە بەر ئەم دانەیە(بڕوانە پیتی[ی] لەوشەی (یدرس) دا کە لەوانەیە مۆرفیمی[ی] یان[ی] بنوێنێ بەپێی شوێنی لە ڕستەدا :-

یَدرس، (رانەبردوو)، یان یُدرس (رانەبردووی نادیار).

## سەرچاوەکان

### أ – کوردی:–


١– محەمەد ئەمین هەورامانی (١٩٧٢ ).سەرەتاییەك لە فیلۆلۆژی زمانی کوردی،

٢–. ئـــەورەحمانی حـــاجی مـــارف ( ١٩٧٦) زمـــانی کـــوردی لەبـــەر رۆشـــنایی فۆنەتیکدا.چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغدا .

٣– ئەورەحمان حاجی مارف ( ١٩٧٧ ) وشەی رۆنان لەزمانی کوردیدا

٤– وریا عمر أمین( ١٩٨٣) چەند لایەنێکی جیاوازی ، گۆڤاری کۆری زانیای، بەرگی ١٠،

٥– وریا عمر أمین (١٩٨٤) فۆنۆلۆجی، کاروان، ژمارە ( ٢٠ ) .

٦– غازی فاتح وەیس ( ١٩٨٤) فۆنەتیك .

٧– کوردستان موکریانی ( ١٩٨٣ ) ئاوەڵناو لە ڕستەی کوردیدا، کاروان ژمارە (٥)

٨– کامل حسن بصیر (١٩٧٧ ) زمانی کوردی بۆ دەست پێکـەران، چـاپخانەی زانکـۆی سلێمانی.

٩– عبـدالرحمن محمـد أمـین زەبیحـی (١٩٧٩ ) قاموسـی زمـانی کـوردی،، بـەرگی ٢، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد: بەغدا


### ب – عەرەبی:–


١– أحمد مختار عمر (١٩٧١ )، البحث اللغوي عند العرب ، دار المعارف بمصر .

٢– أحمد مختار عمر( ١٩٧٦ ) دراسة الصوت الغوي : القاهرة .

٣– أحمـد مختـار عمـر (١١٩٧ ) البحـث الغـوي عنـد الهنـود وأثـره علـى اللغـوين العـرب، بيروت.

٤– جميل صليبا ( ١٩٧١ ) المعجم الفلسفي، دار الكتاب اللبناني: بيروت.

٥– زكريا ابراهيم (١٩٧٦ ) مشكلة البنية، مكتبة مصر : القاهرة .

٦– أليس فريحة (١٩٧٣) نظريات في اللغة،،دار الكتاب اللبناني : بيروت

٧– مصطفى شحاته (١٩٧٢ ) لغة الهمس .

٨– نوري جعفر (١٩٧١ ) اللغة والفكر، مكتبة التوحي رباط،

## Refrence

Barber, C . L .( 1965 ) The story of Language, London, Pan books .

Bell and Hooper ( 1976), Syllables and segments, Northhoiland.

Bollinger , D. (1972 ) Regarding Language, Newyork , Harcourt Brace , Jovanovich,

Carston , R . ( 2002 ) Thoughts and Utterance ,Blackwell Publishing .

Chandler ,D.( 2007) Semiotics ,Routledge :London .

Chomsky , N .(1957) Syntactic Structures , the hugue :mouton , trad .fr .ed Seuil .

Cruse , A. ( 2000 ) Meaning in Language , Oxford University Press.

Fetzer , A .( 2007).Context and Appropriateness ,Pheladelphia

Gazdar ,G. (1979 ) Pragmatics: Implicature,Presupposition and Logical form, New York: Academic Press .

Hougenn, E. ( ? ) Analysis of linguistic borrowings in Approaches to 'English Historical linguistics

Hayakawa ,( 1976 ) Language in tonight and action , Newyork , Har-court Brace .

Hudson, R. A. ,( ? ) Linguistic form: system and structure in Enc lopaedia of linguistics ,information and control, Met ham and

Hudson (ed) (1974 Pergamum press,

Hyman; I .. M.( 1975 ) Phonology, theory and analysis, Holf and Win· ston .

langacker; R. W .( 1968 ). Language and its structure,
Laver , J (1969 )., Language and non • verbal communication in Language and speech (Carteret and Friedman, Newyork
Levinson (1983 ), .
Lyons , John,( 1969 ) Introduction to theoretical linguistics , Cambridge : University Press , .
Mackenzie, D . N (1961 ) Kurdish Dialect Studies, London, Oxford : University Pre~~ , . .
McCarus -, E;, A . (1958 ). Kurdish Grammar , American Council of Leaned Societies ;
Malmber. Bertil, ( 1963 ) Phonetics. Newyork: .
Palmer, F.,( 1971) Grammar , Hammondsport, . ------,
Martinet .A (1965) La linguistique synchronique , Paris , P.U.F .
……………(1982 ) Semantics, Cambridge University Press, .
Pei , Mario, (1966 ) Glossary of Linguistic Terms , Netwyork. (\iiGhor books, .
Pyle's, T., and Algeo, J. (1970 ) English: an introduction to language. Newyork: Harcourt Brace, .
Roger Lass ( 1969 ) Bloomington, Indiana
Saussure , Ferdinand,( 1959 ) de, Course in general linguistics.( trans) Newyork .
Spence, C . W .( ? ) Semantics: sign and symbol in encyclpaedia of. Linguistics.
_______(؟ ) Semantics: Field ' Theories in Encyclo- pasedia of Linguistics .
Strang, Barbara, (1962) Modern English Structure, .
Swaminatham, R.,( 1973 ) The word in lRAL Vol XIi February

Wardhanugh , Ronald.( 1972 ). Introduction to Linguistics
Newyork :McGraw Hill ,
West, Fred, (1976) The way of language, Newyork : Harcourt
Bmcc
Yule , G . ( 2002 ) , Discourse analysis,Cambridge University
Press :Cambridge.



## کتێبە چاپکراوەکانی
## کۆڕی زانیاری کوردستان  و ئەکادیمیای کوردی

**کۆڕی زانیاری کوردستان:**

١) فەرهەنگی زاراوە (عەرەبی ـ کوردی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٢، (١٤٢ لاپەڕە).

٢) کوردی تورکمانستان ـ مێژوو ـ ئەتنۆگرافیا ـ ئەدەب، د. مارف خەزنەدار، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٣، (٢٥٨ لاپەڕە).

٣) زاراوەی یاسایی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٠ لاپەڕە).

٤) زاراوەی کارگێڕی، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٤٧ لاپەڕە).

٥) من ینابیع الشعر الكلاسيكي الكردي، ج١، رشید فندی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢٤٠ لاپەڕە).

٦) ڕێنووسی یەکگرتووی کوردی، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٥٦ لاپەڕە).

٧) ڕێزمانی کەسی سێیەمی تاك، د.شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (١٥٩ لاپەڕە).

٨) چوارینێن خەیام، د. کامیران عالی بەدرخان، وەرگێڕانی لە لاتینییەوە  د. عەبدوللا یاسین ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٩٤ لاپەڕە).
٩) شێوەی سلێمانی زمانی کوردی، د. زەرێ یوسوپۆڤا، و: لە ڕوسییەوە د. کوردستان موکریانی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢١٦ لاپەڕە).
١٠) العروض في الشعر الكردي، احمد هردی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، ساڵی ٢٠٠٤، (٢١٨ لاپەڕە).
١١) ژانرەکانی ڕۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە ١٤٥٠ ـ ١٥٠٠، د. مەغدید سەپان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٨ لاپەڕە).
١٢) زاراوەی ڕاگەیاندن، لیژنەی زاراوە لە کۆڕی زانیاری کوردستان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٠٨ لاپەڕە).
١٣) فەرهەنگی زاراوەگەلی ڕاگەیاندن (ئینگلیزی - کوردی - عەرەبی)، بەدران ئەحمەد حەبیب، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٦٥ لاپەڕە).
١٤) ئەدەبی مندالانی کورد - لێکۆڵینەوە ـ مێژووی سەرهەڵدان، حەمە کەریم هەورامی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٤٠٦ لاپەڕە).
١٥) گیرەکێن زمانێ کوردی، د. فازل عمر، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٣٤ لاپەڕە).
١٦) ل دۆر ئەدەبێ کرمانجی ل سەد سالا نوزدێ و بیستێ زایینی، تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٧٦ لاپەڕە).
١٧) دەنگسازی و بڕگەسازی لە زمانی کوردیدا، د. شێرکۆ بابان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٢٠٦ لاپەڕە).
١٨) هۆنراوەی بەرگری لەبەرهەمی چەند شاعیرێکی کرمانجی سەروودا ١٩٣٩ ـ ١٩٧٠، د. عبدالله یاسین عەلی ئامێدی، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (٣٢٠ لاپەڕە).
١٩) یوسف و زولەیخا، حەکیم مەلا ساڵح، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٧ لاپەڕە).

٢٠) زمانی کـوردان ـ چـەند لێکۆڵینەوەیـەکی فیلۆلـۆجی زمـان، پ. د فریـدریش مـوولێر ئـەوانی تـر، و: لـە ئەڵمانییـەوە د. حمیـد عزیـز ، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٥، (١٩٢ لاپەڕە ).
٢١) ڕێبـەری بیبلۆگرافیـە کوردییـەکان ١٩٣٧ ـ ٢٠٠٥، شـوان سـلێمان یابـە، هـەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٤٠٠ لاپەڕە).
٢٢) فەرهەنگی گەورەی من. د. کوردستان موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر، چـاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦ ، (٨٠ لاپەڕە).
٢٣) دیـوانی عـەزیز ـ محەمـەد عـەلی قـەرەداغی ـ هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠، (١٤٤ لاپەڕە).
٢٤) زاراوەگەلی کاروباری مین ـ جەمال جەلال حوسێن ـ دلێر سابیر ئیبراهیم ـ دەزگای گشتی هەرێم بۆ کاروبـاری مـین، هـەولێر، چـاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، سـاڵی ٢٠٠٦، (٨٠ لاپەڕە).
٢٥) زاراوەی ڕاگەیاندن ـ کەمال غەمبار ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٩٦ لاپەڕە).
٢٦) زاراوەی ئـەدەبی ـ ئامـادەکردنی: لیژنـەی ئـەدەب لـە کـۆڕی زانیـاری کوردسـتان، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٣٨٠ لاپەڕە).
٢٧) ئیندێکسی گۆڤـاری کـۆڕی زانیـاری کـورد (١٩٧٣ ـ ٢٠٠٢) ــ شـوان سـلێمان یابـە ـ هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، ساڵی ٢٠٠٦، (٢٤٠ لاپەڕە).
٢٨) The Historical Roots of the National Name of the Kurds ـ د. جەمال رەشید، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتـی پـەروەردە، سـاڵی ٢٠٠٦، (١٠٧ لاپەڕە)
٢٩) فەرهەنگی کۆمەڵناسی ـ عوبێد خدر ـ چـاپخانەی دەزگـای ئـاراس ـ هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٧، (٨٣ لاپەڕە).
٣٠) بزاڤـی ڕزگـاریخوازی نیـشتیمانی لـە کوردسـتانی ڕۆژهەڵاتـدا (١٨٨٠ ـ ١٩٣٩ز) ــ د.سەعدی عوسمان هەروتی ـ چاپخانەی دەزگای ئـاراس ـ هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٧، (١٥٥ لاپەڕە ).

٣١) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا ، نووسینی: حەسەن عەلی خانی گەڕووسی ، وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ٢٠٤ لاپەڕە ).
٣٢) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی ئەرمەنیدا، نووسینی: ئەسکەندەر غوریانس، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٢٨ لاپەڕە ).
٣٣) فەرهەنگی کوردی ـ فارسی، وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١١٢ لاپەڕە ).
٣٤) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵلای نەهری لە بەڵگەنامەی ئینگلیزی و ئەمریکی دا ـ نووسینی ـ وەدیع جوەیدە. وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە ـ محەمەد حەمە باقی . چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، ( ١١٦ لاپەڕە ).
٣٥) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی خان گۆنەخان ئەفشار. وەرگێڕانی لە فارسییەوە ـ محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٤٢٦ لاپەڕە ).
٣٦) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەی قاجاری دا، نووسینی: عەلی ئەکبەر سەرهەنگ. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧. (١٩٢ لاپەڕە).
٣٧) چەپکێك لە زاراوە گەلی کشتوکاڵ ـ ئامادەکردنی ـ حەمە ساڵح فەرهادی ـ چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٤٤ لاپەڕە).
٣٨) شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی کاروباری دەرەوەی ئێران دا. وەرگێڕانی لە فارسییەوە: محەمەد حەمە باقی. چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٢٧٠ لاپەڕە)
٣٩) فەرهەنگی دیوانی شاعیران (نالی، سالم، کوردی)، نووسینی ـ د. محەمەد نووری عارف، چاپخانەی دەزگای ئاراس ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (١٠٠٠ لاپەڕە).
٤٠) یەکەم فەرهەنگی تۆ، وەرگێڕانی: د.کوردستان موکریانی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٨٦ لاپەڕە).

٤١) ئەدەبی منداڵانی کورد دوای ڕاپەڕین، نووسینی: حەمە کەریم هەورامی، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٦٨ لاپەڕە).
٤٢) فەرهەنگی هەراشان، کۆکردنەوە و داڕشتنی: کۆمەڵێك مامۆستا، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر، ساڵی ٢٠٠٧، (٣٣٦ لاپەڕە).

**ئەکادیمیای کوردی:**

٤٣) ئەلبوومی کەشکۆڵ، ب ١، دانراوی: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە).
٤٤) الأدب الشفاهي الكردي ، علي الجزيري ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٠ لاپەڕە).
٤٥) بەرکوڵێکی زاراوە سازیی کوردی، ئامادەکردنی: جەمال عەبدول، دووەم چاپ، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٣٠ لاپەڕە).
٤٦) دیوانی قاصد، ساغکردنەوەی: شوکر مستەفا و رەحیم سورخی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٥٢ لاپەڕە ).
٤٧) چەند لێکۆڵینەوەیەك دەربارەی مێژووی کورد لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، نووسینی: دکتۆر زرار سدیق تۆفیق، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).
٤٨) کیمیای ژەهری دەستکرد. نووسینی: پ.د. عەزیز ئەحمەد ئەمین، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٠٨ لاپەڕە).
٤٩) ڕۆڵی سەربازیی کورد لە دەوڵەت و میرنشینە ناکوردیەکان لە سەردەمی عەبباسیدا، نووسینی: مەهدی عوسمان حسێن هەروتی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٦٨ لاپەڕە).
٥٠) دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي (١٩٤٥ ـ ١٩٥٨)، دانانی: سالار عبدالکریم فندی الدوسکی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٠٤ لاپەڕە).
٥١) عبدالله گۆران، رائداً لحركة تجديد الشعر الكوردي، دانانی: کەمال غەمبار چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٣٢٠ لاپەڕە).
٥٢) وثائق بريطانية عن تشكيل دولة كوردية مستقلة ١٩٢٤ ـ ١٩٢٧ ، دانانی: د.عبدالفتاح علی البوتانی، چاپخانەی خانی ـ دهۆك، ساڵی ٢٠٠٨، (٢٦٨ لاپەڕە).

٥٣) ساڵنامەی ئەکادیمیای کوردی ، ئامادەکردنی: پرۆفیسور د. وریا عومەر ئەمین . چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٦ لاپەڕە).
٥٤) مەمێ و زینێ، ئامادەکردنی: جاسمێ جەلیل، دوکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ خستوویەتییە سەر نووسینی کوردیی عیراق و پێشەکیی بۆ نووسیوە و لێی کۆڵیوەتەوە، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٨ لاپەڕە).
٥٥) هەنگاوێك لەسەر ڕێگەی لێکۆڵینەوەی (دیوانی سالم)دا، محەمەدعەلی قەرەداغی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٠ لاپەڕە).
٥٦) کەرەسە بەتاڵەکان لە روانگەی تیۆری دەسەلأت و بەستنەوە ((شێوەزاری کرمانجی سەروو))، نووسینی: ڤیان سلێمان حاجی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢١١ لاپەڕە).
٥٧) هێز و ئاواز لە دیالێکتی کوردیی ژووروودا، نوسینی: عەبدولوەهاب خالید موسا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، سالی ٢٠٠٩، (١٤٦ لاپەڕە).
٥٨) گەپنامەی مێرگولأن، نوسینی: رەسوڵ دەروێش، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، ( ١٧٦لاپەڕە).
٥٩) دۆخەکانی ژێرەوە لای فیلمۆرو هەندی لایەنی ڕستەسازیی کوردی، ئامادەکردنی: یوسف شەریف سەعید، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٣٤ لاپەڕە).
٦٠) هەندێ لایەنی ڕێزمانی دەسەلأت و بەستنەوە (GB) لەزمانی کوردیدا، ئامادەکردنی: د.سەباح ڕەشید قادر، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (١٧٢ لاپەڕە).
٦١) الحياة الاجتماعية للكورد بين القرنين (٤ ـ ٩هـ/١٠ ـ ١٥م)، دانانی: دکتۆرە فائزە محەمەد عزەت، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٧٢ لاپەڕە).
٦٢) العلاقات الايرانية ـ السوفيتية ١٩٣٩ ـ ١٩٤٧، دانانی: نزار ايوب حسن الگولی، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٢٩٠ لاپەڕە).
٦٣) بیبلیۆگرافیای کوردناسی لە سەرچاوە فەرەنسییەکاندا، د. نەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٥٢٨).

٦٤) بیبلیۆگرافیـای کوردناسـی لـه سەرچـاوه ئینگلیزییەکانـدا، د. نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر،ساڵی ٢٠٠٩، (٤٤٨).
٦٥) امـــیر امـــراء کردســـتان (ابـــراهیم باشـــا الملـــی ١٨٤٥ ـ ١٩٠٨)، دانـــانی: أ. د. عبدالفتاح علی البوتـانی ـ علـی صـالح المیرانـی، چاپخانەی حـاجی هاشـم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).
٦٦) دیوانا مەلا محەمەدێ سـەیدا، بەهـەڤکار: سـەید جـەلال نزامـی، چـاپخانەی حـاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٨٨ لاپەڕە).
٦٧) داستانی هەیاسی خاس و سـوڵتان مـەحموود، نووسـینی: محەمـەد سـاڵح سـەعید، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (٣٢٦ لاپەڕە).
٦٨) کیمیای ژینگـە، پیـسبوونی ئاووهـەوا، پ . د. عـەزیز ئەحمـەد ئـەمین، چـاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٦٠ لاپەڕە).
٦٩) گەشتنامەی پوژولا بۆ کوردستان ساڵی ١٨٣٧، وەرگێڕانـی: د. نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٩٨ لاپەڕە).
٧٠) ڕێزمـانی کـوردی، وەرگێڕانـی: د. نـەجاتی عەبـدوڵڵا، چـاپخانەی حـاجی هاشـم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩، (١٤٤ لاپەرە).
٧١) بونیاتی زمان لەشیعری هاوچەرخی کوردیدا، دانانی: د. ئـازاد ئەحمـەد مـەحموود، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠٠٩ (٢٥٨ لاپەڕە).
٧٢) الحركـة الـشيوعية في تقـارير مديريـة الامـن العامـة ١٩٥٩ ـ ١٩٦٢، نووسـینی: د. عبـدالفتاح علـی البوتـانی، چـاپخانەی حـاجی هاشـم ـ هـەولێر، سـاڵی ٢٠٠٩، (٢٨٨ لاپەڕە).
٧٣) فەرهەنگی سۆفیانەی دیوانی (جزیری و مەحوی)، نووسینی: د. ئیـبراهیم ئەحمـەد شوان، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٣٦٠ لاپەڕەیە).
٧٤) چیرۆکی منداڵان له ئەدەبی کوردیدا (١٩٩١ ـ ٢٠٠٥)، دانانی: ڕازاو ڕەشید صەبری، چاپخانەی حاجی هاشم ـ هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢١٢ لاپەڕە).
٧٥) هەولێر له سەردەمی ئەتابەگیاندا، نووسینی: پ. د. موحسین موحەممەد حوسـێن، عثمان علی قـادر کردویـە بـە کـوردی، چـاپخانەی حـاجی هاشـم — هـەولێر، سـاڵی ٢٠١٠، (٤٧٣ لاپەڕە).

٧٦) هەورامان باشتر بناسین، نووسینی: محەمەد رەشیدی ئـەمینی، چـاپخانەی حـاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٩٦ لاپـەڕە).
٧٧) فەرهەنگا کـانی، نووسـینی: محەمـەد سـالح پێنـدرۆیی (جگـەر سۆز)، چـاپخانەی سپیرێز – دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٦٣٩ لاپـەڕە).
٧٨) وشەنامە، نووسینی: جەمال حبیب الله (بێدار)، چاپخانەی سپیرێز– دهـۆك، سـاڵی ٢٠١٠ (١١٤٧) لاپـەڕە).
٧٩) بیبلیۆگرافیای ئەکادیمیای کوردی، ئامادەکردنی لیژنەی بیبلیۆگرافیای ئـەکادیمیای کوردی، چاپخانەی سپیرێز – دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٤٠٠) لاپـەڕە.
٨٠) ئاسـوورییەکانی باشـووری کوردسـتان، نووسـینی د. عەبـدوڵڵا غـەفور، چـاپخانەی سپیرێز – دهۆك، ساڵی ٢٠١٠ (٢٠٨) لاپـەڕە.
٨١) جوگرافیای ئابووری نەفت لە کوردسـتاندا، چـاپی سـێیەم، نووسـینی د. عەبـدوڵڵا غەفور، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٣٠٥) لاپـەڕە.
٨٢) فلسفة العشق الإلهي في شعر الجزيري، تألیف محمـد امـین دوسـكي، الطبعـة الثانیـة، مطبعة سپیرێز– دهۆك، سنة ٢٠١٠ (١٩٦) صفحة.
٨٣) فەرهـەنگی کـوردی – فەرەنسی، نووسـەر: ئۆگست ژابـا، بڵاوکـەرەوەی زانستی: فێردینانـد یۆسـتی، وەرگێڕانـی پێـشەکی و دووبـارە لەچـاپدانەوەی: د.نـەجاتی عەبدوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٥٠٥) لاپـەڕە.
٨٤) فەرهـەنگی ئـابووری، دانـانی: پ.ی.د. سـەلاحەددین کـاکۆ خۆشـناو، چـاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠ (٢٥٦لاپـەڕە).
٨٥) الوسـائل التعلیمیـة ومعوقاتهـا في تـدریس العلـوم، رشـید فنـدي، مطبعـة سـپیرێز – دهوك، سنة ٢٠١٠ (١٣٠) صفحة.
٨٦) سایکۆلۆژی زمان
٨٧) الكُرد في مؤلفات المقريزي التاريخية – دراسة تحليلية، الدكتور فرهاد حاجي عبوش، مطبعة سبيريز– دهوك، سنة ٢٠١٠ (٤١٨) صفحة.
٨٨) من معالم الحياة الكردية في سوريا / تألیف میدیا عبدالمجید محمود، مطبعة سـپیرێز – دهوك ٢٠١٠، ٢١٦ صفحة.

٨٩) ئێل و ئویجاخێن کوردا ل کوردستانا ئیرانیێ، وەرگێرانا مەسعود گولی، چاپخانا سپیریز – دهۆك ٢٠١٠، ١٤٠ لاپەرە.
٩٠) سمکوییێ شکاك و شۆرەشا وی د بەلگەنامەیێن ئیرانیدا، ئامادەکرن و تویژاندن فاخر حەسەن گولی و وەرگێران و پێداچوون نزار ئەیوب گولی، چاپخانا سپیریز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٨٤ لاپەرە.
٩١) الفارقی ومنهجه من خلال کتابه تاریخ میافارقین وآمد، تألیف سطظان محمد سعید کوچر، مطبعة سپیریز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٠٨ صفحة.
٩٢) پەندی کوردی، نووسینی حەمید رەشاش، چاپخانەی سپیریز – دهۆك ٢٠١٠ ، ٣٢٤ لاپەرە.
٩٣) دو فەرهەنگێن ڤەهاندی نووبار و (مرصاد الأطفال) بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی سپیریز – دهۆك ٢٠١٠، ١١٢ لاپەرە.
٩٤) دو ڤەهینۆکێن کرمانجی د علمیێ تەجویدیێ دا، بەرهەڤکرنا تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی سپیریز – دهۆك ٢٠١٠، ١٠٠ لاپەرە.
٩٥) لێکولێنەوەو ساغکردنەوەی بەشێك لە دیوانی موخلیس. د. ئیبراهیم ئەحمەد شوان، چاپخانەی سپیریز – دهۆك ٢٠١٠، ٣٢٤ لاپەرە.
٩٦) دیوانا نەفعی، ساخکرن و بەرهەڤکرن تەحسین ئیبراهیم دۆسکی و مەسعود خالد گولی، چاپخانا سپیریز/ دهۆك ٢٠١٠، ٢٦٠ لاپەرە.
٩٧) بنیاتی جۆرەکانی رووداو لە رۆمانی کوردی باشووری کوردستان، نووسینی رێزان عوسمان (خاڵە دێوە)، چاپخانەی سپیریز/ دهۆك ٢٠١٠، ٢٧٦ لاپەرە.
٩٨) تورك لە بولگارستان، کورد لە تورکیا، نووسینی، عەزیز نەسین، وەرگێران و ئامادە کردنی، بەکر شوانی و سیروان رەحیم، چاپخانەی حاجی هاشم/ هەولێر ٢٠١٠، ١٤٠ لاپەرە.
٩٩) الدولة الأیوبیة وفق نظریة الدولة لابن خلدون، تألیف: د. حکیم عبدالرحمن البابیری، مطبعة، حاجی هاشم/ أربیل ٢٠١٠ ، ٣٢٠ صفحة.
١٠٠) فەرهەنگی پزیشکی، دانانی د. جەمال رەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی یەکەم ٨٤٠ لاپەرە.

١٠١) فەرهەنگی پزیشکی، دانانی د. جەمال ڕەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی دووەم ٧٩٦ لاپەرە.
١٠٢) فەرهەنگی پزیشکی ، دانانی د. جەمال ڕەشید، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٠، بەرگی سێیەم ٦٨٠ لاپەرە.
١٠٣) ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی بەرەو ڕێنووسێکی یەکگرتووی کوردی، ئامادەکردنی: لێژنەی زاراوە لەئەکادیمیای کوردی، هەولێر ساڵی ٢٠١٠، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، (٦٤) لاپەڕە.
١٠٤) ڕۆژنامەنووسی پرۆفیشناڵ و ئیتیکی ڕۆژنامەوانی، نووسینی: محەمەد ساڵح پێندرۆیی (جگەرسۆز)، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ٢٠١٠، (١٨٤) لاپەڕە.
١٠٥) ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی لە باشووری کوردستان لەساڵانی (١٩٨٠–١٩٩١) دا، نووسینی : د. حوسێن غازی کاک ئەمین گەلاڵەیی، چاپخانەی حاجی هاشم– هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢٣٥) لاپەڕە.
١٠٦) فەرهەنگی میدیا (کوردی–کوردی)، بەرگی یەکەم، نووسینی: د.ئەوڕەحمانی حاجی مارف، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١٠، (٢٨٩) لاپەڕە.
١٠٧) لایەنە ڕەوانبێژییەکان لە شیعری کلاسیکی کوردیدا، نووسینی: د.ئیدریس عەبدوڵلا مستەفا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٢٥) لاپەڕە.
١٠٨) فەرهەنگی زاراوەکانی ئاو، نووسینی: ناهیدە تاڵەبانی – د.خالید بەرزنجی – فەیروز حەسەن عەزیز، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٢٨) لاپەرە.
١٠٩) مذكرات دولة الرئيس حسني بك البرازي رئيس الوزراء السوري الأسبق (١٨٩٥–١٩٧٥) تقديم: الدكتور عبدالفتاح علي البوتاني، مراجعة الهوامش: علي صالح الميراني، مطبعة الحاج هاشم – اربيل ، سنة ٢٠١١، ( ١٢٤ ) صفحة.
١١٠) عەقیدە نامەیێن کرمانجی، کۆمکرن و بەرهەڤکرن: تەحسین ئیبراهیم دۆسکی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، ( ٤٢٥) لاپەرە.
١١١) المعجم التاريخي لإمارة بهدينان، تأليف: الدكتور عماد عبدالسلام رؤوف، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٤٢٣) صفحة.

١١٢) ما مِنْ مكانٍ نختبئُ فيه، مذكرات ممرضة بريطانية في العراق ١٩٥٤–١٩٩١، تـأليف: سوزان فرانكس و أندرية كروفس، ترجمة: ابتسام نعيم الرومي، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٢٩٥) صفحة.
113) Aspects of the Verbal Construction in Kurdish, Auther : Dr. Waria Omar Amin, Printed in : Haji Hashim Printing House, Erbil- 2011, (179) page.
١١٤) بیرەوەرییەکانی عەلی ئەکبەرخانی سەنجاوی سەردار موقتەدر، ساغکردنەوەی: دکتۆر کەریمی سەنجاوی، وەرگێڕانی : دکتۆر حەسەن جاف، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٦٨٧) لاپەرە.
١١٥) شیعری شانۆیی لە ئەدەبی کوردیدا (باشووری کوردستان ١٩٢٥ – ١٩٦١)، نووسەر: عەبدوڵڵا ڕەحمان عەوڵڵا، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٦٩٥) لاپەرە.
١١٦) شواهد المقبرة السلطانية في العمادية (دراسة تاريخية – أثرية)، المؤلف: الدكتور عماد عبد السلام رؤوف – الدكتورة نرمين علي محمد أمين، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (١١٤) صفحة.
١١٧) تقسيمات كيشورى در شرق كردستان، گردآورند: دكتر عبدالله غفور، چاپ دوم، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٤٤٨) لاپەرە.
١١٨) الكورد في جيش الدولة المملوكية البحرية، المؤلف: عزت سليمان حسين، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٢٠٠) صفحة.
١١٩) قصائد كردية مترجمة ومقالات نقدية، ترجمة وتقديم: كمال حسين غمبار، مطبعة الحاج هاشم – اربيل، سنة ٢٠١١، (٤٢٤) صفحة.
١٢٠) ئێزدیاتی (جڤاك، سەمبۆل، ریتووەل و میت)، نووسەر: د. خانا ئۆمەرخالی، چاپی دووەم، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر ساڵی ٢٠١١، (١٩٨) لاپەڕە.
١٢١) گەشتێك بەکارگەی جۆلآیی دا، نووسینی: عەبدوڵڵا سەمەدی، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (١٢٢) لاپەرە.
١٢٢) فەرهەنگی ناهید، نووسینی: محەمەد ناهید، چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٨٢٦) لاپەڕە.

١٢٣) دراسة في أدب الفولكلور الكردي، الدكتور عزالدين مصطفى رسـول، الطبعـة الثانيـة، مطبعة الحاج هاشم — اربيل، سنة ٢٠١١، (١٧٦) صفحة.

١٢٤) زمانەوانی، پرۆفیسۆر د. محمد معروف فتاح، چاپخانەی حـاجی هاشـم — هـەولێر، ساڵی ٢٠١١، (٢٤٤) لاپەڕە.

لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی

هەولێر ٢٠١١